سەرنووسەر
محمد أمین محمد

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە لە دەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ

هاوکاری

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلس

کانونی دووەمی ١٩٧٠ دامەزراوە

● چوارشەممە ٢١ی ئابی ١٩٧٧ ژمارە ٣٨٦ ●

● الاربعاء ٢١ آب ١٩٧٧ العدد ٣٨٦ ●

لەم بارەدا کە هێمنی تەواو بالی کێشاوە بەسەر باکوری نیشتماندا وبەکێتی نیشتمانی تیادا دەچەسپێ پێویستە لە سەرمان دوو چەندانە تێبکۆشین لە پێناوی جێبەجێکردنی بەرنامەی شورش لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی وهێنانەدی ئاواتەکانی گەل کوردمانو گیراتی پەرەسەندنێکی تەواو لەم بەشە خۆشەویستەی نیشتماندا .

سەرۆکی فەرماندە
احمد حسن البکر

سەرۆک بەکر: عیراق دژی هەموجۆرە پەیمانێکی هەرێمایەتی گومان لێ کراوە.

بغداد ـ ئا.د.ع :

بەڕێز سەرۆک احمد حسن البکر رەفزی بنەبڕی عیراقی بەرامبەر نەخشەی ئەمەریکا بۆ دەستبەسەراگرتنی سەرچاوە نەوتیەکانی ناوچەی کەنداوی عەرەبی دووپات کردەوە .

سەرۆکی بەڕێز لە وتەیەکدا بۆ رۆژنامەی (الجمهوریە) کەدوێنێ بڵاوکرایەوە بەندو باڵۆرەی بەڕێوەبەریەتی ئەمەریکای سەبارەت بەوەی کەمەترسی یەکی دەرەوەهەیە ، هەرەشە لە بەردەوامبوونی رۆیشتنی ئەوتی عەرەب ئەکا ، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی بەکاری ئەهێنن لە وڵاتەکانی جیهاندا ، بەرپەرچ دایەوە .

سەرۆکی بەڕێز سەرلەنوێ هەڵوێستی عیراقی دەربارەی ئەو پرۆژە گومانلێکراوانە دووپات کردەوە کە دایەرە ئیمپریالیەکان لە کەنداوی عەرەبیدا ئەیخەنە روو .

هەروەها وتی : وڵاتەکەمان بە هەڵوێستێکی ئاشکراو پتەو بەرامبەر ئەو پرۆژانە وەستاوە.

دووبارە سەرۆکی بەڕێز بەرهەڵستی عیراقی دووپات کردەوە بەرامبەر هەر بانگەوازێک کە بۆ دامەزراندنی پەیمان یاخود رێکخراوی هەرێمایەتی ئامانج گومان لێکراوبێت .. وە داوای کرد بە پێی رێوشوێنی دەوڵەتان کەشتیەوانی لە کەنداوی عەرەبیدا سەر بەستێتو گیروگرفتەکانی ناوچەکە لە رێی پەیمانی دوو قۆڵی یەوە چارەسەکەبکرێنو هاوکاریو پەیوەندی نێوان وڵاتەکانی کەنداو بە پێی ئەو شێوازە بەهێزبکرێن .

سەرۆکی بەڕێز پەنجەی بۆ قسەچەند جار وتراوەکانی ئەمەریکا سەبارەت بە دەست بەسەراگرتنی سەرچاوە نەوتیەکانی ناوچەی کەنداو درێژکردو وتی ئەو قسانە نباری هەمیشە شەڕ فرۆشتن بە گەل و ئاسایشی ناوچەکە دەخەنە روو .

هەروەها وتی : ئەو قسانە بەبەرەندی یەکی توندی تۆڵیان لە نەخشە ئیمپریالی یە سەرلەنسەریەکانو ئەو نەخشانەی سازاندنەوە هەیە کە دژی خواستەکانی نەتەوەی عەرەب ئخراونەتە گێڕێ .

ئەوەی شایانی باسە ئەمەریکا پێشتر بڵاوی کردەوە کە ناوچەی کەنداو بایەختێکی ستراتیزی بۆ بەرگری لێکردن پێ ئەدرێ دژی هەر

بروانە : ل : ٧

سەرووتار

بەبۆنەی تەواوبوونی دەورەی یەکەمی ئەنجومەنی رابەراندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

هەمیشە بۆ پێشەوەلەپێناو پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلەکەمانو پەرەپێدانیاندا

لەم هەفتەیەدا ئەنجومەنی رابەراندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دووا کۆبۆنەوەی دەورەی یەکەمی بەستو لە کۆتایی کارەکەیاندا ئەندامانی ئەنجومەن بروسکەییکیان بۆ بەڕێز سەرۆک کۆمارو بەڕێز چێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش نارد ، کە تیایا سۆپاسی بێپایانی خۆیان پێشکەش کردبوو ، بۆ ئەو هەموو یارمەتیدانو پشتگیری کردنەی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ سەرکەوتنی تاقی کردنەوەی ئۆتۆنۆمیو چەسپاندنی ، پێشکەشیان کردوە لەپێناو هێنانەدی ئامانجە رەواکانی گەلی کوردماندا .

بێگومان دەرچونی یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانو دامەزراندنو دروستکردنی دەزگا دەستوریو یاسایەکانی هەنگاوێکی نیشتمانبەروەرانەی پێشکەوتنخواز بوو ، کە بۆ یەکەم جارو بەشێوەیەکی ناشتیخوازانە جارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کوردی کرد ، ئەم هەنگاوە نیشانەو بەڵگەیەکی زیندوی باوەرە پێشکەوتووەکانی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیست بوو ، کەسەرکردەو رابەری دەسەڵاتی شۆڕشی ١٧ی تەموزەو پێویست بوو ئەم دەرفەتە مێژوویەو ئەم واقعە لەبەرچاو هەموو ئەوانە ببوایە کە پاراستنی بەرژەوەندە بنەرەتیو گرنگەکانی گەلی عیراق بەکشتیو گەلی کورد بەتایبەتی ، لایان مەبەست بێت .

ئاشکراشە لە ماوەی سێ ساڵی رابوردوودا گەلی کوسپو تەگەرە هاتنە رێی ئەم تاقی کردنەوە نازەیەی گەلەکەمان بەڵام سەرەرای ئەوەشو لەئەنجامی سووربونی سەرکردایەتی سیاسی ، گەلێ دەسکەوتو هەنگاوی گەورە نران کە بەراستی گوڕانێکی دیارو نەوعی کرد لە دوخو باری ناوچەکەو خەنکەکەیدا چ لەمەیدانی پێکهێنانی دەزگا دەستوریو یاسیەکانی ئۆتۆنۆمیو ئیش کردنیانو چ لەمەیدانی دامەزراندنی پروژە پیشەسازیو کشتوکالیەکانو جێبەجێ کردنی پرو گرامەکانی پەرەپێدان بە ناوچەکەو گەشەکردنیو دەستەبەری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیو تەندروستی بۆهاو نیشتمانیان .

بێگومان وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییە رەواکانی گەلی کورد هەنگاوێکی مێژوویی و گەورەی دەسەڵاتی شۆڕشی هەقدەی تەموزو حیزبی سەرکردەی ، کە بەرنگی گونجاوی خولقاند بۆ پێکهێنانی یەکێتیی یەکی نیشتمانی راستەقینەو دروستکردنی بەرەی نیشتمانیو هێنانەدی دەسکەوتی مەزن کە مللی کردنی نەوتو رزگارکردنی ئابووری وڵاتەکەمان لەڕێردەسەڵاتی مۆنوپولیستەکان لە هەرە گرنگەکانیان بووە .

دیاریشە رێزگرتنی خواستی گەلی کوردو گەشەدان بەمافە دیموکراسییەکانیو بەرەپێدانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، کە ئەمانە بەشێکن لە پروگرامەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستو بەشێکن لە ئاواتو ئامانجەکانی تێکرای گەلی عیراقیو هێزە نیشتمانیەکانی ، چەکی جەرگبڕی دوژمنانەو دەستەبەری ئەوە ئەکات کە هەمیشە کاروانی سەر فیرازی میللەتەکەمان بۆ پێشەوە هەنگاو بنێتو بەئاواتو ئامانجە پیرۆزەکانی بگات .

دەبا هەموو هێزو توانایێکی دلسوزانەی نیشتمانپەروەر بەگەڵبگرن بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی میللەتەکەمانو لەپێناو چەسپاندنو گەشەپێدانی تاقی کردنەوە شۆڕشگێرو پێشکەوتوەکەی کوردستانی ئۆتۆنۆمیدا .

« هاوکاری »

سەرۆک بەکر پێشوازی هاوڕێ جۆرج حبش ئەکا

هاوڕێ احمد حسن البکر ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرەکی کۆمار ، لە سەعات دەی پێرێ بەیانیدا ، پێشوازیی هاوڕێ دکتۆر جۆرج حبش ئەمینداری گشتی بەرەی میللی رزگارکردنی فەلەستین ووەفدەکەی کەلی کرد .

لەچاوپێکەوتنەکەدا دوا ئالوگۆڕی ناوچەی عەرەبو ئەو دوخانەی شۆڕشی فەلەستینو پیلانەکانی سازاندنو نەخشە ئیمپریالیو زایۆنیی یەکانی بەمەبەسی تەفروتوناکردنی مەسەلەی فەلەستینیان بیانێ ئەیەرێ خرانەروو . هەروەها سەرنجیش سەبارەت بەو فرمانانەی بەیوەندییان بە پەرەنگاربوونی ئەو نەخشانەو پشتگیری کردنی تێکۆشانی بزوتنەوەی بەرگری فەلەستینەوە هەیە ئالوگۆڕکران لەو چاوپێکەوتنەدا هاوڕێ علی غنام ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزبو هاوڕێ بەڕێوەبەری نووسینگەی فەلەستین و تێکۆشانی چەکدارانە لە سەرکردایەتی نەتەوەییدا ئامادە بوون .

وەفدەکەی لەگەل هاوڕێ دکتۆر جۆرج حبشدا بوو ، لە هاوڕێیان ابو علی جێگری ئەمینداری گشتی بەرەو صلاح صلاح و ابو احمد ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ، لەگەل کاربەدەستی نوسینگەی بەرەو لەبەغدا پێکهاتبوو .

ئا.د.ع

دەست پێکردنەوەی گفتوگۆلە نێوان وەفدی حیزب و بەرەی میللی رزگارکردن فەلەستین!.

بەستربڕی بەیانی لە بینای سەرکردایەتی نەتەوایەتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبدا گفتوگۆ لەنێوان وەفدی حزب بە سەروکایەتی هاوڕێ علی غنام ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوایەتیو وەفدی بەرەی میللی رزگارکردنی فەلەستینی بە سەروکایەتی هاوڕێ دوکتور جورج حبش ئەمینداری گشتی بەرەدا دەستی پێ کردەوە .

لە کۆبوونەوەکەدا ، گفتوگۆکانی پ شوو تەواوکرانو باری عەرەبی بەگشتیو مەسەلەی فەلەستینی بەتایبەتی خرانە بەرباسو لێکۆڵینەوە .

لە وەگدەکەی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستدا هاوڕێیان نعیم حداد ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبو بەڕێوەبەری مەکتەبی فەلەستینیو تێکۆشانی چەکدار لە سەرکردایەتی نەتەوایەتی ئەتەوایەتیدا عبدالرحیم احمد رازداری بەرەی رزگارکردنی عەرەبیو هەندێ لە هاوڕێیان ئەندامانی مەکتەبەکە بەشدار بوون .

لە وەفدی بەرەی میللی رزگارکردنی فەلەستینیشدا هاوڕێیان ابو علی جێگری ئەمینداری گشتی بەرەو صلاح صلاح و ابو احمد ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەرەو لێپرسراوی مەکتەبی بەرە لە بەغدا بەشدار بوون .

ئا.د.ع

هێزە هاوپەیمانەکانی زایۆنیزم راستەوەکان لە بەردەوامی لە سەربۆردمان کردنی خوار ووی لوبنانن.

بەیروت ـ ١٩ ـ ئاژانسەکانی دەنگوباس : شاری نبطیەی سەرسنووری لوبنانو فەلەستینی داگیرکراوو و (٢٠)دێی دەورو بەری ئەمە سێ روژە هەر لەژێر بۆمبارانی هێزە هاوپەیمانەکانی زایۆنی ـ راستەوەکاندان ، وبەگوێرەی

ئەو راپۆرتانەی هاتوون تا زیاتر لە ٢٠٠ خانو هەرەسی ئێستا دەیەها کەس کوژراون و هێناوە ئاگرێکی زۆر بەربوەتەوە لە دارستانەکانی ناوچەکەدا وشاری نبطیەش بە تەواوی پەیوەندی لەگەل دەورو بەریدا پساوەو کارەباو ئاوو تەلەفونی لێبراوەو نوێنەرانی خاچی سوری جیهانی نەیانتوانیوە بچنە شارەکەوەو پرینداره کان بگۆڕنەوە .

شەر لە شەرگەکانی نردا هەر بەردەوامە بە تایبەتی لە ناوچەی خیام ـ مرجعیوندا کە دوێنێ لە دیمەشق حافظ اسد و کمیل شمعون کۆبوونەوەیەکیان کرد کە عبدالحلیم خدامی وەزیری دەرەوەی رژێمی سوریاشی تیدا ئامادەبوو ، بەڵام رادیۆی دیمەشق کە ئەم هەواڵەی بڵاوکردەوە ، باسی ئەو مەسەلانەی نەکرد کە لە کۆبوونەوەکەدا باس کراوە ئەوەی شایانی باسە شمعون سێ رۆژ لەمەوبەر بە سەردانێکی چەند رۆژە گەیشتە دیمەشق .

هێزە تاوکۆییەکانی یەکدو هێرشی توندی هێزە راستەووکانیان شکاندوتەوە لە لایەکی ترەوە ، خەڵك

بروانە : ل : ٧

نەخشەیەکی عەرەبی بۆ لەناوبردنی کولێرا

قاهیرە ١٩ی ئاب ئا.د.ع : رۆژی شەممەی ئایندە کاربەدەستانی خۆیاراستنی تەندروستی وڵاتە عەرەبیەکان لەقاهیرە کۆنەبنەوە بۆنەوەی نەخشەیەکی عەرەبی بۆ لەناوبردنی پەتای کۆلێرا دابنێن .

دکتۆر زکی احمد حمدی بەڕێوەبەری دایرەی تەندروستی جامیعەی عەرەبی رایگەیاند ، کە کۆبوونەوەکە بۆ دانانی بەرنامەیەکی تێروبرە تا بەپێی باشترین هۆو ئامراز بەهاوکاری لەگەل رێکخراوی تەندروستی جیهاندا بەربەستی پەتای کۆلێرە بکرێ .

ئەمەریکا پرۆژەیەکی تازە بۆ بەستنی کۆنفرانسی جنێڤ دەخاتە روو

لە ژێر بانی پارێزگاریەکی زۆر توند دا دایان گەیشتە نیویۆرک

پایتەختەکان ـ ١٨ ـ ئاژانسەکانی دەنگوباس : لە کۆبوونەوەی ئاینەدا جێی کارتەری سەرۆکی ئەمەریکا برۆژەیەکی تایبەتی لەبارەی کۆنفرانسی جنێڤەوە دەخاتە بەردەم مۆشی دایانی وەزیری دەرەوەی زایۆنی دوژمن کە رێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستینی لەئامادەبوونی ئەو کۆنفرانسەدووردەخاتەوە ، دایانیش برۆژەی زایونی ، سازکردن لەهەمان کۆبوونەوەدا دەخاتەبەردەم کارتەر . دایان . پێی پاش پارێزگاریەکی زۆر توند ئەیشتە واشنتونوبوبو گفتوگۆکردن لەبارەی پرۆژەی سازاندنەوەو دەربارەی یارمەتی سوپایی و ئابووری ئەمەریکا بۆ دوژمن .

عبدالحلیم خدامی وەزیری دەرەوی سوریاش بەمزوانە لەچوارچێوەی مەسەلەی سازاندندا لەگەل کارتەردا کۆدەبێتەوە ، هەروەها اسماعیل فهمی جێگری سەرۆک وەزیرانو وەزیری دەرەوەی میسریش بەرەو واشنتون کەوتە ڕێ بەنامەیەکی دەستووری انور السادات سەرۆکی میسرەوە دەربارەی باری ناوچەی عەرەبیو مەسەلەی « سازاندن » و خۆشحالی دەربڕیتی میسر لەهەڵوێستی ئەمەریکاو داوای بەردەوامبوونی ئەو هەڵوێستەو واش زانراوە سادات لەگەل صلاح خلف « ابو ایادی » ئەندامی لیژنەی جێبەجێکردنی رێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستینیدا کۆبوتەوە . لەلایەکی ترەوە دیفداوینی وەزیری بریتانیا بەتەمایە سەر لەفەلەستینی داگیرکراوو اردن بداتو ، واش زانراوە مناحیم بێگنی سەرۆک وەزیرانی دوژمن سەر لە بریتانیا دەدات ، بەڵام اوین ووتویە کە گوایە دلنیا نیە لەوەی ئایا چاوی بە یاسر عرفاتی سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی رێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستین دەکەوێ یا نا .

کۆبوونەوەیەکی نائاسایی یانەی ئەنجومەنی بەگری عەرەبی هاوبەش

ئەنجومەنی بەرگری لەیەك کردنی عەرەب کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لە بارەگای ئەمینداری گشتی جامیعەی عەرەبی لە قاهیرە ئەکا ..

سوبایی پێشکەوتوانەی ئەمەریکا بۆ قەوارەی زایۆنیو هەڵوێست گرتنە بەرێکی یەکگرتووی عەرەبی بەرامبەر بەو مەسەلەیە پاس ئەکرێ . هەروەها رۆژنامەکە وتی ، وەزیرەکانی بەرگری وڵاتانی عەرەبو ئەمینداری سەربازی جامیعە ، لێکۆڵینەوەی پێویست دەربارەی ئەو مەسەلەیە ئەکا ، پێش ئەوەی ئەنجومەن کۆبێتەوە .

رۆژنامەی (الانباء)ی ئیمرۆ لەکوێت دەرچووە لەپەیامنێرەکەی قاهیرەیەوە رایگەیاند کە لەکۆبوونەوەکەدا مەسەلەی بەردەوام بوونی یارمەتی

Institut Kurde de Paris

لەبەرەوەی کۆشتارەکەی ئەیلولدا

تائیستاش لە نەخشەی ئیمپریالیزمدا ئامانجی هەرلە ناوبردنی بەرگری فەلەستینی یە

روژی شەهیدی رابردووحەوت ساڵ بەسەر تاوانەکەی ١٧ی ئەیلول دژی بەرگری فەلەستین تێپەڕبوو ، لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٧٠دا رژێمی بەرگریراوی ئەردەن دەستی بەجێ بەجێکردنی پیلانی خوێناوی کرد کە ئامانجی خاشە برکردنی بەرگری فەلەستین لە ئەردەن بوو .

هەرچەند رژێمی عومان لە ئەیلولی سەرکەوتنی عەسکەری ئەوکاتە بەدەست بێنێ کە بیتە هۆی هاتنی هەموو ئامانجەکانی ، ئەویش لەبەر پالەوانیەتی بەرگری کەرە عەرەبەکان و هاوکاری و یەکترگیری جەماوەری ئەردەن و فەلەستین لە کەلیاندا ، بەلام دوای تێپەڕبوونی کەمتر لە ساڵێك بەسەر کۆشتارەکەی ئەیلولدا ، زنجیرەی پاشەکشەی هێندێك لەسەرکردەکانی بەرگری بوو بە هۆی ئەوە کە پاش شەڕەکانی جەنگەن لە ئەموزی ١٩٧١دا بەرگری فەلەستین لە ئەردەن دەربکرێ .

هەلوێستی شل و شەوێقی هێندێك سەرکردە فەلەستینی لەنجامە مسۆگەرەکەی وەدەرنانی بەرگری لە ئەردەن بوو ، و بەراستی جێگای داخو گەسارە کە سەرەڕای دەرسەکانی ئەوتا قیکردنەوە تالە ، سەرکردە فەلەستینیەکان بەو هەلوێستە سیاسیانەی خۆیانەوە هەروا لەسەر ئەو سیاسەتە چەوتەی خۆیان بەردەوام بوون و درێژەیان بەو هەلوێستە شل و شەوێقە ئەو هاوبەیمانەتیە کومان لێکراوانەیان دا کە زۆر زیانیان بەو مەسەلە گەیاندوە کە هەموو لایەکی دلسۆزی عەرەبی خەباتی بۆ دەکا . تەنانەت کاری ئەو سەرکردانە کەیشتە جێگایەك کە داوایان کرد کە گرێی ئەیلول لە دل دەربهاوێژرێ و وتووێژ لە گەل رژێمی ئەردەندا بکرێ بۆ ناشت بوونەوە ، رژێمێك کە دەستی بە خوێنی هەزاران شەهید سوور کردوە .

ئەگەر رژێمی ئەردەن نەیتوانی بەرگری فەلەستین لە ناوبەرێ و هەر ئەوەندەی لەدەست هات کە لە ئەردەنی دەربکا . ئەمڕۆ رژێمی وەرگەڕاوی سوریا هەول دەدا ئەو کارەی رژیمی ئەردەن لە ئەیلولدا دەستی پێ کرد ئەواوی بکاو دوایی بە دیاردەی خەباتی چەکدارانەی بەرگری فەلەستین بێنێ .

لە حوزەیرانی ١٩٧٦دا کاربەدەستە خاینەکانی دیمەشق بەموافەقەتی زایۆنی دوژمن و پێخۆشحانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا هێزە چەکدارەکانی خۆیان پال پێوەنا بۆ پەلاماردانی لوبنان و لیدانی بەرگری فەلەستین و هێزە نیشتمانیەکانی لوبنان .

بەلام خۆڕاگری قارەمانەی پیاوانی بەرگری کەری عەرەب و جەماوەری خەباتکەری لوبنان بووبەهۆی تێکشکانی نەخشەی رژێمی خاینی سوریا .

بارنکی تریش هەلوێستەکە دەوبات کرایەوە رژێمی باشەکشەیەکی هێندێك سەرکردەی فەلەستینی هاتە کایەوە کە سەرەنجام بوونە هۆی ئەوەی رژیمی وەرگەڕاوی سوریا بتوانێ دەسەلاتی خۆی بەسەر لوبناندا بسەپێنێ و هەوڵبدا بۆ وەدی هێنانی ئەو ئامانجەی کە لە پێناوی ئەودا پەلاماری لوبنانی داوە ، ئەویش ئەوەیە کەسەر بە بەرگری فەلەستین شۆڕ بکا بۆ رێ نوێنیی خۆبەدەستەوە دەرانەو کومان لێکراوەکانی و بزووتنەوەی نیشتمانی لوبنانیش لەناوبەرێ .

ئەو هەل و مەرجە ناسکەی لەم قۆناخەدا بەرگری فەلەستین لە کەلیدا رووبەڕوو بۆتەوە لەو جۆرە سەرکردە فەلەستینیانە داوا دەکا کە بەهەلوێستەکانیاندا بچنەوە و لە بەردەم تەواوی ئەو تاقیکردنەوانەدا کە شورشی فەلەستینیان پێدا تێپەڕیوە ، هەلوێستەیەکی شۆڕشگێرانە بکەن ، بە چەشتێك کە هەلەو چەوتیەکان راست بکاتەوەو کاری شۆڕشگێرانەی بەرگری فەلەستین چەند هەنگاوێکی گەورە بەرەوپێش بەرێ بۆ تێکدانی پیلانی پاکژدان و خۆ بەدەستەوەدان و رووخاندنی هەمووی ئەوانەی رەمزی خۆ بەدەستەوەدانن .

بەرچاوروونی و پەیمان بەستن لەژێر رووناکایی ئەو بەرچاوروونیەدا ئەلفو بێی کاری شۆڕشگێرانەیەو هەمو تاقیکردنەوە سەرکەوتوو کانی ئەم مەسەلەیان لە خەباتی خۆیاندا بە بنچینە داناوەو هەر لە رێگای ئەوەشەوە توانیویانە لە شەڕەکاندا سەرکەون و ئامانجەکانیان وەدی بێنن .

ئەمڕۆ ئەمە لە هێندێك سەرکردەی فەلەستینی داوا دەکرێ کە ماوەیەکی زۆر بە خەیال ژیاون و لە هاوبەیمانە تیەکانیاندا روون ئەبوونەو لە هەلوێستی سیاسی خۆیاندا سەر لێشێواو بوون .

ئێمە لە گاتێکدا بەرێزو حورمەتەوە یادی هەزاران شەهیدی عەرەب دەکەینەوە کە لەپێناوی رزگاری فەلەستینیدا گیانیان بەخت کردوە دووپاتی دەکەینەوە کە سەرکەوتنی یەکجاری هەر بۆ خەباتی رەواو قارەمانانەی گەلی فەلەستینە .

نوێنەری .. بە ستەزمان

ئەمستەزمانە « ئەندرۆیانگ »نوێنەری هەمیشەیی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەموو جارێ ئەو سنوورەی لە بیردەچێتەوە کە بۆی کێشراوە ، بۆ ئەوەی لایەنێك لە «ئاری یەکگرتوو» دەربارەی « رووکاری نوێی ئەمریکا کەنالای بەرگری لە مافی مرۆڤی لە ئەموو بستێکی ئەمجیهانەداهەلکردوە ! » جێبەجێ بکا . جا بۆیە هەرجارە نا جارێك ئەو سنوورەدە هەڵێنێ و تووشی سەرگۆنەو « گوێکێشان »دەبێ !

« یانگ » کە یەکەم دیپلوماسی رەشپێستی ئەمریکایە کە ئەم کارەی بێسێبردراوە ، لای وابوو « رەنگەکەی ئکاکاریەتی » و داڤرانی لەو بلە تازەیەدا خۆی نیشانەی گۆڕانکە لەسیاسەتی ئەمریکادا ، بەلام زۆری نەچوو کە کەوتە ناو چوارچێوەی خەیالاتی خۆی و ناچار بوو زیاتر لەجارێك دان بە هەلەی خۆیدا بنێ .

پێش چەند مانگ رایگەیاند کە بەرتوەبەرایەتی تازەی ئەمریکا لەوە پەشیمانە کە موخابەراتی ئەمریکا لە روخاندنی ریژیمی شەرعی ئەلێندە لە چیلیدا بەشدار بووەو رژیمێکی ناشەرعی لە چێکا داناوە کە لە ساکارترین مافەکانی مرۆڤ خۆ دەبوێرێ !

بەلام هەر دوابەدوای ئەو قسانە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا « بەیاننامەیەکی توندرتیژ »ی دەرکردو رایگەیاند کە ئەمە بیروڕای ئەمریکا نیەو ئەو وەزارەتەدان بەو بیروڕایەدا نانێ ! بەم جۆرە بۆ یەکەمجار یانگ تووشی گوێکێشان بوو !

پاش ماوەیەك دیسان پێی لەبەرەی خۆی زیاتر راکێشاو گوتی « حکوومەتی ئەمریکا حکوومەتی ئەیان سمیث لە رودیسیا بە حکوومەتێکی ناشەرعی دادەنێ » !

وەك ئاژانسەکان باسیان کرد هەرتەنیا یەك سەعات دوای ئەم قسانە سایروس فانس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا « بەیاننامەیەکی خێرا »ی دەکردو رایگەیاند کە « ئەوەی یانگ گوتوویە سیاسەتی ئەمریکا نیەو حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان حکوومەتی ئەیان سمیث بە حکوومەتێکی شەرعی دەزانێ ، با هێندێك تێبینیشی لەسەر سیاسەتەکەی هەبێ » !

یانگیش بەنۆرەی خۆی بەبەلە داوای لێبوردنی کردو گوتی « رەنگە قسەکەی من زۆر ور نەبووبێ » !

بەلام کاتێك یانگ بەشێوەیەکی تر دەستی بە قسەپەڕاندن کردو ئەمجار مەبەستی بەرگری لە سەهۆنیەت و هێرش بۆ سەر عەرەب بوو ، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا متەقی نەگرد ماوەیەك لەمەوبەر چاوی بە سەرۆکانی رێکخراوە زایۆنیەکانی ئەمریکا کەوت و پاش گۆبوونەوەکە ئەوانە زۆر بەخۆشحالی رایانگەیاند کە نوێنەری ئەمریکا - بەقسەی ئەو - «ناخۆش و بستنی عەرەب بۆ جوولەکەو ناخۆش و بستنی ئەدامانی رێکخراوی ئۆقینەری (کوکس کلان) بۆ رەش پێستەکانی ئەمریکای وەك یەك داناوە !

ئەمجارەیان وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا قروقەبی لێکردو وەك جاران نوێنەرەکەی وەدرۆ نەخستەوە ، بەلام دەستەکانی نوێنەرایەتی عەرەب لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەیاننامەیەکیان دەرکردو لەوێدا گوتیان ئەوکابرایە « سەهیۆنیەت و یەهودیەت » تێکەل دەکا و « ئایینەکان شتێکن و بزووتنەوەی رەگەرپەرستیەکانی وەك بزووتنەوەی سەهیۆنیەت شتێکی تر » . بەلام ئاشکرایە کە « یانگ » بەنەقەست مەسەلەکان تێکەل دەکاو دووشتی وا پێکەوە بەراورد دەکا کە یەکجار لێك دوورو جیاوازن . ئەو ، هەروا بە ساکاری لەبیر خۆی دەباتەوە کە رژیمێکی ئەو نوێنەریەتی و باشترین پێوەندی لەگەل زایۆنیەکاندا هەیە ، هاوخوێنەکانی ئەو دەچەوسێنێتەوەو ناشیرینترین شێوەی جیاوازی رەگەزایەتیان لەگەل بەکار دێنێ .

هەربۆیەش کاتێك ویستی قسەکانی کارتەر دەربارەی « مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤ » بە هەلوێستێکی سیاسی بداتە قەلەم سەرکۆنەیان کردو گوێیان کێشا ، بەلام کاتێك کەوتە بەرگری لە سەهیۆنیەت ئەنانەت هەولی ئەوەشیان نەدا « ئابروو »ی ئەودۆستانەی ناوچەی عەرەبیان بکرێنەوە کە داوا دەکەن جیاوازی لەنێوان ئەمریکاو سەهیۆنیەتدا دابنرێ بەلکو بەبێچەوانە هەموو بەلگەکان نیشان دەدەن کە بەرگری « یانگ » لە سەهیۆنیەتدا دابنرێ بەلکوو بەبێچەوانە هەموو بەلگەکان نیشان دەدەن کە بەرگری « یانگ » لە سەهیۆنیەت و مافی مرۆڤ ، بردو یاریەکەی لە بنەرەتەوە تێك رووخاند . لەگەل هەمووی ئەمانەشدا یانگ هەر بەستەزمانە ، چونکە خۆی کردوتە یەکێك لەرووەکانی ئەویاریە تێك رووخاوە ، دیارە هەر لەسەرەتاشەوە سزای ئەوکارەی وەرگرتوە چونکە لە داخوازی هاوخوێنەکانی لای داوەو سەری بۆ سیاسەتی « جیاوازی رەگەزایەتی » دانەواندوەو دەستی ئاوەتە ناو دەستی سەرکردە زایۆنیەکانی ئەمریکاوە .

کارتەری دەربارەی «مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤ ، بردو یاریەکەی لە بنەرەتەوە تێك رووخاند . لەگەل هەمووی ئەمانەشدا یانگ هەر بەستەزمانە ، چونکە خۆی کردوتە یەکێك لەرووەکانی ئەویاریە تێك رووخاوە ، دیارە هەر لەسەرەتاشەوە سزای ئەوکارەی وەرگرتوە چونکە لە داخوازی هاوخوێنەکانی لای داوەو سەری بۆ سیاسەتی « جیاوازی رەگەزایەتی » دانەواندوەو دەستی ئاوەتە ناو دەستی سەرکردە زایۆنیەکانی ئەمریکاوە .

ئەریکە نەرویج لە دەریای نەوتدا بخنکێ ؟

نەرویج هەمیشە لە پێش هەموو ئەو دەوڵەتە ئەوروپیانەبوو کە داوای پاراستنی سەروشتیان ئەکرد لە مەترسی پیس بوونی دەریاکانی نەرویج بەلگەیەکی بەجێیە بە کە سەر ئەم رێبازەیان ، بەلام ئەوەی لەم دواییەدا لە ئاوەهەریمەکانی نەرویج لە دەریای باکوردا رووی دا ، شتێکی سەیر بوو ، کە وەکو دەردەکەوێ جێگای دەربازبوونی لێ نەبوو .

پیرێکی نەوتی ژێر ئاو لە ناوچەی کونیسك تەقیەوە وهەزارەها تۆن نەوتی خاوی فڕێدایە ناو دەریاکەوە . ئەمەش بووبە مەترسیەکی زۆر تەورە بۆ ژیانی زیندەوەرە ناوی یەکان لەو ناوچەیەدا ، جگەلەوە بلاجە جوانەکانی نەرویجیشی خستە مەترسیەوە .

پیرە نەوتەکانی اکونیسك لە دەریای باکووردا دوکەونەکەرتی نەرویجی ئەم دەریایەوەو کومپانیایەکی نەوتی ئەمەریکی ، کە ناری کومپانیای فلیبس بترولیمە ، خاوەنی ئەم پیرە نەونانەیەونەو کاری تیدا دەکا .

تەقینەوەکە کاتی پشکنینی لەگەل خویدا بۆ ئەوێ رۆتینی رووبدا لە کژمەلە ئەهێنێو وا چاوەروان ئەکرێ بیرەنەوتی ژمارە (١٥)دا کە ئەمە لەگەل هەلکردنی بای ناوی « براشو »یە و هەتا خوارووردا لە چەند رۆژی ئایندەدا بێتە دی .

لەبەر ئەوەی کە ئێستا ئێمە لە چەرخی شارەزاییدا دەژین ، ئێستا نەوت بوە بە بوارنگی زۆرگەورە کە چەندین لقی شارەزایی لێ بوونەوە کە پەیوەندیان بە دەرکردنی پالاوتنی نەوتەوە هەر نیە ، بۆ وێنە ئێستا کومپانیای وا هەیە کە تەنها پیشەی بریتیە لەوەی ئەگەر تەقینەوەیەك لە پیرێکی نەوتدا رووی داو بوو بەهۆی ئەوەی نەوتەکە فیچقە بکا بۆ دورەوەو بەخەساری بەملاو بەولادا بڕوا ، ئەم کژمەڵانیایە وزەی تەکنیکیو بەشەری وای هەیە کە نەوتەکە بگرێتەوەو نەهێڵی هیچی تری لێ بەخەسار بچێ . یەکێ لەم کومپانیایە کە کژمپانیای « ریدادیر » ئەمەریکیکە دوو شارەزای خۆی نارد بۆ ناوچەی اکونیسك پاش بلاوکردنەوەی هەواڵی تەقینەوەیەك .

ئەو دووپیاوەی کژمپانیاکە نارد بوونی یەکیان ناوی بوتس هانس و ئەوی تریان ناوی ریچارد هانبێرکە ، و بەهیچ جۆرێك نهێنی ئەو کارەیان دەرناخەن کە دەیکەن بۆ وەستاندنەوەی ئەو نەوتەی کە تەقیوەتەوەو بوەتە هۆی زیانێکی یەکجار زۆر ، لەگەل ئەمەشدا بە روژنامە نووسەکانیان ووت کە بەدڵنیاییەوە ئەتوانن بیگرنەوە و ئیتر ئەهێڵن یەك تۆزی بەملاو بەولادا بڕوات .

سەرچاوە ئاگادارەکان دەڵێن رۆژانەی ئەم دوو پیاوە دووسەد هەزار دۆلارە ، بەلام بە گوێرەی قسەی دوو پیاوەکە خۆیان ، بە دەگمەن سالی لە دوو هەفتە زیاتر کاریان دەست دەکەوێت . سا ئەمە هەوالانەی لە بارەی رۆژانەی ئەمدوو پیاوەوە بلاوکراونەتەوە راست بن یادرو ، حکوومەتی نەرویج دووپاتی کردۆتەوە کەوا هیچ شتێك لەم بارەیەوە ناخاتە ئەستۆی خۆی .

لە هەندەران چ باسە ؟

● **واشنتون : (وامن) جیهان بەرەو ئرانی و قانوقری دەڕوا . هەروەکو ٣ پسپۆری نابووری ئەمەریکا دەریان خستوە ئرانی و برسێتی لە ئاسیادا چوارنەوەندە زیاد ئەبێ و داوایان لە دەوڵەتە پشەسازیەکان کردوە یارمەتی وڵاتە تازە پەرەسەندوەکان بدەن .**

● لەندەن : ماوەیەکە ٥٧ هەزار کریکاری نانەواخانەو فرن مانیان کرتوە بۆ بنزاری دەربرین لە کردەوەی نابوزیەکانی میری و راکرتنی رادەی کرێ ..

● **رۆژنامەی براقدا دەریخست کە ئەمەریکا دەیەوێ لە مناوەرە سەربازی - یەکانی پەیمانی ئەتلەسی بۆیەبای (نیۆترۆنی) تازەتەقی بکاتەوە ، کە ئەمەش رووخساری جانەوەرانەی ئەمچەکە دەر دەخات و مەترسی هەلگیرسانی جەنگێکی ئەتۆمی زیاد ئەکات .**

● ئەخۆشی ڕشانەوە ئێران و نیپالیشی کرتەوە پاش ئەوەی کە لەسوریا ٢٢٥٠ کەس تووش بوەو ٧٠ کەس مردوەو لە سعودیە ١٧ کەس تووش بوەو لەلبنان ١٢ کەس و لەکویت دووکەس ..

● لەکولومبیا لەئەمەریکای خواروو میری ٩٠٠ فەرمانبەری دەرکردوەو ٥٠٠٠ هەزارکەسیشی کرتوە پاش ئەو مانگرتن و خۆدەرخستنانەی کەکرنکاران و ئیشکەران کردیان دژی کرانی و بێ کوزەرانی .

● **وەزیری دارایی ئەمەریکا ئەشتێك ئەکا بە قاهیرەو عمان و ریاض و خاکی داگیرکراودا .**

ئا.ئ.ع. دەنی کە لە وڵاتەعەرەبەکان باسی ئەوەتو یارمەتی ئەمەریکا دەکاوە لەسەل کاربەدەستانی دوژمنی زایونی باسی پشکنەکش کردنی یارمەتی ئەکا .

● کژمەلی پاراستنی مافی مرۆڤ لە سویسرا بەیاننامەیەکی بلاو کردەوە ، زایونی دوژمنی تاوانبار کرد بەوەی کە (ئازاردان) بەکار ئەهێنی لە خاکی داگیرکراوی عەرەبدا . عەرەوعا دەری خست کە دەست بەسەرا کرتنی زەوی و خانووکردەوەیەکی رۆژانەیە . وە کوتی کەلێك گیراری عەرەب عەیە چەند ساڵە گیراون بەبێ ئەوەی بدرێن بە دادگا . وەئەم بەیانە دەری خست کە زایونی دوژمن ئەم کردەوانەی کردوە بە رێ ڕەوێکی سیاسی بەردەرام بۆخۆی مەسەلەکە ئەنیا بریتی نیە لە (هەلە) یا کار لەدەست درچوونێك !

● کژمەلی کشتی نەتەوەیەکگرتوەکان رۆژی ١٠-٩-٧٧ دەورەی سی و دوو هەمینی ئاسایی کردەوە ، وا چاوەروان دەکرێت کەوتووێژی توندی تیا روو بدات لەبارەی مەسەلەی ئەلەستین و خواروی ئەفریقاوە دەولەتە عەرەبیەکان بریاریان دارە یەك هەلوێستیان هەبێت لەبارەی مەسەلەی فەلەستینەوە ، عراق لە یاداشتێکدا بۆ کژبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب کە لەم دواییەدا لە قاهیرە بەسترا داوای رێك خستنی هەلوێستێکی عەرەبی کرد لەم بارەیەوە . وا چاوەروان دەکرێت کە زایونی دوژمن هێرشێکی زۆری بکرێتە سەردۆزی بەردەوام بونی داگیرکردنی خاکی عەرەب و دۆزی دروست کردنی نیشتەجێ «مستوطنە» .

● **رۆژی ٢٠-٩ کونگرەی جیهانی دکای رەتەزەرستی لەجنیف کرایەوە کە کژمەلی حقوقی یەکانی عیراقیش هاوبەشە تیادا . ئەوەی شایانی باسە مەسەلەی ئەهێشتن رەتەزەرستی بۆتەیەکێك لە ترنگترین ئەو مەسەلانەی جیهانی ئەمرۆی خەریك کردوە ، بەهۆی خەباتی هیزە پیشکەوتن خوازەکانەو چونکە رەتەزەرستی کژسپێکی ئەورەیە لەرێگای کاردانی هەموو مرۆڤدا ..**

● روژنامەی « ئەستێرەی سوور »ی سۆڤیەت هێرشی بروانە : ل : ٧

Institut Kurde de Paris

له دەفتەری یادگاردا

چەند شیرینە لام !

تۆماس کارلیل ، ئەو ئەدیبە سکوتلاندیە بەناو بانگەی هەمیشە شەیدای بنەرەتی بیروباوەر بو،شەیدای داروبە ردوخاك‌و خۆلو دەشت‌و هەردی ولاتەکەشی بوو ، هەرچەند لەدرەخت‌و سەوزایی ئەودیە دوور بکەوتایەتەوە کە تیایا ئەژیا وەك کۆست کەوتووی لێئەهات .

تەنانەت ئەکێرنەوە کە لە (ادنبر)ەوە ئەچوو بۆ (لندن) بۆ سەر پەرشتی چاپکردنی بەرهەمێکی نوێی یان بۆ دیدەنی دۆست‌و ناسیاوەکانی ، یان بۆ کۆکردنەوەی کۆمەلە چاپکراوێکی نوێ ، هەموکەسێکی نزیکی هەستی ئەکرد کە (تۆماس) بێ ئارامە ،چونکە هەناسەی سوار ئەبوو، ئەنکە ئەفەس ئەبوو ، خەوی ئەژرا ، خواخوای بوو بە زووترین کات فرمانەکەی تەواوبکات‌و بکەرێتەوە شوێنی خۆی شەوی لەو شەوانە بەریوەبەری نوتیلەکە کارتێکی‌دایە کە خویندیەوە بۆی دەرکەوت نوسەرێکی لاو تکای لێ‌ئەکات کاتێکی بۆ تەرخان بکات کەچاویان بەیەك بکەوێت ، (تۆماس کارلیل) بەکابرای‌بەریوە بەری نوتیلی‌وت بەخاوەن کارتەکە بڵێ : ئەمشەو پێش نوستن ئەی بینم بەڵام کە نووسەرەکە هات‌هەرچەندە هەوڵیان دا (تۆماس کارلیل) یان بۆنە دۆزرایەوە ئەنانەت ژوورەکەشی بەجێ هێشتبوو .

دوای چەند ساڵێك کارلیل بو بەهاوڕێی ئەو نوسەرەلاوە کە (جورج برنادشو) بوو ،جارێکیان لەژێردرە ختێکی سەوزی جوانی پەلوبودارابێکەوە دانیشتبوون ، کارلیل رووی‌کردە شۆوبێ‌ی‌وت :

ـ هاورێم ئەو شەوەی کەبریار بووبت بینم لە (لەندەن) خۆم گەیاندەوە ژێر ئەمدرەختەو لێرەدا لێی‌پاڵ کەوتم‌و تێر نووستم ، چونکە بەروام‌پێ‌بکەسێ شەو بوو لە(لەندەن) خەو نەچو بوە چاوم .

ئەمەی وت‌و بەپەنجەئیشارەتێکی ئەم لاوئەولای خۆی‌کردو بە زەردەخەنەیەکەوەوتی : « زۆر شیرینە لام ..»!

مصطفی صالح کریم

کاکی : شاعیرێکی نەخوێندەوارو بلیمەتە

ئامادە کردنی
سەردار فەتاح ئەمین

گۆڕەپانی ئەدەبیاتی کوردی، بەرهەمی فرەی کەلە شاعیرانی لە هەمێز گرتووە ، .. هەرچەندە زۆربەی شاعیرەکانمان‌کۆلکە خوێندەوار بوون ، بەڵام لە مەیدانی غەزەلیات‌و ژانە شیعری کلاسیکی‌دا دەستی هونەریان درێژ بووەو .. کەلە شاعیری ئەم بوارە بوون . . وەنەبێ دیمەنی قەشەنگی سروشتی ولاتەکەمان هەروا هەوانتە بووبێ ، پێ‌و پیشەکەروشوانی‌وسەپانی لەگەل ئەم سروشتەدا ئاویتە بوون‌و ، بیری تیژیان شیعری زیت‌و ڕاچەنیوی داڕشتووە ، کە کاڵالەقەد بالای ئەم شاعیرانەن .

شاعیری ئەم باسەمان ، (کاکی عەبدو لقادر خالێ) یەکێکە لەو شاعیرانە .. کە سەر تاپای ژیانی ، لەشوانی‌و سەپانی‌دا بە سەر بردووە ، ئیلهامی شیعری لە سروشت‌و جۆری ژیانی ڕۆژانەی خۆی‌و خەڵکی دەورویشتەکەی وەرگرتوە . سەرەڕای ئەوەی ئەخوێندەوارە ، شیعرەکانی لایەنە هونەری‌یەکانی سەرکەوتووەو ، دەستی باڵای هەیە لە وێنەی شیعری‌دا ، هەر کارەسات‌و بۆنە یەك کاری لێ‌بکات ، بەشیعرێکی پوخت‌و ڕەوان ، وێنەی ئەگری‌و بەقەشەنگی ئەیرا زێنێتەوەو وەکو دانەی‌کەو هەر لەزاری‌وە هەڵ ئەوە ڕێ‌و تا هەتایە ، لەبیری ناچێتەوە ، هەر کاتێ‌وبستت ، لە بەر بۆت ئەڵێتەوە .

ئەگەربێت‌و بەرهەمی ئەم شاعیرە کۆبکرێتەوە ، بەشی دیوانێکی گەورەی شیعرهەیە ، .

بەرهەمەکانی مۆرکی فۆلکلۆری پێوەدیارەو ، لەسەر کێشی (١٠) برگەی شیعرەکانی دانەرێژێ ، لەگەل مەعزی فۆلکلۆردا ئاوێتەی یەکتربوون، کاکی ، ئێستا بەپێشەی شوانی‌یەوە خەریکە مەڕەکانی بەقەدەر شیعرەکانی خۆش ئەوێ ، خۆی ئەڵێ شیعرو مەڕەکانم لەیەکتر جیا ناکەمەوە ، ئەوان‌بوونەتەهۆی شاعری من ، جار جارەش ئەڵێ : خۆزگەخوێندەوا ڕێکی دڵسۆز هەبوایە پێش مردنم ، شیعرەکانمی ئەنووسیەوەو **لەفەوتان ئەیپاراست کاکی‌تائێستا** زۆر بەی شیعرەکانی لەسەر شریت تۆمار کردووە،منالانی گوندی قەلاچوغەش ، هەمیشە شیعرەکانی (کاکی)یان‌لەسەر زارەو ئەیڵێنەوە . . . ئەمەش نموونەیەك‌لەشیعری کاکی : ـ

((ڕەشبەلەك))

چەرخ‌و زەمانە بۆواگۆڕاوە .. ؟!
ئەمڕۆ ڕەش بەلەك لەناومان باوە
کچی مەلاو شێخ ، کوڕی‌بێ‌گانە
دەستیان تێکەڵاو ، ئالەم‌سەیرانە
دنیا هەر گەنجە ، گەنجی‌خۆش ئەوێ
کورەی جەهەنەم ،چەند گەنجی ئەوێ
بڵێسەی ئاگر ، ئالەی‌لاوی‌جوان
قریشکەی ئەڕواڵە دەشت‌و کێوان
پرسیاریان ئەکردتوخوانەولاوە .. چی‌لێ‌قەوماوە
لە ڕەش بە لە کا ،دەستی گیراوە ..

تێبینی : کاکی عەبدو لقادرلەگوندی قەلاچوغەی سەر بەناوچەی چەمچمال لە دایك‌بوو تائێستا لەو گوندەدا بەپیشەی شوانی‌یەوەخەریکە .

گۆرانی یەك بۆ "شام"

شیعری : علی جاسم ـ بەغدا

تۆ ، خۆشەویستیت ..
لە یادنە ، کە خاك پێکەوەی بەستین‌و ...
کیانی ، کەوتە هانابردن ...
بەکوبیدا ئەچرپاندم :

حەزت‌لێ‌ئەکەم !
لە نێوان باڵەکانما ، شازادەبووی ..
ناو بەناو ئەمنایت بەستگمەوە ..
بەڵام ، !! ئەو شەوەی هەوڵی کوشتنی‌تۆی‌دا ..
شەوێك‌بوو :

هەروەك لیلایی چاوی‌تۆ ، لە کاتی گلەیی‌و سکاڵادا ..
ئەو زللەی ئەهامەتیەبوو ،
ساڵانی لە بەختەوەری ڕووناکت دزی ..
« نیرون » خۆلەمێشی رشت ...
بەشەقام‌و کۆڵان‌و چاوەکاندا سورایەوە ..
ئارەزووی لە ناو گولەکاندا کوشت ..
تۆش :
بەرامبەر لێژانی‌و ڕێگاو بەندیخانەکان ..
بێ‌باك بووی ..
مەگەر تۆ « خنساء » نەبووی ..
خەوت بەگەلەوە نەبینی ؟!
ئایا ، تائیستاش .. ئەو دەنگە :
باوەرو ئاینە ؟
« دیمەشق » ئەی شوێنە واری شادی ..
من ، خۆشەویستیم !
ئایا نکولی ئەکەی ؟!

پائیزا "نالبەندی"

نقیسینا خالد حسین

**ئیلون‌و هەردو چری مەهێن پائیزێ‌نە ، دەمەك ژدەمێن ساڵێ نالبەندی ژبیرنەکریە بێ سەرچوی‌و ناخفتی تا وەکو گوتی من باسێ پائیزێ‌کر ژبو مەژو هزرو وباش‌و نەباشی ژێك بێن قەدان ، گەلو پائیز هەر وەکی نالبەند دبێژە دەمێ خوشی‌و نەخوشیێیە ، دبت‌وەسابت‌و دبت ... چونکە ئەو بخو دبێژە نیفەکا گەلەکا خوشەو ، نیفادی ئەخوشی دەست پێ‌دکە ئەقە نك نالبەندی هەر دەم دیاردبە ، گەر تشتەکێ گورت گەتە بەراهیا وی ، ئابت هەر تشتەکی دی‌بێ درێژ دویف وێ دهێتن ، هەروەسا روژەکا تاری‌بێ ، روژەکا روهن‌و خوەش وا لدویف دبەزە ، هە ئەف تشتە نك نالبەندی دبت ، لێ ... هەر بابێ ئەو بکە وەلێیە ؟ یان ... چونکە ئەو تشتێ تیژ تیژەو بێ ڕەش ڕەشەو بێ ئەخوەش ئەخوەشە ، تاکو تشتەك سەردابێ ، وی ڕەنگی بگوهورە یان ئالەکێ‌وی بگوهورە ، چونکە مە هافین دبت باخوەش‌و ئەخوەش هەروەسا پائیز ، دەما نالبەندی باسێ بهارێ کری ، چو نال‌نال‌و گری‌و کول‌و برین نافا ئاخفتنا وی ئەهاتن، لێ دەما باسێ زفستانێ دکەت دەمێ‌بێ ئەمێ سەر باخفین ، هەروەسا دبەڤەهەروەکە نالبەند گرتی‌و گرتدایە نافا دەرگەهێ‌دا ئەرێ نالبەندی ڕێکەکاخو نە دیتبوو لسەر دچو ؟ یان ... بەری ئەم سەر فێ باخفین یافەرە ئەم بزانین ژبانا نالبەندی چەوان‌بێ ، گەلکێ رادبی‌و رویدنشت ، خوشی‌و ئەخوشیا کەتی ڕێکاوی ، کی ژمالی لگەل دل‌ئەرم‌و ، دل‌تەر بی ، کی ژوا نەدڤیا نالبەندی ببینە ، نالبەند مروفەکی گەروك‌بی، لەو هەر دەمەکی لرەخەکێ‌بی .. بفێ ژێنێ دل خوەش دبی ، بشتی دەمەکی گورت دابینی جانتکێ‌خو هلگرت‌و دا ملێ‌خوەو بەرێ خوە دا ئالەکی‌دی ، ژبەر هندێ ئەم دێ بەرسفا فێ پسیارێ هێلین بۆ روژێن ئاین ، دا فەگەرین سەر گوتنا خوە لەر پائیزا نالبەندی : ـ

ئەووەلی پائیز خوەشە ژدل
خارن‌و ئاف‌و هەوا خەو معتدل .

راستە پائیز وەیەو پترە ، دەما دبە پائیز ، ئاف‌و با خوەش تین . بشتی گەرمێ بەلکێن دارا زەرکرین‌و باو ئاف گەرم‌کرین ، ژسەرێ پائیزێ بەلگ روژ بروژێ زەرتر دبن ، لێ ئاف‌و با خوەش تر دبن ، فی دەمێ ساڵێ ، فێکی‌و خارن‌و دانۆ دکاك زۆر دبن هەر ماڵەك هزرا خوو زفستانێ دکەن ، ئەخاسمە ئەو کوردێن نافا شادژین چونکە پائیز وەکە نیشانەکی‌یە ، کو زفستانا ڕەش‌و شین‌را دویف ئێ ..

ئەرێ گوندی کرمانج‌و جزیار ئەدەمێ ساڵێ چ دکەن ، ئافی زەر دبن ، خوەدان کوم دکەو لتك دەدت ، هەروەسا خودانێ ماش‌و گونجی‌و ئەحلەو برنجی ، ژدویدفە گدیش دیارن سەو بندەرا ، هەروەسا ئەف سەرێ پائیزێ بدلێ نالبەندی‌یە چونکە هەر ماڵەك لفی دەمی خارنێن خوەش لێ دلێنن :

خوشە ئەف دەمە ژبو مێهفانیا
ژبەر پەلاف‌و طرشك‌و کنیاهیا
چێکن هوین زادو طەعاما فاخرە
ئێك دوو گازی کەن کوتشتێ حازرە

هەروەسا زەرزەوات زەحفن وەکی بامی‌و باجان‌و، بیفازو کەرەفس‌و بەقل‌و شێلم‌و سیلك‌و کولندا ، ئەف تیفا پائیزێ خوشە جونکە بزاف‌و هاتن‌و چونە بۆ خولێکدانێ بەری سەرما بێ .

دایەری وەرگێرین ئالی‌دی ، کا دێ نالبەند بۆ چ بێژەو دیاردکە ، ژرەخێ پائیزێ یێ ئەخوەشس ، دیارە وی گەلە ئەخوەش‌وێ دیتین ، یان‌گوندی‌و هەفالا گازندە وێ بۆ کرین ...

بونە عەورو باو باران‌و هەری
هشکە سرِ هاتن ژصەرما ناگەری
سەرچیا گرتن گەروفێ هەرمژە
ئەوولی لزوزانا بەفرێ گژ گژە

لفێ دەرێ نالبەند جوان دیاردکە کا بوچی پائیزا ئەخوەشە ، هەر وەکی دزانین نالبەند هوزانفانەکێ گەروك‌بێ ، دەما باران دبارن ڕێ لبەر تێنە گرتن یان ئەخوش‌و ئاسێ دبەن ، ژبەر فێ چەندێ ئەشێ بگەرە ، هەروەسا کانی‌و ڕوبار ئاف لێ دتەزن‌و دقەرسن ، نالبەند گەلەك ئیشو دەما دەست نمێژا بوێ ئافێ دگرە ، هەروەسا دلێ وی دمینە دویف مێرك‌و باغا کو خەملا خوە دهاڤێژن‌و دوەرنین .

چیمەن تازە لبژگا چرمسی
نێ جەمەد گەفت‌و سەرێ خوە تێ‌هەسی
کنریا زولمات‌و طاری‌لێ مقیم
لەو سەرێت ژوری شین کرن نەعیم
دارو بارا جملە خەملا خوە وەراند
چوجك‌و تەیرا لناف باغا نەخواند

تا چوجك‌و تەیرا خوە ئەشارتن ، بەلێ یا هەژار لێ بێ خودان کویفە دێ چن دێ کویفە ڕەڤن ، ژبەر کورمە کورما ئەسماناو هورمە هورما نهالا ...

کەفتنە بن تاق‌و دیوارا فەقیر
کەس نەبو بووان بێتن دەستەگیر
تاوی‌و باوی‌و نەساخ‌و لەش‌گران
ئەو ژکەروانێ فەقیریا خوە فەمان

دەمێ نالبەندی ئەڤ گوتنەکرین گوندێن کوردا بێ سەرو بەربین .... حالێ کوردا هوبی .. چو بدەستێ وا نەبی .. هەر زوردارو خوین مێژا تشت ((کارو ئیش)) بدەستبو ، گوندی هەر پالێ وی‌بو ، نالبەند سەر هوزانا خو دچت تاکو دگەهت ...

هندە ... چو پائیزو هاڤین‌و بهار
هات زفستان‌و لخەلکێ بو نهار

چلەی مانەمی مامۆستا "گیوی موکریانی" نەمر

لەژێر چاودێری بەرێز پارتزگاری هەولێر یەکێتی‌ی نووسەرانی کوردو کۆمەڵی‌هونەرو وێژەی کوردی لە هەولێر لە کات ژمێری ((٥))ی ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەمەی ڕێکەوتی ٢٢-٩-١٩٧٧ چلەی‌مانەمی نووسەرو ڕۆژنامەگەری کورد خوا لێ‌خۆشبوو ((گیوی‌موکریانی)) لە هۆڵی شارەوانی هەولێر دەگێرن .

وە بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەك داندرا لە مامۆستایان کاکە مەمی بۆتانی‌و کریم شارەزاو مفدید سۆران‌و سعدالله بەرۆش ، وە ئەم لیژنەیە بریاری دا کەوا زۆر لە ڕێکخراوە ئەدەبی‌و هونەری‌بەکوردی‌یەکان بانگ بکات .

پ.هاوکاری

پۆستەی ئەدەب‌و ژیان

خوێنەوانیش بیروڕای خۆیان هەیە ..

● هیچ گومان لەوەدا نی‌یە ئەوانەی بە هۆی پاداشتەکانی یانسیبەوە خۆیان‌و خێزانەکانیان دۆزراندووە زۆر زۆرن . **بێگومانیش یانسیب کرمێکی کوشندەیەو گیانی کۆمەڵی کرمەژن کردووەو پێویستە چارەسەری‌یەکی بکرێت ..** بەڵێ زۆر هەن نیوەی ئەو پارەی دەستیان دەکەوێت لە کرینی یانەسیبدا سەرف‌دەکەن ، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازی‌ی ئابووری‌ی هەندێك خێزانی عێراقی‌و نزم‌بوونەوەی ڕادەی شت کرینی جگە لەوەی ئەو کەسەی کە دەیکڕێت لە خەون‌و خەون‌بینین‌و ووڕینەکردن‌و ئاوات خواستن دوور نابێت بە هۆی بردنەوەیەوە .. ئینر بۆچی ئەم پەتا کوشندەیە بمێنێت .. من داوا لە هەمووان دەکەم بەشداری‌ی ڕێکخستنی شالاوێکی فراوان بکەن بۆ چارەسەرکردن‌و قەلاچۆکردنی ئەم دیاردە سلبیی‌ی نێو کۆمەل من داوا لە ڕۆژنامەنووسە گەنجەکان دەکەم ڕاپۆرتی مەیدانی دەربارەی ئەم شتە بنووسن‌و پاویش وەك هەنگاوێك بۆ لابردنی ئەم دیاردە ناشۆلایە ..!

عشیار عابد محمد
بەغدا

چیرۆك

● **کاك احمد کریم ـ کەرکووك :**

بەرچڤە هونەرە.. هونەریش بە هۆی مومارەسە ڕەوانترو جوانتر دەبێ . چیرۆکە وەرگێراوەکەت « ئەسپی هەمیشە غارکردوو » کە لە کۆمەڵە چیرۆکی « شوارع زرقاء » وەرگیراوە ، پێویستی بە پیاچوونەوەیەکی زمانەوانی هەیە ، بۆ نموونە ، تۆ لە سەرەتاوە هەڵەیەکی ڕێزمانی کەوەرەت کردبوو کە چی ڕاستیەکەی ئەوەبوو بڵێی : (ئایا دەشێت بڵێین ...) .

هۆنراوە

● **کاك ڕێچوان عەلی عارف :**

جارێکیان فرۆوید ددانی بەوەدا نا کە ژیانی سێکسی نافرەت دەڵێی (کێشوە ڕێکی تاریکە) بەڵام لەگەل ئەوەش‌دا تیورە سایکۆلۆژی‌یەکانی خۆی لەم بارەوە داڕشت ، تۆش لە هۆنراوەکەتدا (نافرەت) ، هەمان هەنگاوی ئەو دەنێی ، کە جۆرە بیرێکی یەمینی نا پێشکەوتنخواز بە ئاشکرا پیشان دەدەیت .

● **کاك سەرکەوت ڕۆژبەیانی ـ کۆیە :**

بیرەکانمان هی خۆمانن‌و ، ڕۆشنبیریشت نزمە . هی کەسێکی تر نین.من بروام بەو وتەی دیکارت هەیە کە بەڵگەیەکی سەربەستی بیروڕاو فیکرە . بەڵام کە هۆنراوەکەتم خوێندەوەو بە ڕەچەڵەکی‌دا چوومە خوارەوە ، ئەوخاڵانە کەشانەوە : لە ماڵەوە بە چەند خووڕەوشتێکی کۆن بەند کراویت . ژیانگەرەکەشت ئایینی‌یە . ئاستی ئەوەی لە سەرتو بیکەیت ، کە گەیشتۆیتە ئەم تەمەنە ، ئەوەیە کە هەموو شتێك ڕامالییت‌و بڕوخێنیت . بە هۆی ئاژاوە ڕژێم دێتە دی ، بە هیچ فیکرەیەك ، مەبدێك ، باوڕێك، ئایینێك ، نەریتێك ، قانیع مەبە ، ئەگینە بە گیتی‌و بوونی خۆت قانیع دەبیت ، کە هەست بە بوونی خۆت دەکەیت .

ئەڤینی

ڕێکا ئەڤینی‌یا تە هەرچەند تاری‌و دیربیت ئەز دێ بڕم
گرێنا شەفەکێ لبەر سینگێ تە
بخوینێش بیت ، ئەز دێ کڕم

● ★ ●

هەمی ڕوژێ
چاڤێت من وەك نێچیرفانا
بەردبنە ئاقارێ ژانا
مامزا هیڤی‌و گرنژینێ ڕاف دکەن
سەر ستریا بریڤە دچن
رویمەتێ ژینێ تێر د مێژن
ئسترانا خەمەکا کویرو دیر دبێژن
ئەرێ جانێ
بێ خودانێ
دێ تو وەرە
ئافری‌یا خۆ کرێت نەکە
بسك‌و کەزیێت خۆ کورت نەکە
خوشیا خەما لمن نەدزە
بیرهاتی یا فەنەکوژە
چوکێت فیانێ
لشوفا دلێ من نەبڕە
دەرگەهێ ژفانێ لمن نەگرە

● ★ ●

هەمی شەفێ
ئەز بتنێمە
ـ بێ‌سەمیانم
بێ ئامانم
مەلەڤانێ وێ خەونێمە
دەست‌و تبلێت من برسینە
بەژن بیهێ
توی سەربارا وێ هیڤی‌یێ
ژ بلی دیوارێت ریس‌و تاری‌و پڕ ترس
چیدی نینە
برسی‌بنیا من برینە
خەم‌و زیمارە .. ئەڤینی یا دلدارەکی بێ دلبەرە
نیر گزوکا بێ بوهارە

● ★ ●

خوشتفیا من
وەرە هوکرا گری‌و نالینا من بە
شورە سوارا خەونێت من بە
پێکا مەیا شەڤێت من بە

● ★ ●

شەف کاروانەو
دلێ من کریە ئیستکەها ژان‌و کولا
چاف ژ سێ تافکا خۆ د ترسی
لەو چرمسی کەنیا دلا
دێ تو وەرە

قاسم شیروانی

بروانە ل : ـ٧ـ

Institut Kurde de Paris

سەروکی بەڕێز سوپاسی پیرۆزبایی کەران ئەکات

بەڕێز سەرۆک احمد حسن البکر سوپاسی ئەو بەڕێزانەی کردوە کە کە کارتی جەژنەپیرۆزە و بروسکەی پیرۆزباییان بەبۆنەی جەژنی رەمەزانی پیرۆزەوە ناردوە ، داواخوازە لەیەزدانی بەرزکەهەمیشە سەرکەوتویان کات بۆ چاکە و خزمەتی نیشتمانو ئەتەوەکەمان و ئەو ئامانجانەی بوهێنانەدیان تێئەکوشین و سەرکەوتن لەخوای گەورەوەیە .

ئا.د.ع

لە بروسکەیەکدا بۆ سەروکی فەرماندەو بەڕێز صدام حسین

ئەنجومەنی ڕابەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ستایشی بەرەستی و بایەخدانی حزب و شۆڕشی ئەکات .

ئەنجومەنی ڕابەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بروسکەیەکی ئاراستەی بەڕێز سەرۆک کۆماری موهیب احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کردوە بەبۆنەی نزیك بوونەوەی کۆتایی دەورەی یەکەمیەوە کەسێ ساڵی خایاندو ئەمەش دەقی بروسکەکەیە :

کۆتایی هاتنی دەورەی یەکەمی ئەنجومەنی ڕابەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنومی بەهەڵەزانین تا ئەوپەڕی سوپاس و دڵسۆزیتان پێشکەش بکەین بەرامبەر سەرپەرشتی و بایەخدانتان بە ئەنجومەنەکەمان و پشتگرتنی لەسەر ئەو ڕێگایەی توانی ئەرکی سەرشانی خۆی لە چەسپاندنی یەکیتی نیشتمانیدا جێبەجێ بکات و بەشداری بکات کە دیارخستنی مەبەستەکانی سەرکردایەتی سیاسی دڵسۆزو لێهاتودا بە ڕێپێشخستنی ناوچەکەو گەشەپێدانی .

بروانە : ل : ٧

لە بریارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

دەست کاری کردنی یاسای خزمەتی زانکۆ موخەسەساتی خانو و بۆفە رمانبەرانی زانکۆ لەدەرەوەی عەراق بەغدا .

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەکەی ١٧-٩-١٩٧٧ بریاری چاککردنی خزمەتی زانکۆی ژمارە (١٤٢)ی ساڵی ١٩٧٦ی دا کە بریتیە لە ڕوون کردنەوەی مەبەست لە ئەرکی فەرمانبەری زانکۆو دەست نیشان کردنی کات و شوێنی کارکردنی مەروەها دەرس ووتنەوەی زیادە لابرا وە راسپاردرا کەهەموو دکتورێك و دکتورەکانی ددان و ئەو ئەندازیارانەی کە مەرجی ئەندامێتی دەستەی دەرس ووتنەوەیان هەیە بەم کارە هەڵسن بەمە موخەسەساتی خزمەتی زانکۆ بۆ دکتورو دکتوری ددان ٢٥٠٪ لە موچە ئیسمیەکەی دەبێتو ٢٠٠٪ بۆ ئەندازیارەکانو لە ١٢٠٪ بۆ ئەوانی تر بەو مەرجەی موچەی دکتورو دکتوری ددان بە ئیسمیو موخەسەساتەوە لە ٤٥٠ دینار تێپەر نەبێت ئەندازیاریش لە ٤٠٠ دینارو ئەوانی تریش لە ٣٥٠ دینار تێپەر نەبێت مەروەها بە پێی راسپاردەی ئەنجومەنی زانکۆ وەزیر مافی تەوەی هەیە کە فەرمانبەری خزمەتی زانکۆ نە پزیشك و پزیشکی ددان بۆ کاریکی تر تەرخان بکات ئەو حەلە بە ئەندامی دەستەی دەرس ووتنەوە لە قەلەم نادرێن ئەو مەروەها دوواخستنی ئەو ئەندازیارانەی کە پەیوەندیان بە نووسینگەکانی پیشەیی هەیە لەم کارە بۆ ماوەی ساڵێك .

موخەسەساتی نیشتەجێی لەدەرەوەی بەغدا

دیسان ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بریاری داوە ، موخەسەساتی نیشتەجێی موچەخۆرەکانی زانکۆیی لە دەرەوەی بەغدا بدرێتو ئەم موخەسەساتەش بریتی‌یە لە مانگی (٤٠) دینارو بریارەکەش لە ١-٩-١٩٧٧وە کاری دەست بە جێبەجێ کردنی ئەکرێت .

مەروەها ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٧-٩-٧٧ دا بریاریکی دەرکردوە بەو پێیە نابێت تێکرایی ئەو پارەیەی پزیشکەکانو پزیشکی دان کە لە دام و دەزگا رەسمیو شێوە رەسمیەکاندا کارئەکەن بە موچەی رەسمیو موخەسەساتیانە تەنیا پارەی « غلاء المعیشه » نەبێت لە (٤٥٠) دینار لە مانگیکا تێپەر بکاتو ئەم بریارەش لە ڕۆژی دەرچونیەوە لە ڕۆژنامەی رەسمیدا کاری پێ ئەکرێ .

دیسان ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٧-٩-١٩٧٧دا بریارێکی تری دەرکردوە کە بەوپێیە :

- بڕگەی (٢)ی بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (٧٢٥)ی ٢١-٦-١٩٧٧ی گۆڕیوەو بەم جۆرەی لێهاتوە (ئاگونجێ تێکڕای ئەو موچە رەسمیەو موخەسەساتەی ئەندازیار وەری ئەگری ، تەنیا « غلاء المعیشه » نەبێ لە مانگیکا لە (٤٠٠) دینار تێپەربکات)و بریارەکەش لە ڕۆژی بڵاوبونەوەیەوە لە ڕۆژنامەی رەسمیدا کاری پێ ئەکرێ .

کۆبونەوەی لیژنەی بەرە لە دهۆك

بەسەرۆکایەتی هاوری مزهر مطنی ئەمینداری نەینی سەرکردایەتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لقی دهۆك پێری لیژنەی بەرەی نیشتمانی ئەتەوەیی پیشکەوتنخواز لەدهۆك کۆبونەوەیەکی کردوە لەگەڵ بونەوەکەدا دەستنیشانی جموجوڵی ئەنەبەرستان و ڕایونزمیان کردوە کە لەلایەن ئیمپریالیزمەوە هان‌ئەدرێن لەگەڵ مەبەستی ئەو جموجولە بۆ لەناوبردنو ئەمێشتنی مەسەلەی خەباتی عەرەبی فەلەستینی .. لیژنەکە هەروەها باسی ئەوەی کردوە کە ڕژێمی سوریای ئەلقەلەمرین لەوەدا ئەیبینێو ئەو دەورە چکارێك ئەتاتە سەر هیزی رزگاریخوازی عەرەبیو جیهانی .. دوای ئەوە باسی چۆنیەتی سەرخستنی سەرژمێرکردنو پێویستی هاوولاتیانی پارێزگاکەی کردوەو چۆنیەتی ئامادەکردنی ئەو پێویستیانە .

لەسلیمانی هەندێ لەو جێگایانە داخراون کە پاکوتەمیز نەبون

سەرۆکایەتی ئەندروستی پارێزگای سلیمانی (١٠) کەبابخانەو (٧) چایخانەو (٣) نانەواخانەو (٨) دوکانی سارەمەنی داخستوە لەبەرئەوەی پاکوتەمیز نەبونو خاوەنەکانی پەیڕەویی دەزگا ئەندروستیکانیان نەکردوە هەروەها ئاگاداری (٣) چایخانەی کردوە بۆ ئەوەی پەیڕەوی مەرجی دەزگاکانی ئەندروستیکان بکەن .

لەسەرجەمی پارێزگاکەدا دەزگا ئەندروستیکان خەریکی پشکنینی لوقەنتەو چایخانەو کەبابخانەو نانەواخانەو یانەکانن .

لە دوانێکی وەزیری دەوڵەتی راسپێردراو بە ڕێکخستنی کاروبار لەگەڵ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا :

تاقی کردنەوەی ئۆتۆنۆمی رەسەنی حزبمان و ڕێی رەوی دیموکراتی و مرۆڤایەتی دوویات کردوە .

بەڕێز برهان‌الدین عبدالرحمن ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری دەوڵەتی راسپێردراو بە ڕێکخستنی کاروبار لەگەڵ دەزگاکانی ئۆتۆنومیدا وتویە : (تاقی کردنەوەی ئۆتۆنۆمی و کاروانی لەماوەی سێ ساڵی ڕابوردودا رەسەنی حزبەکەمانو ڕێڕەوی دیموکراتی و مرۆڤایەتی و چەسپاندنی بەکارانەی دوویات کردەوە .

بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وتی: حزبەکەمان لێبرسینەوەی بنەڕەتی لەئەستۆدایە لە زامن کردنی ماف و ئاواتەکانی گەلەکەمان لە چوارچێوەی دەستوری و یاسایدا بەو ناوەوەی سەرکردەی سیاسی وڵاتە لە ١٧ - ٣٠ تموزی ١٩٦٨وە . ئەمەیشی لە بەیاننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠دا چەسپاندوە ئەو مافانەی زامن کردو هەوڵو تەقەللای داوە بۆ چاککردنی باری ئاوچەکە لە هەموو ڕوویەکەوە و بەراستیش ئەمە کۆتایکی جۆرەکی بووە لە بەدی هێنانی ئاواتی ڕەوادا .

بەڕێز عبدالرحمن لە گفتوگویەکدا لەگەڵ ئاژانسی دەنگوباسی عیراقدا بەبۆنەی دوایی هاتنی دەورەی یەکەمی کاروباری ئەنجومەنی ڕابەڕاندنەوە دەستی بۆ ئەو ڕێڕەوی ئەو کاروانە کێشاوە لە بەیاننامە ١١ی ئادار هەتا جێبەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنومی بەردەوامەو وتویە : لەگەڵ ئەوەشدا ڕێڕەوی بەپێی بۆ چونو ئارەزووی حزبمان نەبوو بەهوی هەڵویستی سەرکردایەتی کۆنەپەرستو بەکرێگیراوی ئەوسای بزوتنەوەی کوردەوە . بەڵام حزب سوورو لەسەر ڕابەڕاندنی تێکرایی بەیاننامەکە تا دەرچونی یاسای ئۆتۆنومی لە ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٤و جێبەجێ کردنی ئەویاسایە . هەروەها وتی .. بێگومان ڕەوتی ئۆتۆنومی بەبۆنەی هەڵویستی یاخی‌بونە تاوانکارێکەوە زۆرگیرگرفتی هاتۆتەپێ کە ئەوەش بۆتە هۆی کۆسپنانەپەر ڕێگای خستنەکاری یاساکە بەمەبەستی لەباربردنی ئەم تاقی کردنەوەو دەستکەوتەو لاوازکردنی شۆڕشو هەوڵدان بو کارکردنە سەر ڕێبازێی .. بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەسەر قسەکانی ئەڕواتو وتی .. شۆڕش بەدوولادا کەوتبوە کارکردن بۆ ڕزگارکردنی ئەم هەڵویستە تاوانکارانە ..

لەلایەکەوە شۆڕش کەوتە جێبەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنومیو بلند کردنەوەو دامەزراندنی دەزگاکانیو ئەو دەزگایانە بۆ ئەوەی دەوری خۆیان .. لەناوچەکەدا ببینن وەك بەشێك لەدەزگاکانی شۆڕش .

لەلایەکیتر ئەوە شۆڕش هەوڵی لەناوبردنی ئەو یاخی‌بونە تاوانکاریەی تاقمە بەکرێگیراوەکەی دا . لەمەدا توانی لەمانگی ئاداری ساڵی ١٩٧٥دا سەرکەوتنێکی تەواو وەدی‌بێنێ ، کە ئەمەش ماوەی بکات بەلایەنی بتەوکردنی یەکێتی نیشتمانیی‌ی گەلەکەمان ..

دوای ئەمە بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بروانە : ل : ٧

بەبۆنەی نزیك بوونەوەی کۆتایی‌دەورەی یەکەمی ئەنجومەنی ڕابەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌یەوە :

ستایشی ئەو دەسکەوتانەکەن لە هەموو رویەکەوە لەناوچەکەدا بەدی هاتوون

شەممەی ڕابوردوو ئەنجومەنی ڕابەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دواکۆبوونەوەی بەبۆنەی نزیك بوونەوەی دوای هاتنی دەورەی یەکەمیەوە کەسێ ساڵی خەیاند بەست .

بەڕێز هاشم حسن سەرۆکی ئەنجومەن لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا وتارێکی‌دا تێدا ستایشی سەرپەرشتی و بایەخدانی گەورەی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشی کرد بەرامبەر ناوچەی ئۆتۆنۆمیو دامو دەزگاکانی یاساداناڵو ڕابەڕاندن .

• ئەوەیشی دوو پاتەکردەوە کەلەماوەی سێ‌ساڵی ڕابوردوا تاقی کردنەوەی ئۆتۆنومی هەنگاوی فراوانیو پێشکەوتوی لەسەر ڕێگای قوڵکردنەوەی تاقی کردنەوەی دیموکراتیو چەسپاندنی ناوە .

بەڕێز سەروکی ئەنجومەن ستایشی ئەو دەسکەوتە گەورانەی کرد کە لەهەموو رویەکەوە : پیشەسازیو کشتوکاڵو پەروەردەو تەندروستیو ڕۆشنبیریو گەشتیو گوزارو لایەنەکانی خزمەت گوزاری شارەوانییدا بەدی هاتون .

ئەوەیشی دووپاتە کردەوە کە بایەخدانی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕش بە ناوچەکەو کارکردن لەسەر پەرەپێدانو گەشەسەندنی لەماوەی بایەخدانەوە بەپێشکەوتنی ساغ بۆتەوە لەگەڵ دانانی ئەو پارە زۆرەی کە لە بەرنامەی سەرمایە دانانو نەخشەی گەشەپێدانی نەتەوەیدا دانراوە بۆ بەرزکردنەوەی رادەی لە هەموو روو لایەنێکەوە . هەروەها ئەو پارەیەی زیادو لە دەرەوەی بوجەی گشتی‌دا دانراوە .

سەروکی ئەنجومەن دووپاتی کردەوە ئەم بایەخدانە دیارە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی‌یەوە دەربڕی ڕاستەقینەی ئەو ئاراستە کردنەیە بەرەو گەشەپێدانی ناوچەکەو بتەوکردنی یەکێتی نیشتمانیو کارکردن لەپێناوی پێشکەوتنی گەلی عیراق ئەچێ .

ئا.د.ع

کۆمەڵە ڕێگایەکی نوێ لەناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا بەدرێژایی (٢١٠٤) کیلومەترکە (١١٤) ملیۆن دینارلێ ئەچێ

لماوەی ئەمساڵو ساڵی‌داهاتودا ، فراوانترین ڕێگای‌هاتوچۆی نوێی ناوەوەلەتان لەناوچەی ئۆتۆنومیدا تەواو ئەبێ کە لە سەر حسابی بەرنامەی‌وەبەرهێنانو پارەی دانراوی‌ترلەو بەرنامەیەدا تەواو ئەبێتوبریتی‌یە لە (١١٤) ملیونو (٥٤٥) هەزار دینار .

درێژایی ئەو ڕێگایانە دووهەزارو (١٠٤) کیلومەترەوبەسەر ٥٣ ڕێگای سەرەکیدادابەش کراوە کەسەدان کوندی شاخاوی بە مەرکەزی شارو پارێزگاکانی‌ناوچەکەوە لەلایەکیو پارێزگاکان بەیەکەوە لەلایەکی‌ترەوە ئەبەستێتەوە .

ئەم پرۆژانەش لەلایەن دەزگای گشتی جێبەجێ کردنی ڕێگای باکورەوەو بەکادرو ئامێری باشەوە ئەکرێو (١٤٠) ئەندازیارو هەشت هەزار کرێکار لە دائیشتوانی ناوچەکە ڕۆژی (١٢) سەعات کاری تیا ئەکەن .

بەهوی ئەم ڕێو بانەشەوە خزمەت‌گوزاری ڕۆشنبیریو تەندروستیو کۆمەڵایەتی ئەگاتە دورترین گوندی ناوچەی ئۆتۆنۆمی .

هەروەها لەلایەکیتر . وە بۆ سوودی مەڵبەندەکانی بەرهەمی کشتوکاڵو ناردنی بەرهەم بۆ مەڵبەندی شارەکان سوودی هەبەو بەشداری تەواو لەژیانەوەی گەشتو سەبراندا ئەکاتو مەڵبەندی گەشتی نوێ بەتەکایەوە .

ئەوەی شایانی باسە ئەخشەکێشانی تایبەتی ئەو ڕێگایانە لە لایەن کادیری عیراقیەوە ئامادەکراو سەرپەرشتی راستەو خۆی جێبەجێ کردنی ئەکەن کە ئەم بەشداری‌یە نیشتمانیە راستەو خۆیەی ئەم کۆمەڵە ڕێگاو بانە سەرفیاتی کەباندۆتە نیوەو ئەگەر بدرایەبە قونتەرات زیاتری تێ ئەچو ، ئەمە سەرەرای پێشکەوتنی کار بەشێوەیەکی پتر بالاو خێرا . ڕێگاکان کە بەپێی مواصەفاتی دوەلی جێبەجێ ئەکرێن مەسەلەی هاتو چۆی جوار وەرزەی‌ساڵی بەئەهمیەت وەرگرتوەو لەبەر ڕووناکی پاشەڕۆژیشدا کە بریتی‌یە لە (٢١) ڕێگای سەرەکی ،درێژیان (٧٨٧) کیلۆمەترەو (٤٢)ملیۆنو (٦٢٥) هەزار دیناریان تێ ئەچو بریتی‌یە لەڕێگای : بێستانە - درگەل ، مێرگەسور - شیروانی‌مازنو هەولێر - کویەیو خەلیفان - کەرکوك وقوش‌تەپەو بێستانە فشقەو خەلیفان - نواخیەو دیاناو سەیدەکانو لزلانو ڕەواندوز - گەرمەجوریو دیانە - بیرس و راس العین - گەڵاڵەو ناوبردان - مارانو دیانە - ظهر السمك و سپیلك - هاودیانو سەیدەکانو درتان - ماولیانو بردی ریزانۆك - کەرووی دەرگەلەو دیانە - راس العین - ڕێگای ڕەواندوزو دیانەو سەرجسن - گەڵاڵەو شیروانە - مازن سلکیو جاما - لەکان .

لە پارێزگای سلیمانی دەستکراوە بەکاروبار لە (٢١) ڕێگای سەرەکیدا کە درێژیان (٨١٨) کیلو مەترەو (٣٧) ملیونو (٦٤٠) هەزار دیناری تێ ئەچو بریتی‌یە لە ڕێگای : سلیمانی- قەرەداغو قەڵادزیو شەهیدانو چۆمانو سلیمانیو ئەزمرو سەیدصادق- پێنجونو ئەزمرو سەیدصادق- پێنجونو ئەزمر - ماوتو رانیە - بلنگانو ڕیژانو ئەزمر - چوارتاو سەنگاو قەرەداغو گەروی سەنگەسەرو ماوتو چوارتا - بالیسانو خەتیو مەلکانو قەڵادزیو هەڵشۆو قەڵادزیو هێرۆو دوکانو بن‌گردو چوارتا ، پێنجوینو سەید صادق - بیارەو تەویلەو ماوتو ناوکوتەو عەربەت - دوکانیانو ڕێگای ئەزمرو چوارتاو پێنجوین - کاتانو میشیاو قەڵادزیو گەناو ڕێگاکانی‌سنوور .

لە پارێزگای دهۆك : کار لە جێبەجێ کردنی (١١) ڕێگای سەرەکیدا ئەکرێ کە درێژیان (٤٩٩) کیلومەترەو (٣٤) ملیونو (٢٨٠) هەزار دیناری تێ ئەچو بریتی‌و لە : ممان - مانگیشو ئامیدی - بالندە - بالندەو قادری‌یەو دهۆك و باطوفەو زاخۆ - کانی‌ماسی - بیبۆو شرشرینو ئاکرۆو بەلقوشو ئەشکەبتێو بەجیلو بلە - دینارتەو باطوفە - بریالەو باطوفەو نازدورو هەستیو بشیرانشو شەتاف .

لەسەر هەمان ڕادە ، ئەم دەزگایە لەماوەی دوو مانگی ڕابوردو دا کۆمەڵە ڕێگایەکی سەرەکی تری تەواو کردوە کە درێژیان (٤٧٥) کیلومەترەو

بروانە : ل : ٧

دەزگاکانی ئەندروستی یەکانی وڵات بەتەواوی دەستیان گرتوە بەسەر یەتاکەدا .

دوێنێ وەزارەتی تەندروستی بڵاوی کردۆتەوە کەسێ کەس توشی نەخۆشی رشانەوەبون‌دوانیان لەپارێزگای بەغداو سێیەمیان لەقەزای زوبیری‌سەربە پارێزگای بەسرا .

لەو بەیاننامەیەدا کە ئەم بەیانیە لە وەزارەتەکەوە بەو بۆنەیەوە بڵاوکراوەتەوە ئەوە راگەیاندراوە کە دەزگا تەندروستیکاندا بکەن بە جێبەجێ کردن و پەیڕەوی کردنی ئەوناگاداری و ئامۆژگاریانەی بەو بۆنەیەوە بڵاویان ئەکاتەوە .

ناکات و داوای لە هاوولاتیان کردوە کە هاوکاری لەگەڵ دەزگا تەندروستیکاندا بکەن بە جێبەجێ کردنی ئەوناگاداری و ئامۆژگاریانەی بەو بۆنەیەوە بڵاویان ئەکاتەوە ..

ئەوانەی بۆچیمەنتۆوە گرتە لە مانگی شوبات و ئادار دا ناوی خۆیان نووسیوە لەسەرەتای مانگی ئایندە داوەری دەگرن

زانراوە کە ئەوەی هاوولاتیانەی لەمانگی شوباتو ئادار دا ناوی خۆیان بۆ چیمەنتوی ناسایی نوسیوە ئەتوانن لەسەرەتای مانگی داهاتودا بچنە کۆمپانیای گشتی‌ی هێنانو پەخش کردنی کەرەسەی خانوبەرە دروست کردن تا چیمەنتوکەیان‌وەربگرن .

کۆمپانیاکە جەدوەلێکی ڕێکخستوە بەپێی ئەو جەدوەلە ئەوەی دیاری کردوە ، کە لەدەهەمین ڕۆژی یەکەمی مانگدا ئەوانەی ناوی خۆیان نوسیوە چیمەنتۆ وەربگرن ئەوانەی لەمانگی شوباتدا ناوی خۆیان نوسیوە ، وە ئەوانەش کە لە مانگی ئادارا ناوی خۆیان نوسیوە لەدووهەمین دەرۆژی ئەو مانگەدا

بروانە : ل : ٧

لە بریارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

دەست کاری کردنی یاسای خزمەتی زانکۆ موخەسەساتی خانو و بۆفە رمانبەرانی زانکۆ لەدەرەوەی عەراق بەغدا .

Institut Kurde de Paris

میوانداری کۆشکی کۆماری

بەغداد ٢٠ ئەیلول .ئا.د.ع

دوێنێ بەیانی بەڕێز ولیدمحمود بالوێز لە دیوانی وەزارەتی دەرەوە چۆنە کۆشکی‌کۆماری بۆ سوپاس‌کردنی سەرۆکی بەڕێز بەبۆنەی دانانی‌لەوبایە تازەیەدا و ناوی خۆی لە دەفتەری میوانداریداتۆمار کردوە .

هەروەها بەڕێزان نزارتوفیق محمد بەریوبەری گشتی‌ی پوستە و تەوفیر وعبد الغنی جمیل سلطان سەرۆکی هەیئەی ئەنوای‌عیراق و مظهر احمد مطلك سەرۆکی دەزگای گشتی‌ی‌شت ناردنەدەروە چونەتە کۆشکی کۆماری و بو دوعاخوازی بەبۆنەی چونیان بۆدەرەوەی وڵات ناویان‌لەدەفتەری میوانداریدا تۆمار کردوە .

هەروەها دکتۆر نبیل‌شعبان مصطفی عەمیدی خوێندنگای تەکنەلوژی وبەڕێزان ذاکر عبدالجلیل محمد سەرۆکی دەزگای‌گشتی‌ی گواستنەوەی ناویی لە عیراقدا و جنید فهد عبدراوێزبنکراوی تەکنیکی لەوەزارەتی کشتوکال و چاککردنی زەویو زاردا چونەتە کۆشکی کۆماری و بەبۆنەی گەرانەوەیان لەدەرەوەی وڵات ناوی‌خۆیانیان لە دەفتەری میوانداریدا تۆمار کردوە . .

بەڕێز صدام حسین ڕۆژبایی لە سەروکی نیپال ئەکات

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ بەڕێز گیریتی بیستا ناردوەبەبۆنەی بونی بە سەرەك وەزیرانی نیپال .. ئەمەش‌تەراوی بروسکەکەیە ..

بەڕێز گیریتی بیستا سەرەك وەزیرانی نیپال .

بەبۆنەی وەرگرتنی پایە تازەکەتانەوە پێ خۆش حالم لە پیرۆزبایەکی دڵسۆزانەتان پێشکەش بکەم داواخوازم کە بارزتان هەمیشە بێ وەی‌پێتو گەلی نیپالی دۆست لە پیشکەوتن و گەشە کردنیکی بەردەوامدا بێت .

صدام حسین
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی
سەرکردایەتی شۆڕش
لە کۆماری عیراق‌دا

بەڕێز صدام حسین بروسکەیەکی پیرۆزبایی سەرۆکی پاکستانی پی گەیشتوە

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەبۆنەی جەژنی رەمەزانی پیرۆزەوە بروسکەیەکی پیرۆزبایی‌لەبەڕێز فضل الهی جودری سەرەك کۆماری پاکستانی‌مسولمانەوە پێ گەیشتوە .

سەرەك جۆدری ئاواتەخوازیی تەندروستی و بەختیاری بۆ جێگری بەڕێز وخۆشگوزەرانی بۆ گەلی عیراق خواستوە .

ئا.د.ع

خۆئامادەکردن بۆ سەرژمارەی گشتی لە سلێمانی

بێگومان سەرژمێری گشتی یەکێکە لە هەنگاوەکانی شۆڕش کە لە پێناوی تەختکـــردنی ڕێگای سەختی تێکڕای میللەتی وڵاتەکەماندا دەیهاوێـــــت • • ئەمـــەش دەبێتە هۆی گەشەسەنـــدنی هەموو لایەنەکانی ژیـــان .. ! بەم بۆنەیەوە حەزمان کـــرد ڕاسەتوخۆ بچینە ناو چۆنیەتی و ڕاستی هەڵسوڕاندنی ئـــەم هەنگاوە بەرۆژەوە ، بـــۆ ئـــەم مەبەستەش ویستمان شوێن و جێگایەکی دوور هەڵبژێـــرین ئەک هەرلەناو شـــــــاردا بەتێنەوەو کاری خۆمـــــان بسازێنین .. لەبەر ئـــــەوە ڕوومان کردە ناحیەی «ماوەت» •

لەوێ ئەو فەرمانبەرانـــەی کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخـــان کرابون و لیژنەکانیان لێ پێـــک هاتبوون لەمەلبەندی ناحیـــە کۆبونەوەو هەریەکەیـــــان ڕووی کردە شوێنی تایبەتی خۆی ئەوەبو « هاوکاری »ش لەگەڵ ئەو لیژنەیەی کە بۆ ئونـــدی « شەشێ » تەرخان کرابـــو کەوتەڕێ ..

هـــەر چەندە دانیشـــتوانی ماوەت ڕیشیان بۆخســـتینە سەرگوندەکە ، بەڵام ئێمـــە ئەمان توانی بە (٣) ســـەعات کەمتر ئەو شاخ وداخە ببڕین ، ئەو هەستەی کە پاڵی پێـــوە دەنایین کەلێ بەهێز تربـــوو لەو هەورازە سەختانە ..ئەوە بوو تەنگمان بەو هـــــەزار بەهەزارە هەڵچنی و کەیشتینە گوندی شەشێو بەکەیشتمان دەستکرا بەسەر ژمێـــری گوندەکەو بەوپەڕی چالاکی یەوە لیژنەکە ئەرکی خـــۆی بەجێ هێنـــا •

بێگومان هیچ کارێک نی یە تەگەرەی توش نەبێت ئـــەوی ڕاستی بێت چوونەدەرەوەمان لەگەڵ ئەو لیژنەیەدا زیاتر بۆ ئاساندنی ئەو تەگەرانەبو بـــۆ ئەوەی لەئێستاوە بتـــوانرێت ڕێگا بۆ هەنگاوی دووەمـــی ئەم سەرژمێری یە تـــەخت بکرێت کەلەمانگـــی (١٠) ئایندەدا دەست پێدەکات •

وەنەبێت تەگەرەکانیـــش بوبنەهۆی هەڵنەسوڕاندنی ئەم هەنگاوە .. نەخێر تەنهـــا هۆیەکبوون بۆ ماندوکردنی لیژنەکانو هیچی تر ، بـــەڵام باسکردنیان لەشاردنەوەیـــان چاکترە وەک :

١ ـ ئەو فەرمانبەرانـــــەی کەلیژنـــەکانیان پێکهێنابـــو بێگومـــــان نەشـــــارەزای ناوچەکانبوون ، بۆیـــە زۆریان بەخۆڕای بەو شاخوداخـــەدا هەلدەگەڕان بەڵام ئەگـــــەر بهاتایەو کەسێکی شارەزای ئەو ناوچەیان لەگەڵدابوایـــــە ، کارەکەیان چاکتر هەڵدەسوڕان •

٢ ـ لـــەزۆر شـــوێنا وا ڕێدەکەوت دووڵیژنە بـــــۆ یەک گوند تەرخان دەکـــــرا بەبێ ئەوەی ئاگایان لەیەکتری بێت ، بێگومان ئـــەمـــــە دەبوە هۆی سەرلێشێواندنی هەردوولا •

٣ ـ زۆر گونـــدیـــــان دیاری کردبو لەناوچەکـــــەدا وجـــودی نـــەبـــو وەک (کانی گەرمەک)ی سەربەگوندی

ووتووێژ دەربارەی پەروەردە و پەروەردەی نوێ

مامۆســـتا گوزیدە قفطان :

● پەروەردەی نـــوێ گەیشتۆتە ڕادەیـــەک کە بریتـــی بێت لـــە خۆشەویست کردنی قوتابخانە •

● پـــەروەردەکردن ،مەشخەڵێکە لە پێـــش کۆمەڵەوە ئەڕوات • ● قەدەغەکـــردنی سزای لێـــدان لـــە قوتابخانەکانـــدا نیشانەیەکی بـــەرزی شارستانیەتە •

قسەوباس ، دەربـــارەی پەروەردە بەشێوەیەکی گشتی و پەروەردەی نوێ ، باســـێکی بایەخدارە ، لە هەر کۆمەڵێکدا ڕێڕەوی پەروەردەی نـــوێ ڕەجاو ئەکرێ و بەوردبینـــی جێبەجێ ئەکرێ ، ئەبێتـــــە هوی ئەوەی ئەو کۆمـــــەڵە ئەوەی وای تیا پێبکات پشت بەخۆی ببەستی و ڕێگـــــای داهێنانی زیاتر لەبەردەمـــدا ئەکرێتـــەوە ، ئەمەش لەماوەی بایەخدانەوە بە شەخســـیەتی قوتابی هەر لەکاتی خوێندنیـــا بۆ ئەوەی لەهەرەی داهێنـــانی بەر فراوان بکات و شەخسیەتی خۆی زیاتر پێ ئەبەشتو بکات •

جا بۆ ڕون کردنـــەوەی زیاتری لایەنەکانی پەروەردەی نوێ و جۆنیەتی ڕەجاوکـــردنی لەقوتابخانەکانی وڵاتـــــی خۆشەویستماندا ، بەتایبـــەتی لەم ڕۆژگارەی هەنگـــــاوی دڵسۆزانی بەرەو پاشـــەڕۆژی زیاتر ڕووناکو بنیات نانی ژیانی زیاتر بەختەوەر بۆ گەلەکەمان ئەنرێ ، ئەم گفتوگویەمـــان لەگەڵ مامۆستا « گـــوزیدە قفطان »دا کرد کەیەکێکە لـــە مامۆســـتایانی پەروەردەی سلیمانی و بەڕێوەبەری ئامادەی کجانە :

پ : باری سەربختـــــان لەبارەی پەروەردەی تـــازەوە چیە ؟

وەڵام: پەروەردەی سەدەکانی ناوەڕاست وکۆن ، هیچ جۆرە حسابێکی بۆشەخسیەتی منال وە بارە دەروونی منال ، وەیان هیچ جۆرە بەهایەکی بـــۆ دۆزینەوەو بەکەیاندنی بەهرەی شاراوەی منال نەدەکـــرد .وە بەپێچەوانەوە ، ڕێبـــــازی فێرکردن و پەروەردە، بریتی بوو لە : ترساندن و لێـــدان و هەڕەشەو ، توندو تیژی بـــۆ ئاخنینی مێشک بە زانستیەکی ووشک دوورەپەریزەندی لەژیانی قوتابی و دوواڕۆژیەوە •

بەڵام پەروەردەی نـــوێ ، کە پێچەوانەی ئەو بیروڕایانەیە ئەیشتۆتە ڕادەیەک کە بریتـــی بێت لە : خۆشەویست کردنی قوتابخانە ، وە هاندانی قوتابی بۆ فێربوون، وە سەربەستی وان بۆ بیرکردنەوە ، پشت بەخۆ بەشمتن ، ڕێگەدان بەتاقـــی کردنەوەی شەخسی ، ئامـــادە کردنی هۆی ڕوون کردنـــەوە بۆ فێر بوون ، فێرکـــــردن بەشێوەیەکی عەمـــــەلی ، دۆزینەوەی توانا و لێهاتـــن و بەهـــرە ، ڕاژگرتن و بایەخدان بەشەخسیەتی قوتابی بـــۆ پێگەیاندنی شەخسیەتی خۆی •• بێگومان ئەمانەش لەسەر بنەڕەتێکی زانستـــی دەروونو ئاراستەکردنێکا کەلەئـــــەڵ پێشکەوتنی ئێستای پەروەردەدا بگونجێت •

ئەتوانم بڵیـــــم ڕادەی پێشکەوتنی باری پـــەروەردەی نوێ لە خزمەتکـــــردنی پێگەیاندنی ئەوەی نوێدا ،وەک ڕادەی خزمەتکردنی ئێستای زانستی بزیشک وایـــە بـــۆ مرۆڤ ، کە لە دۆخی ئەزانێتی میکرۆبەوە هاتە سەر ئـــەوەی کـــە دڵو گورچیلە لەلەشی مرۆڤدا بڕ وێنرێت •

وەلەبێنر ئەوەدا کۆتـــایی بەم وەڵامەم بهێنم ، ئەمـــەوێ شتێکی کەم بڵێم دەربـــارەی هەلگرتنی سرای لێـــــدان لەسەرقوتابی :

ئەم ڕێبازە نوێیە وەســـەرای هێندێک وایە : (مادام قوتابی لەکۆمەڵەو ، وەکۆمەڵی ئێستای (المرق الفردیە) لە پەروەردە ئێمەش ئەکەیشتۆتە ڕادەیەک ، کە پەیڕەوکردنی ئـــەوڕێبازە ، سوودی خۆی بەقوتابـــــی ببەخشێت) •

بەڵام من ڕام وایـــــە ، پەروەردەکردن مەشخەڵێکە لەپێش کۆمەڵەوە ئەڕوات ،ئەک لەدووایەوە •• ئەبەر ئـــەوە لەئەنجامی پەیڕەوکـــــردنا ، ڕاستی ئەوڕێبازە ئەسەلمێت و ڕای ئەو هێندەش ئـــەگزڕێت بۆ پەسەندکردن •• چونـــکە کە قوتابی بینی لەقوتابخانەدا نرخ دراوە بە شەخســـیەتی و ، ڕێزی لێئەگیرێت و ســـزای لێدان بەخۆی و هاوڕێکانیەوە نابینێت و ، مرۆڤایـــــەتی پارێزراوە ،•• ئەم ڕێبـــازە نوێیە وای پەروەردە ئەکات ، کە ئەویش لەژیانیـــــا •• لەکۆمەڵا ڕێزی شـــەخسیەتی ئەوانی تر بگرێت و ، نرخـــی مرۆڤایەتیان بزانێت ، بـــێ ئەوەی کە ئەوەی بەیادا بێت ، کە بەلێدان سزای خەڵکی تـــر بدات •• کەواتە کومانی تیـــا نیە کە ئەم ڕێبازە بەرزترین بڵەی پەروەردەی نوێیە ، کـــە ئەمەش نیشانەیەکی بـــەرزی شارستانیەتیە •

پ ـ ئەو لایەنە دەروونیـــە (نفسی) لەچیدا بەدی ئەکەن کە بۆ ئامۆژگاری و پەروەردەی قوتابی بەکەڵک دێت ؟

وەڵام : بێگومان لایـــەنی دەروونی هەموو قوتابیـــــەک یەکسان نیەو لەبڵـــــەی زیرەکیشدا جیاوازی هـــەیە ، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئـــەوەی هەرکەسە بەو ڕێیە ، جـــۆزە شەخسیەتێکی تایبەتی خـــۆی هەبێت ، لەبەر ئەوە ئێبینـــی کردنی ئەمجیاوازی شەخسیەتە (المرق الفردیە) لە پەروەردە کردن و ئاراستەکـــــردن و فێرکردن و بێگەیاندنـــــدا کارێکی گـــرنگ ئەبەخشێت ، جگە لە شارەزاییەکـــی زۆر لەزانستی دەروونداً •

بۆ نموونە : قوتابیەک کـــە جم وجوولێکی زیاتر لەئەندازە لە هەلس و کەوتیـــــا زال بووبێت ؟ ئاراستە ئەکرێت بۆ وەرزش و یاری • قوتابیەک کە حەز بە دەسەڵاتدارێتی لەباری دەروونیا بـــەدی بکـــرێت ، ئاراستە ئەکرێت بۆ چاودێری بۆل یان هێندێ کاروباری تر• قوتابیـــەک کـــە لەدەوری مراهەقەدا هەولی لەســـوور دەرچوونی تیا بـــەدی بکرێت ، ئاراستە ئەکـــرێت بـــۆ خوێندنەوە •

پ : پەیوەندی نیوانتـــان لەگەڵ قوتابیانا بەگشـــتی چۆنە ؟

وە بەتایبەتی لەچـــــی ڕوویەکەوە بایەخ بەپەفتاری قوتابی ئەدەن ؟

وەڵام : پەیوەندی نێـــوان مامۆستاو قوتابی ، یـــــان بەڕێوەبەرو قوتابی ، بـــاوەڕ (الثقە) دیاری ئەکـــات • وە ئەم باوەڕەش چی دیـــاری ئەکات ؟ دڵسۆزی مامۆســـتاو ڕادەی ئەو سودە کـــــە بەفێرکردن و پەروەردەکـــردن بەقوتابی ئەبەخشێت •

لەو باوەڕەدام هەموومـــان لەمتەمەنەی نیشتامانا ئێستاش دەنگ و ووشەی ئەو مامۆستاو بەڕێوەبەرانەمان لەگوێچکـــەدا ئەزرنگێتەوە ، وە وێنەیـــــان لەیادی چاومانا هەر هاتوچـــۆ ئەکات ، کە بەمنالی ســـوودمان لەدەرسەکانیان و ئامۆژگـــاری و پەروەردەکردنیانەوە وەرگرتووە

کۆمپانیای گشتی هێنان و دابەش کردنی کەرەسەی بینا کردن لە سلێمانی

● لەمدوایەدا بەرنـــوە بەرێتی فرۆشتنی چیمەنتـــو لەکارگەی چیمەنتوی سەرچنار، لەکارگەکە چاپووەو دابـــەش کردنی چیمەنتۆ کەوتە دەست کومپانیای گشتی هێنـــــانو دابەش کردنی کەرەســـــەی بناکردنو لەسلیمانی لقێـــکی بۆکرایەوەو دەستی کـــــرد بەئیشوکاری تایبەتی خۆی •

ئێمەیش بو ڕوون کردنەوەی ئیشوکاری ئەم کومپانیا تازەیە چاومان کەوت بە بەڕێز (کاک اسماعیل عارف غفـــــور) لێپرسراوی لقی ســـلیمانی کۆمپانیاکەو کاک (طە مصطفی حسین) فەرمان بەری ئۆمـــار کردنی چیمەنتو لەکومپانیا کەداو چەند پرسیارێکمان ئاراســـتە کردن •

● لە سەرەتادا کـــــاک اسماعیل لێپرسراوی لقەکـــە ووتی •

ـ لەبەر ئەوەی کاتی خـــۆی فرۆشتنو دابەشکـــــردنی چیمەنتو لەکارگەکاندا جێبەجێ نەکراو ئەمەیش کارئـــــــکی گرانو حۆ خەریک کردن بـــوو بەلای کارگەکانەوەو لەئیشـــــە تایبەتیەکەی خۆیان کە بەرهەم هێنانە نەچونە دەرەوە • هـــەر لەبەر ئەمانەو گەلێ شـــتی تر بەنجومەنی سەرکردایـــــەتی شۆڕش لەسەرەتای ســـــالی ١٩٧٧وە بریاری دا کـــــــە بەریوەبەرتی فرۆشـــــــتن لەکارگەی چیمەنتۆکانـــــدا بگوزرێتەوە بۆ وەزارەتـــــی بازرگانی و کۆمپانیاکـــــەی ئیمەیان تەرخان کـــرد بـــۆ بەریوەبردنی ئیشو کـــاری فرۆشتنو دابەشکردن بـــۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاســـتو دروستو ڕێکی و پێکـــــەوە ئەم کەرەسەیە بفرۆشـــرێ و دابەش بکرێت و هەوڵ بـــدەین ئەبوونی و تەنگو چەلەمـــــەی ناوخەڵکی نەهێڵین یان هیـــچ ئەبی کەمی بکەینەوەو ئیتـــر کار ەکانیش تەنها خەریکی بەرهەم هێنانو هەولی زیـــاد کردنی بەرهەم بدەن لەســـەر بڕیارەکانی سەرکردایـــــەتی ڕامیاری •

● لە کاک اسماعیـــــل عارفمان پرسی کە چۆنیەتی فرۆشتن و دابەشکـــــردنی چیمەنتۆمان بۆڕوون بکاتەوە ووتی •

ـ هەرکەسە لەهاوڵاتیـــان پێویستیان بە چیمەنتۆ هەیێت ئەچنە شارەوانی و ئیجـــازەی خانو دروست کردن یـــان پاک کردنی خانو وەرئەئـــرن و دێنە لای ئێمەو لەسەر زۆری و کەمی خانوەکەی چیمەنتۆی بۆ ئۆمار ئەکەین بـــۆ هەر ٥٠م٢ ١٠ تەن چیمەنتوی ئەدەینـــێ ئیتر بەئوردی ڕوویـــــەری خانوەکە • ئەئەر بەلێندەریش بوو ئەبێ لەدانـــــــــەری بەڵێنەکەیەوە نوسراو بهێنـــی و ئەبێ بۆی ئەدانـــــــــەری ناوخەڵکی نەهێڵین یان هیـــچ ئەبی کەمی بکەینەوەو ئیتـــر کار ەکانیش تەنها خەریکی بەرهەم هێنانو هەولی زیـــاد کردنی بەرهەم بدەن لەســـەر بڕیارەکانی سەرکردایـــــەتی ڕامیاری •

● لە کاک اسماعیـــــل عارفمان پرسی کە چۆنیەتی فرۆشتن و دابەشکـــــردنی چیمەنتۆمان بۆڕوون بکاتەوە •

خوشکێ : دامه مێنه !

سەیران‌خان دژش دامابـوکەوتبوە ئومێکی قـــوڵی بیرکردنەوە ، کەباوکـــی‌منالەکانی لێی پرسی• ئافرەت ئەوە بۆچ داماوو کزیت ؟!•

سەیران‌خان ووتـــی :ـبەخوا بیبر لەوە ئەکـەمەوە ، شەونم‌خان وا لە مانـــگی‌هەنگوین ئەراوەتەوەو هـەمو دەستە خوشکانی بە تێکـرانەچن بۆلای‌و دیاری بۆ ئەبەن نازانم من چی بۆ بیبم ؟ •

مێردەکەی ووتی ئنجا باشەئـەوان بەتیـکرا چـی بـۆ ووتی بەخوا

وابزانم بەتەمان دیاریەکی بۆبیبەن بە بۆنەی هاوینەوە :

ئەوانەی بەشدار ئەبن چەن‌کەسن •
بەمنەوە ئەبن بە بیـــنج‌کەس •
ماناى ئەوە یەکی پانـــزەدینارتان بەرئەکەوی ئنجـــا ئەمە وانەبێ ؟! ئەگەر بێتـــو لەمانگیکا دوو دیاری وا بدریت ئەبێ ئەو مانگە خومـــان‌ومنالمان دەم‌کەینە ئاسمان‌و هەوا قووت بدەین •

ئـەی باشە ناتوانی خـۆت‌بەتەنیا شتێکی بۆ بەریت •
چۆن ئەبێ هەرچیەکی بـزبکرم لە ٢٥ دینار کەمتـری تێناچی • بۆچی •

هیچ ئەبێ ەەکینەیەکـــی کارەبایی بۆ بیەم کە بەکەلکی بیت • بەم جۆرە پیاوەو ژنە مقومقویان ئەبیـتو بۆماوەکی کەم نا پەشۆکاو دامـــــاو ئەمینئەوە بەلکو ئەلی جاریش ئەبێتە هۆی ناکۆکی‌و ناخۆشی‌نێوان ئەو خیزانە بەگـــەورەو بچوکەوە ئەکەونە داوی دیاری‌کرین بۆ شەونم‌خان •

سلاۆتك بۆ تۆ ئەی خوشکەژیرو تازە خاوەن ماڵە تـــۆش یەکیکی لەو خیزانە نۆیـــەی‌کەوا ئیمرۆ لە نیشتمانەکەماندا جۆری خـوی ئەکاتـــەوە بـــەشەقاوی خێرا ، یاریـــدەی میردەکەت ئەدەی بۆ بردنـــەسەری ژیانیکی پاکـــو پخت‌و بەچی ، بێ کەموکـــورتی‌منالەکانتان پێ بکەیەتن بـــۆ روژی داهاتوو ژیانیـــــکی کامەرانی‌و پڕ لە ئامانج ، هەمو کاتیکتان بێویستە پڕبـەرهەم بێت بێ ئەوەی هیچ هەنگاویکی بێ‌سوود بنێن‌و کات بەبێ مایە بفەوتێنن •

بیر لە دەســـــــکەوتی میردەکەت بکەرەوەو لە مافـی دابەش‌کردنی بەسەر بێویستە کرنکەکانی ژیاندا کـــــــە هەردوکنان ئەبێ بەشداربین • ئنجا بکەوەرە رووتانەوەی ئەو مافەو بلاوکردنەوە بێ فەرەی مایەی ژیانتان •

ئەخێر وانابی با ئیمـــەش واز لەم ئەریتە کۆنە نابەدلـە بهینین ئیمە هیچ بەوە نزیـك نابینەوە لە کۆمەلانو جیهـانی پیش‌کەوتوو بەلکو بـــــەم کـارەساتە ئەبینە هـــــوی دواکەوتنی ئەتەوەکەمـــانو دوری ئەخەینەوە لە ژیانـــــی پیش‌کەوتوو • چونکە ئـــەم جۆرە خۆپیشان‌دانە بـــاوی ئەماوە لەولاتانی پەرەسەندوداو نابێ بمێنێ‌و ببێتە هـــــوی ئازاوەنانەوە لەناوخیزاندا •

بۆ ئەوەی لەم گێچەلـــەش دەرچین ەەبێ نافرەتی ئیمـرۆ زۆر دڵرەق‌و بەجەرگ‌بـــێ بەرانبەر بەو رەخنانەی کـــە لێی ئەگیرێ بە ئیخەوانـــەی دواکەوتنی کۆنرانەی بۆ ئـــەم کارە نا بەدڵەی خۆی کـــــە برتیە لە چاولێکردنیـــــکی ئەفامانەو شـــەرەەزاری دای ئەگرێ‌و بزانێ کە نافرەتی‌خاون بیروباوەر ئەبێ پیش‌رەو بـی لە خۆ بەخت‌کردندا •

باوکەکان هەندی جار کوڕەکانیان لەرێگای راست لائەدەن !

زۆر جار کە منداڵەکـــەت بەرەو پلەیـــــکی تر ئەچیت هەندی پرسیار میشکت ئـەوروژێنێ چونکە بەرەو پلەیکی تر ئەچـــــی ئەویش پلەی هەرزەکاریە کـــــــە بڕە لـــــە گیروگرفت‌و ناخۆشی •• لەم کاتدا لەخۆی دەپرسی ئایـــا چۆن منداڵەکانم لە گیروگرفت‌وناخۆشی هەرزەکاری بپارێزم ؟

دایك بڕبڕە پشتی نـــــاوماڵە .. وهەر خۆی ئەتوانی بەهوی دان بەخۆدا کرتن‌و ژیری‌یەوە منداڵەکـەی لـــــــە ترسی لەسەر ری لاچـــــوون‌بپارێزی • وئەو دایکەی کـــە ژیانی ئارەحەت بیت مێشکـــی‌لاواز ئەبیت یان تووشـــــی ئازارو ناخۆشـــــی بووبیت لەژیاندا ئەمانە هەمووی کـــار ئەکەنە سەر منداڵەکـەی ••

راستە بوونی باوك شـــتیکی بێویستە بۆ پەروەردەی منداڵ •• چونکە زۆرشت لەیەکـــەوە فێر ئەبن یان یارمەتی یەکتـــر ئەدەن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بە شیوەیکی باش بەخیـــــو بکەن ئەو منداڵەی لەنێـــــوان دایك‌و باوکێك بەخۆشـــــی وهێمنی بی‌شـــــەڕو ئاژاوە بژی منداڵێکی هێمن و لەسەر خۆ دەبیت بەلام جیا بوونەوەی دایك‌و باوك ئەبێتە هـــــۆی سەرگەردانی‌و لە ناوچـــوونی ولەڕێ لاوانی منداڵ وزۆر جار ئەبینین کە باوك هـــــەردەم خەریکی ئیشە منداڵەکـــــەی ئەبەشەو ونەبەرۆژ نـابینیت خۆشەویـــــتی بـــــاوك گەورەترین ئامانجە بـــــەلای منداڵەوە ئەم خۆشەویستی‌یە یارمەتی منداڵەکان دەدات کـە داوای یارمەتـــی لە باوکیـــان بکەن هەرچی کاتیك کـــــە تووشی گیروگرفت ببـــــن وئەبیت هەموو منداڵەکـــــان بەیەك چاو ســـــەیر بکرین‌و خۆشەویستی وریزگرتن لـــە نیوانیاندا هەبیت وفیـــری خۆرەوشتی جوان بکرین •

بۆ نامۆژگاری دایکان :

سپێناخ

یەکێکە لەخواردنەکرنکەکانی‌زستان، سپێناخ‌سەرچاوەیەکی باشـــــــە بۆ فیتامینـــەکان ،وباشترین جۆریان سـپێناخی سەوزی تێرە یەکێ لـــەو کانزاکرنکانەی کە تیایەتی ئاسنە . رێژەی ئاسن لە سپێناخدا لەچاو سەوزەی زستاندا زۆرترە هەروەها سپێناخ کەلێ ماددەی‌تری تێدایە وەکـو (سلفۆ ، فسفۆر ، کلۆر ، کلس ، مس)هەروەها سپناخ ئەم فیتامینەی تیایە (ای ، بی ، کی) . پێك‌هاتنی گشتی بەم جۆرەیـــە ـ

ـ لە (١و٩٢٪ ئاو) (٥ر٢٪ پرۆتین) ، (٣و٠٪ دسم) ، (٩و٠٪ نیشاستە) ، (٧و٠٪لیمف) ، نرخی گەرمایی هەر لەسەر غرامدا (٢٢) کالۆریـــە،بێویستە ئاوی‌سپێناخ بپارێزین لەکاتی لێنانیدا چونکە ئـــــەوخوێیانەی لە کەلاکاندایە لـــە ئاوەکەدا کۆئەبێتەوە .

سپێناخ‌کەلکی لێوەرئەگیرێ‌بۆ ئەو نەخۆشیانەی کە لـــــە رزوتایان لەگەلدایە هەروەها بۆلاوازەکان‌و بۆ ئازاری دەم .

هاوڕێ

•دەربارەی ئافرەت•

● ئافـــــــرەت وەك‌ئەرمەگیاوایە لـــــــەبەردەم شەمالدا مل کـــــە چ دەکات‌وەرشە با ناتوانێت لـــە رەگی هەلکێشێت ..

● **ئەوانەی هەمیشـــــــەچاکەی ئافرەت باس‌دەکـــــەن باش نای‌ناسن .**

ئەوانەی هـــــەر خراپەشی‌دەلێن ، ئەوە هەر لێی‌تێنـــەگەیشتون ..

لاوان وقوتابیان

سلاو لە ساڵی خوێندنی تازە

هەموو ساڵێك لەگـــــەڵ کردنەوەی قۆتابخانەکانـــدا ، یەکێشیە دلێرەکەشتان یەکێتی‌قوتابیانی کوردستان لەســـەر درێژەدان بە خەباتی پڕ لـــــەشانازی هەنگاوەکـــانی خۆی کورچ ئەکاتەوە ، بۆ ئـــــەوەی‌چینێکی‌تر لەســـەر بیروباوەری شۆڕشگیرانەی هەڵچنێ .

ئـــــــەو ئەرکو پێداویســـتەکرنکانەی لە ئۆبالی‌قوتابیاندایە بۆ ئەوەی زیاتر بچنـــە ریزی‌تێکۆشانەوە ، لە ناوەنـــدی خەباتی خۆیانەوە ئامانجـــەبیرۆزەکانیان بهێنەدی‌و بچنـــە ناو جەرگـــــەی جـــەماوەری‌کەلەوەو بێ‌بەش ئەبن لە دانانی بەردی بنـــاغەی کۆمـــەلگای‌سوشیالـــتیدا .

ئاشـــکرایە ســـــەرکردایەتی‌شۆڕش چ بایەخێکی تەواو بە پڕی خۆی داوە بـــــە دامودەزگاکانی پەروەردەو خوێندن، بۆ ئەوەی لەم رێگایەوە کـــــەفێرگـــــەی پەروەردەکـــردن‌و ئامادەکردنی وەچـــــەی تازەی‌کەلە • ئەو دەسکەوتە مەزنانە بپارێزن کە شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠تموزی ئەتەوەی‌و پێش‌کەوتن‌ـ خواز بۆی رەخساندوین .

کرنکی کارو هەوڵدان بەتەنهانەکەوتۆتە ئەستوێ یەکێتـــــی قوتابیان بەلکو قوتابیان کـــــــە سوتەمەنی ئەو شۆڕشـــەن‌و ئەندامی دڵسۆزی نیشـــــتمانی‌دەوری تایبەتیان هـــەیە لەناو بزوتنەوەی یەکێتدا ، بێ‌گومان کۆبونەوەی قوتابیان لەدەوری یەکێتی ، کرنکی ئەو چالاکیـــەشۆڕشگیرانە پەرە پێ‌نـــــەداو باری کونجـــــاوتر لە بەردەم‌یەکێتی‌و قوتابیاندا دروســـت ئەکات ، تاوەکـــو بە هەردولا بەرژەوەندیەکانی قوتابیـــــان بپارێزین . چونکە جەماوەری‌قوتابیان لەناو ریزەکانی یەکێتدا ئەتوانن بەشێوەیەکی راست‌و دروست ئاوات‌و خواستی دڵ‌و بێویستیەکانیان بخـــــەنەڕوو ،کەراستەوخۆ کارکردنیـــــان نیشـــــکی روناکی ئاســـــــۆی‌دوارۆژیانە لەپێناوی بەختیاری کۆمەڵ‌و پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان . بۆیە هەمیشـــــــە یەکێتیمان ســـــنگی بەفراوانی‌کردۆتەوە بۆ باوەشی ئەو رۆڵە دڵسۆزانەی‌دڵسۆزی نیشتمان‌وگەلەکەیانن ..

کەواتە با بـــــە بیری باڵودەرونی بـــــەرزی مرۆڤایەتیەوە هەنگـــــاو بـــــەرەو کۆرەبانی کارکردن‌و بنیـــاتنان بنین ، ئـــەمرۆ لەســـــایەی عیراقی ئازادەوە دڕبدەین بە هـــــەموو نەژاد بیسی لـــــەناو کۆمەڵداودەری‌کەین ، دژی پیلانـــەکانی ئیمپریالیزم‌و زایونیزمی رەگەزپەرست بوەستین ،دەستکەوتە دیموکراتیـــــــەکانی شـــــۆڕشبپارێزین ، ناوچـــەی ئۆتۆنومی زیاتر ئاوەدان‌کەینەوە ، شان‌بەشـــانی رێکخـــراوە کـــەڵ‌و پیشەییەکانی تری ناوچە .

با ئەمساڵی‌تازەی خوێندنمان‌ساڵێکی ئەوەنەیی بێت لەخەباتی شۆڕشگیرانەماندا .

جلال اسعد

وتەیەك : دەست‌گرتنی تیپە میللی‌یەکان کاریکی جوانە

قوتابیە خۆشەویستەکانم : ژمارەیەکی‌زۆرم لەنامەکانتان بەدەست گەیشـــتووە بۆیـــە بڕیارمان‌دا هەرجـــارە وەڵامی‌دووسێ قوتابی بدەینـــــەوە ، ئەگەر شوێن‌و کات یارمەتیمان بدات . تاقوتابیەکانمـــــــان‌نیگەران نەبن‌و ئەرکی خۆشمان کەمێ ناسان‌بین بەنامەکانتاندا بکەین .

● بەیامی برایـــەکی قوتابی لە پارێزگای دهۆك لە ژێر ناوی وەرگیراوی « س + ص = ع » کەتیایدا پرسیار لە چۆنیـــــەتی پێکهاتنی دەستەی‌سەرکردایەتی یەکێتی قوتابیانی کوردســـتان دەکات جا بۆئەوەی بە شێوەـ یـــــەکی رێك‌وپێـــــك وەڵامی نامەکەی بدرێتەوە ئەم‌نامەیەمان خستەبەردەم هەفال فەریـــد حەسەن ئەندامی مەکتـــــەبی سکرتاریەتی یەکێتمان ئەویش لەوەڵامدا نووسیبوی :

دەستەی بالای یەکێتـــــی قوتابیانی کوردستان «مەکتەبی سکرتاریەت » و « ئەنجومەنی کارگێڕی‌یە ـ المجلس الادارى» بەلام کۆنگـــــرە گەورەترین دەسەڵاتی هەیە لەناو یەکێتی ، مەکتەبی‌سکرتاریەت لەسەرۆك‌و سکرتێری‌گشتی‌و بەرپرسیاری ئـــەم کاروبارانەی خـــوارەوە پێك‌دێت :

١ ـ بەرپرسیاری کاروباری دارایی

٢ ـ بەرپرسیاری کاروباری پیشەیی

٣ ـ بەرپرسیاری کاروباری رۆشنبیری‌و راگەیاندن .

٤ ـ بەرپرسیاری کاروباری بەرێوەبردن‌و خۆیەتی .

٥ ـ سێ بەرپرســـــیاری کاروباری ناوخۆ کە ســـەرۆکی هەرسێ لقەکانی یەکێتین .

٦ ـ سێ ئەندامی سپێ •

هەرچی‌ئەنجومەنی کارگێڕی‌یە بە پێی پێویست ژمارەکـــــەی دەگۆڕێ لە ئەندامانی مەکتـــــەبی سکرتاریەت‌و هەندێ ئەندامانی لقەکان پێك‌دێ، ئەم ئەنجومەنە هەرســـــێ مانگ جـــــارێ کۆدەبێتەوەو بۆ مەکتـــــەبی سکرتاریەتیش هەیە کـــەداوای کۆبوونـــــەوەی ئاناســـــایی ئەنجومەنی کارگێڕی بکات .

+ بەیامی‌قوتابیان‌زۆر سوپاسی کاکە فەرید دەکات‌و سوپاسیش بۆ کاك((س + ص=ع))و هەموو خوشك‌و براقوتابیەکانمان ـ •

ئامادەکردنی
جمال الدین محمد امین

یەکێتی وقوتابیان

یارمەتی‌دان‌و دەست‌گرتنی تیپە میللی‌یەکانی وولات‌کارێکی جوانـــەو مژدەی رۆژێکـــــی‌پرشنگدارە لـــە ئاســـمانی وەرزشی وولاتەکـــەمان‌دا •• برەودان بـــە بەهـــرەی لاوان دیسان هەلوێســـتێکی پیروزەو بێویستی بە بەردەوام‌بوونە ••

بێگومان ئەو سەرکەوتنانەی کـــە عیراق لـــــە تۆپی‌پێ‌دا بەدەستی‌هێنا بە بازوی ئـــەو یاری‌زانانەبوو کـــــە زۆربەیان سەوتایان لەگـــــەڵ‌دابووە •• ئەگـــەر لـــــەم کاڵوڕۆژنەیەوە بڕوانینە مەسەلەکە بێویستمان بەوەیە کـــە ئـــەو هەنگاوەی وەزارەتی لاوان لەبەرچاوبگرین کە یارمەتی تیپـــە میللی‌یەکانی داوە بـــــە پێشکەش‌کـــردنی جل‌وبەرگ‌و پێویستی‌یەکـــانی تری وەرزش •• بەلام لەگـــەڵ ئەمەش‌دا چـــەند لایەنێکی تری ئەم تیپانە پێویســـتی بەزیاتر دەست‌گرتنەو پشت‌گـــوێ‌ـ خستنی لەوانەیە کـــارێکی باش نەبێت بـــۆ پاشەرۆژی وەرزش ••چونکە ئاشکرایە پێشکەوتنی تیپە بـــــەرزەکـــانی وولات بناغـــــەکەی تیپەمیللی‌یەکانەو ئەوان ئـــــەو جێگـــــە بژشانە پردەکەنەوە کـــــە لـــــە باری وەرزش‌دا بەدی‌دەکرێت چونکە ئەتوانین بڵێـــین ئـــەم تیپانە توانای وای تێـــدا دەردەکەوێت کەزۆر لـــــــە ئاستی خـــۆی بەرزترە •• بۆ ئەوەی بتوانین دەســـــتی تیپەمیللی‌یـــەکان بـــەتوندی بگـــرین‌و بـــەرەو پاشەرۆژێکی روونـاك کێشی‌ـ بکەین ••

ئەبێ ئـــەم خاڵانەی خوارەوە رەچاوبکەین !

● کردنەوەی « نیشـــتەجێ ـ مقر »ی تایبەتی بۆ تیپەکان بـــۆ ئـــــەوەی زیاتر بتـــوانن لەیەك‌بگەن‌و پەنانەبەنە بـــەر کـــۆڵان‌و هەندێ شـــوێنی ناناسایی ••

● **بەردەوام‌بوون لەســـەر ئـــــەو دەورانەی کـــــە بۆیان سازدەکرێت لەهەموو بوارێکی وەرزش‌دا ••**

● **نامادەکردنی « راهێنـــەر ـ مدرب ـ) بۆ ئەو تیپانە ،بۆ ئەوەی هەر لەسەرەتاوە بناغەـ یەکی پتەویان هەبێت‌و وانـــەی تایبەتیـــان بدات‌ی لەســـــەر رۆشـــــنبیرتی وەرزش‌و لەرۆژنامەو پەرتووکی وەرزشی بێ‌بەش‌نەکرێن ••**

● یارمەتی‌دانی ئـــەو تیپانە بەوەی رێگایان بۆ بکرێتـــــەوە ئەگەر ویستیان بچنە دەرەوەی شارەکـــــەیان •• ئـــــەویش بـــە « پارەو •• ئۆتۆمۆبیل •• هتد » ••

● **لـــــە هەمووی گرنگتر : « ئەگەر بتوانرایە (نامۆژگایەك) بـــۆ وەرزش لـــــە ناوچەکان‌دا بکرایەتـــەوە بـــۆ وانـــــەکانی وەرزش‌و چۆنیـــــەتی هەڵس‌و کەوت‌کردن پێی » هـــــەرگیز نرخی تەواو نەدەبوو ••**

وەرزشەوانێك
نووسیویەتی

یەیامی قوتابیان

نامادەکردنی
ـ جمال الدین محمد امین ـ

بۆ ئەو برادەرەبێ‌ناونیشانەی کە بەناوی وەرگیراوی «یەنگر» نامەیەکی بۆ ناردووین ، گلەیی لەوەزع‌و باری‌تایبەتی‌و دەورو‌ـ پشتی خۆی دەکات‌و دەڵـــــێ کۆمەڵگەکەمان نالـــەبارەو پڕە لە چەوتی‌و کوێرەوەری .

برای بەڕێزمان کاکە یەنگر : ئێمە وا‌ڕاهاتووین کـــــاتی کەتووشی تەنك چەڵەمـــــەی ژیان دەبین یەخەو بەرۆکـــــی کۆمەڵ دەگرین‌و زۆر جاریش تفەنگ بەتاریکی‌یەوە دەنێیـــــن بەڵام بیر لەوە ناکەینەوە کەئایا کۆمەڵ لەکێ‌بێك هاتووە ؟

کاکەگیان مەسەلەکە ئەوەندە ناهێنێ کەتۆ ئەمەندە خـــۆتی پێوە خەریك بکەیت بەڵـــــێ لەگەڵتام پارەومـــــاڵ دەوری خۆیان هەیە لە ژیان بەڵام ئەك بـــەو رادەیـــەی تۆ باسی لێـــوە ئەکەیت ، ماڵ‌و پارە دەبێ ببینە نۆبەت‌داری پیاو ئەك پیـــاو ببێتە نۆبەت داریان ، سەیرکە کەمرۆڤ بگـــــاتە ئەو پـــەڕی برسێتی‌و تێنوێتی بـــە ئاوونان تێردەبێت‌و تینوێتی دەشـــکێت بەڵام ئەی هـــــەوار تێنوێتی‌و برسێتی پارە هەرگیزاوهەرگیز ناشکێت چونکە پارە هـــەروەك ئابووری‌ناسەکان پێناســـــەی دەکەن « سامانێکی بێ‌پایانە » .

هەرچی بە ئیـــبەت بەشـــی دووەمی نامەکەتە ئەوە تایبەتیە بە خۆمان‌و بەمزووانە دەیخەینە بەر رۆشنایی دیراســـــەت‌و لێ‌کۆلێنەوە ، بەلکو چـــــەند ئەنجامێکی ئیجابیانەمان دەست بکەوێ .

هیوادارین کاکـــــە یەنگـــر ئەوەندە بەدبین‌نەبێ‌و ئاســـۆی بیروهۆشی فراوان بکـــــات‌و بەچاوێکی‌تر تەماشای ئەم ژیانە بکات، ئەوژیانەی کە هەوڵدانەو ئەنجـــامی هەوڵدانەکـــەشی بەختیاری‌یە .

یالەوانێتی جیهان لە توپی پێدا

یەکەم یالەوانێتی رەســـمی جیهانی توپی پێ لە ساڵی١٩٠٨ لەیەکەم خولی ئۆلۆمپی جیهانیدا لە (لندن) رێکخراو دوا پاریشی بەســـــەرکەوتنی ئینگلتـــــەرا کۆتایی‌هات • ئـــەم خشتەیەی خوارەوەش ساڵ‌و شوێن‌و ئـــەو دەوڵەتانـــــەی کـــــە دوایاریان بردۆتەوە بۆتان روون‌ئەکاتەوە:

ساڵ	شوێن	براوە	دۆڕاو	ئەنجام
١٩٣٠	ئوروگوای	ئوروگوای	ئەرجەنتین	٤ ـ ٢
١٩٣٤	ئیتالیا	ئیتالیا	چیکوسلوفاکیا	٢ ـ ١
١٩٣٨	فەرەنسا	ئیتالیا	هەنگاریا	٤ ـ ٢
١٩٥٠	بەرازیل	ئوروگوای	بەرازیل	٢ ـ ١
١٩٥٤	سویسرا	ئەڵمانیای رۆژئاوا	هەنگاریا	٣ ـ ٢
١٩٥٨	سوید	بەرازیل	سوید	٥ ـ ٢
١٩٦٢	شیلی	بەرازیل	چیکوسلوفاکیا	٣ ـ ١
١٩٦٦	ئینگلتەرا	ئینگلتەرا	ئەڵمانیای رۆژئاوا	٤ ـ ٢
١٩٧٠	مەکسیك	بەرازیل	ئیتالیا	٤ ـ ١
١٩٧٤		ئەڵمانیای رۆژئاوا	هۆڵەندا	٢ ـ ١

Institut kurde de Paris

بۆزانین

لە پرۆژەکانی نەخشەی نەتەوەیی پەرەپێدان - بەرنامەی ڕەنیوهێنان - ئەمینداریەتی گشتی بەرتوەبردنی کارونیشتەکردنی ناوچەی کوردوستان ڤۆنتەراتی نهێنیی ژمارە ٧٧/٤٥ دروست کردنی خانووی دایەنگە لە سلیمانیدا .

ڕای دەگەیەنین ئەم ڤۆنتەراتە نهێنییەی سەرەوەمان بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :-

١ - ئەتوانرێت کۆمەڵە ئیستیمارەی مەرجەکانی ڤۆنتەراتەکە لە مەڵبەندی ئەم بەرتوەبەرایەتی یە یاخود لە بەرتوەبەرتی کاری پارێزگای سلێمانی بە « -/١٠ »دە دینار دەست بکەوێت کە نادرێتەوە ، بەمەرجێک ڤۆنتەراتچی مەرجە گشتیو مواسەفاتە هونەریەکان بکرێت کاتێک ڤۆنتەراتەکەی دەکەوێتە ئەستۆ .

٢ - دوای ماوەی پێشکەشکردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش کاتژمێری دوانزەی ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ٢٥-٩-١٩٧٧ ئەبێتو دەدرێت بە سکرتێری لێژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە مەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتییەدا .

٣ - ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەڵ تەندەرەکاندا بن :

آ - یارمەتیی سەرەتایی « پێشەکی » نزیکەی (٢٠٠٠) دوو هەزار دینار لەشێوەی کەفالەتی بانق کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی داخستنی ڤۆنتەراتەکەوە بەکاربێت ، یاخود لەشێوەی چەکێکی مۆرکراودا بێت .

ب - پێناسی ژووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگە نامەیەکدا لە بەرتوەبەرتی باجی داهاتەوە دەرچوو بێت و بۆ ئەم ساڵ تازە کرابێتەوە .

جـ - بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە ئەچن .

د - پێناسی پلەی ڤۆنتەراتچیەکان .

٤ - هەر تەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێت پشتگوێ ئەخرێت .

٥ - ئەم بەرتوە بەریەتییە لەسەری نییە نزمترین تەندەر لە ڕووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکی تر قبوول بکات .

٦ - هەر ڕۆژێکی دواکەوتنی کار (-/٢٠) بیست دینار سزا ئەدرێتو پێویستیشە ڤۆنتەراتچی یەکە کاتێك ڤۆنتەراتەکەی دەدرێتێ ئەندازیارێکی سەریەرشتی کەر دابنێت .

٧ - ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لەڕۆژی پێشکەشکردنی تەندەرەکانەوە .

٨ - پێویستە ڤۆنتەراتچیەکان نەخشەکان لەگەڵ تەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان تەنیا دەدرێتە ئەو ڤۆنتەراتچیەی کە ڤۆنتەراتەکەی بۆ دەرچووە .

٩ - پێویستە ڤۆنتەراتچی پوولێکی (٢٥٠) فلسی بەتەندەرەکە وە بلکێنێت .

١٠- ئەو تەندەرانە پشت گوێ دەخرێن کە کەر لەناو زەرفێکی داخراو ا نەبن .

١١- لە بەجێهێنانی ڤۆنتەراتەکەدا پشت بەمەرجە گشتییەکانی ڤۆنتەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی بەهەر دوو بەش یەکەمو دووەمیەوە ، ئەبەسترێت .

ئەمینداری گشتی
بەرتوەبردنی کارونیشتە
جێ کردن
شیروان علی امین

بۆزانین

دەزگای گشتی پیشەسازی کیمیاوی

بەپێی بریاری ئەنجومەنی ڕێکخستنی بازرگانی ژمارە (١٢٦١)ی بروارى ٢٤-١١-١٩٧٤ بەلابردنی بەرتوەبەرتی ئینجاری تووتنو دابەشکردنی ئەرکەکانی بەسەر هەردوو وەزارەتی پیشەسازیو معادن وە کشتوکالو چارەسەرکردنی کشتوکالی بەمە ڕائەگەیەنینە هەموو خاوەن پەیوەندی کە مافیان لەسەر بەرتوەبەرتی ناوبراودا هەیە سەر لەم دەزگایە بدەنو ئەو موستەندانەی کە لەلاین بەرتوەبەرتی ناوبراودا مافیان ئەچەسپێنێ لەگەڵ خۆیاندا بێنن وە بۆ ماوەی سێ مانگ لەبروارى سەرەوەوە بە پێچەوانەی ئەمە مافیان ئەفەوتێ .

عدنان حمید
سەرۆکی دەزگای گشتی
پیشەسازی کیمیاوی

کردنەوەی عیادەیێکی نەخۆشی منداڵان

دکتور خورشید ابراهیم دزەیی ، اخصائی لە نەخۆشی منداڵان لەدانشگای لەندەن دەرچووە ، عیادەکەی کردەوە لە شەقامی ١٤ رمضان لە نزیکی شرکەی ئەفریقی لە مەنصور .

دەوام ئەکات لە سەعات ٥ ئێوارە تاکو سەعات ٩ی ئێوارە .

ت ماڵەوە ٥٥٥٦٥٧٢ .

دوکتور
خورشید دزەیی

سەرۆك بەگر « پاشماوە »

دەستدرێژیەك لە دەرەوەبکرێتە سەری ، وە سەرەك کارتەر لە یاداشتێکی زۆرنهێنیدا فرمانیدا بە بنتاگۆن کە ئامادەبێت بۆ پاراستنی سەرچاوەکانی نەوتو پاراستنی بەرژەوەندییەنەتەوەیەکانی لەناو جەکەماندا ، درای ئەوەی واشنتۆن زانی کە پشت بەستنی ئەوەی بە ئەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە .

پاشماوەی : لە بروسکەیەکدا تا خاك و خواستی ڕزگار کەرمترین بیرۆزبایی لە ئاخی دڵمەوە بۆ ئێوەو کەڵو شۆڕشی عیراق پێشکەش بکەم ، ئەو شۆڕشەی ئەتەوەی عەرەب ئەپارێزێو هێزی پەپەرانەکات،

محمد ادریس
ئەمینداری گشتی یەکێتی
هەرەوەنکاری کشتوکالی
عەرەب

بۆزانین

لە پرۆژەکانی نەخشەی نەتەوەیی پەرەپێدان - بەرنامەی ڕەنیوهێنان - ئەمینداریەتی گشتی بەرتوەبردنی نیشتەجێکردنی ناوچەی کوردوستان ڤۆنتەراتی نهێنیی ژمارە ٧٧/٤٧ دروست کردنی خانووی دادگای لە زاخو .

ڕای دەگەیەنین ئەم ڤۆنتەراتە نهێنییەی سەرەوەمان بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :-

١ - ئەتوانرێت کۆمەڵە ئیستیمارەی مەرجەکانی ڤۆنتەراتەکە لە مەڵبەندی ئەم بەرتوەبەرایەتی یە یاخود لە بەرتوەبەرتی کاری پارێزگای سلێمانی بە « -/١٠ »دە دینار دەست بکەوێت کە نادرێتەوە ، بەمەرجێک ڤۆنتەراتچی مەرجە گشتیو مواسەفاتە هونەریەکان بکرێت کاتێك ڤۆنتەراتەکەی دەکەوێتە ئەستۆ .

٢ - دوای ماوەی پێشکەشکردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش کاتژمێری دوانزەی ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ٢٥-٩-١٩٧٧ ئەبێتو دەدرێت بە سکرتێری لێژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لە مەڵبەندی ئەم ئەمینداریەتییەدا .

٣ - ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەڵ تەندەرەکاندا بن :

آ - یارمەتیی سەرەتایی « پێشەکی » نزیکەی (-/٧٥٠) دینار لە شێوەی کەفالەتی بانق کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی داخستنی ڤۆنتەراتەکەوە بەکاربێت ، یاخود لەشێوەی چەکێکی مۆرکراودا بێت .

ب - پێناسی ژووری بازرگانی لەگەڵ بەڵگە نامەیەکدا لە بەرتوەبەرتی باجی داهاتەوە دەرچوو بێت و بۆ ئەم ساڵ تازە کرابێتەوە .

جـ - بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە ئەچن .

د - پێناسی پلەی ڤۆنتەراتچیەکان .

٤ - هەر تەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێت پشتگوێ ئەخرێت .

٥ - ئەم بەرتوە بەریەتییە لەسەری نییە نزمترین تەندەر لە ڕووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکی تر قبوول بکات .

٦ - هەر ڕۆژێکی دواکەوتنی کار (-/٢٠) بیست دینار سزا ئەدرێتو پێویستیشە ڤۆنتەراتچی یەکە کاتێك ڤۆنتەراتەکەی دەدرێتێ ئەندازیارێکی سەریەرشتی کەر دابنێت .

٧ - ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لەڕۆژی پێشکەشکردنی تەندەرەکانەوە .

٨ - پێویستە ڤۆنتەراتچیەکان نەخشەکان لەگەڵ تەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان تەنیا دەدرێتە ئەو ڤۆنتەراتچیەی کە ڤۆنتەراتەکەی بۆ دەرچووە .

٩ - پێویستە ڤۆنتەراتچی پوولێکی (٢٥٠) فلسی بەتەندەرەکە وە بلکێنێت .

١٠- ئەو تەندەرانە پشت گوێ دەخرێن کە کەر لەناو زەرفێکی داخراو دا نەبن .

١١- لە بەجێهێنانی ڤۆنتەراتەکەدا پشت بەمەرجە گشتییەکانی ڤۆنتەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی بەهەر دوو بەش یەکەمو دووەمیەوە ، ئەبەسترێت .

ئەمینداری گشتی
بەرتوەبردنی کارونیشتە
جێ کردن
شیروان علی امین

● لەهەندەران چ باسە « پاشماوە »

ئوقیانووسی هیندو ناوچەکانی ڕووبەڕووی ئە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەفریقاو ئاسیادا.

ڕۆژنامەکە نووسیویەتی وڵاتە یەکگرتووەکان پاش ئەوەی شوێنپێی مۆزۆپۆزلە ئەوتیەکانی لەونا وچانەدا لەق بووە ، ئێستا بۆ ئێرانەوەی هێزو دەسەڵاتی خۆی پاڵەپەستۆی عەسکەری دەخاتەسەر دەولەتانی ئەو ناوچەیە .

هەروەها نووسیویەتی ئەمریکا هەموو عەسکەریەکانی لە ئوقیانووسی هیندداو بەتایبەتی پێگەی دیگۆگارسیا بۆ دەستدرێژی دژی کەلانی دەوروبەری ئوقیانووسی هیند بەکار دێنێ .

● پێرێ لە چەند هوتێلی شاری میامی لە ویلایەتی فلوریدای ئەمریکادا چەند بۆمبایەك تەقینەوە . بەڵام تائێستا شتێك دەربارەی زەرەرو زیانی تەقینەوەکان نەزانراوە .

چەند دەقیقە پێش تەقینەوەکان کابرایەکی نەناسراو تەلەفۆنی بۆ ئاژانسی ناسۆشیتدپریس کردو گوتی ئەوهوتێلانە بۆمبایان تێداشاراوەتەوە .

● ئەقینی « پاشماوە »

وەکی خەمو بابەلیسکا
پەرجانا ناف هوزانێت من تێك بشکینە
من ئەهێلە
ئەز بێ کەسم
تەنگەزارم
دێ وەرەفە
برینێت من بخەملینە
دڵێ من وەلاتەکی بێ ئاف نیشانە
وەرزێت وێ مرنو گریانە
ئای دلبەرا من بهێتە قەبینن
چەندا جوانە

● ★ ●

قاسم شێروانی
هەولێر

لەدوانێکی « پاشماوە »

شۆڕش کەوتە باس کردنی دەستکەوتە مەزنە ئەورەکان کە دوای ئەوە هاتونەتە دیو لەو بارەیەوە وتی : شۆڕش دوای لەناوبردنی یاخیبونە تاوانکاریەکە بەهەمو توانایەکیەوە کەوتەکار بۆ پێشخستنی ناوچەکەو خۆش کردنی دۆخێکی لەبار بۆ ئەوەی ڕێکخراوە پیشەیەکانو جەماوەریکان دەوری تەواوی خۆیان ببینن لەڕێبازی نوێنۆمیدا لەچواچیوەی ڕێبازی شۆڕش لە وڵاتدا .

لەوبارەیەوە وتی : گەورەترین مەسەلە لەوبارەیەوە ئەوفراوانبونە بەرینەیە بۆیەکەمجار لەناوچەکەدا لەمەیانی خزمەتی تەندروستیو روشنبیریو کۆمەڵایەتییو ئابوریدا هاتونەتەکایەوە .. ئەم پێشکەوتنە لەو بودجە دارایە گەورانەدا ڕەنگیان داوتەوە کە لەپرۆگرامی بەرهەمهێنانو بودجەی وڵات لەساڵانی پێشودا بۆ ناوچەکە دانراون وە لەجێبەجێکردنی ئەو پرۆژەگەورانەدا خۆیان ئەنوێنن کە ٦٥٧ ملیون دیناریان تێچوەو تاوەکو ئێستا جێبەجێ کراون ..

بەرێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەستنیشانی ئەو هەوڵو تەقەلایانەی کردوە کە بۆ نەهێشتنی بێئیشی دراون کە بەهۆی ئەو دۆخە نالەبارەی پێشوەوە لەناوچەکەدا تەشەنەی کردبو ..

لەوبارەیەوە وتی : سەرکردایەتی حزبو شۆڕش بەرەنگاری ئەو مەسەلەیە وەستیانو بەشێوەیەکی کاملانەو چاکتر چارەسەریان بۆ دۆزیەوەو دلنیانە بریاری خستنەکاری هەمو بێئیشیکان دەرکرد کەرەزای ئەوەو دەسەڵاتەی لەجواچیوەی ناوچەکەدا بێیان دابوین بۆ دامەزراندن بەبێ گویدانە ڕۆلین .. لەکۆتایی ئەو دیدەنیەدا بەرێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەوڵو کۆششی هەردوو ئەنجومەنی یاسادانانو تەنفیزیی هەڵسەنگاندەوەو ستایشی کردون لەجێبەجێکردنی ئەوکارو ئەرکە نیشتمانیانەی جێبەجێیان کردوە لەناوچەکەدا ، وە حەزو ئارەزوی خۆی دەربڕیوە کە هەردوو ئەنجومەنی یاسادانانو تەنفیزیی ئەوێ بتوانن لەقوناغی داهاتودا ئەرکەکانی سەرشانیان بەجاکی جێبەجێ بکەنو شانبەشانی ڕەوتی ئالوگۆڕی نیشتمانمان هەنگاو بنێن ..

ئەوانەی « پاشماوە »

چیمەنتوکانیان ئەدرێتێ ..ئەم چیمەنتویە لەسەر شێوەی (واصلو والمطروح) کەیشتوو فرێدراو دابەش ئەکرێت .. ئیستاکە لەعەمارەکانی ئۆمپانیەکەدا چیمەنتۆیەکی زۆر هەیە بەشی ئەوکەسانە ئەکات کە لەو دوومانگەدا ناوی خۆیان بۆ چیمەنتۆ وەرگرتن نوسیوە .

لەمانگەکانی داهاتودا ئاتاداری ئەوکەسانە ئەکرێت کە بۆ چیمەنتۆ وەرگرتن لەمانگەکانی تردا ناوی خۆیان نوسیوە .

لە بروسکەیەکدا «پاشماوە»

سەرکەوتنی تاقیکردنەوەی ئۆتۆنومی کە شەرەفی بەشداری تیا کردنیمان هەیە لەماوەی سێ ساڵی ڕابوردودا بەڵگەی چەسپاوی سەلامەتی ڕێزەوی بەناشتیو دیموکراتیانەی سەرکردایەتی سیاسی لێهاتوە بۆ چارەسەری مەسەلەی کوردو هەلومەشاندنەوەی نەخشەکانی ئیمپریالیو کۆنەپەرست کە تامانجی لێدانی یەکێتی گەلەکەمانو شۆڕشەکەمان بوو ئەم ڕێزەوە دەربڕی ڕاستەقینەی ڕەسەنی فیکری مرۆڤایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستیە .

بەلێنتان ئەدەینی هەمیشە سەربازی بەوەفای شۆڕشکە مەزنەکەمان بین کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست لەناوی عیراقیکی دیموکراتی ئەڕەستو پێشکەوتودا سەرکردایەتی ئەکات .

ئا٠د٠ع

● سەر لە نوێ « پاشماوە » خەریك دەکات .

لێرەدا مامۆستا نامدار داوای لێ کردن کە پارچەیەك مۆسیقا پێشکەش بکەن ، دوو پارچەیان بە ناوی « دەشتێکو باران بارنە » پێشکەش کرد شایانی نووسین باسکردنن لەپاشان کەوتینە دوانی قوتابیەکانو کاکە ئەردەلان کمال عزت قوتابی پۆلی شەش ووتی :

من ساڵی پار لەبەر نەبوونی مەلبەندێکی وەها زوریەی کاتی خۆم لەگۆلان بەفێڕۆ داوە بەڵام ئەمساڵ لە سەرەتای پشوی هاوینەوە خۆم بەم دەورەیەوە خەریك کردوە ، چونکە مۆسیقا خزمەتی گەلو نیشتمان دەکات .. بۆ ئەم مەبەستەش کەمسو کارم زۆر پالیان پێوەنام .

هەروەها کاکە کارزان عمر قوتابی پۆلی یەك دووپاتی قسەکانی ئەوی کردەوەو سەبارەت بەو کەمانجەی بەدەستیەوەیەتی .

ووتی : زۆرم خۆش دەوێو بە ئارەزوی خۆم هەڵم بژاردوە .. لە کۆتایدا ئاواتە خوازین کە هەموو تیبێك .. کۆمەڵێك لەمیناوی ئاسودەیو پێگەیشتنی ئەوەیەکی نوێدا تێبکۆشێتو هیوادارین کە لێ برسراوانیش دەستی یارمەتی بۆ ئەم چەشنە ڕێکخراوانە درێژ بکات .

پ . هاوکاری لە سلێمانی

هێزە هاوپەیمانەکانی «پاشماوە»

هەرخەریکن ناوچە سنووریەکان بەجێ دەهێڵن . ئەم جەنگە گرنگیەکی زۆری هەیە ، چونکە ناوچەی خیام وەکو دەرگاو وایە بۆ ناوچەی عەرقوب کە ترنکترین جێگەی بەرەنگاربوونە لە گەڵ زایۆنی دوژمندا بۆیە هێزە هاوپەیمانە زایۆنی - ڕاستڕەوەکان گرانی خۆیان خستووەتە ئەوێو هێزە ناو کۆبیەکان زۆر پاڵەوانانە پێشیانی لێ گرتوون .

جگە لەمە ، هێزە زایۆنی - ڕاستڕەوەکان دوێنێ نیوەڕۆ ڕویان کردە بردی خەردەلی کە شاری نبطیە ومرجعیون بەیەکەوە ئەبەستێتو ئیستا شەڕ لەو دەوروبەرە زۆرگەرمە .

ڕادیۆی دوژمن ووتی عزرا وایزمانی وەزیری جەنگی دوژمن سەری لە ناوچەی مطلەی سەرستوور داوە بۆ ئەوەی بزانێ شەڕ گەیشتووەتە کوێ ، لە لایەکی ترەوە لە بەیروت ئاشکرا کرا کەوا سەرکزمازی لوبنان لە مانگی ئایندەدا سەر لە فاتێکان دەدا بۆ کۆبونەوە لەگەڵ پاپا پۆلسی شەشەمدا ، بەڵام هێزی ئەم سەردانە ئاشکرا نەکراوە .

کۆمەڵە ڕیکایەکی .. «پاشماوە»

(١٧) ملیونو (٦٠٠) هەزار دیناریان تێچوە .

ڕێگاکان بریتین لە : هەولێر - مەخمورو هەولێر - کۆیەو دوکانو ڕانیە - قەلادزێو کۆیە - بێستانەو سلیمانیو دوکانو سلیمانی - عەرەبەت - هەڵەبجەو چەمچەماڵ - سەنگاو چەمچەماڵو قەرەوسو بازیانو ئاخجەلەرو قادر کەرەمو تەکیەی جەباری .

دامەزراوە کەلە سەرەتای ساڵی دهاتودا کۆمەڵە ڕیکایەکی فراوانی تر جێبەجێ نەکات بریتی ئەبێ لە (٥٨) ڕێگای سەرەکیو کادیرە تەکنیکیەکانی ئەم دەزگایە ئیستا ئەخشەی ئەو ڕێگایانە ئامادە ئەکەن .

نیشانەکانی کارکردن لەم ڕێگایانە ، بەڵگەی تەواو بایەخدانی گەورەی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشە بەناوچەی ئۆتۆنۆمی دوای ڕاماڵکردنی دەستەی بەکرێ گیراو چارەسەری مەسەلەی کورد بەڕێگای دیموکراتیو ئاشتیو دانانی یاسای ناوچەی ئۆتۆنومی کە بنەڕەتی ئاشتیو ئەهونی لەناوچەکەدا چەسپاند.

ئا.د.ع

● خۆئامادە کردن « پاشماوە » شەشو ، ئەوی ڕاستی بێت

وەك ئەم کۆسپانەهەبون چەند لایەنێکی کەش هەبون کەدەبونە هۆی سەرکەوتنی ئەم سەرژەنبریە .. لەوانە ، ئەو مامۆستایانەی کە لەکوندەکانا بلاوبونەتەوە بەوپەری لەخۆبوردنەوە خزمەتی فەرمانبەرانیان دەکردو یارمەتیانیاندان . . هەروەها دانیشتوانی گوندەکان بەرووبەکی گەشو هەستێکی بەرزەوە بەپیریانەوە دەهاتنو هاریکاریان لەگەڵدا دەکردن .

پ - هاوکاری لە سلێمانی

Institut Kurde de Paris

پێتان ئەڵێم

أحمد محمود

● لەم ڕۆژانەدا ، ئەنجومەنی ڕابەراندنـــی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یەکەم دەورەی تەواوئـەکات دوای سێ‌ساڵ سەرکەوتن لەسەر ڕێگای ڕچەسپانـــدنو قوڵ‌کردنەوەی تاقی‌کردنەوەی پێشەنگی گەلەکەمان کە ئۆتۆنۆمی‌یە لەسەر بنەڕەتی باوەڕبوونی تەواوو کارکردنی ڕاستەقینە لەپێناوی پتەوکردنی یەکیتی نیشتمانـی‌و بەڕێ‌کردنی لەدەستکەوتەکانی گەلی عیراقمـان‌و بەڕاچونی توندی هەموو شێوەیەکی پیلانگێـــڕی ئیمپریالی‌و سەهیونی دڕندانە .

● ئەوە هەڵکی نوێ‌یە گەلەکەمان لەمـــاوەی دواکۆبوونەوەی ئەنجومەنەکەدا کـــە ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو بەسترا ڕێزی بالای خۆی دەربڕێ بەرامبەر بایەخدانی سەرکردایەتی ســـیاســـی حـــزب‌و شۆڕش بەواقعو پاشە ڕۆژی تاقی‌کردنەوەی ئۆتۆنۆمی‌و زامن‌کردنی هەموو هویەکانی پەرەپێدان‌و گەشەسەندنی تێکڕایی ناوچەکە .

● سەرکەوتنی تاقی‌کردنەوەی ئۆتۆنۆمی لـــە وڵاتەکەماندا زیاتر لە بەڵگەیەکی ڕەسەنی مامەلەکردنی شۆڕشـــگێڕانەو دیموکراتیانەی حـــزب‌و شۆڕش لەگەڵ جەماوەردا هێنایەکایەوە ، ئەویش بەتوانـــاو وەڵامدانەوەی مەوزوعی هویەکانی ســەرکـــەوتنـــە ئەوەرەکانی سەرکردایەتی سیاسی لێ‌هاتومان .

تاقی‌کردنەوەکە بەر لەهەمـــوو شـــــتـــــێ قوڵی‌تاقی‌کردنەوەی ڕێ‌ڕەوی دیموکراتیانەی حـــزب‌و شۆڕشی دووپات‌کردەوە لەمامەلەکردنیا لەگەڵ حزب‌و هێزەنیشتمان پەروەرو پێشکەوتوەکانی وڵاتدا .

دیسان تاقی‌کردنەوەکە ڕەسەنی ئەو فیکـــرە مرۆڤایەتیەی دەربڕی کە لەسەر بنەڕەتـــی ئـــەوە حزبی بەعسی عەرەبی شۆشیالست سەرنجی لایەنـــی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازانەی تێکۆشانی گەلی کوردمانی داوە . لێرەشەوە ساغی ئەوڕێ‌ڕەوە دووپات بوەوە کـــە سەرکردایەتی سیاسی حزب‌و شۆڕش بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد گرتیە بەرو بەوەش هەموو جموجۆڵێکی دوژمنایەتی بەرامبەر بەسوودو ئاواتەکانی گەلـــی عیراقمان ڕامال‌کراو کەوت .

● سەرکەوتنەکانی ڕێگای تاقی‌کردنـــەوەی بەردەم لێپرسینەوەو ئەرکی نوی کە بریتی‌یە لـــە ئۆتۆنۆمیمان ئەمڕۆ زیاتر لەهەموو کاتێکی‌تر ئەمانخاتـــە بەردەوامی تێکۆشـــان لەپێنـــاوی بەدی‌هێنـــانی ئاواتەکانی سەرکردایەتی سیاسیمانە بۆ گەیاندنـــی کەل‌و ڕۆلی عیراقمان بە شوێنی زیاتر پێشکەوتـــوو کۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەو سۆشیالستی .

• وشـــەی ڕووناك •

● شت نی‌یە لە دنیـــادا تاوەکو ئەو کات زەنیرەی ڕاش تاوەکو ئەو کان زەنیـــرەی ڕاش وەستاوە ، ڕۆژی دووجـــار ڕاستی نیشان دەدات ..

● لە بیاوجاکێکیان پرسی : کام منداڵەیانت لـــە هەموانت خۆشتردەوێت ؟

لە وەڕامدا وتی : منداڵەکانم وەك چاوو گوێم وان .

● درەخت هەر چـــەند هەڵ ئـــەتو سەرکـــەشی بنوێنێت ، گەڵاکانی هەمیشـــە هەر دەکەوێتەوە سەر زەوی .

● ئەو ساڵانای بەســـەر ئەمەی‌ژندا تیپەڕ دەبێت ون نابێت .. چونکە دەبخاتە سەر تەمەنی ئافرەتانی‌تر ..

• لـــــەدەرەوەی ســـنوور •

★ گەریس کیلی- ئەمیرەی مۆناکۆ- و ئەستێرەی سینەمای لەبەنجاکاندا - پاش‌ئـــەوەی کـــــە وازی‌هێنابوو نوانـــدن تەمـــبل‌کردن) پاش شـــــوو کردنی بەئەمیرینیە ئێستاکـــە خەریکە چیرۆکی ژیانـــی خۆی چۆنیەتی شووکردنـــی باس‌بکات لە فلیمێکـــــی تەلەفزیونی کە وینەکانـــی ئەم فلیمە لە لەندن وە پاریس وەردەگیرێن .

★ ویام ئالان - بەرهـــەم هێنەری فلیمەکە ئەڵێ . . ئەم ئەرکە هونەریەی کـــەوا گـــریس پێی هەڵئـــەســـتێ تەنها فلیمێکی گیرانەوەیە ... لە ژیانـــی جوانتـــریـــن‌و بەناوبانگترین نواندنی جیهـــان .. بەڵکـــو دانەنرێ بەکارێکی هونەری بەرز لەشێوەیێکـــی تازەونوێدا ..

• هەواڵێکی زانستی •

دوکتۆر « مێشیل کورون »لەزانستگای‌میامی - خوێندنگای ئزیشکی فلوریدا - ئالەتێکی‌بەقەوارەی ئاسایی دروســـت کردوە بۆ فەحـــی تایبـــەتی‌و ئارەسەری نەخۆشی دل ، کە دەستی کردوە بەتاقی‌کردنەوەی ئـــەم ئالەتە بەشێوەیـــەکی ئەلکترۆنی کـــاری فیزۆلوجی‌هەناسەدان‌و لێدانی‌دڵو هەموو دیاردەو بەلگەکانی تری کـــەلەنەخۆشدا هـــەیە تۆماریان ئەکات‌و ئەم ئالەتەش لە (٤٠)کەسی نەخۆشی دلـــدا تاقی کراوەتەوە ، هەریەکی لـــەوتاقی‌کردنەوانە ، نیشانـــەکانی بە شێوەی « سلاید » لە سەرلەوحەیەك پیشان داوە کە لای نەخۆشەوە دانەنرێ .

سەرۆکی یەکیتـــی نووسەرانی کورد لـــەهەولێر :

باهەموو دیاردە یەکی کۆن ڕامالین و دیاردەکانی پێشکەوتن بچەسپێنین

لەوکـــاتەوە ، یـــەکیتی‌نووسەرانی کـــورد ، لەهەولێر کەوتۆتەوە کار ، چالاکیـــەکی‌دیارو ئاشـــکرای ڕۆشنبیری لەپاریزگاکەدا بەرپاکـــردوە ، بـــەردەوام بەرێکوپێکی ئـــەو بەرنامە ڕۆشنبیری‌یەی لەوەرزی‌پێشودا دایناوو جێ‌بەجێ‌کراو نیستاش لەخۆئامادەکردندایە بووەرزی ڕۆشنبیری داهاتو .

مامۆستا « عزالدین فیضی » سەرۆکی یەکیتی لەگفتوگویەکدا لەگەڵ « هاوکاری » وتی :

● دوای دامـــەزراندنەوەی یەکیتی‌مان دەست‌کردنـــەوەی بەچالاکی ، بەرێزەوە دەست بۆ ئەوە ئەکێشین کە لێپرسراوانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌و لێپرسراوانی‌ئەنجومەنی ڕابەراندنی‌و یاسادانان لایـــەنە دیاری‌کراوەکانی‌تر لەناوچەکەدا دەستی یارمـــەتی دلسۆزانەیان بـــۆ دیاری‌کردن‌و بارەتایەکی باشمان بۆیەکیتی دەســـت‌خست‌و ئـــەتوانین هـــەموو چالاکیەکی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی تیا هەلسورێنین .

سەرۆکی یەکیتی زیاتر وتی: مەبەستی سەرەکی‌و ئـــەرکی سەرشانی یەکیتی نووســـەرانی کورد خزمەتی زمان‌و ئـــەدەبی کوردی‌یە . ئێســـتاش لقـــی هەولێرو سلیمانی چالاکـــانە ئەرکی ســـەرشانی خـــۆیان لەپێنـــاوی ئەمخزمـــەتەدا جێ‌بەجێ ئەکەن . بەڵام ئەگەر لقـــی مەلبـــەندیش لەبەغـــدا بکـــرایەتەوە . هەلسورانی‌و چالاکی یەکێتی‌یمان چاکتـــر ئەبوو .

هەروەها مامۆســـتا عزالدین باسی چالاکی‌یـــە ڕۆشنبیری‌یەکانی یەکیتی‌کرد کە لەوەرزی ڕۆشنبیری ڕابوردوا بەسەر- کـــەوتوی نواندی‌و لـــەمانگی تەموزی ڕابوردوشەوە دەستی کردوە بـــە وەرزی ڕۆشنبیری دووەم‌و هـــــەموو ڕۆژانێکی چوارشەممە کورێکی ڕۆشنبیری سازئەکات‌و هەروەها بیر لەوە ئەکەنەوە « نووسەری کورد » وەك بڵاوکـــراوەی یەکیتـــی بڵاوبکەنەوە .

● ســـــەرۆکی یەکێتی نوسەرای کـــورد لە هەولێـــر دەربارەی ئـــەرکی ئەدیب‌و نوسەرەکانمان لەم قۆناغـــەدا وتی :- ئـــەرکی گـــرنگی سەرشانی ئەدیب‌و نووســـەرەکانمان لەم قۆناغەدا ئەوەیە کە بەهەموو توانای خۆی هاوکاری بکات‌و لـــەپێناوی پێشخستی زمان‌و ئەدەبەکەمان‌و سوود لەم هەلە فراوانە وەربگرێ کـــە سەرکردایەتی سیاسی حـــزب‌و شۆڕش داویەتی‌و لەم ڕێگایەوە هەوڵبدات هەموو دیاردەیـــەکی کۆن ڕامال‌بکات‌و لەجنگـــای دیاردەی پێشکەوتن جنگر ببێ .

پ. هاوکاری لە هەولێر

(یەکیتی ئافرەتان) دوو ڕۆژی ڕۆشـــنبیری لـــە پارێزگـــای (هـــەولێر) ســـاز ئەکـــات

بەرێـــــز برهان‌الـــدین عبدالرحمن ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری دەوڵەت بۆ ڕێکخستنی کاروبارلە نەل دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیـــداسەرەڕشتی ئـــەو دوو ڕۆژە ڕۆشنبیریە دەکات کە مەکتەبی ڕێکخستنی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی‌لەیەکیتی‌ی ئشتی‌ی نافرەتانی عیراقدا لەپارزگای هەولێـــرلە ٢٧ - ٢٨ ئەم مانگـــەدارێکی ئەخات لەیەکـــەم ڕۆژدا بەرێز عبدالرحمـــــن وتارێك‌لەبارەی ئافرەت‌و شـــۆڕشی‌١٧ی تەموزەوە ئەخوێنیتەوە .

لەدوو هەمـــــین ڕۆژدا پێشانگایەك لەهۆڵی نیقابەی‌مامۆستایان بۆ تابلۆی ئافرەتە عیراقیە هونەرمەندەکان ڕێك‌ئەخرێت ، لەپیشانگاکـــەدازمارەیەك لەو تابلۆیانـــــە نیشان ئەدرێت ئـــــەودەستکەوتانە ئـــەخاتە ڕو کـــەلەژێر سایەی شۆڕشی ١٧ی تەمموزدا هاتونەتەدی لەگـــەڵ‌ئەو دەستکەوتانەی ئافرەتـــان‌لە سایەی شۆڕشدا بۆیـــان هاتۆتەدی .

هەواڵێکی سەیر

لەنیسانی ڕابوردوودا کاتێك‌پاپۆڕی ژاپۆنی « زۆیۆ مارۆ »کـــە تایبەتە بۆ ماسی‌گرتن ، لەدەریادا ، نزیك نیۆزیلەندە ،بەشوێن ماسی‌دا دەگـــەڕا ،ئەوکاتە تۆڕەکەی لە لاشەیەکی زەبەلاح گیری‌کرد ، قورسایی‌یەکەی دوو تەن‌بوو .. کـــەس‌بەتەواوەتی نەی‌دەزانی چی‌یە ، درێژایی‌یەکەی « ٣٢ » پێ بوو، ملیکی زۆردرێژی هەبوو لەگەڵ چوار پەڕەدا .

« هەندێك لەتاقمی پاپۆڕەکە وایانزانی نەهـــــەنگە ، بەڵام هەندێکی تریـــان وایانزانی کیـــەلی دەریایی بێ‌بێنـــە ، بەڵام هەندێکی‌تریان گالتـــەیان لێ‌هات‌و گوتیان دڕندەیە » ئەمە ئەو قسانەبوون « میشی هیکز یانۆ » بەڕێوەبەری ڕاوکـــردنی پاپۆڕەکە ووتی .

لەهەفتەی ڕابوردووشدا ، دوای ئەوەی وێنـــەیەکی زۆرو نەخشەیەکی زۆری زیندەوەـــ ڕەکەیان‌گرت ، هەندێك لـــە پسپۆڕانی پاپۆڕڕۆی دەریـــا- وانی ژاپۆنی چەند لێکۆڵینەوەـــ یەکیان سەبارەت ســـازکرد ، ئەوەبوو هەندێکیان باوەڕیـــان وابوو کەئەو تیـــوریەی ناوی بەزیندەوردەبات تیوری‌یـــەکی خەیالی‌یە ، ئەوەشـــــیان دووپات‌کردەوە کە ئـــــەم گیان‌لـــــەبەرە « بلسۆر »ەو بەباوەڕی زۆربەی پسپۆڕانی زانســـتی ئاژەڵی‌و ڕووەکی سکەخشێ‌کەرێکی لەناوچـــووی دەریایی‌یە ، ئەمە « ٦٥ » ملیۆن ساڵیشـــە لەناوچووە ، لەگـــەڵ ئەمەشدا لەوانەیە زمارەیـــەکی بەدەگمەنی هەبێت لەسکۆتلەندە بژێن ، وەك دڕنـــدەی کەناری « الجبل » .

لەبەدبەختیش‌دا ، پسپۆڕەـــ کان هیـــــچ بەڵگەیەکی‌تریان بەدەستەوە نەبوو ، ئەو وێنەو پارچە پەڕەیانەی گیانلەبەرەکە نەبێـــــــــت ، چـــونکە پاپۆڕەوانەکانی پاپۆڕەکـــــە لاشەئەیان فڕێ‌دابووە دەریاوە لەبەرئەوەی بۆیەکی بۆگـــەنی لێوەدەهات‌و لەوەش‌ترسان ئەو ڕۆئەشلەی لە لاشەکەوە دەتکا بارەماسیەکەیان لەکەلەبخات.

بەکێکیش لەپاپۆڕچیـــەـــ کان وای‌بۆ ڕۆشت کە لەوانەیە ئەو لاشەتێکهەنجـــــراوە پاشماوەی ماسی‌ی -قورشی- دەریایی‌بێت .

هەروەها زاناکان گری‌یـــان لەگەرهاتوو ئـــــەو گیانلەبەرە سکەخشێ‌کەرێکی لەناوچووی دەریایی‌بێت خۆدەبێت چـــەند دانەیەکی‌تری لێ هەبێـــــت ، لەر شوێنەی کـــــە لێوەی هاتووە .

لەحەفتەی پێشووشـــــدا چەند پاپۆڕێکی سۆڤیانی بەرەو ئاوەکانی نیۆزیلەندە کەوتنەڕێ .. ئەمەو خاوەندەکانی پاپۆڕی « زۆیی‌مارۆ » داوایان لـــــە پاپۆڕەوانەکان‌کرد ئەگـــــەر لەگەشتەکانی داهاتوویـــــان‌دا هەرشتێکی سەیریان‌ئـــــرت نابێت فڕێ‌ی‌بدەنە دەریاوە .

ـ سینەما ـ

گۆرانیـــــەك لـــە فەلەستینەوە

دەرهێنـــەری فەلەستینی ،هونەرمەند « سمیر نمر » لـــە ئامادەکردنی دووەم فلیمی بۆ تەوەو ، ئـــەم فلیمەشی ناوی« گۆرانی فەلەستینە » سـمیر نمر ، یەکێکە لـــە هەنەرمەندە ناسراوەکـــانی هونـــەری‌دەرهێنانی سینمایی‌و لە ساڵی ١٩٧١وە زۆر فلیمـــی تـــری دەرهێناوە ، یەکیـــك لـــەوفلیمانە ، « کفر شۆبا » بوو کەلـــەکۆتایی ســـاڵی ١٩٧٤دا بەرهەمی هینـــاو لـــە دووەمیهەرەجانی فلیمی فەلەستینی‌داکەساڵی ١٩٧٥ لە شاری بەغدا سازکرا بەشداری کرد .

هەروەهـــا ، لـــە فلیمـــەبەناوبانگەکانی تـــری ئـــەم‌هونەرمەندە « شەڕی لوبنان »ە کە بریتی‌یە لە شریتیکی یـــەك‌سەعات‌و «١٥» دەقیقـــەیی‌و تۆماریکی زینـــدوی ڕاگەیاندن‌و سیاسی یە دەربارەی شـــەڕی‌لوبنان‌و بەرادەیەکی تەکنیکـــی‌هونەرمەندانەی پێش‌کـــەوتو بەرهەم هینراوە . ئەم وینـــەیەدەرهێنەر پیشان‌ئەدات لە کاتی‌خۆئامادەکردنا بـــۆ گـــرتنی وێنەیەك لە فلیمی « گۆرانیەك‌لە فەلەستینەوە » .

پزیشکایەتی

دڵی ماەیمون

لـــــەم دوایی‌یە تیمارکەری ناودار « گریستیان برنارد » هەنگاوێکی تری لـــە چەندین عەمەلیاتی تازەدا هەڵیناوە ، ئەمیش : کاتێ کە لـــــە دۆزینەوەی دڵی مرۆڤی ئاومیندبوو ، تاکو بەدڵی کچـــە نەخۆشـــەکەی بەردەستی بیگۆڕێتـــەوە ، ڕووی‌کردە دڵێکی‌تر ، دڵی مەیمون ..!

کچە نەخۆشەکە ، ئەشمیلەیەکی ئیتالی‌یەو تەمەنی بیست‌و پێنج‌و « دەردە دڵی » هەیە ، جاری یەکەم کە لە نەخۆشخانەی (کیپ تاون) دڵی عەمەلیات‌کـــــرا (دەرچە)یەکی دەسکردیان بۆ دورستکرد ، لەباشا کە باربدەرانی برنارد ویستیان جیهـــازی (دڵ - سی‌ی) بخەنە کار ، گەیشتنە ئەوە : کە دڵەکە لـــە شادەماریا تێك‌چوەو سەربەخۆیش کەوتۆتە لێدان‌و هەر ئەوەشـــە ڕێگا لە فیچقەی خوێن بەربەست ئەکات .

برنارد زۆر کۆششی‌کرد تا دڵێکی باشی دەسکەوێ .. ئەنجام بێ سوودبوو .. ناچار ڕووی کردە نازەڵ .. دوو مەیمونی لەش ســـــــاغی هەبوو ، دوکتۆرەکان بەنیازبوون ئەم هەوڵەی (برنارد) یان ڕەچاوکرد ، لـــە بەکارهێنانی دڵی مەیمونا بۆ کچە نەخۆشەکە ، ئێ بەڵکو بتوانن لە دەرفـــەتێکی‌ترا دڵی مرۆڤێکی گونجـــــاو بدۆزنەوە .. دڵی مەیمونەکە بۆ کچـــەکە گونجرابوە ، کچەکە هاتەوە هۆشی خۆی ، کەچی وردەوردە دڵەکە - مەیمون - بەرکەی ئەم کارو ئەم خولانەوەی نەگرت‌و داهێزرا .. دوای پێنج سەعات ئەشمیلەکە گیانی‌داو مرد .

بێگومان ، دڵی مەیمونەکە لەلایەن جیهازی قایمی کچەکەوە پەسەندنەکرا .. کچـــەکەیش مرد .. بەڵام برنارد لەو بڕوایەدایە کە : (دڵی کچەکە ، لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەسەر جیهازەکە مایەوە بۆیە داهێزرا ، بەڵام چونکە گواستنەوەی دڵی ئاژەڵێ خۆی لە خۆی‌دا کارێکی تـــازە بابەت‌بوو ، بۆیە ئێمەیش بڕیارمان‌دا بە شێوەیەکی لاســـایی هەموو جۆرە تاقیمانەیەك تاقی بکەینەوە .. خۆ گـــەر دڵێکی گونجاوی مرۆڤێکمـــان دەسکەوتارە ، ئەلوا ئەم کچە شۆخە بمێنێ‌و نەمرێ) .

وەرگێڕانی هاوکاری
لە (نیوزویك)ەوە

لەم لاو لەو لای جیهان

- یەکـــەم چـــاوی دەستکرد .
- یەکـــەم نەخۆشخانە لەجیهاندا .
- بالاتریـــن لوتکـــەی کەنیسە .

● یەکەم ((چاو))ی دەستکرد لـــە ســـەدەی سێ‌یەمی پێش زایندا لە لایەن میسری‌یە کۆنەـ کانەوە دروست کراوە ، لەوەبێش‌چاوی دەستکرد لە ((مس)) یان ((زیوو)) یان ((زێڕ)) دروســـت ئەکـــراو ئەمەش لـــەم مۆمیایانەدا دۆزراونەتەوە کە پاشـــماوەی ئـــەو ســـەدەیەن‌و نیستاش بۆ چاوی دەستکرد((شوشە)) زیاتر بەکاردێت !

★

● یەکەم نەخۆشخانە لەساڵی (٣٨٠)ی زایندا دروست‌کراوە «فابیولا»ی شارۆنی‌ڕۆمانی دەوڵەمەندو خاوەن ئەلار ، هـــەموو ملك‌و ماڵی‌خۆی فرۆشت‌و ئـــەو نەخۆشخانەیەی دروست کرد . ئینجـــا کەوتە ناو شـــــەقام‌و کۆڵانەکان‌و نەخۆشـــی کۆئەکـــــردەو ئـــەیبردە نەخۆشخانەکە . بەڵام لە « فەرەنســـا » کۆنترین نەخۆشخانە لە شـــاری « لیبون »ە . !

★

● گـــــەورەتـــرین‌و بالاترین لوتکەی گومەزی کەنیسە لە جیهاندا لـــە ئەوروپا نیـــــە وەك وا باوبوە ، بەڵکو بەرزترین گومەزی کەنیسە لەدنیادا کەنیسەیەکە کە لەشاری شیکاگوو ســـاڵی ١٩٢٤ دروست‌کراوەو لوتکەکەی (١٧٣) مەتر بەرزە ، کـــە ئەمەش بە (١٠) مەتر لە بـــەرزترین کەنیســـــەی ئەوروپا زیاترە کە لـــــە ئەڵەمانیـــــایە . دیسان (٢٠) مەتر لە کەنیسەی ((ســـــتراســـــبورگ))ی فەرەنسایی بەرزترە .!

Institut Kurde de Paris

سەرنووسەر: محمد امین محمد احمد

هاوکاری

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی‌یە لەدەزگای ر ۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی دەرئەچێ

● چوارشەممە ٢٨ی ئەیلول ١٩٧٧ ژمارە ٣٨٧ ●

٨ لاپەڕە

هاوکاری

کانوونی دووەمی ١٩٧٠ دامەزراوە

٢٥ فلسە

● الاربعاء ٢٨ ایلول ١٩٧٧ العدد ٣٨٧ ●

ئەو شۆرشەی کە حزبەکەتان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست تەقاندوویەو سەرکردایەتی کردوە ، تەنیا بەوەرگرتن‌و پتەوکردنی دەسەڵات‌و چەسپاندنی پایەکانیەوە نەوەستاوە ، وە ریڕەوی خۆشیدا هێلێکی کۆنی نەگرتۆتە پێش کە بەئامانج‌و ئاواتە سەرەتاییەکانەوە بوەستێ ...

سەرۆکی فەرماندە
احمد حسن البکر

بەرپاری ناونانی ئەندامانی دووەهەم ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

لە بروسکەیەکدا بۆ سەروکی فەرماندەو هاوریّ صدام حسین

ستایشکردنی بەرپاری ناونانی ئەندامانی دووەم دەورەی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

بەسەرپێرێ پارتی دیموکراتی کوردستان لەبروسکەیەکدا کە بۆ سەرۆکی فەرماندەو هاوڕی صدام حسین‌ی ناردووە ، ستایشی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کرد . سەبارەت بە ناونانی ئەندامانی دووەم دەورەی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی .

ئەمەش دەقی بروسکەکەیە :

بەڕێز سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر .

هاوڕێی خەباتکەر بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش مەکتەبی سیاسی پارتەکەمان، پارتی‌دیموکراتی کوردستان ، دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەبارەت بە ناونانی ئەندامانی دووەم دەورەی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان ، بەهەل ئەزانێ بۆ ئەوەی بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لەگەلی عیراقمان بکاو پەیمان‌و ئەمەکداریمان بۆ سەرکردایەتی کارامەتان نوێبکەینەوەو هەموو توانایەکی حیزبمان بۆ باراستن‌و بەرەسەندن و چەسپاندنی ئەو دەسکەوتە شۆڕشگێڕانە دابنێین کە بۆ گەلی عیراقمان

بروانە : ل : ٧

ناونانی ئەندامانی دووەم ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری داناونانی دووەم ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەرکرد ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەکۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٥-٩-١٩٧٧یدا بڕیاری دووەم ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستانی دەرکرد . ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە :-

بەپێی بڕیاری بڕگە (ب)ی ماددە (٤٢)ی دەستووری وەختی‌و بە پێی ماددە (١٠)ی یاسای ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان ژمارە (٣٦)ی ساڵی ١٩٧٤ .

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٥-٩-١٩٧٧یدا ئەمەی خوارەوەی بڕیاردا :-

یەکەم !

ئەو بەڕێزانەی ناویان لە خوارەوە تۆمارکراوە ئەبن بە ئەندام لە دووەم ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستاندا ..

احمد عبدالقادر نەقشبەندی ، احسان هیبةالله‌المفتی ،احسان مصطفی شیخ محمد بالك ،انور رشید بێتواتە ، احمد مصطفی سعدی دۆسکی ، ابراهیم مصطفی قەرەداغی ، احمد محمد سعید ئەتروشی ، اسماعیل رسول ، ابراهیم الحاج محمود ، احمد مصطفی دلزار ، بدیعە محمد نجیب صالح ، بشیر عبدالرحمان ئەتروشی ، جعفر عبدالکریم بەرزنجی ، جمال جلال محمد خدر ، جمیل صبری ، همزە باپیر ئاغا پشدەری ، حکمت حاجی سلیم ، حسین خضر احمد سورچی ، خطاب حسین محمود ، خیرالدین عبدالحمید علی ، خلیل محمد مصطفی ، دارا ابراهیم چەرمەکا ، رفعت عبدالله عمر ، سعید قادر محمد جاف ، سعاد ادیب ، سیروان عبدالله جاف ، سامیە شاکر صادق چاوشلی ، شاکر فتاح، شلێمۆن ملك بکۆ ، شوقی حمەخان ، صنعان احمد القصاب ، صابر رقیب سورچی ، عبدالمجید عبدالحمید کوئێری ، عبدالغفار عبدالقادر الصائغ ، عبدالله خلیل،عبدالله محمد شریف ، عبدالاحد وردە، عبدالقادر مصطفی محمد مزوری ، عبدالمنعم بادی محمد، علی ابراهیم درویش ، عونی مصطفی ملا جبرائیل ، عبدالرحمان شیخ علاءالدین نەقشبندی ، عکید صدیق ، فاضل علی حسین ، قادر رشید عبدالرحمان ،کاك حسین‌کانبی بلباس ، کمال عزیز اسماعیل توتنچی ، کاوە شیخ لطیف شیخ محمود الحفید ، لطیف احمد محمد زیباری ، مصطفی حسن شعبان ئامێدی ، محسن احمد رشید بەرواری ، مصطفی جیری مصطفی ، محمد علی رمضان ، محمد رشید لۆلان ، محمد شیخ عبدالکریم کەسنەزانی ، مجید رشید جباری ، محمد امین پێنجوینی، مصطفی محمود پشدەری ،محمد حوێز احمد مەلا ، محی‌الدین جانگیر هەرکی ، محمد محی‌الدین محمد ، محمد کلحی رێکانی ، موسی عبدالصمد ، محمد زیوەر شریف ، محمد حسن دزەیی ، محمد امین محمد احمد ، محمد علی امین ،مصلح عبدالکریم ، محمد صدیق محمود ، محمود عباس محمد ، نافعە عثمان ابوبکر دزەیی ، نذیر احمد بارزانی ، شیخ هادی شیخ نوری ، همزە عثمان یونس ، هدایت محمد عبدالرحمان ، هاشم حسن عقراوی ، یحیی محمد رشید جاف ، یوسف حنا یوسف ، یلدا یوخنا توماس باکوس ، یلدا توما بەرواری .

دووەم !

ئەو بڕیارە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا ، کاری پێ ئەکرێ .

احمد حسن البکر
سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئەو بڕیارە لە ئەنجامی کۆتایی هاتنی یەکەم دەورەی ئەنجوومەنی یاسا دانانەوە دێت کە ماوەی سێ ساڵی خایاندو ٣٠ مانگی حوزەیرانی ڕابوردوو کۆتایی پێهات .

یەکەم دەورەی ئاسایی ئەنجوومەن لە یەکەم شەممەی مانگی تشرینی یەکەمەوە دەست پێ‌ئەکات‌و ماوەی (٩) مانگ ئەخایەنێ .

ئەنجوومەن یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لەو دەورە ئاسایی‌یەدا بە سەروکایتی بە تەمەنترین ئەندام ئەکرێ‌و بە دەنگدانی نهێنی ، سەرۆکی ئەنجوومەن‌و جێگری سەرۆك‌و ئەمینداری نهێنی هەڵ ئەبژێرێ ، کۆبوونەوەکانیشی بە ئاشکرا ئەگیرێن .

ئا.د.ع

سەروتار

ناونانی ئەندامانی دووهەم ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەرکەوتنی ڕێڕەوی شورشی حەقدەی تەموزە

سێ ڕۆژ لەمەوپێش ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بڕیارێکی شۆڕشگێری تری دەرکرد لەبارەی ناونانی ئەندامانی دووهەم‌ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌یەوە ، لەکاتی پێویستی خۆیدا ، کە شەمەی یەکەمی مانگی تشرینی یەکەمە ..

ئەمە باش ئەواوبونی دەورەی یەکەمی ئەنجومەنی یاسادانان بوو کە سێ ساڵی خایاندولە ٣٠ی حوزەیرانی ڕابوردوودا تەواوبوو .

لەماوەی سێ ساڵی پێشودا ، ئەنجومەنی یەکەم ، چالاکانە دەوری مێژووی خۆی بینی‌و بۆ یەکەم جار لەژیانی خەلکی کوردوستانی عیراقدا ، ئەنجومەنێك پێكهات ڕێگای دانانا بۆ لابردنی کەمو کوڕی‌یەکانی ژیانی‌و ئەخشەی تازەی دانانا بۆ ژیانی هاوچەرخانەی پێشکەوتوو لەسایەی حوکمی سوشیالستی حزبی سەرکردەدا ، حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالست‌و بەیارمەتی هەموو هێزە نیشتمان پەروەرو خێر خوازەکان ..

ئەنجومەنی یاسادانانی یەکەم لەگەڵ ئەنجومەنی ڕابردن وهەموو دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، لەم سێ ساڵی ڕابوردووەدا ، قۆڵیان لێ هەڵمالی بوو بۆ ناوەدان کردنەوەی وڵات‌و پێشخستنی وبوچەڵ کردنەوەی پیلانەکانی ئیمبریالزم‌و کونەپەرستی کە دەیویست یەکێتی نیشتمانیمان تێك‌بدات ووڵاتەکەمان لەڕێگای ئاشتی‌و برایەتی‌و ناوەدان کردنەوە لابدات ..

بەڵام بەپێچەوانەی مەرامی کڵاوی ئەوان ، شورش‌و هەموو دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی سووربون لەسەر ئەوەی کە ئەبێ شورش بگاتە هەموو کونجێك وگوندێك لە کوردوستاندا .. ئەبی مەشخەڵی ، یاسای ژمارە ٩٠ی چاککردنی کشتوکاڵ‌و دروست‌کردنی کێڵگەی هەرەوەزی ، و دامەزراندن و پێشخستنی گەلێ پروژەی پیشەسازی وخانەسازی وئابوری فێرکردن ...هتد . هەر لە گەشەکردندا بێت ..

هەموو میللەت ئاواتەخوازە کە دووهەم ئەنجومەنی یاسادانان ، پاش سوود بینین لە تاقی‌کردنەوە لەبارو ئالەبارەکانی یەکەم ئەنجومەن باشتر بێتە مەیدانی خەبات شان‌بەشانی هەموو دەزگاکانی تری شورش لە ناوچەی کوردوستاندا بۆ هێنانەدی هەموو ئەو ئاواتە پیروزانەی کە هەموو هێزە نیشتمانی‌یەکان بەسەرۆکایەتی حزبی سەرکردە - حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست - لە ڕاپورتە مێژوویەکەی هەشتەمین کۆنگرەی قوتریدا ڕەنگی ڕشتوە بۆ هەموو نیشتمانی عیراقی خۆشەویست لەویەری باکوری‌یەوە تا ئەوبەری باشوری ..

« هاوکاری »

جفاتا یاسادانانا دوێ و بەرپیارێن نوی

دەما جفاتا قوماندارییا شۆرشێ لرۆژا ئێك‌شەمبیا چۆبی بریارا دانانا جفاتا دوێ یا یاسادانانێ لدەقەرا ئوتونومی دەرکر، بێنگاهەکا دی یادلسۆژ هاتبێت دمکوم‌کرنا مافێت رەوایێت مللەتێ مەیێ کورد ، بشنی دەورا ئێکێ یا جفاتا تنفیزی وجفاتا یاسادانان بدوماهی هاتی وبشتی بدەها زدەست‌کەفتی وپرۆژێن مەزن‌و بنش چاف دهەمی دەرافاندا هاتنە بجەئینان‌و ژێنە نیشان ژبو وێ بیتەبیا مەزن یاکو حکمەتا شۆرشێ بێدای ..

فەگەریانەك بۆ وان سێ ساڵێن بۆرین لسەر دامەزراندنا یاسایێ ئۆتونومی لدەقەرا کوردستانێ ، بەرێخودانا راست‌و مجد یا حکمەتا شۆرەشێ‌و قوماندارییا سیاسی بۆ مافێت مللەتێ کورد دیاردکەت کە مافەکێ دجهێ خۆدایە لو بنیاتەکێ مکومە دسیاسەتا پارتا بەعسا عەرەبیا هەفیشکی‌دا یاکو بجانەکێ بەرفرەهو بەرێخودانەکا تم مرۆڤایەتی پێنگافێت درێژو بەحن دهافێت ژبۆ چارەسەرکرنا هەمی هیڤی‌و داخازێت مللەتێ کورد وکێمە نەتەوایێن دی‌دناف پەرزانێ مکومێ کۆمارا عیراقێدا .

بروانە : ل : ٧

کۆبوونەوەی وەزیرانی ئابووری‌و دارایی ڕێکخراوی ئوپێك

کوێتۆ - ٢٦ - ئادف . وەزیرانی ئابووری‌و دارایی ڕێکخراوی دەوڵەتە نەوت بۆ دەرەوە ئیرەکان « ئۆپێك » دوێنی لە واشنتون کۆبوونەوە لە کاتێکدا ئەمڕۆ سندووقی دراوی دەولی هەر لەوێ کۆدوبێتەوەو ئەو وەزیرانە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار دەبن‌و لەویدا ، وەکو سانتیاگۆ فیلاری وەزیری دارایی ئیکوادۆر دەڵێ ، ڕێ‌و شوێن بۆ سیاسەتێکی ئابووری‌و دارایی دەولی دادەنرێ کە بیتە مایەی پەرەسەندنێکی شان‌بەشان‌و ڕێکوپێکی ئابووری جیهانی‌و باسی چارەسەرکردنی ئەو تەنگو چەڵەمانەش دەکرێ کە تەرازووی مەدفووعاتی دەوڵەتە پەرەسنیەکان تووشی هاتوون .

لە لایەکی ترەوە ، فالەنتین هیرنانذی وەزیری وزەی فەنزویلا ووتی وڵاتەکەی هەرگیز بڕیاری ئەوەی نەداوە پشتگیری بەرزکردنەوەی نەوت بکات لە کۆنفرانسی ئایەندەی ئوپێکدا کە لە کراکاس لە ٢٠ تا ٢٢ی تشرینی دووەمی ئاینەدە دەبەسترێ .

ئەوەی شایانی باسە ، فەنزویلا بە بێنجەم دەوڵەتی نەوت بەرهەمهێن دەژمێررێ‌و پلەی چوارەمی هەیە لە ناو ئەو دەوڵەتانەدا کە نەوت بۆ دەرەوە دەنێرن .

وەزیری دەرەوە لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی ڤێتنام و یۆگسلافیا و فەرەنسادا کۆبووەوە

نیویۆرك - ٢٦ - ئا.د.ع :دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوە دوێنێ لەگەڵ نکوین‌دوی ترینەی جێگری سەرۆك وەزیران‌و وەزیری دەرەوەی ڤێتنامدا کۆبوەوەو لەم کۆبوونەوەیەدا با سی‌وەزعی ناوچەی عەرەبی‌و ئەوەی عەرەبەکان بەتەمان‌لەبەر تیشکی کۆبوونەوەی ئەمدواییەی جامیعەی عەرەبی‌بیکەن کرا .

وەزیری دەرەوەی ڤێتنام لەو کۆبوونەوەیەدا پشتگیری ئەواوی وڵاتەکەی دەربڕی لە مافی گەلی عەرەب لەفەلەستینداو لەهەمان کۆبوونەوەدا باسی بەرنامەی‌کاری کۆبوونەوەی ئایندەی وەزیرانی دەوڵەتە بێلایەنەکان کرا کە ئەمساڵ لەبەلگراد ئەبەسترێ .

دوکتۆر سعدون حمادی هەمان ڕۆژ لەنیویۆرك لەگەڵ میلۆش مینیچی وەزیری دەرەوەی یۆگسلافیادا کۆبوەوەو باسی گۆڕانەکانی مەسەلەی فەلەستینی‌و داگیرکردنی سوبایی خاکی عەرەب لەلایەن زایونیستەکانەوەو هەڵوێستی عەرەبەکان لە کۆبوونەوەکانی دەورەی ئیستای ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتوەکانی لەگەڵدا کرد ، هەروەها ئەنجامەکانی لەو کۆنفرانسەی کە لە پارس لەنێوان دەوڵەتە پەرەسێنەکان‌و دەوڵەتە پیشەسازی‌یە ڕۆژئاوایەکاندا بەسترا‌و توانای هاوکاری ئابووری لەنێوان هەردوو وڵاتەکەدا و مەسەلەی خۆئامادەکردن بۆ کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتە بێلایەنەکان کە ساڵی ئاینەدە لە بایتەختی یۆگسلافیا دەبەسترێ باس‌کران .

دوکتۆر حمادی، جگەلەمانە، لەگەڵ لوی‌دی گرینگۆی وەزیری دەرەوەی فەرەنسادا کۆبوەوەو باسی دوا گۆڕانەکانی وەزعی ناوچەی وەزعی عەرەبی‌تی کەلە شاخی ئەفریقایان کردو دوکتۆر حمادی هەڵوێستی عەرەبی پاش کۆبوونەوەی ئەم دواییەی جامیعەی عەرەبی بۆگرینگۆ باس‌کرد .

لە لایەکی ترەوە : دوکتۆر سعدون حمادی پێرێشەو لەگەڵ ئەمیل فویکازیکی وەزیری دەرەوەی یۆگسلافیادا کۆبوەوە ، وێنکەوە باسی ئەو مەسەلانەیان کرد کە بۆ قسەلێ‌کردن خراوەتە بەردەم ئەنجومەنی کشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بەتایبەتی مەسەلەی فەلەستینی .

هەروەها باسی ڕێ‌وشوێنی خۆشترکردنی پەیوەندی دولاییان کرد .

سەرۆکی حکومەتی لبنان لەگەڵ باڵوێزی ئەمەریکادا کۆبووەوە

بەیروت - ٢٧ - ئادع: سلیم الحصی سەرۆك وەزیرانی لوبنان دوێنێ لە بەیروت لەگەڵ ریچارد بارکەری باڵوێزی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا کۆبوەوە و لەگەڵیدا ئەو گۆڕانانەی باس‌کرد کە لە باری لوبناندا ڕویاندواو بە تایبەتی لە خوارووی ئەو وڵاتەدا لەبەر تیشکی ڕێککەوتنامەی ئەقە وەستاندن کە لە پێرتوە دەستی‌پێ‌کراوە. ئەوەی شایانی باسە ، پارکەر پێرێ لەگەڵ فؤاد بطرسی وەزیری دەرەوەی لوبنان کۆبووبوەوە .

لە لایەکی ترەوە بەگوێرەی هەواڵ هەواڵنێری ئاژانسی دەنگوباسی عیراق‌لە بەیروت لە پێرتوە هێمنی لە ناوچە سنووریەکانی‌خوارووی لوبناندا بەردەوامە ئەمەیش‌باش جێ‌بەجێ‌کردنی ئەوتەقەوەستاندنەی کە تا ئێستا بەشێوەیەکی‌ڕەسمی نە لە لایەن کاربەدەستانی لوبنانەوە ئاشکرا کراوە نە لە لایەن هیچ یەکێك لە لایەنە شەڕکەرەکانەوە جگە لە زایۆنی دوژمن .

هەواڵنێری ئادع لەخوارووی لوبنان دەڵێ لە پێرێ شەوەوە تا دوێنێ بەیانی هیچ شەڕێك بەگوێرەی ڕووی‌نەداوە .

هەندێ سەرچاوەی ڕۆژنامەنووسی ووتویانە کەوابە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنەی کە تا ئێستا بلاونەکراوەتەوە دەبێ هێزەکانی بەرگری فەلەستینی تا ١٠-١٥ کیلۆمەتر بکشێنەوە بۆ ناو خاکی لوبنان بەمەرجێك دوا بەدوای ئەوان هەندێ هێزی سوپای لوبنان بێنی و لە جێگە بێشەکیەکان مۆڵبدەن‌و بنکەو مەخفەری هەمیشەیی لەوێ‌دروست‌بکەن .

لە لایەکی ترەوە بەرگری فەلەستینی ناشکرای کرد کەوا جێگەکانی خۆی لە خوارووی لوبنان کە بەگوێرەی ڕێککەوتنی کۆن لەگەڵ حکومەتی لوبناندا لەوێ مۆڵیداوە بەجێ ناهێڵێ . ئەم قسانە لە لایەن قسەکەرێکی فەلەستینیەوەکران لەکاتی وەلامدانەوەی ئەو قسانەدا کەزایۆنیستەکان بلاویان کردبوەوەو وتبیدا وتبویان کەوا هێزەکانی بەرگری فەلەستینی دەستی بەکشانەوە لە خوارووی لوبنان کردوە .

وەزیری نەوت لەگەڵ وەزیری نەوتی یەکێتی سۆڤیەتیدا کۆئەبێتەوە

مۆسکۆ ٢٦ی ئەیلول ئا.د.ع :

ئیمڕۆ بەڕێز ئایە عبدالکریم ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌وەزیری نەوت لە مۆسکۆ لەگەڵ بەڕێز مالتسیف وەزیری پیشەسازی نەوتی سۆڤیەتیدا کۆبۆوە .

لە کۆبوونەوەکەدا باسی ئەو کارو بارانەکران کە پەیوەندیی‌یان بە بەجێهێنانی پڕۆژە نەویتەکانی عیراق‌و پەیوەندیی هاوکاری‌کردنی هەردوو لاوە هەیە لە بواری نەوتدا .

بانگکردنی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب بۆ کۆبوونەوە

قاهیرە ٢٦ی ئەیلول ئا.د.ع :

ئیمڕۆ جامیعەی عەرەبی بەڕەسمی وڵاتە عەرەبیەکانی بانگ‌کرد بۆ ئەوەی لەکۆنگرەی‌وەزیرانی دەرەوەی عەرەب کە ڕۆژی دوانزەی تشرینی دووەمی ئایندە لەتونسدا ئەبەسترێ ، ئامادەبن .

بروانە : ل : ٧

Institut kurde de Paris

جیبوتی ...
سەدەونیویەك خەبات

جمال‌الدین محمد امین

لە مێژووی هەرێمەلێك لە ئەلانی جیهاندا چەندەلایەرەیەکی پرشنگدار لە خەباتو تێکۆشان هەیە ، کە بەهێزی باسك‌و مەچەك‌و خواستی پۆلایینی تێکۆشەران دەنەخشێن • لە ئەفریقای کێشوەری خوێن‌و تینوێتی رۆژی ۲۷-٦-۹۷۷ بۆ گەلی جیبوتی لەو لایەرەی پرشنگدارانەدا دەنووسرێ • ئەو جیبوتیەی ساڵەها مەیدانی تێکۆشان‌و فیداکاری بوو ، ئەمڕۆ بۆتە وڵاتێکی سەربەخۆ‌و دوور لە ژێرچەپۆکی بێگانە • تێکۆشان‌و بەربەرەکانی ئیمپریالیزم لە جیبوتی دەچێتە قالبێکی ترەوەی سەردەمی ژێردەستی‌و چەوسانەوەی خەڵکی جیبوتی ئاسەواری براوەتەوە •

باری جوگرافیایی جیبوتی

جیبوتی کەوتۆتە بەشی رۆژهەڵاتی کێشوەری ئەفریقا ، کەنارەکانی بۆ سەرکەنداوی ـ عەدەن ـ درێژ دەبێتەوەو بە رێ‌گوزەرێکی ئاوی ـ سەرمانی ـ ۱۲میلی ئوقیانووسی هیندو دەریای سوور پێکەوە دەبەستێ • شوێنە ستراتیژیەکەی جیبوئی وای لە دەولەتە ئیستیعماریەکان کردبوو کە هەمیشە چاو بڕنە نەم ناوچەیەو هەول بدەن نەیەلن هەستی نیشتمانیەروەری‌و دژایەتی ئیستعمار لەوولاتانە سەر هەڵبدا • زاڵبوونی جیبوتی بەسەر رێ‌گوزەری ئاوی ئێوان دەریای سوورو ئوقیانووسی هیندا بایەخێکی زۆری پێ‌ئەدرێ ، چونکە هەموو رۆژی چەندەها کەشتی ئەوتکێش لەوێوە بەرەو ئەوروپا تێدەپەڕێ •

سنووری جیبوتی

لە باکوورەوە ـ ئەریتیریا‌و لە باشوورەوە ـ سومال ـو لە رۆژهەڵاتەوە ـ کەنداوی عەدەن ـو لە رۆژئاواوە ـ ئەثیوپیا ـ دەورەی جیبوتی‌یان داوە • رووبەری جیبوتی نیزیکەی (۲۳) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیەو ژمارەی دانیشتوانیشی لەنێوان ۳۰۰ هەزار تا نیو میلیۆن‌کەس بەراورد دەکرێ •

باری ئابووری‌و سامانەکانی جیبوتی

لەبەر ئەوەی جیبوتی لەسەر دەریای سووز هەڵکەوتوە خەڵکی جیبوتی زوربەیان لە بەندەری جیبوتی کار دەکەن‌و ئەم بەندەرە بە سەرجاوەیەکی کرنگی ئابووری وڵاتەکە دەژمێردرێ • پێچکە لەوە خەڵکی جیبوتی بە بەخێوکردنی مەڕو مالاتیشەوە خەریك دەبن • جیبوتی خاکێکی بێبڕشت‌و بێبڕشت‌و دەرامەتی هەیەو تەنیا ۱۰٪ی خاکەکەی بەکەڵکی کشتوکاڵ دێ • جیبوتی بۆ بەرەبێدانی ئابووری خۆی دەبێ زۆر پشت بە داهاتی « ترانزیت » ببەستێ • چونکە ۸۰٪ی کەلوپەلی ئەثیوپیا بەهۆی هێلی ئاسنی (ئەدیس ئەبابا ـ جیبوتی)یەوە دەچێتە دەرەوە • جگە لەوانە راوی ماسی‌و ئاردنی ماسی بۆ دەرەوەش دەتوانێ یارمەتی پێشکەوتنی ئابووری وڵاتەکە بدا •

۱۱۵ ساڵ خەباتی بەردەوام

گەلی عەرەبی جیبوتی وەك هەموو گەلانی ئازادیخوازی جیهان لە ئەرمەی خەباتێکی بێوچان‌و درێژخایەن دابوو ، رۆلەکانی ئەم‌ئەلە زۆرئیکراوو ماف‌خوراوە بێسل‌کردنەوە بەگژ ئیستیعماردا چوون‌و دەنگی هەقخوازی خۆیان بە جیهان راگەیاند • ئیمپریالیزمیش بۆ ئەوەی زیاتر جێ‌پێی خۆی لە کیشوەری ئەفریقادا پتەو بکا ، هەوڵی دەدا بەهەرجۆرێك بێ سەر بۆ خواستی گەلی جیبوتی دانەنەوێنێت • بەڵام بەپێچەوانەی ئارەزووی دائیرکەران گەلی جیبوتی بە خوێنی رۆلە ئازاو قارەمانەکانی سەربەخۆیی خۆی ئەستاند •

ئیستیعمار بۆئەوەی مانەوەی خۆی لە جیبوتیدا درێژە پێبدا ئوسلوبو شێوازی هەمەچەشنەی بەکار هێنا. یەکێك لەوشێوازانە ئەوە بوو ساڵی ۱۹٦۷ دایرەی حکوومەتی فەرەنسا رایگەیاند کە گەلی جیبوتی خۆی دەیەوێ لەگەڵ فەرەنسا بێت‌و تاقمێك کۆنەپەرستی خۆڵاتیشی کردە لایەنگری ئەومەسەلەیە ، بەڵام ئەم‌فێڵو تەلەکەیەش سەری نەگرت‌و وەك لەمانگی ئەیاری ئەمساڵدا دیتمان ۹۹٪ی خەڵکی ئەووڵاتە بەقازانجی سەربەخۆیی جیبوتی دەنگی داو نەنیا تاقمێکی زۆرکەم دەنگیان بۆ ئەوەدا کە لەگەڵ فەرەنسا بمێنێتەوە •

جیبوتی دەوڵەتێکی عەرەبی بێ‌لایەنە

ئەو دەستوورەی بە جیبوتی دانراوە دان بەوەدا ئەنێ کە جیبوتی دەوڵەتێکی عەرەبیەو دەچێتە رێزی جامیعەی وڵاتانێ عەرەبی کە بەمە ژمارەی وڵاتانی ئەندامی ئەوجامیعەیە دەکاتە (۲۲) وڵات • ئەمەوڵاتە رایگەیاندوە کە بە وڵاتێکی بێلایەن دەمێنێتەوە و ناچێتە رێزی هیچ‌پەیمانێکی سەربازی‌و داوای ئەندامەتی رێکخراوی ئەتەوە یەکگرتووەکان‌و رێکخراوی یەکیەتی ئەفریقا دەکا •

هەڵوێستی شۆڕش لە عیراق

هەڵوێستی ئەتەوایەتی شۆڕش لە عیراقدا بەرامبەر هەسەلەی جیبوتی هەڵوێستێکی مەبدەئی‌یە شۆڕش لەپێشەوەی هەموو دەوڵەتاندا یارمەتی‌و پشتگیری گەلی جیبوتی بە ئەرکی ئەتەوایەتی خۆی داناو عیراق لە دەورەی حەفتاوشەشەمی جامیعەی عەرەبیدا کە لە ۲٦ تا ۳۰-۳-۹۷۷ پێك هات داوای لە وڵاتە عەرەبیەکان کرد کە هەموو جۆرە یارمەتیەکی مادی‌و مەعنەوی پێشکەش بەووڵاتە بکەن • هەروەها عیراق رایگەیاند کە پێویستە پێوەندی برایەتی‌و هاوکاری لەتەل ئەووڵاتە عەرەبیەدا پتەو بکرێ تاکو بتوانێ دەورەی خۆی لە بەهێزکردنی یەکیەتی عەرەبدا بگێڕێ •

Institut Kurde de Paris

بێ ئیشی لە وڵاتە سەرمایەدارەکانەدا

لە هەموو کاتێکدا بەقوناخی تەنگوچەڵەمەشەوەمەزنترین یاسای ئابووری رژێمی سەرمایەداری یاسای «کەیشتن بەوبەری قازانج »ە • لەبەرئەوەی کە ئەم رژێمە بەگوێرەی ئەو یاسایە ئەروات‌کە ئەبێتە هۆی چەوساندنەوەی‌ملیونەها خەڵك بۆ قازانجی چەند سەرمایەدارێکی وڵات‌هەمووی تووشی تەنگوچەڵەمەیەکی دەوری ئەبێت باش ئەتەنگوچەڵەمەکەی ۱۹۲۹-۱۹۳۳ گەورەترین تەنگوچەڵەمەی تووش هاتوە ئەمەی ئیستایە کە لە ۱۹۷۳وەدەستی پێ‌کردوە ••

دیاردەکانی ئەم تەنگوچەڵەمەیە ، بێ‌بازاری و کەم بوونەوەی بەرهەم هێنان‌و ، هەڵبەی سەرمایەدارەکان بۆ بەردەوامی لەسەر قازانجیانە کە وایان لێ‌ئەکات بەدوای هەموو شتێکدا بگەرێن ئەگەر دەرگردنی ملیونەها گرێکاریشی لە دوا بێت .

سەیر ئەکەیت لە ۱۹۷۵ رادەی بەرهەمی پیشەسازی لەوڵاتە سەرمایەدارە گەورەکان ۹٪ هاتە خوارەوە ، وەلە هەمان ساڵدا بەگوێرەی بڵاوکراوەکانی دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان بێ‌ئیشی ۱۵ ملیون کەسی گرتەوەوە لە ۱۹۷٦ بوو بە ۱٦ ملیون رۆژبەرۆژ ئاوسانێکی ترسناکی بارە قورقوراگەی گرتوە •• ئەمانە هەموو بووە هۆی گرانی‌و قاتوقڕی‌و کەم بوونی بەرهەمهێنان‌و دەرگردنی کریکاران سەرزمێری لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەردەخا کە ئاوسان بەرادەی ۷٪ دەڕوات‌و بێ‌ئیشی لە مانگی ئابی رابوردوودا بەرادەی ۸٫۹٪ گەیشتوە •

لەبەریتانیاش سالی ۱۹۷٦ زیادبوونی بەرهەمهێنان لەبەلەی صفردا بووە !• لەوکاتەی کە ئاوسانێکی زۆر دەستی ناوەتە بینی بەرادەی ۱۵٪وژمارەی بێ‌ئیش خۆی لە یەك ملیون‌و ٦۰۰ هەزار کەس داوە کە زوربەیان لاون‌و خاوەن شەهادەشن •• سەبر ئەکەین لەهەموو وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا لاوان کە لە ۲۵ ساڵ کەمترن لە ۳۵٪ی بێ ئیشەکانن •• هەروەکو بەریتانیا نیوملیون لاو بێ‌ئیشن‌و لە ئیتالیا ٤۰۰هەزار لاوی لە ۲۵ ساڵ کەمتر بێ‌ئیشن • فەرەنساو ئەڵمانیای رۆژئاواش بەهەمان دەردەوە دەناڵێنن .

بێ‌گومان ئەم تەنگوچەڵەمەی ئابوری‌یە ئەبێتە هۆی تەنگوچەڵەمەیەکی کومەڵایەتی و رەوشتی چونکە ئەم هەموو لاوە بێ‌ئیشە سەوداسەری دوارۆژە ، چی بکەن ؟!

ئەنجامی ئەمە هەروەکو قەوماوە رۆژانەکانی ئەمان دەگەیەنن ، تاوان‌کردنی بەردەوام‌و شەڕو دەست درێژ کردن بۆسەر ماڵو ژیانی خەڵکی‌و ، قاچاخچێتی و تلیاك فراندن‌و خەڵك رووت کردنەوە بەرۆژی رووناك لەبایتەختە گەورە رووناکەکاندا • •

هەموو ئەوداوو دەرمانانەی پێشکەش دەکەن بۆ چاك بوونەوەو شیفای ئەم رژێمە دەردکاریە ، چارێکی ئەوتۆی ناکات‌و زیاتر توشی تەنگوچەڵەمەی ئەکات‌و ژمارەی بێ‌ئیشان زۆرتر دەبێ لەبەر ئەوە ، رەنگ رژێمەکانی ئەم رژێمە تاوانکارە روو دەکەنە لێدانی تەبلی جەنگ‌و خۆش‌کردنی • ئاگری شەڕ لەملاو لەولاو کە دەبێتە هۆی مەترسی هەڵگیرسانی جەنگێکی جیهانی ••

لەهەندەران چ باسە

● ماوەیەك لەمەوبەر بەرازیل چوار بەیمانی سەربازی لەگەڵ ئەمەریکا هەڵوەشاندەوەهەروەها بەرازیل بەنجاملیون دولار قەرزی ئەمەریکای رەفزکرد چونکە ئەمەریکا دەست ئەخاتە کاروباری‌یەوە •

● رۆژنامەی (پولیتیکا)ی پۆژنزسلاڤی گوتی ئەگەر ریکخراوی رزگارکەری فەلەستین دان بە بریاری (۲٤۲)ی ئەنجومەنی ئاسایشی ناودەوڵەتاندا بنێ مانای ئەوەیە باوەڕنامەی مردنی خۆی ئیمزا ئەکات ••

● رژێمی سوریاو ئەمەریکا ریکەوتننامەیەکیان مۆر کرد بۆ وەرگرتنی ٤۳ملیون دولار قەرز لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ سوریا • کە ئەمەش بەشێکە لە سیاسەتی ئەمەریکا بۆ راگرتنی رژێمی لەقی سوریا ••

● ئەمڕۆ ریمون‌بار سەرەك‌وەزیرانی فەرەنسا بە سەردانێك دەچێ بۆ یەکێتی سوفیەت هەروەها لەمانگی داهاتودا دیفید اوین وەزیری‌دەرەوەی بەریتانیا بۆ یەکەمجار لەچێ بۆ موسکو ••

● لە ئەڵەمانیای رۆژئاوادووفروکەی فانتۆمی ئەمەریکا کەوتنە خوارەوە ••

● روسیل مینز یەکێك‌لە سەرۆکەکانی هیندیە سورەکان لە ئەمەریکا بڵاوی‌کردەوە کەوا خۆی‌و چەند سەرکردەیەکی‌تر گەرانێك‌ئەکەن بە ئەوروپا داو ئەچن بۆ کۆنگرەی بلگراد بنۆداواکردنی مافی مروفایەتی خۆیان کە حکومەتی ئەمەریکاشێلاویەتی ••

● رۆژنامەی (سوفیتسکایاروسیا) لەژمارەی ۳۱ی ئابدا دەری خست کە قەوارەی زایونی نیوەی بەرهەمی جەکی ئەفرۆشێ ، واتە بۆتەبازرگانی چەك و تفاقی شەڕ . ئەمەش بەالبشتی ئەمەریکاو ئەڵمانیای رۆژئاوا ، هەروەها رۆژنامەکە دەری‌خست‌کە قەوارەی زایونی نەك‌تەنها چەك لەوانە وەرئەگرێ‌بۆ دەستدرێژکردنە سەر گەلی عەرەب بەڵکو بەشێوەی‌تەکنۆلۆژی بۆیست‌و هەموو یاریدەیەك وەرئەگرێ بۆ بێشخستنی کارگەی چەك‌و جبەخانە وە دەری‌خست کە دەسکەوتی لە چەك‌فرۆشتن گەیشتوتە ٣٢٠ملیون دولار لەساڵی ۱۹۷٦دا وە ئەمساڵ ئەگاتە ٤۰۰ ملیون دولار• بەمجۆرە قەوارەی زایۆنی بووە بە قونتەراچی‌وفرۆشیاری چەکی ئەمەریکاو ئەڵمانیای رۆژئاوا، وە لەجیاتی‌ئەوان رژێمە رەگەزپەرست‌و فاشستی‌یەکان لە ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینی بڕ جەك‌و جبەخانە ئەکات .

● شورشی ئەریتیریا بریاری دا کەوا ئاژانسێکی دەنگوباس دابمەزرێنی بۆبڵاوکردنەوەی دەنگوباسی شورش .. هەروەها دەنگباس وانەگەیەنێ کەوا سوپای رزگارکەری ئەریتیریاهێرشێکی لەشکری داگیرکەری ئەثیوبی بەربەچ‌داوەتەوە و ۷۰۰ کەسی لێ‌کوشتون‌و ٤۰۰بریندارو ۹۵دبل کراون .. دەنگوباسی شورش وا ئەگەیەنێ کەوا لایەنەکانی شورشی ئەریتیریاله هەفتەی ئایندەداکۆدەبنەوە بۆ بەك‌خستنی هەلوێستیان دژی داگیرکەری ئەثیوبی •

لێکۆڵینەوەی سیاسی

وردبوونەوەیەك لە رووداوەکانی خواروی لوبنان

دووهەفتەیە لە هەموو ناوچەکانی خواروی‌لوبنانا دا ئاگری شەڕێکی سەخت لەنێوان هێزە هاوبەشە لوبنانی‌و فەلەستینی‌یە کاندا لەلایە کەوەو هاوبەیمانە زایۆنی‌و دەستەراستیەکان لەلایەکی‌ترەوە هەڵگیرساوە. بڵێسەی ئاگری شەڕ رۆژبەرۆژ زیاتر بەرز دەبێتەوەو ئاڵێستا بەسەدان کوژراوو برینداری بووەو زەرەرو زیانێکی ماڵی‌ی لێ‌ژماربشی‌داوە .

لەلایەك هێزە هاوبەیمانە زایۆنی‌و دەستەراستیەکان بۆ قووت‌دانی خواروی لوبنان‌و خزمەت بەنەخشەو پلانەکانی ئیمپریالیزم هەموو چەشنە چەکێکی رووخێنەر دژی هاونیشمانیە بێ‌دیفاعەکان بەکار دێنن‌و تەڕو بووش پێکەوە دەسووتێنن .

لەلایەکی دیکەش هێزە هاوبەشەکانی بەرگری فەلەستین‌و بزووتنەوەی نیشتمانی‌ی لوبنان بۆ پارێزگاری لە یەکیەتی خاکی لوبنان‌و بۆ بەرزڕاگرتنی ئالای شۆڕشی دادپەروەرانەی گەلی فەلەستین ، نەبەزی‌و قارەمانەیەکی بێوێنە پێشان دەدەن‌و هێرشە ناپەواکانی دوژمن‌و نۆکەرانی خۆڵاتی‌ی ئیمپریالیزم بەربەرچ دەدەنەوە .

خۆش ئەوەیە دەستەراستی‌و زایۆنیستەکان لەکاتێکدا ئەو شەڕە خوێناویەیان بەرپا کردوە کە لەلایەك کارپەدەستە داگیرکەرەکانی تەل‌ئەبیب‌و لەلای‌تر لێپرسراوانی رژێمە عەرەبیەکانی لایەنگری سازان هاتوچۆیەکی کەرمیان بۆ قیبلەی ئاواتیان واتە کۆشکی سپی واشنتۆن دەست پێ‌کردوە بۆ رێکخستنی پێشەکیەکانی کونفرانسی ژنێف‌و وەك ئەوان‌و ئاغاکانیان دەڵێن « وتوێژی ئاشتی » !!

ئێستا بزانین ئامانج لەوشەڕە ناڕەوایە کە لەخواروی لوبنان بە بزووتنەوەی نیشتمانی لوبنان‌و بەرگری فەلەستینی دەفرۆش چیەو بۆچی راست لەوکاتەدا کە «هەوڵو ئەفەلای ئاشتی »!! ئاوا لەبەرەو دایە ، بەوجۆرە هەموو میحوەرەکانی شەڕ لەخواروی لوبنانا هەڵگیرساون .

ئەگەر ئەختێك سەرنج بدەین بەهاسانی ئێ‌دەگەین کە شەڕی لوبنان ، ئەوشەڕەی ئاڵێستا زیاتر لە بەنجاهەزار کوژراوو دەیان‌هەزار بریندارو دەیان‌میلیارد دۆلار زیانی ماڵی لەدوای خۆی بەجێ هێشتوە ، لەبناخەدا ئەلقەیەکە لە زنجیرەی پیلانەکانی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم بۆ لەناوبردنی بەرگری فەلەستین‌و بێ‌هێزکردن بزووتنەوەی رزگاریخوازی عەرەب بەکشتی‌و لەئەنجامدا جێگیرکردنی قەوارەی رەگەزپەرستی‌و زایۆنی لەسەر خاکی عەرەب‌و باراستنی قازانجە ستراتیژیەکانی ئیمپریالیزم‌لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا .

لەماوەی نیزیك بە دووساڵو نیودا کە بەسەر هەڵگیرسانی شەڕی « ناوخۆی » لوبناندا ئێ‌دەپەڕێ بەداخەوە ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم بە هاوکاری کۆنەپەرستی ناوخۆیی‌و عەرەبی توانیویانە بەشێك لە ئامانجەکانی شەڕی لوبنان وەدی بێنن • ئەوکوشت‌و کوشتارەی لە ئێردووگای فەلەستینی‌یەکان کراو ئەو هێرشە چڕوپڕەی کرایەسەر هێزەکانی هاوبەشی لوبنانی‌و فەلەستینی ، بوونی بەرگری فەلەستینیان لە لوبناندا تارادەیەکی زۆر لاواز کردو کار گەیشتە ئەوجێگایە کە هێزە هاوبەشەکان بەکردەوە لەناوچەکانی خوارووداو گەمارۆ یا بڵێین ئێوە کەمارۆ بدرێن • هەرلەوکاتەشدا لەقبوونی شوێن پێی بەرگری لەلوبناندا بوو بەهۆی ئەوە کە ئیمپریالیزم هێندێ لایەنی فەلەستینی‌ی دەست پکەوێ کە ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداری کونفرانسی ژنێف‌و قبوڵکردنی بریاری ژمارە ۲٤۲و بەکورتی ئامادەیی خۆیان بۆ وتووێژ لەگەڵ دوژمن‌و سەرەنجام بەرەسمی ناسینی دوژمن رابگەیەنن •

دیارە ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم بەهیچ جۆر بەوئاواتە چەپەڵانەی خۆیان نەدەتەیشتن ئەگەر ئاکارو کرداری دژی‌نیشتمانی‌و دژی ئەتەوەیی هێندێ رژێمی عەرەبی ئەبوایە . بۆئەوونە ئەوەی لەماوەی ساڵێکدا رژێمی حافظ اسد بەسەر بەرگری فەلەستین‌و بزووتنەوەی نیشتمانی لوبنانی هێنا هەرگیز هێزە ئیمپریالیستیەکان ئە راستەوخۆو نە بەهۆی ئۆکەرە خۆڵاتیەکانەوە لەدەستیان نەدەهات • ئەوە رژێمی سوریا بوو کە لەپێشدا بەناوی ناوبژی کردن‌و دوایەش بەناوی دامرکاندن (الردع) هێزە سەربازیەکانی خۆی خزانده لوبنانەوەو یەلاماری‌هێزە پێشکەوتنخوازە لوبنانی‌و فەلەستینی‌یەکانی دا •

رژێمی سوریاو لەگەڵ ئەوپشدا رژێمە عەرەبیەکانی تری لایەنگری سازان بەهەموو رێگایەکدا کەوتنە نەقەلای مەباندنی دەوری بەرگری فەلەستین‌و بێ‌هێزکردنی بزووتنەوەی نیشتمانی ، بۆئەوەی بەهاسانی‌و بێ‌کەندوکۆسپ بتوانن لەرێگای سازانی خۆبەدەستەوەدەرانەدا هەنگاو باوێژن‌و بەمجۆرە هێزە ئیمپریالیستیەکان‌و بێش هەموویان ئیمپریالیزمی ئەمریکا لەخۆیان رازی بکەن

ئەمڕۆش کە شەڕی لوبنان خراوەتە خواروی ئەووڵاتەو لەراستیدا هێزە شەڕکەرە فەلەستینی‌و لوبنانیەکان کەوتوونە بەر مەودای توبی هێزە

بروانە : ل : ۷

چیرۆك :

کەبێ دەنگی هێرش ئەدبا!



ئەم خووەی کەمن یەخانگیری بووم و پێی راهاتووم ، زۆر لە سەرم دەکەوێت • نازانم چۆن وا بووە پارچەیەك لێم !! بەلام هۆکانیم لێ ون نابێ • ئەندامەکانی لەشم وابەرەبەرە یەکیان دەکەوێت ، دوێنێ « علی » هاورێم پێی ووتم :

ـ خەلکەکە سەریان سوڕماوە ، بۆ وا لەخۆت دەکەیت ؟

وەرامم نەدایەوە . ماوەیەکی درێژە ، گوێی خۆم ئاخنیوە کە بەڕێوەش دەچم تەنها دەڕوانمە بەر پێم ، لەژوورەکەمەوە بۆ ئێرە لێرەوە بۆ ژوورەکەم •

راستەڕێ دەوەستم ، دەڵێن لەبنەوە ماسی یەك ماسی یەکی تر هەڵدەلووشێ پێی ناخۆشە ، بەلکو جارێکی تر لە دەمیەوە دەری کات شەپۆل دەدات ئەو خەریکی کارژۆلەکان دەبوو منیش چاوەڕێی ئەوە دەبووم ورده شەپۆلەکان ماسی یەکم بۆ بهاوێن ، جار جار بریقەی ژێر سکی ماسی یەکم دەدی پڕ بەو ناوە دەتریقامەوە • رستەیەکی تر • تاکو کیا زەرد هەڵکەڕاوەکانی روخی رووپارەکەش لە جووڵە کەوتوون لە ناو بێ دەنگی دا رۆواون ، کە بێ دەخەمە سەریان بێ دەنگ سەریان دەنوێنن ، منو ئەم ئیایانە لە بێدەنگی دا یەکدەگرینەوە • ئەو شەوە کچە باریکەلەکە دوای دوو سەعات قسەکردن ، کە دەستی درێژکرد خواحافیزیم لێ بکا پێی ووتم « من حەز لە مرۆڤی هێمن و بێ دەنگ دەکەم منو تۆ لە بێدەنگی دا یەك دەگرینەوە . » رستەیەکی تر • رووی ئاوەکەو ملەکان زەردەی خۆریان دا لە خۆیان • درەنگە هێز دەدەمە خۆم هەستم ناتوانم ، ئەندامەکانی لەشم خەریکن لێم یاخی دەبن ، پێم بۆ هەڵناگێشرێ ، هێز دەدەمە خۆمو ناجوڵێمەوە • دەترسم بۆوا لە خۆت دەکەی ، خەلکەکە سەریان سوڕدەمێنێ • هەموو جارێك پێم دەگات وام پێ دەڵێ • جارێکیان شتێکی تریشی ووت • « رەنگە بە جۆرێکی تر لە قەڵەم بدرێ » • رەنگە ، درەنگە • رەنگە • چاکتر نییە ؟•

کابرا لاوازە کەی مەیخانەکە ، هەندێ شەو کەدەچم لە سوچێکەوە تا درەنگە شەوێ بە تەنهاو بێ دەنگ بە شووشەکەی بەردەمیا دەڕوانێ ، من دەڵێم باشدەکا• لەوانە باشترە کە لەسەر مێزی ویسکی خواردنەوەوە ئەیانەوێ •• لەکاتی تەڕانەوەمدا بۆ ژوورەکەم وا هەست دەکەم ئاوڕم لێ دەدەنەوە ، سەریان بە .. بلقە بلقێ دەبیستم ، ئاوڕ دەدەمەوە • ئاوا نەماشام دەکەن • بلقێك بەسەر ئاوەکەوە سەمای دەکرد • بزانە چی مێرووەیەك دروستی کردووە ، زۆری نەبرد بوکایەوە • درەنگە • کوڕی دایکی نەکەی درەنگە وەخت لەسەر رووبارەکە بمێنیتەوە جنۆکە مەغریبان گەشت دەکەن هێز دەدەمە خۆم • هەڵدەستم• سفرەکەو نووکە دەرزی یەکە هەم دیسان خەریکن یەخەم بگرن • سەر رادەوەشێنم • دەکەومە ڕێ •

ترسێك دامدەگرێ • لەوکاتەوە « علی » پێی ووتووم : رەنگە بە جۆرێکی تر لە قەڵەمی بدەن • وای دادەنێم لەبر دەستێك قۆڵم بگرێ •

ئاوردەدەمەوە • بەلام ئەوجاش من هەر بێدەنگ دەبم ، پەنجەکانی لە ماسۆلکەی قۆڵم گیر دەکات ، نازارم دەدا ، تادێ زیاتر قۆڵم دەگوشێ ئەوشەوە کچەکە دەستی درێژکرد خواحافیزیم لێ بکا تاهێزم تیابوو • • پەنجەنەرمەکانیم گوشی ، پێ کەنی • من هیچی پێ نالێم ئەو زیاتر پەنجەکانی لە قۆڵم گیر دەکات • دەتوانم بە دوو وشە رازی بکەم و دەستی کەمێ شل بکانەوە •• چەکی دەستم ووشەیە هەر ئەوەندە دەرکام بۆ بکرێتەوەو بکەومە ئفت ، بە ئارەزووی خۆم تۆپی خۆم دەهاوم ، چەنەها نافرەتی لەناسن رەفترم هەر بە ووشە نەرم کردووە • ئەمەم لە رۆمانێکدا خوێندۆتەوە ، کاتێ خۆی بە خیلیم بەو قارەمانە برد • بە ئەنقەست دەیەوێ بە شوێنە قەرەباڵغەکاندا بمبا• کەس متەق ناکا ! • چی دەبێ کەر دەنگ نەئەما ؟ شتێکی سەیر دەبوو . دەمکاتە ژورێکی تەنگەوە• وادەردەکەوێ چاوەڕێی مێیانە • هەرچی دەڵێن من هەر بێدەنگ دەبم• بەیاساولەکە دەڵێ هەرکەسێ بێ دەنگە بیهێنە • زوورەکەم دەکەمەوە • دیسان کردیانە هەڵلا ، ئێستا شاڵاوی بر سیار دەست پێدەکات • واچاکترە لەمەودوا شەوانیش نەیەمەوە• گڵۆپەکە هەڵدەکەم • بێ ئەوەی خۆم داکەنم لێفەکە بەخۆما دەدەم • یاساولەکە دەکەرێتەوە• قوربان هەموویان بێدەنگن • هەموویان بێنە • لەحرسانا واسوور هەڵدەکەرێن شێتگیر دەبن • دێنە وێزەما• یاساولەکە بەپەلە خۆی دەکاتەوە ژوورەوە • قوربان هات • چی هات • بێدەنگی • لەم کاتەدا زریکەیەکی نەبیسراو ژوورە ئەنگەکە دەهەژێنێ • بەچاو تروکاتێك ژوورەکە بەجێ دێڵن • دەچمە سەر یەکێ لە مێزەکان• کاغەزی بەردەم یەکێکیان دەخوێنمەوە سەرم سوڕدەمێنێ •• ئەمە • ئەوەی بیرم لێ دەکردەوە لای ئەمانە • کە لە ژوورە ئەنگەکە دەرچووم منالەکان جاران ئاسایی بۆم دەتریقانەوە • چێشتەنگاوێکی درەنگ کە هەستام قۆڵیکم وەك بەدرێژی شەو لەتۆی مەنگەنەدا گیری خواردبێ سر بووبوو لەم کاتەدا « علی » هاورێم بە پێکەنین خۆی کردە ژوورەوە• چی یە هەم مەسەلەکەیە •

احمد محمد اسماعیل
دهوك

بەسەرهاتی سەرڤانتس

ئامادەکردنی : مکرم رشید

میشێل سەرڤانتس خەڵکی ئەسپانیایەو لە (مدرید)ی پایتەختی ئەسپانیا ، لە ساڵی ۱۵٤۷ز • هاتووەتە دنیاوە ، باوکی پزیشك بووە ، بەڵام سەرڤانتس هەر لە منداڵی یەوە زۆر حەزی لە بینینی شانۆگەری و نواندن دەکرد ، هەمیشە دەرۆیشت بۆ شانۆبۆئەوەی شانۆگەریەکان ببینێت بەڵام خۆیشی نەی دەزانی ئەم ئارەزوو کردنەیەی هۆی چی یە نەی دەزانی داهاتوو چی بۆ شاردۆتەوە • •

کە گەورە بوو ئارەزووی کەوتەسەر ئەوەی گەشت بە وولاتاندا بکاتو لە ناوچەدوورەکاندا بچەنگێت ، ئەوەبوو لەگەڵ کۆمەڵێك کەشتی یەوان دادەستی کردە گەشت بە دەریاکاندا ، بەڵام لەوجەنگانەی تووشی دەبوو هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەدەهێنا ، بەڵکوو لە یەکێك لەو جەنگانەدا دەستی چەپی دەپێکرێتو لەکار دەکەوێت لە وەش خراپتر لەیەکێك لەو جەنگانەدا دەکەوێتە دەستی دزەدەریایی یەکانو پێنج ساڵ بەدیلی دەمێنێتەوە ، تا باوکی توانی بەپارە ڕزگاری بکات •

کە دەگەڕێتەوە ئەسپانیا ، لە کارگەی کەشتی دروست کردنی ئەشبیلیا ئیش دەکات، بەڵام دوای ماوەیەك فنیشی دەکەن ، بۆیە ڕوزگارێکی زۆر بەبێ ئیشی دەمێنێتەوە ، تا پارەیەکی زۆر قەرزار دەبێت وشکاتی لێدەکرێتو دەخرێتە بەندیخانەوە •

سەرڤانتس نووسەرێکی بەهرەمەند بوو ، بەڵام خۆی ئەم نهێنی یەی نەدەزانی ، لەکەڵ ئەوەشدا ئەو دەردی سەرو تەنگ و چەڵەمانەی تووشی بووبوو ، بەهرەی نووسینی بتر کردبوو ، کە نە بەندیخانەدەرچوو ، دەستی کردە نووسین ، کتێبێکی بڵاوکردەوەناوبانگی بێدەر کردو بەهۆیەوە پارەیەکی زۆری دەست کەوتخست ، کتێبەکەش پریتی یە لە چیرۆکی بەسەرهاتی سوارچاکێك بەناوی (دۆنکیشۆت) ، ئەمەم سوارچاکە لەو جەنگانەی لەکەڵ دوژمنە خەیالیەکاندا وەك ئاشە هەواینەو شتی تر دەیکات ، هەرگیز نوشستی و شکستی بەدەست دەهێنێت ، بۆیە کاتێك دۆنکیشۆت لەو ئاشە هەواینانە نزیك دەبێتەوە وای بەخەیاڵدا دێت کە تفەنگ بەدەستن ، بۆیە کوتوپڕ تاویان دەدانە سەرو تیریان تێ دەهاوێژێت ، بەڵام ئەوەندەی پێ ناچێت بەرئاشە هەواینەکە دەکەوێتو لەسەر پشتی ئەسپەکەی دەکەوێتە خوارەوەو بریندار دەبێت •

ئەم کتێبەی سەرڤانتس وەرگێڕراوەتە سەرچەندین زمانی جیهانیو چێژو خۆشی یەکجیوەتە زۆربەی خەڵکی •

شەماڵکەکانە هەڵکریا «صادق»ی

عبدالرحمن مزوری

(صادق) هۆزانفانەکێ ئەنیاسی کوردە •• چ جریسکێ ژمێژووا ژیانا وی ناپەشن •• دیسان چ سەرەکانیو ژێدەر نافێ وی نابەن •• تشتێ هەی سەیدا ـ عبدالرقیب یوسف ـ دنفشتوکا خۆدا (دیوانا کرمانجی) هۆزانەکا وی بتنێ بەلاڤکریەو گوتیە : مێژوفانان نافێ فی هۆزانفانی ژی وەکی نافێ (ماجن)ی و (مینا)ی ئەنیایە ••!

ئەز دبێژم دویر نینە ئەف هەر سێیە دگەل ـ مەلا حوسەینێ باتەئی ـ هەفجاخ بن یان بیچەك ددیفدا هاتبن ـ چونکی (ماجن)ی هۆزانا خۆ (سورکولا غونچەدەهن) وەکی سەلیقەو رێکا (صبحو ئیقاری) یا (باتەئی) دانایەو فەهاندیە •• لێ دفیا مرۆڤ پشتاخۆ بفێ گوتنێ کەرم نەکەت حەتا بتر بەلگە بکەفنە دەستێت مە •

لفان رێزکێت خارێ دێ هۆزانەکا دیا نەبەلاڤکری ونەدتیا (صادق) بەلاڤکەین کو نافێ هۆزانفانی لدیماهیا شعرێ هاتیە •• ئەف هۆزانە مە زدو سەرەکانیان وەرگرتیە •• هەفبەری ئێك کریە ، هەرچەند ژکیماسیا رزگار نەبویە ، هیڤیدارین لدوازۆژێ کۆڕکو تەفاف بیت •

ئێك سەیدایێ هێژا ـ مەلا محمد کوولی ـ هندەك ڕێزگێت

فێ هۆزانێ ژبەرن • دووزانایێ ژێهاتی ـ عەزیز عەلەوی ـ هۆزان دپروگرامێ خۆدا لسەر شعرێ بەلاڤکری ـ یەوگوتیە : ئەف شعرە یا (محمد صادق مەلا طاهر)ە ،

سەیدایێ (عەلەوی) سیناهیەکا دی پەیدا دکەت ، دەما نافێ هۆزانفانی بدرستی دگەل نافێ بابێ وی نیشا مەددەت • ئەفە ئەو هۆزان مەژخاندەڤانێت (هاوکاریا) خۆشتفی را شاند •

بداما موحبەتێ بەندم ، دلو دەردەك لمن پێدا(۱)
ژضربا وان سەرێ نیران ، بریندام دفێ رێدا(۲)
ولکن گەر دبێژم ئەز دسۆژم شوبهی پەروانێ
ژدەستی چەند دلوجانم ، لسەر وێ نورو شەوقێدا
ئەگەر باور نەکەت دلبەر ژمن فان ئاهـ و ئالانە
جوبار روندك دچن هەر شەو ، دبم تێکوەر دخۆنێدا
ژهیجرا فێ پەری رویێ ، دلیمن کون کونە نیرو
لبەر ضربا فیراقا وێ ئەما من تاق دژینێدا
بریندارم گەلو دیسا ژضربا تیرو موژگانان
نزانم ئەز چ بێژم فێ ، عەجەب تیرەك لجەرگێدا
دچم بو لایێ دختوران نزانن دەرد و ئیشێ من
نزانن ئەو بکەن دەرمان دلێ داخ و کەسەر تێدا
ئەگەر دلبەر بکەت لوطفێ ، لمن جارەك خۆ اظهارکەت
شکا(۳) دێ چن زەهرو ئەفغان ، دفێ گافێ و حینێدا
ئەگەر یارێ ببینم ئەز ژبومن ئابی حەیوانە
دبن روناك دوچافێت من ، وەکی یعقوب بصر پێدا
ئەزم موریدێ ماهران ، سوپاسگوزارێ شاعران
خۆش بومە عشقی ئەز لفان، ئەوەك « ئەحمەد » دجزیرێدا
ل (صادق) گەر بپرسی تو ، دبێژم شاعرەك ژارە
نە (مینا)یە(٤) نە (ماجن)(٥)ئەو، ئەوەك(وانی)(٦) دەەرمێدا

(۱) لمن پەیدا (کوولی دبێژیت) راست نینە •
(۲) دلم شەیدا (کوولی دبێژیت) راست نینە •
(۳) شکا : دویر نینە شکاف بیت یافارسی کورتیا شکافتن براماناچاك یان باش (فرهنگ عمید) •
(٤ ، ٥) ماجن و مینا ، دو هۆزانفانێت کوردن سەیدا عبدالرقیب یوسف نافێ وانبریە •
(٦) وانی ، دویر نینە ئەحمەد میرازێ وانی بیت ، لێ ئەفە فێ دیماهیێ مریەوەکی (سەجادی) بو چوی •

له دەفتەری یادگارا

چیپکەك ژبەحرا «جزیری»

ئیرو « مەلا » مەرابا لەو تێك بومە نا تەش
من دی سەحەر خەرامان ئەیسە کەرا شرین مەش
یارەب چ طورفە مێوە ئەف رەنگە مەی دبەخشت
شعرا مەتێ بەرشان ئەظما مەتێ مشەووەش
دل ئەشتە من ژدێری ناچم کەنیشکەنەئێ قط
محرابێ وێ ب منرا وەردا بچینە لالەش
مەحبوب وەك ستێرە گوفەندو عشمبازی
تێکل بچین سەمایێ هشیارو مەستو سەرخوش
حیوان ل کودمینیت ئەم فعلێ زەمانین
بێتن ژدەستێ ساقی جاما زەلال بێغەش
وەرە گوهدە چەنگو نایێ شرین کوێو سەمایێ
جامێ بنوشە قێران چ سادە نوچ زەرکەش
طالع کوتیتو فورصەت موهلەت دنك حەرامە
من عمرێ نوحی نینە وەر ساقیو بلەز خوش
ئەیشەگرا شرین قەدمە ژدەست تەمەی دقێتن
داسینە پێ جەلادین رەوشەن بکین دلێ رەش

● لە دیوانی مەلای جزیری ئەمرەوە نووسینو لێکولینەوە ماموستا صادق بهاءالدین ـ کۆڕی زانیاری کورد ـ •

ئافرەتێکی قسە لەبرووا!

مصطفی صالح کریم

خاتو (نانسی ئاستور) ١٨٧٩ ـ ١٩٦٤ یەکەم ئافرەتبوو لە ئینگلترە کە چوە ئەنجومەنی گشتی انگلتراوە ، ئافرەتێکی زیرەك و حازر بەدەستو بەسەلیقەبوو ، سڵی لە کەس نەئەکردەوە ، لەکاتی خۆیدا ، قسەی خۆی ئەکرد ، زۆر لە پیاوە سیاسی یەکانی ئینگلترە لە زمانی ئەترسان چونکە پریشکی پلارو ساچمەکانی زۆریانی دەگرتەوە لە کاتی کفتوگۆو مشتومڕی ناو ئەنجومەنا ، دوشمنی هەرە کەورەی چەرچلیش بوو ، تەنانەت جارێکیان لە ئەنجومەنا چەرچل کەوتە تینیو زۆری بۆهات بە دەنگی بەرز ووتی : « خوایە ئەم بەلایە بەریتەوە بۆ خۆت » ئەوەندە لێی بێزاربوو •

جارێکیان کۆبوونەوەیەکی سیاسی گرنگ هەبوو ، خاتو نانسی لە قسەکردنابوو ، لە پڕ یەکێ لەو کەورە پیاوە سیاسییانە قسەکەی پێ بڕیو بە شێوە کالتە پێ کردنێکەوە وتی :

ـ خانم ، ببورە ، قسەکانی خۆت لەبیر نەچێ ، شتێك هەیە سەرم لێی سوڕماوە ، تکایە پێم بڵێ پێی بەراز چەند پەنجەی هەیە ؟

خاتو ئاستور ، زەردەخەنە یەك گرتیو وتی :

ـ جا بۆ سەرت سوڕ ئەمێنێ پێڵاوەکانت داکەنەو پەنجەکانی

بروانە : ل : ۷

پوستەی ئەدەب وژیان

● کات ئێوارە بوو ، خۆرتیشکە زێڕینەکەی بێ هێزو بەرەو ئەمان دەچوو • منیش بەتولە ڕێگەیەکە دەڕۆیشتمو جار جاریش لەو دیمەنە جوانانەی گوندەکەمان ورد دەبومەوە • لە پڕ بۆنێکی خۆش هات بەسەرما •

بەلێ وردە وردە دەوریشتم تا گەیشتمە کانیەك ئاوەکەی لە چاوی قرژانك رونتربوو •

دیسان دەستم کرد بەرۆیشتن ، کاکەی شوانیش لە دوور دیاربوو بەرەو ئاوایی دەکشا لەگەڵ میگەلەکەیدا وادیاربوو دەیویست پێش ئەوەی بانگ بدات بچێتەوە ناو دێ •

ئەوەندەم نەمابوو بۆ ئاوگوندەکە ، ئەمجارەش سەیرێکی گولەکانم کردشنەشنیان بوو وەك یەکێك ماڵ ئاواییم لێ بکات ! منیش بیرم لەوە دەکردەوەو لەبەر خۆمەوە دەمگوت تۆ بڵێی دەستێك هەبێت بژاری ئەم گولە ناسکانە بکاتو نەهێڵێت درکو دال ئازاریان بدات ؟!

روناك ـ سلێمانی

● گیروگرفتەکەی من گیروگرفتی تاکە کەسێك نیە ، بەڵکو ئەو گیروگرفتە دووچاری زۆر لە لاوەکانمان بووە• مەبەستم بە گیروگرفت لێرەدایەیوەندی یەکەی نێوان کوڕو باوکەو ، بە جۆرێکی گشتی پەیوەندی لاو بە گشت خێزانەکەی •

چی بڵێم سەبارەت بەباوکم ؟

خۆی مرۆڤێکە ئارەزووی وایە خۆی فەرز لکاتە سەر هەموو کەسێك •• لەگەڵتادادەنیشیتو قسە دەباو دەهێنیو دەس بە زۆروەری دەکات هەتاکو چاوت ڕێشکەو پێشکە دەکاتو سەرت دەنێشیت •• بەرنامەکانی تەلەفزیون بە هەوەسی خۆیەوەدەکۆڕێت •• کە لە خەوا بە ئاکاشم دێنی بە تونەدو تیژی نەیێ کارەکە ناکا •• لە پێش چاوی دۆستەکانمدابە دەس ڕاوەشان دەکەوێتە سەرمو لێم دەدات ، هەرئەوەندەشە مێوانێکمان بۆ بێت هەتاوەکو یەکسەر دەسبە توانجی من دەکات لە پێش چاویانو بە دەنگێکی بەرزەوەسەرەڕای هەموو ئەمەش هەرگیز گوێ شل ناکات بۆهیچ ئاموژگاریەکی من •

هەر کە چووم بۆ دەرەوەش دەمگرێتو ملیۆنەها ئامۆژگاریم تێ دەگەیەنێت ، کە گەرامەوەش بپرسیار دەس پێ دەکات : « لەگەڵ کێ بوویت ؟ لەکوێوە بوویت ؟ چیت کرد ؟ چیت بینی ؟ گوێت لە چی بوو، چی •• چی •• چی •• » ئەنانەت لە ماڵەوەش کەس نیەڕێزم بگرێ هەرچەندەش کوڕە گەورەیانیشم • کە برای بچووکیشم هاوار بکاتو داوای ئاو بکات دەبێ یان من یان خۆشکەکەم هەڵسین ئاوی بۆ بێنین •

کتێبو گۆڤارەکان دەس نیشان کراون ، هەندێکیشی تیایە هەرقەدەغەن ، لە هەموو ئەم شتانە ناخۆشتریش ئەوەیە هەزارەها ئاوی

بروانە : ل : ۷

Institut kurde de Paris

لەبروسکەیەکدا بۆسەرۆکی فەرماندەو بەڕێز صدام حسین : ئیشکەرانی زانکوی سلیمانی سلاو لەو چاودێرو پشتگیریە ئەکەن کە شۆڕشی بەرامبەر زانست و زانیاری نیشانی ئەدات .

مامۆستایانی کۆلیجەکانی زانکوی سلیمانی سلاویان پێشکەش سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕش کردوە بۆ ئەو پشتگیریو چاودێریە بەردەوامەی بەرامبەر زانست و زانیاری نیشانی ئەدات .

ئەوەش لەو بروسکەیەدادەربڕراوە کە پێشەکەش بەڕێز سەرۆکی تێکۆشەر احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین کراوە لەو کۆڕەدا کە بەبۆنەی سەرەتای خوێندنی ساڵی نوێوە ڕێکخراوە ..

ئەمەش تەواوی بروسکەکەیە

بەڕێز سەرۆکی فەرماندە تێکۆشەر احمد حسن البکر ..

بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش تێکۆشەر صدام حسین .

ئێمە دەستەی مامۆستایانی کۆلیجەکانی زانکوی سلیمانین و لە کۆڕێکی ئاییەتی بە ساڵی نوێی زانکو کۆبوینەتەوە سلاوتان لێ ئەکەین و ئەوپەڕی سلاوستایشتان پێشکەش ئەکەین سەبارەت بەو چاودێریو پشتگیریە بەردەوامەتان کە بەرامبەر زانست و زانیاری و لەمەیدانی پشکنین و لێکۆڵینەوەو و دەرس وتنەوەدا ..

ئێمە بەهۆی چاککردنی یاسای خزمەتی زانکۆوە هەست بە چاودێریو پشتگیری کردنتان ئەکەین بەرامبەر هەمو کارگیرانی مەیدانی زانیاری و ئامادەکردنی هۆی ژیانێکی بەختیارو هاندانی کیانی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی کە ئەویش دەبێتە هۆی چاکەوخیر بۆ ئەم وڵاتە تێکۆشەرە بەڵێنتان ئەدەینی کە زانکوکەمان وابەرەو پێش بەرین تا دەگاتە رادەی خواستو ئارەزو بەشێوەیەک چاکەو سودی ئەم وڵاتە خۆشەویستەمانی تیابێت لەژێر سەرکردایەتی لیهاتوانەی ئێوەدا .

سەرۆکی فەرماندە سوپاسنامەیەکی لەسەرۆکی کوباوە پێگەیشتوە .

بەغدا ٢٧ ئەیلول ئا.د.ع :

بەڕێز سەرۆک احمد حسن البکر بروسکەیەکی سوپاسنامەی لە بەڕێز فیدل کاسترۆ سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەتو سەرۆکی حکومەتی کۆباوە پێگەیشتوە لەوەرامی ئەو بروسکەی پیرۆزبایی‌یەدا کە سەرۆک البکر بەبۆنەی بیرەوەری چەژنی نیشتمانی‌یەوەیۆی ناردبو ئەمەش تەواوی بروسکەکەیە ..

بەڕێز احمد حسن البکر سەرەک کۆماری عیراق

بە شادیەوە ئەو پیرۆزبایی‌یەتمان وەرگرت کە بەبۆنەی چەژنی نیشتمانیەوە بۆتان ناردبوین ، ئێمە ئەمە بەهەل ئەزانین کە سلاوتان لێبکەین بۆئەو دەستکەوتانەی بۆ گەلەکەتانان هێناوەتەدی ، لەبێناوی بنیات نانی رەمەڵایەکی نوێداو بەردەوامیتان لە بوچەل کردنەوەی نەخشەو پیلانەکانی نیمبریالیزم و کۆنەپەرستاندا .

بەناوی گەلو حکومەتی کۆباوە وەبەناوی خزمەوە داواخوازین کە ئێوەو گەلی عیراقی دۆست لە پێشکەوتن و کەشەدابن .

فیدل کاسترۆ
سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت و سەرۆکی حکومەتی کۆماری کۆبا

میوانداری کۆشکی کۆماری

بەغداد ٢٧ ئەیلول ئا.د.ع :

ئەمڕۆ بەیانی بەڕێز فوءاد فتیان باڵوێز لە دیوانی وەزارەتی دەرەوە چۆنە کۆشکی کۆماری و ناوی خۆی لە دەفتەری میوانداریدا تۆمار کردوە سوپاسنامەی خۆی پێشکەش سەرۆک کردوە بەبۆنەی دانانی لەو پایە نوێیەدا ..

هەروەها بەڕێزان عبدالتواب ملا حویش سەرۆکی دەزگای گشتی کواستنەوەی وشکانی و دکتۆر طه ابراهیم عبدالله سەرۆکی زانکوی بەغداو محمد جمیل شلش بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری‌یی چونەتە کۆشکی کۆماری و بەبۆنەی گەرانەوەیان لە دەرەوەی وڵات ناوی خۆیان لە دەفتەری میوانداریدا تۆمار کردوە ..

جێ بەجێ کردنی ١٧٧ پرۆژە لەناوچەکانی ئۆتۆنۆمیدا

ئەمیندارێتی گشتی‌ی کارو خانەسازی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی‌ی خانوبەرەو دەزگای گشتی‌ی خانەسازی خەریکی جێ بەجێ کردنی ١٧٧ پرۆژەی بەروەردەو ڕۆشنبیری و تەندروستی و خزمەتی کۆمەڵایەتی و لاوانن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ، سەرجەمی ئەم پرۆژانە ٢٦ ملیون و ٤٤٨ هەزار دیناریان تێچوە .

بەڕێز ئەمیندارە گشتی‌ی بۆ جێ بەجێ کردن ئەدرێت بەشێکی ناو خۆیی هەروەها کارو خانەسازی و توبەتی : بە بەڵێندەران ..

جێ بەجێ کردنی ئەم پرۆژانە پەیرەوی کردنێکی هەنگاوانی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشە بۆ پێشخستنێکی فراوانی ناوچەکەو ئاڵو گۆڕکردنێکی تەواو لە ژیانی جەماوەردا بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی نوێ ..

بەڕێز ئەمیندارە گشتی‌ی کارو خانەسازی وتویەتی : تەواوبونی ئەم پرۆژانە ئەبێتە مایەی زۆربونی هەمە جۆر خزمەتگوزاری لە ناوچەکەداو ئەمانە جێگای ئەو ویران کردنە پر ئەکەنەوە کە تاقمە چەتە یاخیەکە لەم ناوچەیەدا کردیویان .

● لەم بارەیەوە وتویەتی ئەمیندارێتی خەریکی جێ بەجێ کردنی ٤٤ پرۆژەیە کە ٧ ملیون و ٧٢١ هەزار دیناریان تێ ئەچێت ..

ئەم پرۆژانە لە پارێزگاکانی ناوچەکەدا جێ بەجێ ئەکرێن ، ئەوانەش بریتین لە بنیات نانی ٣١ قوتابخانەی ئامادەیی و ناوەندی و سەرەتایی و پیشەسازی و کشتوکاڵی و پیشەسازی و دامەزراندنی چابخانەیەک لە هەولێر بۆ خوێندنی کوردی و کردنەوەی سێ خەستەخانە لە دهۆک و قەزای چەمچەماڵ و سێ تاقیگای تەندروستی و ٣٤ خەستەخانەو پێنج دایەنگاو دوو مەڵبەندنی پەروەردەی زانستی .

● پرۆژەی نوێ

بەڕێز ئەمیندارە گشتی‌ی وتویەتی .. ئێستا ٣٤ پرۆژە دراوە بە بەڵێندەرەکان بۆ جێ بەجێ کردنیان و بەم زوانەش ٣٩ پرۆژەی تریش قوتابخانەی ناوەندین لە گەل بەشێکی ناو خۆیی پەروەردەو ڕۆشنبیری و تەندروستی و ئاوەدانی .

● هەولێر .. ئێستاکە لە هەولێر سێ قوتابخانەی ئامادەیی لە ناوچەی شۆڕش و گوران و ئازادی و قوتابخانەیەکی ناوەندی لە ناوچەی تەپراو و بەشێکی ناوخۆیی و قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە ناوچەی هەریرو چوار مەڵبەندی تەندروستی لە تەق تەق و خەلیفان و سەیدەکان و هۆلێکی وەرزش ، حەوزێکی مەلە بو لاوان لە هەولیرو مەڵبەندێکی لاوان لە مەخمورو دوو خانوبەرە بۆ چاودێری پەککەوتەکان و دایەنگایەک لە هەولیرو بارەگایەکی گومرگ لە حاجی هۆمەران و سەرایەک لە تەق تەق جێ بەجێ ئەکرێت .

● سلیمانی .. وە لە پارێزگای سلیمانی ئێستاکە خەریکی جێ بەجێ کردنی قوتابخانەیەکی ئامادەیی بازرگانی و قوتابخانەیەکی ئامادەیی تر لە قەزای چوارتاو و قوتابخانەی سەرەتایی لە دوکان وجاسەنەو زرگوێزو قەرەداغ لە گەل بەشێکی ناوخۆیی لە سلیمانی لە گەل دوو مەڵبەندی لاواندا و پێنج مەڵبەندی تەندروستی لە قەزای چەمچەماڵ و هەوار تەگە لە ئەحمەد ئاوا و پێنج مەڵبەندی تەندروستی لە بەرزنجەو بیارەو سەیدسادق و سورداش و بانیخیلان .

● دهۆک .. وە لە ناوچەرگەی پارێزگای دهۆک دا دراوە بە بەڵێندەرەکان بۆ خەریکی دروست کردنی قوتابخانەیەکی ئامادەیی و دوو قوتابخانەیەکی ناوەندین لە گەل جێ بەجێ کردنیان و بەم قوتابخانەیەکی ئامادەیی و دوو قوتابخانەی ناوەندی تریش قوتابخانەی ناوەندین لە گەل

ووتارێک دەربارەی دەوری ئافرەت لەسایەی شۆڕشدا

دوێنێ هاوری برهان الدین عبدالرحمن ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری دەوڵەت بورەکخستنی کاروباری دەسەڵاتی مەرکەزی و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لە هۆڵی گەل لە هەولێر محازەرەیەکی پێشکەش کردوە باسی دەوری ئافرەتانی کردوە لە سایەی شۆڕشی ١٧ ی ئەمەوزدا لە گەل ئەو دەستکەوتانەدا کە بویان وەدی هێنراوە ئەم محازەرەیە لەو مەهرەجانە ڕۆشنبیریەدا خوێنراوەتەوە کە یەکێتی شتی ئافرەتانی عیراق لقی هەولیر رێکی خستوەو دوو ڕۆژ ئەخایەنێت .. لەو مەهرەجانەدا پێشانگایەکی هونەری بۆ ئافرەتانی عیراق ئەکرێتەوە لە گەل ئاهەنگێکی مۆسیقادا لە باخچەکانی نیقابەی مامۆستایان لە هەولێر هونەرمەندانی هەولیرو سلیمانی بەشداری تیدا ئەکەن .

ئا.د.ع

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان و پارێزگاری هەولێر پێشوازی وەفدێکی ئافرەتانی عەرەبیان کردوە

بەڕێز احسان هیبةالله مفتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەمڕۆ پێشوازی وەفدی لیژنەی پرسراوانی پەیوەندی دەرەوەی ڕێکخراوو یەکێتی ئافرەتانی عەرەبی کردوە کە ئەمڕۆ گەیشتونەتە هەولێر لە سەردانێکدا کە سێ ڕۆژ ئەخایەنێت وەلەلایەکی ترەوە بەڕێز اسماعیل رسول پارێزگاری هەولێر پێشوازیی وەفدی لیژنەی پرسراوانی پەیوەندی دەرەوەی ڕێکخراو و یەکێتی ئافرەتانی عەرەبی کردوە .. لەو چاوپێکەوتنەدا باسی پەرەسەندنو پێشکەوتنی پارێزگاکەی بۆکردون .

لەوبارەیەوە وتویەتی .. شۆڕش بایەختێکی تایبەتی بە هەولێر داوە لەبەر ئەوەی ناوچەرگەی ئۆتۆنۆمی‌یە بۆ پێشکەوتن و فراوانکردنی .

لیژنەی ڕاگەیاندن سەرژمێر کردن لەسلێمانی ڕاپورتی لقەکانی ئەکۆلێتەوە

لە پارێزگای سلیمانی لیژنەی ڕاگەیاندنی سەرژمێر کردن لە کۆبونەوەیەکی دوێنیدا لە ڕاپورتی لقەکانی خۆی کۆلیوەتەوە کە پەیوەندیان هەیە بە چالاکی خۆی و ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەیەکانەوە .

لیژنەکە لە پێویستی مەهرەجانێکی ڕاگەیاندن کۆلیوەتەوە کە هەفتەی بەر لە سەرژمێرەکە بکرێت ، داواشی کردوە کە لەمە بەدواوە چالاکی خۆی خەست و پتر بکات ..

لیژنەکە دەربارەی سەرژمێر کردنەکە بەزمانی کوردی فلیمێکی سینەمای دەرکردوە ، لە بارەی سەرژمێرەکە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرەکان بۆ ئەو پشتگیریە بەردەوامەی بەرامبەر زانست و زانیاری نیشانی ئەدات .

کۆبونەوەی لیژنەی ڕێکخستنی کۆمیتەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

ڕۆژی ٢٤ ی ئەمانگە ..

هاوری برهان الدین عبدالرحمن ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، وەزیری دەوڵەت راسپیردراو بۆ ڕێکخستنی کاروباری لەنیوان دەسەڵاتی مەرکەزی و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا سەرۆکایەتی کۆڕ باونەوەیەکی لیژنەی ڕێکخستنی کۆمیتەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کردوە ..

لە کۆبونەوەکەدا باسی دابەش کردنی ئەو کرێکارانە کراوە کە تازە خراونەتە سەرئیش ، کە ژمارەیان خۆی ئەدات لە ٣٠ هەزار کرێکار بۆ ئەوەی لە پرۆژەکانی ناوچەکەدا بخرێنە ئیش و بێکاری لەو ناوچەیەدا ریشەکەن بکرێت .. لیژنەکە لە کۆبونەوەکەیدا باسی ئەو کارانەشی کردوە کە تاوەکو ئێستا بۆ سەرخستنی سەرژمارکردنی خەلکی کراون .. لەلایەکی ترەوە لەوەی کۆلیوەتەوە کە چی بکرێت و تەندروستی بکرێت بۆ ئەوەی بەچڕیگایەکدا خەلکی لەمەترسی پەتای کۆلیرا قوتار بکرێت .. لەم بارەیەوە بریاری داوە کە تەندروستی بکرێت بۆ ئەوەی لەسەرجەمی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا خەلکی خۆی لەو نەخۆشیە بپارێزێت .

ئا.د.ع

پارێزگاری سلێمانی لەپێویستیەکانی ناوچەی هەلەبجە ئەکۆلێتەوە

هەفتەی ڕابوردو بەڕێز ارشد احمد محمد پارێزگاری سلیمانی لەگەل هاوری محمد زمام ئەمیندارە گشتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لقی سلیمانیو چەند سەرۆکێکی دائیرەکانی پارێزگاکە ، سەریاندا لەناوچەی هەلەبجەو سەردانەکە مەرکەزی قەزای هەلەبجەو ناحیەی خورمالو بیارەو تەوێلەی کرتەوە .

لەهەلەبجە بەئامادەبوونی قایمقامی قەزاو لیژنەی پرسراوانی حزبو ئەندامانی ئەنجومەنی گەل لەپێویستیەکانی شاری هەلەبجە دوانو بریار لەسەر کۆمەکو کۆلی کردن لە جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی ئاوەدانی ئەو قەزایە درا . هەروەها چونەتە سەردانی شوێنەکانی تری ناوچەکە : خورمالو بیارەو سلیمانیو هاوری یەکی لیژنەی پرسراوانی حزبو سەرۆکانی دەزگا ئیداری‌یەکانی ئەو شوێنانە لەپێویستیەکانی هاوولاتیەکان کۆلانەوەو پارێزگاری سلیمانی ئامادەیی پیشان‌دا بۆ جێ بەجێ کردنی تەواوی پیویستیەکانیان . هەروەها ئەوەی دوبات کردەوە کە سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕش سورن لەسەر بەدی هێنانی خواستی ڕۆلەکانی گەل و هەموو تەقەللایە کیشان بەرەو بەدی هێنانی پاشەڕۆژێکی چاکترو ڕووناکترە بۆ تێکڕای گەل .

لێکۆڵینەوەی نەخشەی بەرهەمی کشتوکاڵی وەرزی هاوین وزستان

ڕۆژی شەممەی ڕابوردو لە قەزاکانی پارێزگاکانی وڵات کۆنگرەی ناوخۆی کشتوکاڵی‌ی ساڵانە بۆ داناتی بناغەی‌نەخشەی پێشبینی کراوی وەرزی زستانی ٧٨-٧٩ و وەرزی هاوینی ٩٧٨ دەستی پێ کرد کە کۆنگرەی پارێزگاکان لیژنەکۆڵینەوە بۆ ئەوەی بۆ کۆنگرەی حەوتەمی کشتوکاڵی سەرجەمی وڵات ئامادەی کات .

سلیمانی : کۆنگرەی قەزاکانی پارێزگای سلیمانی لەژێر دروشمی (بەنەخشەی هۆشمەندانەو زانستو هاوکاری دیهاتیکی سۆشیالیستی بنیات ئەنێین) .. لەو کۆنگرانەدا بایەخ بەنمایشی کشتوکاڵی دراوە لەگەل بەرەبنیاتو پێشخستنی هەروەز کاریە کشتوکالیەکانو کینگەکشتوکالیە هاوبەشەکاندا ، ئەوەش بەهیوای زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و چاککردنی جۆری ئەو بەرهەمە ، لەگەل هەولو تەقەللادانێکی تەواوو دریغی نەکردن لەجێ بەجێ کردنی دروشمەکانی حزبو شۆڕش لەکشتوکاڵدا .

دوای ئەوە بەشدارانی کۆنگرەکان لەڕاپۆرتی سەرۆتەکانی لقی کەرتە کشتوکاڵیەکانی ناحی‌یەکانیان کۆلیەوە ، ئەوە ڕاپورتانە باسی بەشێک لەنەخشەی کشتوکاڵی وەرزەکانی داهاتوی تیدا باس کرابو سەبارەت بەرهەمی کشتوکاڵو ئاژە لەوانی هەر دو کەرتی سۆشیالیستیو تایبەتی .. دوای ئەوە کۆنگرەکە دەستی بەلێکۆڵینەوەی ئەو نەخشەیەکرد کە بۆ حەوتەمین کۆنگرەی ساڵانەی کشتوکال ئامادەکراوە لەهەر کۆنگرەیەک هەشت لیژنە پێکهات بۆ ئەوەی ڕەنگی دوانەخشەی کشتوکاڵی‌ی بڕۆژێت .

ئەنجامەوا : هەروەها کۆنگرەکانی پارێزگانی ئەنجامەوا لەنەخشەی کشتوکاڵی وەرزی زستانەو هاوینەی ساڵانی ١٩٧٨ کۆلیوەتەوە لەگەل ئەو بەشانەدا کە لە نەخشەکانی پێشو جێ بەجێ کراون .. لەم کۆنگرانە حەوت لیژنە پێکهاتوە بۆ لێکۆڵینەوەی نەخشەی کشتوکاڵی‌ی ..

واست : ڕۆژی شەممەی ڕابوردو لەپارێزگای واسیت کۆنگرەی کشتوکاڵی لەقەزای بەدرە دەستی پێ کردوە ، واچاوەروان ئەکرێت کەبەرەو دوا قەزاکانی تری ئەو پارێزگایە کۆنگرەی خۆیان .. بگرن بەمەرجێک ماوەکەی لەهەفتەیەک تێپەڕ نەکات ..

سەلاحەددین : لەپارێزگای سەلاحەددین بەڕێز خەلەف موخلیف پارێزگاری پارێزگاکە داوای لەکۆنگرەکانی قەزاکەکردوە کەنەخشەی داهاتویان زۆر بەوردی‌و لەسەر ڕێزگرامێکی مسۆگەر دانین بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی چاک و پوخت جێ بەجێ بکرێت .

ئەوەی شایانی باسە لەهەمو کۆنگرەکانی قەزای پارێزگاکاندا کاربەدەستان و نوێنەرانی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو هەروەزکاریە کشتوکاڵیکان بەشداریان تیداکردوە ..

دەورەیەکی مۆسیقا بۆ منداڵان لە هەولێر

وەک زانراوە لەشاری هەولیر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاکە دەورەیەکی مۆسیقای بۆ منداڵان کردۆتەوە بەهیوای گەشەپێ کردن و هاندانی گیانی مۆسیقا لەناو منداڵانی قوتابخانە سەرەتایەکاندا .. ئەوەی شایانی باسە ئەمە یەکەم جارە دەورەیەکی لەو جۆرە لەو بارێزگایەدا بکرێتەوە .. لەدەورەکەدا ٤٥ منالی کوڕوکچ تیایدا بەشدارن کەفیری مۆسیقا ئەکرێن یا بەهرەی مۆسیقاییان زیاد ئەکرێتو لەسەر شێوەیەکی زانستیانە دەرسی مۆسیقایان پێ ئەوترێت .

(هەنگاویکی تری دڵسۆزانە بەرەوزیاتر چەسپاندنی مافی ڕەوایی گەلی کوردمان)

● زیاتر لەجارێکو لەزمانی سەرکردەی گەلی عیراقەوە ، بەڕێز سەرۆک احمد حسن البکرو هاوری صدام حسین و سەرکردەکانی تری حزبو شۆڕشەوە ، کە باوەڕهێنانی حزبو شۆڕش بەمافە ڕەواکانی گەلی کوردمان ، بەمافی ئۆتۆنۆمیەوە لەچوارچێوەی کۆماری عیراقدا ، باوەڕهێنان و هەنگاوێکی وەختی و تاکتیک نیەو نابێ ، بەڵکو باوەڕهێنانی هەڵقوڵاوی بیروباوەڕی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەو ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان بۆیە چەسپا تابمێنێتەوەو قوڵبکرێتەوەو و باڵبشتی پتەوکردنی زیاتری یەکیتی گەلی عیراقی بێ .

● هەموو نیشانە دیارەکانی تائیستا ، لە ١١ ی مارتی ساڵی ١٩٧٤ وە کە یاسای ئۆتۆنۆمی تیا دەرچو ، دەمو دەستو بێدواکەوتن سەرکردایەتی شۆڕش دامو دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بەهەردوو ئەنجومەنی یاسادانان و ڕاپەراندنەوە پێک هێناو کەوتنە کاری دڵسۆزانەی خۆیان بۆ

بروانە : ل : ٧

Institut Kurde de Paris

● راپۆرت :

گەلاڵەی یاسای خەلاتی ڕێزلێنانی دەوڵەت لە عیراقدا

وەزارەتی فێرکردنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانیاری لەعیراقدا لەم دوایەدا گەلاڵەی یاسایەکی پێشکەش کرد کە « خەلاتی ڕێزلێنان و هاندانی دەوڵەت » . بۆ ئەم مەبەستە ئەنجومەنێکی بلند بەناوی « ئەنجومەنی بلند بۆ ڕێزلێنانی زاناو داهێنەران و گەورەڕۆشنبیران » پێك هاتوە بەسەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆك کۆمار یاخود هەرکەسێ کە تۆینەرایەتی بەڕێزیان بکات و بەئەندامێتی :

● وەزیری خوێندنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانیاری
● وەزیری ڕاگەیاندن
● وەزیری پەروەردە
● سەرۆکی دەزگای لێکۆڵینەوەی زانیاری
● سەرۆکی کۆڕی زانیاری عیراق و

سیانزە ئەندام کە لەکەورەزانایان و ڕۆشنبیران و ئەدیب و هونەرمەندو نوێنەرانی ئەقابەو دەستەقوتری و ئەتەوایەتیەکان، ئەوانەی کەبەم کارەتایبەتین پێك هاتوە بۆ ماوەی سێ ساڵ و ئەم سێ ساڵەش تازەکردنەوەی بۆ هەیە .

ئەم ئەنجومەنەش دوودەستە لەئەندامەکانی پێك هاتوە کەئەمانەن :

● دەستەی زانیاری و تەکنەلۆژیاو دەستەی هونەرەجوانەکان و ئەدەب . بۆ ئەوەش کە ئەم یاسایە چاکتر و ڕونا ك بێتەوە بەبەکێك لەکاربەدەستانی وەزارەتی خوێندنی باڵا کەپشتیەن و لەبارەی ئەم یاسایەوە دواو وتی :

ـ لەبەر پرشنگی ئەم یاسایەدا جوار خەلاتی ڕێزلێنان پێك دێ و پێیان ئەڵێن « خەلاتەکانی دەوڵەت بۆ ڕێزلێنان » وبیست و پێنج خەلاتی هاندان کەپێیان ئەڵێن « خەلاتی دەوڵەت بۆ هاندان »

ئەو خەلاتی ڕێزلێنان و نیشانەزێڕانە چین کە ئەنجومەن ئەیانبەخشێ ؟

١ ـ خەلاتی زانیاری و تەکنەلۆژیاو نیشانەی حسن کوری هیثم .
٢ ـ خەلاتی زمان و ئەدەب و نیشانەی جاحظ .
٣ ـ خەلاتی زانینی کۆمەلایەتی و نیشانەی ابن خلدون .
٤ ـ خەلاتی هونەرەجوانەکان و نیشانەی الواسطی .

نرخی هەریەك لەخەلاتەڕێزلێنانەکان دەهەزار دینارەو مەرجیش وایە کەئەوەی خەلات و نیشانەی زێڕی ئەدرێتی ئەبێت نوسراوێك یاخود لێکۆڵینەوەیەك بەرهەمێکی هەبێت کەباڵاو کرابێتەوە ناپیشاندرابێ و ئەشبێت بەرهەمی بۆ خەلات پاڵێودراو نرخێکی زانیاری یان هونەری ئایابی هەبێت و وردەکاری لێکۆڵینەوە وردەسەنا یەتیەکی ئەوتۆی تیابێت کەلایەکی تری زانین ڕونا ك و نوێ بکاتەوە و یاخود یەکسەرهاوکێی بتەوکردنی ئابوری نیشتمانی و زۆربونی بەرهەمی ئەتەوایەتی بکات و یان یارمەتی چاککردنی یەکێتی عەرەب بدات و لایەنگیری مافەکانی عەرەب و قول کردنەوەی بیروباوەڕو نرخەکانی ئەتەوایەتی و سۆشیالیستی بێت و لایەنی خەباتی گەلان بگرێت .

● ئەنجومەن هەموساڵێك چەند خەلاتی هاندان ئەبەخشێ؟

ـ ئەنجومەن هەموساڵێك لەم خەلاتانەی هاندانی خوارەوە زیاتر نەبەخشێ :

١ ـ سێ خەلات بۆ زانینەکان و تەکنەلۆژیاکان .
٢ ـ دوو خەلات بۆ زانینەکانی کۆمەلایەتی .
٣ ـ خەلاتێك بۆ هونەرەجوانەکان .
٥ ـ خەلاتێك بۆ داهێنان و پێشخستنی شێواز .
٦ ـ پێنج خەلات بۆ ئەو بەهەردارانەی تەمەنیان لەهەژدە ساڵ تێپەڕناکان نرخی هەمو خەلاتێکی هاندانیش دووهەزار (٢٠٠٠) دینارەو بەخشینی خەلاتەکانی ڕێزلێنان و نیشانەکان بەمەرسومی کۆماری و خەلاتەهاندانەکان بەفەرمانێك لەلایەن وەزیرەوە پێشکەش ئەکرێن .

● ـ هۆ پێویستەکانی ئەم یاسایە کامانەن ؟

ـ زانین و تەکنەلۆژیاو ئەدەب لەم چاخەماندا بونەتەکەرەسەیەکی کاریگەر و کەلکداری بنەڕەت بۆ کاروباری بتاغەنان و پێشکەوتنی ژیانی میللەتان . جاران ئیمبریالیزم ئەگەر بەهێزی سوپاداگیرکەرەکانیان دەسەلاتی خۆیان سەپاندبێ ئەمڕۆلقەکانی زانین ئەگرێتەو بۆ نیازی خۆی و دەستبەسەر گەلان گرتندا بەکاریان ئەهێنی .

شۆڕش لەعیراقدا ڕێگەی سەربەستی و پێشکەوتنی گرتوە ، لەبەر ئەوەلەسەرپناغەی پیروباوەڕو ستراتیژی بایەخی بەولقانەداوە کە بونەتە هێزێکی تەواوڕونا ك . بەڕێز سەرۆك کۆمار بایەخی تایبەتی خۆی لەم کارەدا هەیە چونکە مەسەلەی یارمەتیدانی کەورە ڕۆشنبیران و داهێنەران و زاناو پشت گرتنیان جوارچێوەی گشتی یاسادانانی جێ گیرو ئامانجدار ئەبەخشێ .

لەبەرئەوە داڕشتنی دانانی ئەم یاسایە بۆ ئەوەیە کەبێتە بنچینەیەك بۆ کاروباری یارمەتیدانی زاناو گەورە ڕۆشنبیران و داهێنەرەکان و پشت گرتنیان لەوڵاتەکەماندا و لەنیشتمانی عەرەبماندا .

ئەمەش بۆ ئەوانەی کەبەرهەم لەڕێی خزمەتی مرۆڤایەتیدا پێشکەش ئەکەن و هەڵوێستی ئاشکرایان بۆ سەرکەوتنی مەسەلەی چارەنوسیمان هەیە .

● لێکۆڵینەوە ●

فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی

ـ پێویستە هوشیاری فۆلکلوری لە ناوچەی ئۆتۆنومیدا بچەسپێ
ـ کانگای هونەری لە بیارەو تەویلە .
ـ بایەخدانی تایبەت بە کە لەپوری گۆرانی کوردی .

پارێزگاری کردنی کەلەپوری گۆرانی و مۆسیقا لە ناوچەی ئۆتۆنومیدا ، ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییە، چونکە ، بەر لە هەمووشتێ هوشیاری فولکلوری لەناوچەکەدا ئەچەسپێنێ و هانی داهێنەرە هونەریەکە زگماکەکان ئەدات لەوەدوربکەونەوە هەرخەریکی گاوێژکردنی ناوازو گۆرانیەسواوەکان بن و ژمارەیەکی زۆریش گۆرانی بێری میللی هەن کە ڕەسەنی هونەری گورانی شارەزان و تیشکی ئەو دەنگ و ئاوازانەیان شادی و کامەرانی ئەبەخشێ .

لێرەوە ، شۆڕشەکەمان سوربوە لەسەر پاراستنی فولکلوری نیشتمانی و هەموو ڕەو توانای بۆ ژیانەوەی کەلەپوری هونەری مۆسیقا خستۆتە کار و یارمەتی مادی و مانەوەی بۆ ئەم مەبەستە خستۆتەکار .

جا بۆیە ، چالاکی دلسۆزانەو لێهاتوانە لەوەزارەتی ڕاگەیاندن کەوتۆتە خۆ بۆ ئەوەی سامانی هونەری ڕابوردو لە کەلەپوری نیشتمانەکەمان هەلێنجێنری، ئەنجام و بەرهەمی ئەم چالاکیەش ، دامەزراندنی مەلبەندی لێکۆڵینەوەی مۆسیقای ئاسایە کە سەر بە دەزگای ڕاویژکاری هونەری یە لەوەزارەتی ڕاگەیاندن و لەوەزارەتی ڕاگەیاندن و لەمانگی تشرینی یەکەمداو لەلایەن بەڕێز وەزیری ڕاگەیاندنەوە بەبۆنەی ئاهەنگەکانی وڵاتەوە لە ڕۆژی موسیقای جیهانیدا ئەکرێتەوە ، ئەرکی بنەڕەتی مەلبەندەکە کۆکردنەوەی کەلەپوری گۆرانی و مۆسیقایە بەو جۆرەی ببێتە ماددەیەکی بەبیتی لێکولەرەوەکان و وەك تۆماریکی میژوویش بمێنێتەوەو شایانی شانازی بێ .

یەکەم کار ئەم مەلبەندە کردویەتی ئەو سەرنجدانە تێکڕایە بوە بۆ گەڕان بەدوای نوسلوبی گۆرانی فولکلوری و گۆرانی بیژو ئاواز دانەرەکانی دەستی بی کردوە ، سەرەتاش بەکارکردنی گورج و گۆڵانە لە باکوری نیشتمانە خۆشەویستەکەماندا دەستی پێ کردو لێژنەی سەربەرشتی کردنی ئەم کارە بەرهومێکی زۆری فولکلوری کوردی پاك و بەنرخی دۆزیەوە ، کە هیچ لایەنێکی تری هونەری کاری تێ نەکردوە ، لەبەر هویەکی زۆر ساکاریش ، کە بریتی یە لە نەگەیشتنی بلاوکراوەی تەلەفزیون و ئیستگە بە هەندێ شوێنی ئەو ناوچەیە ، وەك ناوچەی « هەورامان » لە (بیارە) و (تەویلە) گۆرانی فۆلکلوری نیشانەی ڕەسەنی و خۆش ئاوازی و نەرم و نیانی پێوە دیارە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆو تەواوی بە دانیشتوانی ناوچەکەوە هەیەو ڕەوشت و خویان ئەنوێنێ کە لە سروشتی دوور و تەنیا وەرگیراوەو گۆرانی کوردی ناوچەی هەورامان هیچ گوڕانێکی بەسەردا نەهاتوەو بەئالاتی مۆسیقای ڕۆژئاوا شلاق نەبووە .

لە پێناوی سەرنجدانی ڕاستەقینەی کاروباری ئەو لێژنەیەدا لە بیارەو تەویلە چاوەمان بە کاك (هورمز حەنا)ی لێپرسراوی مەلبەندی لێکۆڵینەوەی موسیقا کەوت کە سەروکی ئەو لێژنەیە بوو، ئەم بارەیەوە وتی :

● جێی داخە زۆر گۆرانی سازگاری ڕەسەن خەریکە لەناو ئەچێ و وای لێ دێ ئەوەی نوێ لەو سامانە گۆرانیە دوورەو پەرێز بوەستێ و ئەم ڕاستیەشمان کاتێ بۆ ڕوون بوەوە کە چاوەمان بە گۆرانی بێژە پیرەکان کەوت .

● داواتان لێ کردن گۆرانیتان بۆ بڵێن ؟

ـ بەڵێ ، لەسەرەتادا داوای لێ بوردنیان کردو سڵیان لەوە ئەکردەوە گۆرانیەکانیان لەڕادەی گۆرانی نوێدا نەبێ کە لەگەڵ ئالاتی مۆسیقای نوێدا ئەوترێ .

● گۆرانی میللی بەو جۆرە لەکوێ زۆرە ؟

ـ لە ناوچەی « بیارە » و « تەویلە » کە بە تاکە یان بە کۆمەڵ ئەوترێ . یان یەکێك ئەیلێ و کۆمەڵی لەکاتی کاری هەرەوەزیا ئەسێنن و یان کاتی ئەچن بۆ ڕاو یان لە ئاهەنگ و شایيدا .

● هەروەها لە کاك «یوسف هورەز »مان پرسی کە ئەندازەیەکی لێژنەکەیە ، ئایا بەناوبانگ ترین گۆرانی ئەو ناوچەیە کامانەن ؟

ـ « سیاچەمانە » و « حاڵەی ڕێبوار » و « هەی مەچۆ مەچۆ » و « لای لایە » و « هەڵاڵە » و « مینا » و « دەمەگری مەگری » و « کەمەرە شل » و « لەو کۆڵانە تەنگە » .

● گۆرانی « سیاچەمانە» چۆن ئەوترێ ؟

ـ ئاوازێکی سازگارەو سازو خۆشی لەچیاو دوڵ و دەشتەکانەوە وەرگرتوە ، دوو کەس ئەیڵێ یان چوار کەس ، بە مەرجێ دەنگیان لەیەك بچێ، دەستەی یەکەم ئەیڵێ و ئەوانی تر بۆی ئەسێننەوە ..

لە کۆتایدا ، ئەم بەرهەمانەو

بروانە : ل : ٧

مەلبەندی کۆمەلایەتی هەولێرداتەقەللای چالاکانە لە ،

مەلبەندی کۆمەلایەتی هەولێر بەکێکە لەو دام و دەزگایانەی هەولێر کەوا خزمەتێکی فراوان پێشکەش بە جەماوەری منال و نافرەتانی هەولێر ئەکات .

ئەم مەلبەندە هەروەکوو خوشکە (نەسرین حەمید) بەڕێوەبەری وتی : مەبەستی سەرەکی لە دامەزراندنی پێشخستنی جەماوەری نافرەتان و منالە نەخوێندەوارەکانە لەباری ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی یەوە . چونکە ئەم ناوچەیە هەتا ساڵی ١٩٧٤ کە ساڵی کردنەوەی ئەم بنکەیەیە بەجۆرێکی فراوان دواکەوتن و نەخوێندەواری لەناویاندا باڵاوبۆوە بەڵام ئیستا دوای ئەوەی سوودی ڕاستەقینەی ئەم مەلبەندەیان زانی نافرەتان خۆیان و منالانیان ڕووی تێ ئەکەن .

ـ باشە ئەم مەلبەندە چەند بەشی تیادا هەیە ؟

× ئەم مەلبەندە لە چەند بەشێکی هەمەجۆر پێك هاتووە بۆ ئەوەی ئەو نافرەتەی ڕووی تێ ئەکەن بچێتە ئەو بەشەی کە لەگەڵ توانا ئارەزووی خۆیاندا ئەگونجێ لەم بەشانەشی :

بەشی باخچەی منالان .

بەشی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری :

لەم بەشەدا ئەبن هەموو نافرەتێکی مەلبەندەکە فێری خوێندەواری ببێت چونکە مەبەستی سەرەکیمان قەلاچووکردنی نەخوێندەواری یە .

بەشی پیشە :

ئەم بەشەش لە دووروماندو چنین و چێشتلێنان پێك دێ .

بەشی چنینی مافوری دەست .

بەشی خێزانە بەرهەم هێنەرەکان

× ئەی مەرجی وەرگرتنیان لێرە چی یە ؟

ـ مەرجی سەرەکیان ئەوەیە کەوا ئەخوێندەوار بێت و تەمەنیشی لە (١٠)ساڵی بەرەو ژوورتر بێت .

× ئەی ئەوەی دەورەتەواو ئەکات ئایا ج (شهادە)یکی ئەدرێتی ؟

ـ سەبارەت بەوانەی کە تەمەنیان یارمەتی ئەدات دوای ئەوەی بەشی قەلاچوکردنی نەخوێندەواری تەواو ئەکەن ئەنێرێتە قوتابخانەو لەپۆلی جوارەمی سەرەتاییدا وەرئەگیرێن بەڵام سەبارەت بەگەورەکان شهادەیەکی خولی بیشەییان ئەدرێتی وەهەر خولەی ماوەی ساڵێك ئەخایێنێ دوای ئەوەی فێری پیشەکە ئەبن ئەچن لە کارگاکاندا کار ئەکەن هەندێکیشیان هەر لێرە وەکوو مەشقکەر وەریان ئەگرینەوە .

× ئەی ئەو بەرهەمانەی دێتەکایەوە چی لێ ئەکرێت ؟

ـ هەروەکوو ئاشکرایە مەبەستمان بەرهەم هێنانی یە بەڵکو فێرکردنە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکمان هەیە بەناوی بەشی خێزانە بەرهەم هێنەرەکان)ە مەلبەند بۆ ئەوانەی لەم بەشەدا کارئەکەن کەرەسەی کارکردنیان بۆ ئەکرێن دوای ئەوەی کە کۆمەڵی بەرهەمیان بوو ئەو بەرهەمە ئەفروشین و لە (٥٠٪) قازانجەکە ئەدرێتە کارکەرانی ئەم بەشە .

× ئایا ئەم بنکەیە بەتەواوەتی لە ناستی لێپرسراوی دایە ؟

ـ ئەوەی ڕاستی بێت لەو ڕۆژەوە کە ئەم بنکەیە دامەزراوە ئێمە هەموو هەوڵ و کۆششمان خزمەتی ئەم ناوچەیە بووە ئێمە تارادەیەکی زۆر سەرنج ئەدەینە ئافرەتان و ئەوانەی لەوەی ماوەیەك لێرە ئەبن فێری باکو خاوێنی و ڕێك و پێکی ئەبن لەماڵ ئەو پیشەیەی دەستیان، جگە لەوەی ئێمە خزمەتمان تەنها لەناو بنکەکەدا نی یە بەڵکو زۆر خزمەتی کشتی ترمان بۆ ئەم ناوچەیە کردووە وەکوو ئاوکێشان و تەرخان کردنی (باص مصلحه) قیرتاوکردنی حەندەها شەقام.

هەروەها بەردەوام ئامۆژگاری تەندروستیش پێشکەش ئەکەین و ئەوەی پێویستی بە چارە کردن هەیە ئەیبرینە مەلبەندی پاراستنی دایکایەتی و منال .

جگە لەوەی لەهەموو دەرفەتێکدا کۆڕی هوشیارکردنەوە ئەبەستین

بروانە : ل : ٧

چاندنگەهانا تاقی کرنی لەگەلەکا ..

توتین ژفەرژنت گرنگەل عیراقێ کیم کەس بێت هەبن بکار نەهینن و پتدڤی توتینێ نەبن . تاکو بەیسکەکێ یانافخوبی تیراناکەت میری ژدەرفەژی تینیت . هەلبەت ئەفەژی دبیتە ئەگەر کو باری عیراقێ بچیتە دەرفە . لبەرفێ چەندێ وەزارەتا چاندنێ یا پێکوان دکەت کو فەرژێ توتینێ بێتر لێ کەت تاکو ژدەرفە نەهینیت دیسان چاندنگەهێت تاقی کردنێ بنت پێك هینان تاکو صنفێت پالدەرکەفن ژزرەکین پاقژین بزانن بێهن و گرانی و سوتنی چەندە لەهەر صنفەکی .

ڕقەبەریا توژینەرا توتینێ لدهوکێ چاندنگەکا تاقی کرنێ یا دامەزراندنی ل گوندێ ئەلەکا مەسەرەدانەك بو فێ چاندنگەهێ کر چەند پرسیارژ فەرمانبەرێ بەریرسیارکرن ڕادەبەرێ ئەلیان اسلام وی ژی ئەلەکی خەرش بەرسفا مەداو ژدەرفەی عیراقێ بێت هینایە تاکو نهو گەمبول ئو ڕەواندوز ژجورێت نافخوبی ب سەر- کەفتینە ئوژبێت بیانی گرومو فاگراد بێ ب سەر - کەفتیە .

پرسیار : هنك جاوا تاقی رادبین دابزانین بەرگریا توتینێ بونەساخیا چەندە برکێشانی « وزن » و ڕەنگێ خو یاچاوانە بوزانینا نیشان وصفاتێت کیمیاوی نمونا فرندکەینە تاقیکەهێ بو شەکرانی تاکو دیاربیت کا شەکر چەند تیدایە نو مادی سوتنێ و

لدور دەمێ دامەزراندنا چاندنگەهێ گوت : ئەفە دوو ساڵە مە ئێ بدەست تاقی کرنێ کری و لدور هندێ کا بوجی بار بروژ چاکتر بو ژنەف ساڵە ؟

بەرسف دا و گوت : ئەف ساڵەژی قەرژ ئێ باشە بەڵێ بار چاکتربو چنکی ئەف ساڵە مە عەرد زبل نەکر . لدویف بروگرامێ مە چێ نابیت هەر ساڵ زبل کەین . بار عەرد ئێ ب هێز بو لەوا باش قەرژ ب سەرکەفت .

پرسیار : چەند جۆر هەوە هینایە بو تاقی کرنا .

بەرسف : بیست جور مەبێت هینایە (١٣) ژوان مە کرنا لسەر توتینی دکەن بەرسف : مە توتینا چل جوتیارا یا هینای ئو مە باچاندێ هەر بارچەکێ مە ناقێ جوتیاری و گوندێ وی ئێ نسەر نفیسی فان تخمە توتینا سێ ساڵا دێ چینن لفان سێ ساڵا توتین دێ ژ زرەکین « هنجین » رزگاربیت .

باشی ئەم دێ بدەست تاقی کرنا کەین تاکو بزانین کیش هەمی توخما ئێ بسەر- کەفتیە ئیکی نان دووان دێ زی گرین لفرە یافەرە ئەم بزانین کو ل چاندنگەهێ ئەم ب تاقی کرنێت مورفولوجی نەسوتنێ چەندە .

کیماتیبیت هەوە چنە

بەرسف : ١ ـ یافەرە میکروسکوبەك هەبیت ل چاندنگەهێ تاکو بشین نەساخیبیت بجویك زوی چارەکەین بەری مەترسی لێ یەبدابیت .

٢ ـ دەورا بو کادرات توتینێ فەکەن چنکی مەهەمیا ل ئامادەیا چاندنێ گەلەك گرنگ لسەر توتینێ یاخویندنی .

پ. هاوکاری دهۆك

★

Institut Kurde de Paris

سەد ئامۆژگاری بۆ سەرکەوتن بەسەر ماندوبوون و شەکەتیدا

ئەمە ناوی ئەو کتێبەیە کە نوسەری فەرەنسای « پییرسو لینیك » نوسیوێتی و لە پێشەکیەکەیدا ئەڵێت ئەم کتێبەی بۆ ئەو کەسانە داناوە کە هەمیشە هاواری ماندوێتیانەو ناشزانن هۆیەکانی چیە !

لە کتێبەکەدا دووپاتی ئەکاتەوە کە وەختەکانی خواردن و جۆرەکانی خواردنن کار ئەکەنە سەر تەندروستی مرۆڤ .. ژەمی بەیانیان لە ژەمە گرنگ و سەرەکیەکانە .

مەرجەکانی ژەمی بەیانی لە بەشێکی تەواوی ئەم کتێبەدا داناوە .. بۆ نمونە ژەمی بەیانی لە گەل لەخەو هەڵساندا پێش دەموچاو شتن ئەبێت دەست بێ بکرێت بۆ ئەوەی کاتی ئاو بە خۆداکردنی بەربەیان لەگەل دەست پێکردنی هەزمدا لەش شتە بە کەلکەکانی ئەو خواردنە بمژێت .

ئەوسا بۆ دەرەوە چون و سەرکار خۆ ئامادە بکرێت . نوسەر بەرنامەیەکی خواردنی ژەمی بەیانی چاکی داناوە .. کە ئەویش یەکەم کوپێك ئاوی میوەی گوشراوە . دوایی فنجانێك چا یاخود قاوەی بێ ڕەنگ .. لە گەل بارچەیەك کەرە یان پەنیری سپی و بارچەیەك نانی زۆر برژاو دوو کەوچك هەنگوینی سپی یاخود مرەبا .. ئینجا سێوێك یان هەرمێیەك و تێبینی کردنی ئەوەش کە لە پرتەقاڵ و ترێ دورکەوتنەوە باشە چونکە ئەم جۆرە میوانە دیواری گەدە گرژ ئەکەن .

دوکتۆر پییرسو لینینك دوویاتی ئەکاتەوە خواردنی میوە بە تونکلەوە زیان بە گەدە ئەگەیەنێت و وای باشە میوەی وەکو سێوو هەرمێ پاك بکرێن .. ژەمی خواردنی چاك ١٥٠ گرام گۆشتی سوری برژاوەو .. (٢٠٠) گرام سەرزەو دەوریەك زەڵاتە کە هەندێك زەیت و لیمۆی تیابێ و سرکە نەبونی باشە چونکە ئەگەرە ئەخاتە ڕێگای هەڵسوڕانی گەدەوە .. ئەمانەش لەگەل پارچەیەك پەنیری سپی و نانی برژاوی وشك و دانەیەك شیرینایی و دوایپش فنجانێ قاوەی کەم ڕەنگی بەسەردا بکرێت .

ئەم ژەمە هەمە جۆرە شتی تێ ایە .. باشبەکەشی ئەوەیە بۆ گەدە سوکەو بە ئاسانی هەزم ئەبێت و مرۆڤ لە کاتی هەزم بونی خواردندا هەست بە ئازارو ماندوێتی ناکات .

بەڵام لە بارەی ئاو خواردنەوەوە ئەم دوکتۆرە ئەڵێت کاتی نان خواردن ئاو ئەخورێتەوە چونکە ئاو خواردنەوە کار ئەکاتە سەر ئەو شتانەی ئەرژێنە گەدەوە و بارمەتی هەزم ئەدەن بە کورتی کەمیان ئەکاتەوە و کارێك ئەکات کە ئیش و کاری هەزم کردن ئارەحەت بکات ، وای بە باش ئەزانێت کە هەندێك بان کەمێ ئاو پێش نان خواردن بخورێتەوە .. دوای سەعاتی بەسەر دوان ئەوکاتە مرۆڤ شتێك ئاو بخواتەوە ئەمەش پێویستە چونکە ئاو ئیش و کاری کورچیلەکان کەرم ئەکات و میز ژۆر ئەکات ، ئەشتوانرێت ئاوی ئەو میوانە بخورێتەوە کەوا فیتامینیان زۆرە یاخود فنجانێك تابۆ یان ئاوی ئەعنا یاخود ئاوی زیرەی کولێنراو بخورێتەوە .

شارەزای فەرەنسایی خواردن ئەوە دووپات ئەکاتەوە کە فنجانێك ئاوی گەرمی ئەم گژو گیا سروشتیانە پێش خەوتن مێشك دێنێتەوە سەر خۆو یارمەتی خەوێکی خۆش ئەدا .

لە بەشەکانی دوایی ئەم کتێبەدا نوسەر هەندێك ئامۆژگاری گشتی داناوە کە کەلکیان بۆ ساغی هەیە و ماندوێتی ناهێڵن .

یەکەم : گەرماوی زۆر گەرم و ئاوی زۆر سارد زیان بەخشن ، دوشی شلەتێن بە باش ئەزانێت چونکە ئاوی گەرم کار ئەکاتە سەر شانەکانی لەش و ئاوی سارد ئەمرانی خوێن تەگەرە تێ ئەدات .

دووەم : خەوتنی زوو پێش نیوەی شەو باشترە لە وەی کە درەنگ بخەویت .

سێیەم : دانیشتن لە بەر تەلەفزیوندا پێش خەوتن ئازار بە چاو ئەگەیەنێ و خەڵکی توشی ئێشێك ئەکات بەیانی کاتی لەخەو هەڵسان هەستی پێ ئەکرێت .

چوارەم وەرزش ژۆشتن .. زۆر بایەخدارەو ناشبێت لە پێوسەعات کەمتر بێت بەڵام ئەبێ لەسەر خۆبێت .. لە گەل هەڵمژینی بای باکدا .

لە کۆتایی کتێبەکەدا نوسەر ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە ئەوەی شتوانەی خواردن و پاراستنی وەختی نان خواردن و جۆرەکانی خواردن بەکار بهێنێ هەست بە ماندوێتی ناکات .

ئەوەی جهانی پێویستە لە چێشتخانە دابێت .

١ ـ ئاگاداری پاکوخاوێنی لەهەموو شوێنێکی چێشتخانەدا لەدارو دیوارو قاپوکاسەو هەرجۆرە شتێکی بەکاردێت لەناو چێشتخانەکەدا .

نیشانەی پاکوخاوێنی ئامادەکردنی ئەو جۆرە خواردەمەنیانەیە کە تیادروست ئەکرێ و پلەی کەندروستیەتی

٢ ـ چێشتخانە ئەبێ ڕێی جوڵانەوەیەکی ناوخۆیی سەربەسەت بدا بۆ ئاسانی نیشوکار .

٣ ـ باشتر ئەوەیە سەللاجەش لەچێشتخانە دابنرێ .

٤ ـ هەندێ دۆڵابی ڕێك و پێك لەبن دیواری چێشتخانە بەشێوەیەکی جوان دابنرێ و شتی تیا هەڵبگیرێن بێ ئەوەی ئەوشتومەکانە دیاربێت لەدەم و دەرگاکانیەوە .

ئامۆژگاری

بایەنجان بەراشی

پێك هاتوە لە : ـ چەندانە بایەنجانێك ـ ڕۆنی شل ـ راشی ـ زبیدە چوارکۆتو سیر ـ خوێ ـ (ئالەت پیپەر) (ئاوی لیمو ، مسك) یاخود سرکە ڕۆنی زەیتون ـ معدونسی جنراو .

کردنی :ـ

بایەنجانەکە پاك ئەشۆرێتەوەو سەروقنجکی ئەکەی لەشیش ئەدری لەگەل پیاز هەر بەساغی :

ئەمانە ئەخرێنە ناو فڕنەوە تا بێ ئەگا ئینجا پاك ئەکرێ و ئەکوترێ لەدەسکەوانا بەباشی .

ئنجا سیروخوێ و ئالەتو زیرەکەش ئەکوترێ بەیەکەوە ئەکرێ بەسەر بایەنجانەکوتراوەکەدا عەروەها ئاوی لیموکەش .. راشیەکەش بەجیا لەقابیکا بەئاوەوە تێکەڵ ئەکرێ وردە وردە ئاوی تێ ئەکری ئەگەر خەستبوەوە .

ئەم راشیە شلەئەکرێتە سەربایەنجانەکەو تێکەڵ ئەکرێ لەقاب ئەکرێ ئینجا ڕۆن زەیتونەکەی ئەکرێتە سەرو هەندێ معدونسی جنراو .

• بانگەوازێك لە گۆشەی خیزانەوە •

ئەم گۆشەیە ، گۆشەی ئافرەت و خیزان لەبەر ئەوەی لە خۆئانەوەو بۆ خۆتانە ، بۆیە هیوادارین چاکی هیمەتی لێکەن بەلاداو ، بەو بابەت و نووسینانە یارمەتیمان بدەن کە خۆتان بۆ ئەم گۆشەیەی ئافرەتی کورد بەباشی دەزانن .

ئەمە سەرەرای ئەوەی ئامادەین وەڵامی گشت پرسیارێکتان بدەینەوە کە دەربارەی گیرو گرفتی ناومالو ئافرەت و خیزان و منداڵ بەروەردە کردن بێت .

جاوەڕوانی بەشدارێتان دەکەین بۆ ئەوەی پێکەوە ئەو خزمەتەی لەم کۆڕەدا پێمان دەکرێت بیکەین و . پێشەکیش سوپاس .

سەربەستی سۆزی زۆرە

ئافرەت لەهەموو ناوچەی کوردستانا ناسراوە بەسەر بەست ئەو سەربەستیە تایبەتیەی کە لەتەکیا هاتوتە دنیاوە بەجوورە سەربەستیەکیش هاتۆتە دنیاوە کە هیچ پەیوەندی بەدەسکاری پزیشکی و نەخوشخانە نەبوە ، بی دەنگ بێ بەرگ ، بێ ئارایشت بێ قایش و کەمەربەندی توند ، بێ عەبا .

ئافرەتی کورد صەدەها ساڵ لەمەوپێش بەسەربەستی ژیاوەو شانبەشانی پیاو خۆی هاویشتۆتە ناو گەرمەی ئیشوکارو ڕەنجی بەجەرگ بێ جیاوازی لەپیاو ، توانیویەتی ئەوە بگەیەنێ کە ئامادەیە بۆ هەموو جۆرە ڕەنجێك . بەڵکو ئەو کارانەی کە لەزووەوە بەکاری ئافرەت ژمێردراوە وەکو ئیشی ناومالو منال پەروەردەکردن و نان و خواردەمەنی ئامادەکردن بۆخێزان ئیشیکی نەوتۆ نەبوە بەلای ئافرەتی کۆنەوە .

نەخێر ئافرەتی کورد بەشداربوە لەداربڕین و ڕەزچاك کردن و زەوی کێڵان و جووت کردن و بەرهەم کۆکردنەوەو تەنانەت فرۆشتنی بەرهەمیش ئینجا سواریکی ئازاو چابووك بوە بۆ ڕیگاویان و گەلێ جاریش حەسانەوەی خۆی بەخت کردوە بۆ میردەکەی و منالەکانی لەڕیگاویان ئەوانی بەسواری پێش خۆی داوەو خۆی لەدواوە هەربۆ ئەوەی تا لە توانایا بێت خۆی بەخت کا لەپێناوی ماڵومنالی و حەسانەوەی خیزانی .

ئەو ئازاییەو چالاکیەی لەئافرەتی کوردا هەبوەو هەیە نا ئیستا ئەگەر بهانایە خونیدەواری و زانین بێ بەبێ بڕویشتایە لەسەرەتای مێژووی ژیانیەوە نا ئیستا ئەبوو بەیەکە ئافرەتی ناسراو لەجیهاندا ، لەگەل ئەو هەمو

نجاه رفیق حلمی

بروانە : ل : ٧

لاوان و قوتابیان

لە یاری توپی پێدا :

شاخەوانی وەرزشێکی ستەواو سادەیە

ئەوەی گومانی تێدانیە کە یاری کەری هۆش بەسەر « لاعب الماهجم » زیاتر لە هەموو یاری کەرەکانی تر تووشی گیروگرفتی و چاودێریەکی بەهێز دەبێت لە لایەن تیپی دژەوە ..

بۆیە راهێنەری تیپی دژ « المدرب » گشت کات یاری کەرێکی تیژ ڕەوو بەهێز دادەنێت بەرامبەری ئەم هێرش بەرانە ئەمەش هەمووی لە پێناوی سەرنەکرتنی ئەو هێرشانەی کە ئەبرێت ..

بۆیە زۆر جار یاری زانی هێرش بەر تووشی توڕەیی دێت و ناچار دەبێت لە یاریکاکە بچێتە دەرەوە .. چونکە ئەگەر هێرش بەر لەم کارەیدا سەرنەکەوت واتە تیپەکەی ئەبدۆڕێنێت .. کەواتە با تیپەکەت لە هێرش بەرێك زیاتری هەبێت .. لەم کاتەدا دووجۆر هێرش بەر دروست دەبێت .. یەکەمیان بە (هێرش بەری ئاسایی) ناو دەبرێت دووەمیشیان بە (هێرش بەری ئاڵا) ناو دەبرێت .. کەکەمیان زووی خۆی دەدات بە دەستەوە بەوەی ناتوانێت هیچ بەرگری یەك بکات .. دووەمیشیان گوێ ناواتە گیروگرفتەکان و ڕاستەوخۆو زۆر بە ئاسایی بە سەر تۆپەکەدا زال ئەبێت و لە تیپی دژی دەر دەکات .. ئەزانی چۆن ؟ لەسەر خۆو ئاگاداری یاریەکە بەو بیر لە دژەکەت مەکەرەوە . . ئەوکاتە ئەبێتە هێرش بەرێك لە جۆری دووەم .. چونکە هێرش بەر کۆلەکەی یاریەو دەورێکی گرنگ دەگێڕێت لەم بوارەدا .. کەواتە لە هێرش بردندا ئاکات لە خۆت بێت .. ؟..

● وەرزشەوانێك ●

کەمێرش دەبەیت ئاگات لە خۆت بێت

هەرچەندە ناوچەی شاخاوی سەرووی وڵاتە کەمان بەرینەو بەرزو نزمی جۆربەجۆری تیادایە ، بەڵام زۆرکەم ئەبینین کە یەکێ لە دانیشتوانی ناوچەکە یاخود ئەوانەی کە لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا بۆ گەشتو گوزار ڕووی تێ ئەکەن خەریکی وەرزشی شاخەوانی بێت ، کەچی ئەم جۆرە وەرزشە لە وڵاتەکانی تردا کە شاخو داخی هەیە گەلێ یاریکەر شاخەوانیان کردووە بە پیشەو یانەو یەکێتی تایبەتی خۆی هەیە .

ئەم جۆرە وەرزشە زۆری تێناچێت و لە باوەشی سروشتو هەوایەکی بەرەڵادا ئەکرێتو ئەبێتە هۆی بڕوتی هەموو ماسولکەکانی لەش و هیچ جێی مەترسیش نیە . هەروەها ئازارێکی لێوە پەیدا نابێت کەمێك ئێشو ئازاری ماسولکەکانی لاق ئەبێت کە دوای ماوەیەك ڕێکردن و جوولانەوە ئەوێش نامێنێت . ئەم جۆرە وەرزشە توانای ئەو کەسە لە پێشخەریدا دەرئەخات کە دەیکاتو تاچ رادەیەك توانای ئەوەی هەیە خۆی بخاتە مۆڵەکەوەو چەند ئەتوانێ هەڵوێستی ناسك هەڵسەنگێنێت و گیانی وریایی تێدا دروست ئەکاتو ئازایەتی ئەبەخشێت لە بەرەنگاربونەوەی ناخۆشی و مەترسی هەڵەزرو شوێنە بەرزەکان ، لەدوایدا هەستێکی دڵرەحەتی ئەداتێ .

● لێرەدا ئێمە باسی باڵەوانەکانی شاخەوانی و ئەوانەی وەرزشکاران کردووە بە پیشە ناکەین ، بەڵکو ئێمە باسی ئەوانە ئەکەین کە خەڵکی ئەکەن لە دارستانەکان و ناوچە شاخاویەکان گەشت و سەیران بکەن ، ئێمە لەوانە ئەدوێین کە زۆر بە بێ ئەڕون و هەوڵ ئەدەن وزەو توانای لەشیان بە هێزتر بکەن ، مەبەستمان ئەو کەسانەیە کە شوێنە شاخاویەکان بەجوانی خۆی سەرنجیان ڕانەکێشت و ئەیانەوێ نهێنیەکانی بخەنە ڕوو . نیازمان ئەو کەسانەیە کە تووشی تەنگانە هاتوون و زیرەکانە توانیویانە خۆیان ڕزگار بکەن !

باشترین وەرز بۆ ئەم جۆرە وەرزشە

● بەشێوەکانی شاخەوانی وانەزانن کە باشترین کات بۆ ئەم جۆرە وەرزشە وەرزی بەهارە یان پایز یاخود لە هەر کاتێکدا کە هەواکەمی فێنك بێت و شێدار نەبێت . . هەروەها ئەبێ لە لووت بەرزی و خۆخستنە ناو مەترسی و تەنگانە دووربێت بە تایبەتی ئەوانەی کە تازە دەست بە یاریەکە ئەکەن . بەهیچ شێوەیەك خەیالی ئەوە نەکەی لە کاتی وەرزش کردندا لە یەکەم جاردا خۆت بە سۆبەرمان یاخود یەکێ لە پاڵەوانەکانی ئەم وەرزشە بزانیت هەرچەندە بە هێزو لە تافی لاوێتیدابیت .

پێویستیەکانی وەرزش

● گرنگترین پێویستیەکانی ئەم جۆرە وەرزشە پێڵاوە بۆیە ئەبێ پێڵاوەکە فراوان و قایم بێت و گۆرەویش ئاسایی بێت و ئەستوور نەبێت . پێڵاوەکەش باشترو ایە جنراوبێت یاخود لە پێستێکی نەرم و مۆدیلی درێژو باژنەیەکی بتەو دروست کرابێت . جۆرە پێڵاوێك هەیە کە تایبەتیە بۆ ئەم مەبەستە ، ئەمەش تارادەیەکی زۆر لەو پێڵاوانە ئەچێت کە بۆ یاریکەرانی سبەتە دروستکراون .. هەڵیزاردنی پێڵاوێکی شیاو شتێکی گرنگە بۆ ساغو سەلامەتی شاخەوانەکە ، دیسان ئەم جۆرە وەرزشە پێویستی بە بانتۆلی فراوان هەیە کە لە قەدیفە دروست کرابێت ، خۆ ئەگەر بانتۆلەکە کورت بێت یاخود لە جۆرەکانی کاوبۆی و فراوان بێت ئەمە باشترە تاوەکو ئەبێتە تەگەرە بۆ جوولانەوە ، یاریکەر ئەبێ بەتێکی لەگەل بێت درێژییەکەی (١٥)م و ئەستوورییەکەی (٩)مم بێت .

● وەرزشی شاخەوانی مەترسیەکی ئەوتۆی نیە تەنیا ئەوە نەبێت کە یاریکەرەکە بکەوێت ئەگەر هاتوو تووشی لێزاییەکی زۆربوو ، لەلایەکی ترەوە ئەگەر بەشوێنێکی لماویدا ڕۆیشتی لە یەکێ لە کۆڵانە شاخاویەکاندا هەولبدە لەسەر پەنجەی پێت بڕۆی نەك لەسەر باژنەکانت . هەروەها وریابە لە پێدانانە سەر پەردو ووردە پەردو تاشە بەردی بجووك تا بتوانیت لێی دووربکەوە ئەوەکو پێتە جێی مەترسی و گیروگرفتت بۆ دروست بکات . هەروەها بەسەر پەردی تەڕو شێدارو لوسدا مەڕۆ ئەکو پێت بخلسکێت و بکەوێتە خوارەوە . لە هەموو باشتر ئەوەیە پیاو هەموو ڕێگاکان بزانێت و شارەزای پێت پێش ئەوەی دەست بەبڕۆژەکەی بکات .

● بەڵام شاخەوانی لوتکە بەرزو هەزاربە هەزارەکان چێکای باس نیە لەم لێکزلینەوەیەماندا . چونکە لە هەموو وڵاتێکی شاخاوی کە ئەم جۆرە یاریەی لێی باوە یانەو یەکێتی تایبەتی خۆی هەیە مەشق بە یاریکەران ئەکات و گەشت و سەیرانیان بۆ ڕێك ئەخات لە پشووی حەفتانەو پشووی ساڵانەدا بۆ ناوچە شاخاویەکان هەروەها یانەو یەکێتی دەولەتان هەیە بۆ ڕێکخستنی پێشبڕکێ لە نێوان باڵەوانەکانی وڵاتەکاندا لە وەرزێکی دیارکراوو بە گوێرەی بڕۆگرامێکی تایبەتی هەروەکو هەموو جۆرە وەرزشێکی تر .

چاوێکی کە وتنی لەگەڵ سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی دهۆك

هیوا ئامادەی کردوە

لە کاتێکا هەنگاو بەرەو ساڵی تازەی خوێندن دەنێین و ، دەرگای قوتابخانەکان ئاوڵایەو بە پەرۆشەوە سنگی بۆ قوتابیانی دلسۆزو سەربازی دوارۆژی نیشتمان کردۆتەوە ، لەگەڵ ئەم هەنگاوە پیرۆزەی ئەم ساڵدا یەکێتی قوتابیانی کوردستان ، قۆناغی بڕ لە خەبات و تێکۆشانی خۆی دەبڕێت و لە ڕێگای شۆڕشگێڕانەی خۆیەوە لیژنەکانی کارکردن و ڕابەراندن دەکەونە جموجولی خۆیان ..

بەم بۆنەیەوە چاومان بە بەڕێز ناصر محمد سعید سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی دهۆك کەوت و چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد :

کاك ناصر لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی جموجولەکانی لقی دهۆك ئەو ڕاستیەی سەلماندا کە کەکێتمان یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە هەموو مناسبەتێکی نیشتمان و ناهەنگەکانی وڵاتدا ، بەشداری کردوە ، لە ڕووی هونەری و پیشەیی و وەرزشیەوە .. لقی دهۆك هەستاوە بە گێرانی ناهەنگ ، بۆ قوتابیان جگە لەوەی چەندان سەیرانی بۆ قوتابیان ئامادە کردوە و بەشداری کردوە لەڕوی هونەری و پیشەیی و وەرزشیەوە ..

لقی دهۆك هەستاوە بەگێرانی ناهەنگ بۆ قوتابیان جگە لەوەی چەندان سەیرانی بۆ قوتابیان ئامادەکرددوە بۆ ئامادەکردنی بڕۆگرامی تایبەتی بۆ ئەوەی بەشداری لاوانی دهۆك بکات لەوەو جموجولانەی لە ڕوی ئەدەب و هونەرەوە پێی هەڵدەستن .

پاشان یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەستا بە گێرانی یاری باسکەو باڵە لەگەڵ زانکۆی موصل ، کولیژی زانیاری ، لەم یاریانەشدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە .

جگە لەوە کاك ناصر باسی ئەو تیپە هونەریانەی کرد کە

بروانە : ل : ٧

بۆ یەکێتی یەوەرزشەکانی ناوچەی کوردستان

تکا لە یەکێتی یەوەرزشەکانی پارێزگاکانی کوردستان ئەکەین کە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و بەردەوام چالاکی لقەکانیان بە هەموو جۆرێکیانەوە چ لە یاری فوتبۆلیو چ لە یاری باسکەو باڵە ساحەو مەیدانو چاوپێکەوتن لەگەڵ لیژنەی سراوانی یەکێتی یەکانو ئەنجامی ئەو پێشبڕکیانەی کە لەوێدا ئەکرێن بەردەوام بۆمان بنێرن بۆ ئەوەی لە لاپەڕەی وەرزش و لاواندا بڵاوی یەکەینەوە لەگەڵ سوپاس .

• کۆمەڵایەتی •

لە لاپەڕەی حەوتی (هاوکاری) یەوە بۆ ئاگاداری

لە ژمارەی داهاتووەوە ، لەلاپەڕەی حەوتی رۆژنامەکەماندا بۆ زانینو بۆ ئاگاداری کۆمەڵایەتیو بروسکەی سەرخۆشیو بیرۆزبایی خەڵکی بڵاو ئەکەینەوە ، هەر هاوڵاتیەك ئەیەوێ بۆ ئاگاداری بەو جۆرە بڵاو بکاتەوە ، پەیوەندی بکات بەبەشی دارایی دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی یەوە ، یان رۆژنامەی « هاوکاری »و چاوەڕێن .

« هاوکاری »

کردنەوەی عیادەیەکی نەخۆشی منداڵان

دکتور خورشید ابراهیم دزەیی ، اخصائی لە نەخۆشی منداڵان لەدانشگای لەندەن دەرچووە ، عیادەکەی کردەوە لە شەقامی ١٤ رمضان لە نزیکی شرکەی ئەفریقی لە مەنصور .

دەوام ئەکات لە سەعات ٥ ئیوارە تاکو سەعات ٩ی ئیوارە .

ت ماڵەوە ٥٥٥٦٥٧٢ .

دوکتور
خورشید دزەیی

ون بوونی جانتایەك

جانتایەکی دەستەیی رەش رەنگ وون بوە یارەو بولەی کومیانیای گشتی نوتومبیلو پیناسی زووری بازرگانی بەغدای بەناوی ارسن فرج غلیم ای تیایە ، ئەوەی ئەیدۆزیتەوە بیهێنێتە ئیدارەی ئەم رۆژنامەیە پێشکەی سوپاس .

ون بوونی دەفتەری نفوس

من ناوم (خالد رشاد اسماعیل)ە لە پارێزگای هەولێر دەفتەری نفوسەکەم کە لە بەڕێوەبەرایتی (احوال المدنیە - بغداد) دەرچووە لێم ون بووە تکایە هەر کەس دۆزیەوە بیداتەدەست دوکانی محمود علی نادر لە شەقامی صلاح الدین بەرامبەر بانزین خانە لە هەولێر ، پێشکەی سوپاس .

بۆزانین
دەزگای گشتی پیشەسازی کیمیاوی

بەپێی بریاری ئەنجومەنی ریکخستنی بازرگانی ژمارە (١٢٦١) ای بروای ٢٤-١١-١٩٧٤ بەلابردنی بەرژوەبەرایتی ئینجاری ئوتۆو دابەشکردنی ئەرکەکانی بەسەر هەردوو وەزارەتی پیشەسازیو معادن وە کشتوکالو چارەسەرکردنی کشتوکالی بەمە رائەگەیەنینە هەموو خاوەن بەپوەندی کە مافیان لەسەر ئەو بەریە تیەناوبراودا هەیە سەر لەمدەزگایە بدەنو ئەو موستەنەدانەی کە لەلایەن بەرژوەبەرایتی ناوبراودا مافیان ئەچەسپێنێ لەگەل خۆیاندا بێنن وە بۆ ماوەی سێ مانگ لەبروای سەرەوەوە بە پێچەوانەی ئەمە مافیان ئەفەوتێ .

عدنان حمید
سەرۆکی دەزگای گشتی
پیشەسازی کیمیاوی

لە بروسکەلەکدا (پاشماوە)

هاتونەتەدی ، لەوانە ئۆتۆنومی ناوچەی کوردستان کە لە هەموانمان ئەخوازێ ریزەکانمان یەکخەین بۆ بەزاندنی ئەو نەخشە ئیمبریالیو زایۆنیو کۆنەپەرستانەی دەیانەوێ زەبر بەو دەسکەوتانە بکەیەن کە لە سایەی شۆڕشی مەزنی ١٧ - ٣٠ تەموزەوە هاتونەتەدی .

دەرچوونی ئەو بریارە بەلگەیەکی گەشی رێبازی شۆڕشو بروابوونیەتی بە چەسپاندنو پەرەسەندنی ناوچەی ئۆتۆنومیو دەسکەوتە نیشتمانیو نەتەوەیی پشتکەوتنخوازەکانمان ، زەبرێکی فەوتێنەرانەشە بۆ زوڕناکانی ئیستیعمارو کلکەکانی ، کە رژێمی سوریای بەکرێگیراو لەرابەڕاندنی ئەو نەخشانەدا بۆ لەناوبردنی بزوتنەوەی عەرەبیو رژێمە نیشتمانیو پشتکەوتنخوازەکانی ناوچەکە دەوری هەرەگەورەی تیدا ئەگێڕێ .

بەو بۆنەیەوە پارتەکەمان ، پارتی دیموکراتی کوردستان ئارەزایی بەرامبەر هەڵوێستەکانی رژێمی هەلکەڕاوەی سوریاو رێبازی تێکدەرانەی دژی نەتەوەی عەرەبو ئامانجە رزگاریخوازەکانی دەرئەبڕێ .

هەروەها پشتگیریمان بۆ بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنانو شۆڕشی فەلەستینو هەڵوێستی رەفزکەرانەی بەرامبەر چارەسەریە خۆبەدەستەوەدەرە سەرشۆڕیەکانو پشتگیری کردنی مافی گەلی فەلەستین لە ئەڕانەوەو رزگاربوونی خاکی لەدەست داگیرکاری زایۆنیو بریاردانی چارەنووسیدا بەدەستی خۆی ، رائەگەیەنین . پارتەکەمان ، پارتی دیموکراتی کوردستان بەڵێنتان ئەداتێ کە هەموو رەنجێك بەکاربهێنێ بۆ بتەوکردنی رێزەوی سەرکەوتووو چەسپاندنی یەکێتی نیشتمانی گەلی عیراقمان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی سۆشیالیستی خۆشگوزەران .

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

فولکلۆڕی رەسنی کوردی ((پاشماوە))

زۆر بەرهەمی تری کەلەپووری هونەری میللی ، ئەخرێنە بەرچاو ئەو وەفدە جیهانیانەی لە رۆژی مۆسیقای جیهانیدا سەر لەبەغدا ئەدەن .

بەشی لیکولینەوە

بۆزانین

بەپێی بریاری ئەنجومەنی ریکخستنی بازرگانی ژمارە ٥٨٣ی رۆژی ١٤-٨-١٩٧٧ کرێی شووشتنو چەورکردنی ئالیات لە کەراجەکانی شووشتنو چەورکردن بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە دەبێت:

جۆری ئالیات

شەفەلی گەورە ، بلدۆزەر ، کرێدەر ، هەلکەنێنەری تەلی سلینگی هەلگیراو لەسەرئۆتۆمۆبیل (کرێنو هەلکەنێنەر) جەراراتی کشتوکالیو سلینگی دڕکاوی

کرێی

شووشتن چەورکردن شووشتن
وچەورکردن

دینار	دینار	دینار
٤ر-	٢ر٥٠٠	٦ر٥٠٠
٤ر-	٢ر٥٠٠	٦ر٥٠٠
٢ر٥٠٠	١ر-	٣ر٥٠٠

مەرجەکانی شووشتنوچەورکردن :

آ - خاوێن کردنی ناوەوەی ئالیەت یەکەمجار بە با بۆ لابردنی خۆڵو لەباشا بەهۆی باکەرەوەو ئاو لەباشا ووشك دەکرێتەوە .

ب - خاوێن کردنو شووشتنی مەکینە بەکازو با ئەگەر چەوری ، بێوەبێ .

جـ - ئەبێ بە شامبۆی تایبەت بەئالیەت رووی دەرەوەی خاوێن بکرێتەوەو هەروەها لە خوارەوەش باش بەرزکرێتەوەی بەجێك .

د - ووشك کردنەوەی ئالیەت باش خاوێن کردنی ..

هـ - باش بەرزکردنەوەی ئالیەت لەسەر قورتایەکدا هەموو لەو شوێنانەی کە پێویستی بەچەورکردندا هەیە بەتەواوی چەوردەکرێت ...

و - گۆڕینی فلتەرو رۆن لەجوانچوو لە ئەو نرخەیە کە بریاری لەسەر دراوە بۆیە ئکالە هەموو خاوێن گەراجەکانی شووشتنو چەورکردن دەکەین کە خۆیان بەستنەوە بەو نرخەی کە بریاری لەسەردراوە لەبەرواری بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەکانی ناوخۆ .. ئەوەی لەم بریارە لابدات بەپێی ئەحکامی یاسای رێکخستنی بازرگانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٧٠ی دەستکاری کراو سزادەدرێت .

وەزیری بازرگانی
تایە عبدالکریم

لیکولینەوەی سیاسی ((پاشماوە))

رەگەزپەرستەکانی زایۆنی ، مەبەست لە خۆشکردنی ناگری شەڕەکەو راسیئی لەم هەلومەرجەدا ، ئەوەیە کە هەرچەندی بۆیان بکرێ بەرگری فەلەستین لە لوبناندا بێهێز بکەن ، تا ئەگەر مەسەلەکە کەیشتە کۆنفرانسی ژنێف ئەوا دوژمن لە مەرگەزی هێزەوە قسە بکاتو لایەنی فەلەستینیش ناچار بێ شانبەشانی رژێمە خۆبەدەستەوەدەرەکان پاشەکشە دوای پاشەکشە پێشکەش بکا .

خۆ ئەگەر کۆنفرانسی ژنێف سەریشی نەگرت ، ئەودەم دوژمن بتوانێ دەست بەسەر ناوچەی خوارووی لوبناندا بگرێو یان بیخاتە سەر قەوارە رەگەزپەرستەکەی یان بیدانە دەستی هێزە کۆنەپەرستە هاوپەیمانەکانی لە ناوخۆی لوبناندا و لە هەردوو حالەتدا ئەوناوچەیە بکاتە بەرکێوەوەیەك بۆ قەوارە داگیرکەرەکەی .

بەڵام زانین ئەوەمان لەبیر بچێ کە هەم ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو هەم رژێمە بەزیوەکانی عەرەب لە لێکدانەوەی خۆیاندا بەهەڵە چوونو حیسابیان بۆ هێزی جەماوەرو خواستی کۆمەڵانی ئەلی عەرەب نەکردووە . ئەوشەڕەکەرە عەرەبەی لە شەوی تشرینداد توانی ئەفسانەی ئەبەزیوی هێزی زایۆنی دوژمن تێك بشکێنێو کەرامەتی ئەتەوەکەی بپارێزێ ، سیبەینێش دەتوانێ هەموو ئەحشەو پیلانەکانی زایۆنیزمو هاوپەیمانەکانیو هەروەها بەرنامەی خۆبەدەستەوەرانی عەرەب هەتوەشێنێتەوە .

چاوی کەوتنی لەگەل پاشماوە

یەکێتی پێکی هێناوە وەك تیپی هونەریو موسیقاو وەرزش بۆ ئەوەی بە چالاکی بتوانن سالی تازەی خوێندن بەرێ بکەن .

هەروەها یەکێتمان دریغی نەکردوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی رێك پێك بەشداری ئەو کارە هونەریو رۆشنبیرانە بکاتو پێشکەشی جەماوەری گەلو قوتابیانی بکات لە بارێزگای دهۆکدا . کە جێگای تایبەتی خۆی لە دڵی قوتابیانو جەماوەری گەلدا کردۆتەوە . لە بارەی کاری هاوینەی یەکێتی قوتابیانی کوردستانو گرنگترین ئەو کارانەی پێی هەڵساوە ، ئەم هاوئنە سێ جار هەڵساوە بە گێرانی کاری میللی بۆ دروستکردنی کەبرو باخچەی شارەوانی لە دهۆك لە (گری مسرا)و ناشتنو ئاودانی ئەمام لە دارستانی دهۆك دا . هەروەها لقی یەکێتمان بەشداری ئۆردوگای دیدەوانی کرد کە مەکتەبی سکرتاریەت لە هەولێر سازی کرۆبووو هەفتەیەکی خایاند . جگە لەوەی یانەی قوتابیانەی هاوینەمان کردۆتەوە بۆ قوتابیان بە هەموو جۆرە شێوازو بۆ وینەیەکی قوتابیان رازاوەتەوەو . ئامادەکراوە بۆ ئەوەی قوتابیان بتوانن بە ئاسانی چالاکی هاوینەی خۆیان ببەنە سەر جگە لەوەی بەشداری ئەو پیشەنگا هونەریەمان کرد کە مەکتەبی سکرتاریەت لە هاوینە هەواری صلاح الدین کردیەوە .

لەکۆتایدا زۆر سوپاسی کاك ناصر ئەکەینو هیوای سەرکەوتنی کارەکانی یەکێتی دەخوازین .

بانگکردنی ((پاشماوە))

دکتۆر سیدنوفل یارمەتیدەری ئەمینداری گشتی جامیعەی عەرەب وتی ، بڕۆژەی بەرنامەی کارەکانی کۆنگرە کە ئەمینداریەتی گشتی ئامادەی کردووە ، چەند خاڵێکی تیدایە لەپێش هەموویانەوە باسکردنی هەشتەم کۆنگرەی بالای عەرەبو دانانی شوێنو کاتی بەستنیەتی ، لەگەل ئەوەو کۆبوونەوانەشدا کە لەپێش کۆنگرەکەوە ئەگیرێن ، چ بۆ ئەنجوومەنی بەرگری کردنی هاوبەشی عەرەب یاخود ئەو کۆبوونەوانەی وەزیرانی دەرەوە پێشنیازی بەستنیان ئەکەن ، پێش ئەوەی کۆنگرەی بالابگیرێ .

ئافرەتێکی قسە لە رووپاشماوە

پێت بژمێرە ، وەلامی راستیت بۆ دەرئەکەوێو لەسەر سوڕمانیش رزگارت دەبێ .

مەسەلەی ئەم هاتنە دەستە لە قسەدا لە کوردەواری ئێمەشا زۆر شتی خۆشی لە سەر ئەگیرێنەوە . زۆر کەس هەبوون تا ئێستاش لە کۆڕە تایبەتیەکانا ئەو قسانەیان دەماو دەم ئەگێڕنەوە کە کوتوپڕ بۆیان هاتووەو ، بەرامبەرەکەیان پێ دەم کوت کردوە .

بوستەی ئەدەب وژیان پاشماوە

برادەرانم بۆ دەگێڕیتەوە : فلان لە تۆ زیرەکترە ، فلان وایەو تۆوای ، فلان سەرکەوتوو تۆدواکەوتی .

توخۆ جا چۆن دەیەوێت لە قوتابخانەشا سەربکەوم ، جا کە دواکەوتووم کێچەلەکە بەرەو کەورەبوون دەڕوات .

لەم ماڵەدا خەریکم شێت بم . بە دوای چارەیەك دەگەڕێم بەڵام بۆ ئەوەی بیدۆزمەوە . مال بەجێ بێڵم ؟ بەڵام بۆ کوێوە ؟ شەر لەگەلی بکەم ؟ ئێجا ؟ چی ؟ چی ؟ وەڵام نیە .

ئەوەیە کیروگرفتە کەمان لەگەل خێزانەکانمانو تێنە گەیشتنی بیروڕامان . ئایا مەتا کەی ئەو کێچەلە هەر دەمێنێت ؟؟

علی کریم اسماعیل
بەغدا
هۆزاوە

● عثمان عبدالله کوردە - هەولێر :

بە ئەواو ، نابەتەوە یادم ، هەمان ئەو ناوەرۆکەی کە هۆنراوەکەت « دەمەتەقێی دایك و کچ » لە کۆڕێکی تۆ لێ بووە ، دوور نیە ڕووداوێکی فۆلکلۆری بێ ، یان کۆزانیەك بێ ، بەڵام دەرپرینەکە جوان بوو .

بەڵام زۆرە سەیرە ، کە تۆ بەرگری کیروگرفتێکی کۆمەڵایەتیی ئەوکۆمەڵەلە بوویتو هێشتاکە هەر بە چاوێکی ڕەزامەندی سەیری ئەریتەکانی ئەم کۆمەڵەلە دەکەیت . ئەم هەڵوێستەی تۆ هەمان هەڵوێستی قارەمانی رۆمانی « بەرزایی یەکان وزەڕنك »ی « ئەمیلی برۆنتی »م دەخاتەوە یاد ، چونکە قارەمانی رۆمانە - کە هەزار بوو - چوو بۆ داخوازی ئەو کچەی کە خوشیدەویست و تووشی شکستی بوو کە وەڵامەکەیان بە ئەء داوە ، ئەو هەر ئەریتەکانی کۆمەڵی پاراست ، بێ ئەوەی لێی هەڵکەڕێتەوە کەچی « جەفروش » کە یەکێك بوو لە کەسایەتی یەکانی رۆمانی « هەژارەکانی »ی فیکتۆر هیگۆ ، لەگەل ئەو هەموو کارەساتو غەمو تەنگو چەلەمەی تیدا دەژیا ، زەردەخەنە لە سەر لێوی هەر بزەی دەهات ، بیچگە لەوەی بەچورنەتی بەشداری شۆڕشی فەرەنسای کرد ، هەتاوەکو سەری نایەوە .

سەربەستی سۆزی رۆژە پاشماوە

دواکەوتنەش لەقوناغی شارستانیەتیو نەگەیشتن بەبەلەی زانستی ، ئێستاکە بەهەموو توانایەوە هەوڵی ئەوەیەتی فریای قوناغی پێشکەوتن بکەوێت ، بەڵام زۆر بەداخەوە زۆربەی بایەخ دانی بەپێشکەوتنەکەی بۆ ئەوەیە کە بگاتە ئەوەپەری بلەی نمونەی تازەی ژیانی داهاتو . بەڵکو هەرلاسایی کردنەوەکەی هۆش و بیری داگیرکردوە ، وابزانم ناوڕیش ناداتەوە لەمڵاولای خۆی بزانێت پێشکەوتن بەچ لایەکدا ئەڕوا ، ئایا هەرسەرڕۆشی ناسك و جل و بەرگی تازەی رێکخراویەتی ؟! یاخود ناواخن و ناوەڕۆکی بروماناییەتیو ئەو ناوەڕۆکە تا چ رادەیەك بەگەلکە .

بۆ پیشەوە ڕۆیشتن ئەوە ناگەیەتی کە ئافرەت لەتەوری خۆی دەرچێو تابۆی بکرێو بتوانێ رابکا بەدوای ژیانیکی رووکەش کراوی رازاوەی ئاسکدا .

بەڵێ ئیمە ئالیین خۆی لەبیربجینەوەو ئاگای لەژنیەتی خۆی نەمێنی وەکو رێکوپێکیو خاوینیو پاکژکردنی مالومنالیو خێزانیو جل و بەرگیو ئاگاداری تەندروستی ناوخێزانیو ئامادەکردنی خواردەمەنیەکی بەکەلکی بێ کەموکووڕی لەگەل ئەوەشا ئافرەت تابۆی هەڵکەوێ رووداوی تازە بزانی لە جیهانداو ئاگاداربیت لەزانستی نوێو بڵاوبوونەوەی نەخوشیو چارەسەرکردنی ودوزینەوەی دەرمانی تازەو رێوشوێن دانان بۆ ئاسان کردنی ژیانی ئەگەر سەربەستی ئافرەت نیستا بەوە بتاسری کە خۆی بزانێتیەوەو شەروانی ئەسکەو کراس لەبەرتوندکراو لەبەرکاو بێ ئەرسیار بجێتە دەری یاخود سەربەستی بەوە تێبگا کە ئافرەت هەرئەوەندە کەیشتە بلەیەکی خوێندەواری لەکەس کەمنیە ، وەکو دڕندەی لێبێ شا بەسەرای خوی نەزانی ، زۆر بەسەلە چووە .

ئەخێر سەربەستی ئەوە نیە ، بەڵکو باوکو دایکی ئیمە کە هەوڵی ئەوەیان داوە ژیانێکی بەختیار بۆ ئیمە ئامادەبکەن بیریان لەوە کردۆتەوە کە دوا رۆژ چ ئافرەتیکی ژیرو لێکەیشتوو خوێندەوارمان لێ پەیدا ئەبیو هەوڵی بیشکەوتنی هەمو ئەتەوەکەمان ئەدەیو ئەو نازاییو سەربەستیەی کە ئافرەتی کوزد لەسەری هەڵگەوتوە لەبیرمان نەچێتەوە بەڵکو گەلی شتی لێ فێربینو سوودی لێ وەرگرین تەنانەت بەچەکی زانستیەوە شانازی بەو چالاکیو سەربەستیەوە بکەین .

ئافرەتی کورد هەمو جۆرە تەنگوچەلەمەیەکی دیوە ئنجا ئەگەر بێتوو ئەوشتانەی لەرێی ژیانیا بۆتە گوسپەی گەورە لەپیشکەوتنی ئیستا مانیبدا بۆ رویشتن بەرەو پیشەوە . ئەبی لەپیش هەموشتێکا هەوڵی ئەوە بدا بەهەمو توانایەکیەوە ئەوسەربەستە سروشتیە بپارێزێ لەفەوتانو نەبێتە هوی بەکارهێنانی بەگەوجی .

ئەوەندەیی کە ئیستا لەشارستانیەتی وەری گرتوە ئەبێ لەتەك مەردایەتی وسەربەستی ئافرەتی رابوردو کە نەنکی نەنک ئەگێڕێتەوە ببێتە هوی تەکانی گەورەو هەنگاوی پان بۆ سەربلندی کیژولەی کوردی تازە .

لەبیناوی ئەم خۆگرتنەشدا ئەبێ بتوانین بەژیانی ڕوکەشکراوی تازە هەڵنەخەڵەتێنو میژووی دایکانی زوو ستەمباری ژیانمان لەبیرنەچێتەوە خومان قایم بگرین بۆ ئەوەی بوومەلەرزەی هەلشێواوی ژیان لولمان تەدا سۆزی سەربەستی ، ئەبی بیجێڕین هەرچەندە ناخۆش بێ بۆ ئەوەی لەڕیزی ئافرەتانی جیهانی بیشکەوتودا بتوانین بڕوین .

ئەگەر ئەو تواناو تاقەتەی پیویستەیمان بێ بۆ پاراستنی سەربەستی کزبێو لەقەبێ ئەوا خزمانو هەمو میژووی ناوبراوی بیشومان لەناو ئەچیو هیچ بەئیمە نابڕێ تەنانەت تەماشاکردنیکی کزەتوکانەی دووربەدوور بۆ ئافرەتی جیهان .

لە دامەزراندنی ((پاشماوە))

بەرەبێدانی ناوچەکەو زامنکردنی ژیانێکی بەختیارو سەربەست بۆ رۆڵەکانی گەلی کوردمانو لەوساوە تا ئیستا گەلی دەستکەوتی دیار لەناوچەکەدا بەدیهاتون کە ئیشانەی بەوەفابیو راست گۆیی سەرکردایەتی حزب و شۆڕشن بەرانبەر بەلێنە مەبدەئیەکانی ساغ ئەکاتەوە .

● هەر لە سەرەتای ئەم هەفتەیەشداو دوای تەواوبوونی دەورەی یەکەم ئەنجومەنی یاسادانانو ئەنجومەنی رابەراندن ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، بریاری دیاری کردنی ناوی ئەندامانی دووەم ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستانی دەرکرد ، بێشك ئەم هەنگاوەی سەرکردایەتی شۆڕش ، هەنگاوێکی تری دلسۆزانەیە ، بەرەو زیاتر جەسپاندنی مافە رەواکانی گەلی کوردمان لەچوارچێوەی عیراقی یەکیتیو برایەتیداو بەرەو باشەڕۆژی بەختیار کە نیەرەتی سەربەستیو سۆشیالستی زیاتر ئەچەسپیو دیسان هەروەك لەسەرەتاوە دیاریمان کرد ، ئەم هەنگاوە بەلگەیەکی تری بەوەفابیو دلسۆزی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشی بەرامبەر مافە رەواکانی گەلی کوردمان دووبات کردەوە ، کە ئەمە هەڵویستی مەبدەئیو مرۆڤایەتی حزبی بەعسی عەربی سوشیالیستە .

● هاوکاری ●

چفاتا یاسادانا ((پاشماوە))

ئەف سیاسەتە یاکو روهنو ئەشکەرایە بۆ هەمی کوریت مللەتی لوەڵاتێ مەیێ خۆشنفی هەروەسا بۆ هەمی دونیایێ نە تاکتیکەکە ئان قوبناغەکە دێ بدویماهی هێت ، وەکی یاهاتی دراپورتا سیاسیی یا گۆتکرا هەرئەمی یا پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤپشکی داو دهمی یەئانامەو بەلاڤۆکێت بارتێدا ، ئیبەلێ قوبناغێن درێژن رستراتیژیەمە تەکا بنەچیە دێ بەردەوام بیتو جاکیو گوهرین دێ لسەر هێنە کرن لدۆیف بێتفێیت دەمی وهەوجەیێت مکوم کرنا بیروباوەریت راستو درستو تیژکرنو سەفاکرنا خەباتا پێتفە لدژ هەمی بتکیت ئیمپریالیزمو کەفن پەرستا وسەهیۆنیزمێ .

ئەفەیە سیاسەتا شۆڕشێ .. راستی دگەل خۆ و مللەتی .. راستی دگەل هەمی مرۆڤێن بشەرەفو خەباتکەر .. تۆرو سۆز بجەئینانو بەلاڤکرنا بەرفرەهترین رەکێنێن دیموکراتیەتێ لناف هەمی دامو دەزگەهێت حکمەتێدا نەخاسمە دامو دەزگەهێت دەفەرا ئۆتۆنۆمی .. هەر دوی دەمیدا دربدانا کرێگرتیو گەفەزاو بەرژەوەند پەرتیا ژبۆ بەرفرەهکرنا رێ بۆ دلسۆزو بەرژەوەند بەرژیستیت مللەتی کو جهێ خۆ بگرن دناف فێ برێفە جۆرنا مەزندا .. برێفە چۆزنا گوهۆزرینێت مەزن لناف ژیانا ئەمەلایەتیو رەوشەنبیریو سیاسی ، هەروەها دەستکەفتیێت لدوی ئیك و رۆژ لدویف رۆژێ لهەمی لاو ڤولاچێت کوردستانیدا تێنە بەلاڤکرن تاقی کرنا دەورا تێکن یا دەزگەهێت دەنەرا ئۆتونومی ، هێزو بزافەکا پر دەرم و گور نیشانکرو جەسپاندو دیارکر کو هەرێ وان بەرپسیاریانە یێت کو کەتینە سەر ملێت وانو شیان ئەخشین شۆرەشێ بەرچاف بکەنو پێتکاڤێن پیرۆز هاوتین دڕیا بجە نینانا واندا .

ودەما ناڤێن نوی یێت بەرێزان ئەندامێن جەنانا یاسادانانێ کەفتینە بەر چاڤێن مە ، مە ژنیفا دلی بێ جەنا کو لەم بیرژز بابیا وان بنەین دەستی بکەینە دناف دەستی وانەدا ژبۆ سپاس بجەنینانا بەرپسیاریێت مەزن یێت کو یێتیە روان بجەسپینو دار ژنە دناف هۆش و بیرێن خۆدا بۆ دامەزراندنا هیڤی و نارمانجێن سۆرەشێ دبەرئەف ئەرنا خەبات و تەناهێ وسوبەهەینا پەرتوکا بەیانێ و برایەتیێ دناف هەمی مللەتی دا .

● مختار فائق ●

تەقەلانی چالاکانە پاشماوە

تیادا باسی باری کۆمەڵایەتیو بەروەردەی منالو گیروگرفتی بەخێوکردنیو تەگبیری ناومان ئەکەین .

بەڵام لەگەل ئەوەشدا ئیمە ئەم خزمەتانەمان فراوانتر ئەبوو ئەگەر ئەو کەمەو کوریەی لە بنکەکەدا هەیە چارەسەر بکرایایە وەکوو کەم بوونی کادرێکی باشی بەروەردەکەرو مامۆستاو لێکۆلەری کۆمەڵایەتی .

× ئەی نیازتان نییە بنکەکە زیاتر بتشبخەنبە ؟

- ئیستا دوای ئەوەی کە ژمارەی فێربووەکان زیاد ئەبن بینای ئیستامان بەشی ناکات لەبەر ئەوە ئیمە ئازمان هەیە دوو هۆڵو کۆگایەك بینا بکەین چونکە ئەمانەوێ کاری فەرشی دروست کردن فراوانتر بکەینو لەسەر شێوازو ئالەتی تازەتر بڕۆین .

پ هاوکاری - هەولێر

Institut kurde de Paris

پێتان ئەڵێم

أحمد محمود

● لەهەفتەی ڕابوردودا دەزگا تەندروستیەکان هەوالی ئەوەیان بڵاوکردەوە کەچەند کەسێک توشی نەخۆشی کۆلێرا بوون و چەند کەسێکی تریش میکروبی ئەو پەتایەیان لەلەشدابوە، ئەمەش بەهۆی بڵاوبونەوەی ئەم پەتایەوە لەچەند وڵاتێکی دراوسێی دەوروبشتماندا .

● لەگەڵ ئەوەی دەزگا تەندروستیەکان چالاکانە لەماوەیەکی کەمدا توانیویانە هوشیارانە تەشەنەکردنی نەخۆشیەکە بەربەست کەن ئەویش بەهاوکاری کردن لەگەڵ دەزگا ڕەسمیەکانی تردا کە سەلماندویانە لەبڵەی هەڵگرتنی ئەرکە نیشتمانیکانیاندان لەسەر خستن و جێبەجێ کردنی ئەخشە تەندروستیەکاندا بۆ بەربەست کردن و دورخستنەوەی ئەم نەخۆشیە لەژیانی هاوولاتیان. . هێشتا ئەرکی هەرەگورە ئەکەوێتە سەرشانی جەماوەر بۆ پەکخستن و خۆپاراستنی ئەو نەخۆشیە بێنامانە پرمەترسیە .

● بەتەنیا نەخشە ڕەسمیەکان ، هەمو نەخشەو پرۆگرامێک ، هەتاوەکو لەرادەی پەرەپیدانێکی فراواندا ، ئەنجامەکانی دەستکورت و بێوزە ئەبێت ئەگەر جەماوەرو ڕێکخراوەپیشەییەکان باوەشی یارمەتی و پشتگیریی بۆنەکەنەوە . .

● جەماوەری گەلمان بەربرسیاری ئەوەیە کە پشتگیری دەزگا تەندروستیەکان بکرێت ، کە هەولوتەقەلای خۆپاراستنیان و چارەسەر کردنیان رادەی بایەخی سەرکردایەتی سیاسیمان بەتەندروستی هاولاتیان ئەنوێنی ، لەوەدا کە هۆشیاری تەندروستی لەناو خەلکیدا زیاتر بڵاو بکەنەوەو جەماوەر پتر هوشیارکەن بۆ دورخستنەوەی ئەم نەخۆشیە ، وەبۆ بالاکردن و چەسپاندنی نامۆژگاریەکانی دەزگا تەندروستیەکان دەربارەی بڵاوبونەوەی بەتاکە ، چاودێری کردنی جەماوەر بۆ هەمو لایەنێکی کرنگی ژیان پێویستە هەمو کەسی لەشوێنی خۆیەوە پەیڕەوی ئەو نامۆژگاریانەبکات . .

لەم ڕێگایەوە ئەتوانین بەسەر ئەم پەتا پرمەترسیەدا زالبین و دلنیایی بۆخۆمان بێنینەدی .

سینەما

سیانیان مردو .. مایەوە یەک

دوای ڕابوردنی چوارمانگ بەسەر مردنی « کامو مارکس » « کروشو »ی پرایشی مرد ، ئەمانە چوار برا بوون کە جیهانی سینەمایی کومیدیاو بەدرێژای (٨٦ ساڵ) ناوبانگیان دەرکرد بوو. هەر چواریان بە شا ئەکتەری سینەمای کومیدی ناسراون . برای سێیەم کە مانگی ڕابوردوو بە نەخۆشی سیل مرد « کروشو مارکس »و لەناو هەر چوار براکەیا ، توانەدنی کومیدیانەی لەهەموویان بەهێزتر بو . خۆیان کومپانیایەکی بەرهەم هێنانی فلیمی سینەمایییان بەناوی « کومپانیای برایانی مارکس »وە یەک هێنا .

لە فلیمە بەناوبانگەکانی ئەم چوار برایە « دانولەی مراوی »و « ڕۆژی لەکرەودا »و « شەوێک لە کازابلانکا»و « شەوێک لەنوبرا »یە .

بەم جۆرە لەو چوار برا ئەکتەرە کومیدیەبە بەناوبانگە ، سیانیان مردو ، مایەوە یەکێکیان ئەویش « زیبو »ی چوارەم برایانەو ئیستا تەمەنی (٧٤) ساڵە .

ئەم وێنەیە «کروشو مارکس »ە لەکاتی لاویدا !

لەم لاو لەولای جیهان

● ئەمەمانگای «سیرک »ە خەلکی سەرسام کردوە

(سیرک)ی مۆسکو بەوەناسراوە کە سەرنجی خەلکی بەوە ڕانەکێشێ ، ئەتوانێ زیندەوەرەکان بەشێوەی سەیر سەیر لەبەردەم خەلکیدابنوێنێ . ئەستێرەی نوێی ئەمجارەی (سیرک) مانگایەکی جوانە ، سەما ئەکات ؟ تەپڵ لێ ئەدات ! باز بەسەر دیوار ئەدات ! ئەم (مانگا) سەیرە کیژێکی جوان مەشقی پێ ئەکات ناوی « ناتالیتینا سمونوفا »یە.

ئەمە مریشکە چوارپێیە :

« موعجزەی ئاخر زەمان »
یان ڕووداوێکی سروشتی ئاسایی بوو !

بیروڕای زانستی ئەڵێ : ئەم حاڵەتانە زۆر زۆر کەم ڕوو ئەدەن و پێیان ئەڵێن دووانەی بەیەکەوە نووساوو بەڵام «لە ڕووی وەختەوە » فریا نەکەوتوە بەتەواوی دروست بێ .

● ئەمە ماوەی مانگێکە بەردەوام شتی سەیرسەیرو سەرسوڕهێنەر لەهەرچوارلای وڵاتەکەماندا ڕوونەدات ، کە لەمەوبەر نەلەوڵاتی ئێمەداولەجیهانیشدا زۆرکەم ڕووی داوە .

● ئەوشتە سەرسوڕهێنەرەی کە لیرەدا ئەمانەوێ باسی بکەین و بیخەینە سەر ئەوشتانەی کەڕۆژنامەی (الثورە)ی بەرێز ماوەیەک لەمەوبەر باسی کردن ، دەرکەوتنی مریشکێکی چوارقاچە لە شاری سلیمانی.

● لەم دوایەدا یەکێک لەو وەکیلانەی کە مریشک لەکۆمپانیای پەلەوەری هەولیرەوە ئەهێنێ بۆسلیمانی لەگەڵ کۆمەڵێک مریشکدا ئەبینێ کە چوار قاچی ئاسایی هەیەو هەروەکو ئەو ئەوانی تر ئەژی . زۆری لێ ئەترسێ و ئەیباتە بازار بۆ فرۆشتن .

● کاک توفیق معروفی دوکاندار لە سلێمانی لێی ئەکرێ . ئیتر هەرکەس ئەی بینێ زۆری لێ ئەترسی بەجۆری کاک توفیق وتی زۆرکەس کە مریشکەکەیان ئەبینی ئەکربان و زۆر بەشتێکی سەر سور هێنەریان ئەزانی و ئەیان وت ئەمە (معجزەی ئاخرزەمانە !!) .

● دوای بیر لێکردنەوە ، ناوبراو مریشکەکە ئەبات بۆ زانکۆی سلیمانی - بۆکولیجی زانیاری بەشی زانیاریەکانی ژیان (قسم علوم الحیاه) .

مامۆستا عبدالوهاب هادی لێ پرسراوی تاقیگای کولیجی زانیاری دەربارەی ئەم دیاردەیە ئەڵێ :

● ئەم مریشکە جیاوازیەکی تەواوی هەیە لەگەڵ مریشکی ئاسایی ئەوەی زۆر دەرکەوتبێت ئەوەیە کە چوار قاچی هەیە دوو قاچە زیادەکەی لەخوار کۆمیەوە هەر وەکو دوو قاچی ئاسایی دەرچوون - بەڵام ناچوڵێن هەروەها بەنجەکانیشیان ناچوڵێن و گۆشتیان پێوەنیە تەنها پێست نەبێ ، ئەم مریشکە لەڕواڵەتدا وەکو مریشک وایە بەڵام لەڕاستیا کەلەشێرە . وەزانینومانە کە ئەم مریشکە دوانە بووە بەڵام تەنها فریای دروست بوونی دوو قاچ کەوتوە - وەلەهێلکەیەکدا دروستبووە کە بەهۆی تلقیحی صناعیەوە تلقیح کراوەو بوەتە هۆی دروست بوونی دوو نوات . ئەم حاڵەتە زۆر زۆر کەم ڕوئەدات و بێیان ئەڵێن (دوانەی بەیەکەوە نوساو .)

حەمە سەعید حەمە کریم

دووهەواڵی زانستی

● بەروانکەی نایلۆن بۆ پاراستنی کریکار !

● ئوتومبێلیکی سەیر :بوەستە ! پێچ بکەرەوە !!

کەوتنە خوارەوەی کرێکارێک لە قوللەی دەرهێنانی نەوتا لەدەریا . ئەبێتە هوی لە ناوچونی ئەو کرێکارە ، لەبەر ئەوەبەروانکەیەکی ڕزگار کردنی بۆ دروست کراوە ، کە ئەگەر هاتو کەوتە خوارەوە ، هەر لەخۆیەوەو بەئاسمانەوە پڕ ئەبێ لەهەواو بەو جۆرە ، ئەکەوێتە سەر ئاوی دەریاو ئەتوانرێ دەربهێنرێتەوە ئەم بەروانکە یە بچوک ترینو سوک ترین بەروانکەیە لەدنیادا

قورسایی (٢) پاوەندەو لەنایلون دروست کراوەو لەکاتی کارکردنا نابێتە بارگرانی بۆ کرێکارەکە .

● بوەستە ! پێچ کەرەوە !

لەم دوایەدا جۆرە ئوتومبێلێکی منالانە دروست کراوە ناوی لێنراوە (جورج) کە بەقسە هاتوچۆ ئەکات ، پێی بڵێ بوەستە ، ئەوەستێ ، پێچ بکەرەوە ، پێچ ئەکاتەوە ، ئەم وەڵام دانەوەیەی « ئوتومبێل جۆرج » بەهۆی دەنگە کەوەیە نەک وشەکانی قسەکردن ، لەبەر ئەوە بەهەر زمانێک پێی بڵێ « بڕۆ » ، ئەڕوات .. چونکە لە بێشەوەی ئوتومبێلەکەدا میکرۆفونێک هەیە کە دەنگەکەی بەرئەکەوێ کار ئەکاتە سەر پاتریەکانی و چۆنی بوێ وای ئەبات ، ئەم داهێنراوە هەرچەند وەک یاری منالان دروست کراوە ، بەڵام نیازوایە بکرێتە هۆیەکی هێنان و بردنی شتومەک لەژوری دائیرەکاندا .

ناواز نامادەی کردوە

★

ئەم کاتەت باش

رزگار حەسەن

● رزگار کێیە ؟ سەرەتا .. . چۆن دەستی پێکرد ؟!

- رزگار حەسەن خۆشناو ، لە ساڵی ١٩٥٢ لە هاوینەهەوازی شەقلاوە لەدایک بووم ، لە منالیەوە حەزم لە مۆسیقاو تەمسیل ئەکرد، بۆ یەکەمجار تیپێکی گەورەمان بەناوی تیپی هونەری «سەفین»ەوە پێک هینا .

● چۆن لە ئەمڕۆی مۆسیقای کوردی ئەگەیت ؟!

- بەڕای من ، ئەوەی هەیە ، هەنگاونانە بۆ دۆزینەوەی هاویەی مۆسیقای کوردی !

● ڕەوانەتی پێشکەوتنی موسیقای کوردی بەچیەوە بەندە ؟

- جەماوەرو موسیقا ژەن و هونەرمەندو زروفی مەوزوعی لە پێشخستنی موسیقادا بەیەکەوە بەندن، پێویستە هەر چواریان بەیەکەوە بەندی و پەیوەندیان توندو تۆڵ بکرێت .

● دوا قسە تان !

- لەبەر ئەوەی زۆربەی دەنگ خۆشەکانم کۆکردۆتەوە خۆم ئامادە ئەکەم بۆ تۆمارکردنی چەند ئاوازیکی نوێ هیوادارم جەماوەر ، هانەدەرو بالیشت بێ .

● مەسعود پەرتشان ●

داستانی تەزبیح چی یە؟

تەزبیح هۆیەکە بەدەستموسولمانەوە بۆ تسبیحات .. هۆیەکە کە ناوو دوعایەکانی بێدەژمێرێ .. هێندێک کەس بێیان باشەو هێندێکیش بەشتێکی سازکراو (بدعە)ی دەزانن کە هیچ پێوەندی بە ئیسلامو موسولمانانەوە نیە .

بێگومان موسوڵمانان حەزدەکا هەموشتێک لەبارەی ئەو تەزبیحەوە بزانێ کە لەدەستی دایەو هەمیشەو لەهەموو حاڵێکدا لەناو قامکەکانیدا دێتودەچێ . . هەرچۆنێک بێ تەزبیح چیرۆک و بناخەیەکی هەیە .. بزانین ئەوچیرۆکە چیەو سەروبنی ئەوداستانە چۆنە ؟

● تەزبیح کەی پەیدابووە ..!

تەزبیح لەڕۆژگارەکانی پێش مێژووەوە پەیدابووە . بەڵام بەکارهێنانەکەی جیاوازبوو لەوەی ئێستا هەیە، لەورۆژگارەدا بۆجوانی یان وەک نوشتە بەکارهێنراوە . زۆر شوێنەواری کۆنیش ئیشان دەدەن کە لە ڕابردووی زۆر دووردا تەزبیح بۆ ئاڵوگۆڕ (المقایضە) لەناو خەلکدا بەکاربراوە .

مێژوو دەری خستوە کە تەزبیح پێش هەموو جێگایەک لەهیندستان پەیدابووە ، چونکە زمارەیەکی زۆر دەنگە تەزبیح لەخواروی تەپۆلکەی تەبەت دۆزراونەوە کە هەریەکەی چەند دانەیەک مووروویان پێوە بووە کە ئەدار یان سەدەف دروستکراونو تیشیاندا هەبووە کە لە جەواهیرات دروست کراین ، زوربەی ئەو تەزبیحانە (١٠١) دەنک بوونو تا ئێستاش هیندیەکانو هیندوکیەکان لەنوێژدا بەکاری دێنن .

تەزبیح لەلاوە چووەتە ناو ئایینە ئاسمانیەکان ، چونکە لەتەورات و ئینجیل و قورئاندا هیچ ناوی نەهاتوە .

● هۆیەکانی بڵاوبوونەوەی تەزبیح :

هۆی بڵاوبوونەوەی تەزبیح بەهێندێ وڵاتی ئیسلامیدا ئەوەیە کە سۆفیەکان بەکاریان هێناوەو بەیەکێک لەئەسڵەکانی تەریقەتیان داناوە بۆ بەکارهێنان لەکۆڕی « ذکر »دا ئەوان لەسندووقێکدا هەڵی دەگرن و هێندێک تایفەشیان تێدان بێیان وایە دەبێ بکرێتە مل چونکە باشتر دەپارێزرێ و خێریشی پترە . هێندێک لەسۆفیەکان ئەمە هەر بە واجیب دەزانن و هێندێکی واشیان هەن کە بەخرابی دادەنێن .

● تەزبیح لەچی دروست دەکرێ ؟

دەنکی تەزبیح بەدرێژایی مێژوو لەزۆرشت دروست کراوە وەک بەردی بچووک و سەدەف و هێلکە شەیتانەو ویسرو مووروی جۆربەجۆرو ئەبەنوس و ڕەگە دارو سواڵەت و ئیسکی گیان لەبەران و شفرەی فیل و شووشەو داری سەندەل کە بۆنێکی خۆشی لێدێ ئەگەر لەناو لەبەدا هەڵبگۆڕێ .

ڕەنگە باشترین تەزبیح ئەوەبێ کە لە کارەبا یان زێر یان مرواری یان مەرجان دروستکرابێ کە ئیستا ئەمانە بەکەمی دەستدەکەون .

کەمەرەی زەوی تەمەنی درێژ ئەکا

شارستانیەتی ئەمڕۆ ، کەوتۆتە تەقەلادان بۆ کەشتنە هۆیەکانی تەمەن درێژی مرۆڤ و دورخستنەوەی ترسی پیری بەهەر توانایەک بێ ، بۆ ئەم مەبەستە جۆرەها حەب و داو دەرمانی سەیر سەیر دروست ئەکرێ . بەڵام ناو بەناو شارستانیەتی چاو ئەکاتەوەو ئەبینێ ، مرۆڤە دوا کەوتوەکان ، زیاتر تەندروستیان باشەو زیاتریش ئەژین ! لە ناوچەی کە مەرەی ڕەوی (خط الاستواء) کە کەلانی (ئەندز)ی تیا ئەژی . گوندێکی بچوک لەوێ هەیە خواردنی وا ئەخۆن کەتینی گەرمای کەمە ، بەڵام تەمەن درێژ ئەبن و پیریان درەنگ تیا دیاری ئەدات . کاری زۆر ئەکەن ، زۆر هەڵئەسوڕێن ، بەوە دڵیان بەهێز ئەبێ و دڵیش بنەرەتی ژیانە ! لەم وێنەیەدا مناڵێکی ئەو کونده لەگەڵ کچە زاکەیدایە .

Institut Kurde de Paris

ئیلتیزامی شۆڕش‌و حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بە چارەسەری بەئاشتی‌و دیموکراتیانەی مەسەلەی کورد وە بەپێی بەیاننامەی یانزەی ئادار ئیلتیزامێکی مەبدەئی چەسپاوە •
سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

هاوکاری

٢٥ فلسه

٨ لاپەڕە

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدان «الخلاق» شەقاق «الجمهوریة»
بەغدا س.پ ١٤١٦ تەلەفۆن ٢/٦٨٢١١
سەرنووسەر: محمد امین محمد

● چوار شەممە ٥ی تشرینی یەکەم ١٩٧٧ ژمارە ٣٨٨ ●

● الاربعاء ٥ تشرین الاول ١٩٧٧ العدد ٣٨٨ ●

سەرۆکی فەرمانده چاودێری دووەم دەورەی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستانی کرد

سلاوی سەرۆك بکر بۆ سەرۆکی هەنگاریا

سەعات دوانزە پێری نیوەڕۆ بەڕێز سەرۆك احمدحسن البکر لە کۆشکی کۆماری پێشوازیی بەڕێز گیورگی لازار سەرۆکی ئەنجوومەنی‌وەزیرانی کۆماری میللی هەنگاریاو وەفدەکەی کرد •

بەڕێز لازار سلاوو هیوای‌سەرۆك بال لوشنزی سەرۆکی‌ئەنجوومەنی دەولەتی کۆماری میللی هەنگاریای بە ئەندروست باشی‌و بەختیاری‌بۆ سەرۆکی بەڕێز و پێشکەوتنێکی زیاتر لەسەرڕێبازی بنیاتنانی عیراقی‌نوێدا بۆ گەلی عیراق ، بە سەرۆکی بەڕێز گەیاند •

دوای ئەوە باسی پەیوەندی‌پەرەپێدراوی دوو قۆڵی‌نێوان هەردوو وڵاتە دۆستەکەو هۆی چەسپینی ئەوەو بەیوەندی‌یانە لە هەموورویەکەوەکرا • هەروەها دۆخی ناوچەی عەرەبی‌وجیهان خرایە ڕووو بیروڕاوەڕیارەی ئالوگۆڕکرا •

بەڕێز حامد علوان وەزیری‌دەولەت بۆ کاروباری دەرەوە ،وەزیری دەرەوە بە وەکالەت لە چاوپێکەوتنەکەدا ئامادەبوو • ئا•د•ع

لە بروسکەیەکدا بۆ سەرۆکی فەرماندەو بەڕێز صدام حسین

ئەنجوومەنی یاسادانان : هەموو توانا کان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پێشکەوتن

ئەندامانی دووهەم ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی‌ئۆتۆنۆمی بەتێنیان‌دا هەموو توانا کان بۆ بەرزکردنەوەی‌ئاستی پێشکەوتن لە ناوچەکەداو لەهەموو بارو بوارێکدا تەرخان‌بکەن‌وتێ‌بکۆشن بۆ سووتاندنی‌هەموو ئەو لایەڕە زەردانەی کە ئیمپریالیزم‌و کریگرتەکانی‌دەری دەخەن • ئەمە لەو بروسکەیەدا وتراوە کە بەڕێز محمد علی امین سەرۆکی‌ئەنجوومەنی یاسادانان پاش‌تەواو بوونی کۆبوونەوەی کردنەوەی دەورەی دووەمی‌ئەنجوومەن کە لەهەولێربەسترا ناردوویەتی بۆ سەرۆکی فەرمانده احمد حسن‌البکرو بەڕێز صدام حسین‌جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش • ئەمەش دەقی بروسکەکەیە :-

بەناوی خۆمەوو لەجیاتی بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەدەورەی دووەمیدا ، ڕاستترین نموونەی ئەمەکداری‌و دڵسۆزی دەردەبڕم‌و بەیمان بەخودا ونیشتمان دەدەین کە هەموو هەوڵێك بدەین تا ئەو ئەمانەتەی خراوەتە ئەستۆمان بگەیەنین بەجێگەی درەخشانی خۆی‌و دڵسۆزانە کاربکەین بۆ باراستنی یەکیەتی گەل‌و داکۆکی کردن لە هەموو بستێکی خاکی عیراقی خوشەویستمان بو چەسپاندنی یەکیەتی نیشتمانی‌و تێکشکاندنی هەمو بیروباوەڕە شۆڤینی‌و جیاخوازیەکان‌و تەرخان‌کردنی هەموو توانا کان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پێشکەوتن لەناوچەی ئۆتۆنۆمیداو لەهەموو بارو بوارێکداو تێکوشان بۆ سوتاندنی هەموو ئەو لایەڕە زەردانەی کە ئیمپریالیزم‌و کریگرتەکانی لە کۆنەپەرستان‌و خائینان نیشانی‌دەدەن •

بۆی عیراقی سوشیالیستی گەشەکردوومان ••

بۆی سەرکردایەتی سیاسی دڵسۆزمان بەسەرڕۆکایەتی باوکی فەرمانده تێکۆشەر احمد حسن البکر •• هەر لەسەر کەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی‌تر •

محمد علی امین
سەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانان

لە بروسکەیەکدا بۆسەرۆك بکرو بەڕێز صدام حسین

وەزیرانی بازرگانی وڵاتەکانی کەنداوی عەرەب ستایشی پێشکەوتنی شارستانی و ئابوری وڵاتی ئەکەن

وەزیرانی بازرگانی وڵاتەکانی کەنداوی عەرەبی‌پەیمانیان بە ئەتەوەی عەرەب‌دا کە لە پێناو هاوکاری‌یەکی‌توندو تۆڵتری بوارە ئابوریی‌وبازرگانی‌یەکانی نێوان هەموو وڵاتەکانیاندا بەردەوام بن بۆ ئەوەی مرۆڤی عەرەب‌خۆشگوزەران‌و بەختیاربێت‌و ئەتەوەی عەرەب پێش‌بکەوێ‌لە هێنانەدی ئاواتەکانی لە یەکێتی ئابوریی کەنداوی عەرەبیدا •

ئەمە لەو بروسکەیەدا هاتووە کە پیرێ وەزیرە بەڕێزەکان بۆ سەرۆکی بەڕێز احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆتایی یەکەم کۆنگرەیاندا ، بەرزیان کردۆتەوە •

ئەمەش دەقەکەیەتی :

بەڕێز احمد حسن البکر - سەرکۆماری بەڕێزی عیراق
بەڕێز صدام حسین - جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی شۆڕش

وەزیرانی بازرگانی‌و ئابوریی وڵاتەکانی کەنداوی عەرەب بە بۆنەی بەستنی یەکەم کۆنگرەیان لە بەغدا لە ماوەی ٢ - ٣ تشرینی یەکەمی ١٩٧٧ لە ژێر دروشمی (لەپێناو چەسپاندن‌و پەرەسەندنی هاوکاری ئابوری لە نێوان وڵاتەکانی کەنداوی عەرەب)دا ، دڵسۆزانەترین سوپاس‌و ڕێزیان پێشکەش بە بەڕێزتان‌و گەلی عیراقی برا ئەکەن ، سەبارەت بەو میوانداریی‌یە چاکەو ڕێزلێنانەی لێیان نرا ، بەختیاری خۆیان بەرامبەر ئەو پێشکەوتنە دەرئەبڕن کە وڵاتی عیراق لە ڕووی ئابوری‌و شارستانی‌یەوە بە سەرکردایەتی کارامەتان بەدی هێناوە ••

پەیمان بە ئەتەوەی عەرەب ئەدەن کە بۆ هاوکاری‌یەکی توندو تۆڵتر لە بوارە ئابوری‌و بازرگانی‌یەکانی نێوان هەموو وڵاتەکانیاندا لەسەر کارکردن بەردەوام‌بن بۆ ئەوەی مرۆڤی عەرەب خوشگوزەران‌و بەختیاربێت‌و ئەتەوەی عەرەب پێش‌بکەوێ لە هێنانەدی ئاواتەکانی لەو یەکێتی‌یە ئابوری‌یە عەرەبیەی کە مەبەستە •

بەرەڵا کردنی ئەندێراغاندی دوای توندبوونی ناڕەزایی دەربڕین لە زۆر شوێنی هیندستاندا

دوێنێ دادگای نیو دلهی بڕیاری بەرەڵا کردنی ئەندێرا غاندی سەرۆك وەزیرانی پێشوی هیندستانی دەرکردو هەر لە دوای دەرچونی بڕیارەکە ئەندیرا سەربەست کرا •

دەسەڵات داریەتی ئاسایشی هیندستان پێری ئەندێرای بە تاوانی ئەوە گرتبو کە دەسەڵاتداریەتی بە خرابی بەڕێوە بردوە •

ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا وتویەتی : هەوالی

بڕوانە - ل ٧

نامەیەکی - بەدەم - لەبەڕێز صدام حسینەوە بۆ سەرەك وەزیرانی سۆڤیەت

مۆسکۆ ٣ی تشرینی یەکەم

بەڕێز تایە عبدالکریم ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، وەزیری نەوت نامەیەکی لە بەڕێز صدام حسین جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە بەدەم بە بەڕێز ئەلەکسی کوسیگن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت گەیاند •

ئەمە لەو کۆبوونەوەیەدا کە بەڕێز ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری نەوت • دوێنی ئێوارە لە گەڵ بەڕێز کۆسگینەدا کۆبووەوە وە باسی پەیوەندی هاوکاری هەردوو وڵات ئاسۆی پەرەسەندنی‌و دۆخی ناوچەی عەرەبی‌و ئەو پەیوەندی‌یە دەولەتیانەی تێداکرا کە بایەخێکی هاوبەشی‌یان هەیە •

کۆبوونەوە کە دوو سەعاتی خایاند لە دۆخێکی دۆستانەو کاریکەردا کرا •

ئا•د•ع :

بەڕێز صدام حسین پێشوازی وەزیرانی بازرگانی وڵاتەکانی کەنداوی عەرەب ئەکا

بێری نیوەڕۆ بەڕێز صدام‌حسین جێگری سەرۆکی‌ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە مەکتەبی ڕەسمی‌خۆی پێشوازیی وەزیرانی‌بازرگانی وڵاتەکانی کەنداوی عەرەبی‌کرد • بە بۆنەی‌هاتنیان بۆ بەغدا بۆ ئامادەبوونی یەکەم کۆنگرەیان •

لە چاوپێکەوتنەکەدا دۆخی‌ناوچەی عەرەبی‌و بەتایبەتی‌دۆخی ناوچەی کەنداوی عەرەبی‌و ڕێباری بەهێزکردنی‌هاوکاری لە نێوان وڵاتەکانی‌کەنداودا باس‌کرا •

بەڕێز حسن علی ئەندامی‌ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌شۆڕش ، وەزیری بازرگانی لە چاوپێکەوتنەکەدا ئامادەبوو • ئا•د•ع

گیورگی لازار سەردانە ڕەسمیەکەی لە عیراق کۆتایی پێ هات

• عیراق وهەنگاریا : هیچ ئاشتی‌یەکی ڕەوا بەبێ کشانەوەی دوژمن لەخاکی داگیراو دانابێ

لەبەیاننامەیەکی هاوبەشدا : هەردوو وڵات بەردەوامی‌پشتگیری خۆیان لە گەلانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمەریکای‌لاتین دووپات دەکەنەوە •

لەسەر بانگ‌کردنی بەڕێزصدام حسین جێگری سەرۆکی‌ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، بەڕێز گیورگی‌لازاری سەرۆك وەزیرانی‌کۆماری میللی هانگاریا پاش نیوەڕۆی شەممەی ڕابووردوو بەسەروکایەتی وەفدێك‌گەیشتە بەغدا بۆ سەردانێکی چەند ڕۆژە •

لەو پێشوازیەدا کە لە میوانی بەڕێزکرا ، بەڕێز صدام حسین لە پێشەوەی پێشوازیکەراندا بوو ژمارەیەك لە بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و وەزیران‌و کاربەدەستە گەورەکان‌و ئەندامانی سلکی دبلۆماسی بەشداریان کرد •

پاش بەجێ هێنانی مەراسیمی پێشوازی‌کردن ، میوانی بەڕێز لەگەڵ بەڕێز صدام حسیندا بەمەوکیبێکی ڕەسمی ڕوویان کردە کۆشکی بەغدا کە لەوێ میوانی گەلو حکوومەتی عیراق بوو •

ئێوارەی شەممەی ڕابووردوو ، گفتوگۆی دوولایەنەی عیراق‌و مەجەر لە نێوان بەڕێز صدام حسین‌و بەڕێز گیورگی لازاردا دەستی پێ‌کرد کە تێیدا پەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتە دۆستەکەو ڕێ‌و شوێنی خۆشترکردنی باس‌کرا •

نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابووردوو گفتوگۆی ڕەسمی عیراق‌و مەجەر لە نێوان بەڕێز صدام حسین‌و بەڕێز گیورگی لازاردا دەستی پێ کرایەوە • لەو گفتوگۆیانەدا ، ئەو گفتوگۆیانە درێژەیان پێدرا کە لەوەو پێش لە بارەی پەیوەندی دوولایی هەردوو وڵاتداو ڕێگای خۆشتر کردنیەوە کرابوو •••

بەڕێز لازار لەلایەن بەڕێز احمد حسن البکر سەرۆك کۆماری عیراقەوە پێشوازی لێ‌کراو بەگیانێکی دوستانەوە باسی ئەو مەسەلانەیان‌کرد کەبایەخی بۆهەردولا هەیە لە سەردانەکەی مۆزەخانەی عیراقدا ، بەڕێز لازار چەند قسەیەکی لە دەفتەری میواندارییدا تۆمارکردوو تێیدا شادی خۆی بەسەردانی مۆزەخانەکە دەربڕی‌و پاسی بەهای شارستانی‌و مروڤانە نەمرەکانی گەلی عیراقی‌کرد •

لە کۆتایی سەردانەکەی بەڕێز لازاردا کە لە ١-٣ی ئەم مانگەی خایاند پیری

بڕوانە - ل ٧

بەبۆنەی دەستپێ‌کردنی کاروباری دەورەی یەکەمی دووەم ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستانەوە

قۆڵ‌کردن تاقی‌کردنەوەی ئۆتۆنۆمی زیاتر بەتەوکردنی ڕێ‌ڕەوی بنیاتنانی عیراقێکی پێشکەوتو و سوشیالستی‌یە

ئیلتزام بەقۆل کردنەوەی مافی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی عیراقەوە هەر لە بەیاننامە میژوویی‌یەکەی ١١ ئادارەوە تا ئەمکاتە ، هەروەك هاوڕێ صدام حسین لە یەکێ لە وتارەکانیا دەستی بۆکێشاوە **(ئیلتزامی ئیمەیە ، ئیلتیزامی سەرکردایەتیەو ئیلتیزامی لایەنە نیشتمان پەروەرەکانەو ئیلتزامی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستی‌یە)** لەبەر ئەوە بەدی هێنانی ئۆتۆنۆمی نە ئەوساو نە ئیستاو نە ڕۆژی لەڕۆژان ، ئامانجێکی وەختی‌و تەکتیکی نەبوە ، بەڵکو دەربڕی ڕاستەقینەو چەسپاوی باوەڕبووە بەم دەستکەوتە مەزنەو جێگیرکردن‌و قۆل‌کردنەوەی ، ئەم باوەڕەش هەر پتەوو چەسپاو ئەبێ ، چونکە **(لە واقعی فیکری‌و کردەوەی بەرنامەی حزبو شۆڕشەوە هەڵقوڵاوەو هەموو پنداویستە زانستی‌یە ڕاستەقینەکانی بنیاتنانی عیراقی دیموکراتی‌و سۆشیالستی‌و پێشکەوتو ئەرەخسێنێ‌و گەشەپێدانی ڕاستەقینەو ڕیکوپێك بۆ وڵات زامن ئەکاتو ژیانی پیرۆزو شادبوون بە خێرو بێری ئەم نیشتمانە بۆ هەموو هاوولاتیەکان بەدی ئەهێنێ‌و هەموو شێوەو دیمەنێکی چەوساندنەوە ڕامال ئەکات)** ، نوێنەری سەرۆکی فەرمانەدەش ، جێگری سەرۆك کۆمار لە سەرتای ئەم هەفتەیەدا کە دەورەی یەکەمی ، دووەم ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستانی کردەوە دەستی بۆ ئەم ڕاستی‌یە کێشایەوەو دووپاتی کردەوە •

● هاوکاری ●

بڕوانە - ل ٧

Institut kurde de Paris

ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان

سێ ساڵ تەمەنی چالاکانە بۆچەسپاندنی دەستکەوتەمەزنەکانی حزب وشۆڕش وبەردەوامی کاربۆقۆناغی کردنەوەی ئۆتۆنۆمی

دەورەی یەکەمی ، یەکەم ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان تەواو بوو ،سەرکردایەتی حزبو شۆڕش لەسەر بەلینی باوەڕوشۆڕشگێڕانەی بەوەفای خۆی بەردەوامەو هەنگاو دوای هەنگاو ئەهاوێت بۆ قۆناغی کردنەوەو زیاتر چەسپاندنی ئۆتۆنۆمیو شادمان کردنو بەختەوەرکردنی جەماوەری گەلی کوردمان بە دەستکەوتەکانی سەرکردایەتی حزبوشۆڕش • وا بریاری ناونانی دووەم ئەنجومەنی یاسادانان دەرچو ، سەرەتای ئەم هەفتەیەش ئەنجومەنی نوێ ،دەستی بەکاروباری کرد • بەم بۆنەیەوە چەند ئەندامێکی ئەنجومەنەکە دەربارەی دەستکەو چالاکیەکانی دەورەی پێشوو ، هیواو چاوەڕێیان لەدەورەی داهاتودا قسەیان کردوە •

● لەوانە چاوی بەبەڕێز محمد علی امین سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان کەوت کە ، لەودا تێکۆشانی بەردەوامی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بۆ چەسپاندنی یەکیەتی نیشتمانیو بڵاوکردنەوەی ڕەفتاری دیموکراتیانەو گیانی خۆشەویستی لەنێوان ڕۆڵەکانی گەلدا دووپات کردەوەو هیوای خۆی دەربڕی کە ئەنجومەنی یاسادانان لەخولی دووهەمیدا زیاتر بتوانێ بەکەلك وەرگرتن لەو هەلو مەرجو ئیمکاناتەی بۆی بێك هاتوە ئاواتەکانی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش وەدی بهێنێ •

● بەڕێز محمد امین محمد احمد ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان قسەی کردو گوتی ئەنجومەن لەخولی یەکەمیدا دەورێکی زۆر گرنگی هەبوو ، چونکە بناخەیەکی زامنکەری دانا بۆ گەشەپێدانو پێشخستنی ناوچەکەو پێشکەش کردنی باشترین شێوەی خزمەتگوزاری بەرۆڵەکانی گەل ، هەر چەندە خولیەکەم تاقیکردنەوەیەکی تازەی ڕەفتاری دیموکراتیانە بوو ، بەڵام وشیاری جەماوەری کارێکی ئەوتۆی کرد کە بەرەفتارێکی زیرەکانە بتوانێ ئاواتەکان بێنێتەدیو ئامانجەکان بەرەپێبدا • لەبارەی خولی دووهەمیشەوە ئەو هیوایە هەیە کە ڕێڕەوەکە ئەواو بکا بۆ گەشەپێدانی ناوچەکەو وەدی هێنانی نەخشەی بەرەپێدان لەهەموو کەرتەکانی کشتوکاڵو پیشەسازیو خزمەتگوزاریدا •

بەڕێز احمد محمد سعید ئەترووشی ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانیش لەم بارەیەوە قسەی کردو خۆشحالی خۆی لەکرانەوەی خولی دووهەم دەربڕیو گوتی ئەنجومەن لەخولی یەکەمیدا توانی بەهۆی پشتگیری بەردەوامی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشەوە ناوەڕۆکی ئۆتۆنۆمی قووڵ بکاتو ، توانی بناخەی بنیاتنانی دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی بەگوێرەی ئاواتەکانی گەلی کوردمان دابنێتو شێتێکی سروشتیە کە خولی دووهەمی ئەنجومەنیش ڕێڕەوی خولی یەکەم تەواو بکاو بەخششی تاقیکردنەوەو زۆری ئیمکانیاتو هەلو مەرجی کاری باشتریشی بخاتەسەر •

● هەروەها بەڕێز عبدالمنعم بادی ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان قسەی کردو دووپاتی کردەوە کەخولی دووهەمی ئەنجومەن بایەختێکی گەورەی هەیە چونکە بەچڵەپۆپەی یاسای ئۆتۆنۆمی دادەنرێ لەبەرئەوەی کەخولی یەکەم زۆر سەرکەوتنی گەورەی لەمەیدانی دامەزراندنی بناخەی دامەزراوە دەستوورییەکانی یاسای ئۆتۆنۆمیدا بەدەست هێناوە ، وەخۆشبینی تەواوی خۆی دەربڕی بۆ سەرکەوتنی تاقیکردنەوەکە لەئەنجامی پشتگیری سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕشدا بۆ تاقیکردنەوەی ئۆتۆنۆمی چونکە ئەو تاقیکردنەوەیە لەچەشنی خۆیدا تاقانەیە • هەروەها باسی پشتگیری جەماوەریشی کردو دەوری پشتگیری جەماوەری لەسەرخستنی تاقیکردنەوەکەدا دووپات کردەوەو هاتە سەرباسی خولی دووهەم دووپاتی کردەوە کە خولی دووهەم لێپرسراوی خۆی بۆ تەواوکردنی ئەرکە نیشتمانیو نەتەوەییەکانی گەلی عیراق بەگشتی وگەلی کورد بەتایبەتی ، بەجێ دەگەیەنێ •

● باشان بەڕێز یحیی محمود رشید جاف ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان قسەی کردو گوتی یاسای ئۆتۆنۆمیو بێك هاتنی ئەنجومەنی یاسادانانو ڕایەڕاندن بەرهەمی باوەڕی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش بوون بەوە کە گەلی کوردمان مافە نەتەوایەتیەکانی خۆی وەدەست بێنێ • هەر دوو ئەنجومەن بەپشتگیری سەرکردایەتی شۆڕش هەوڵیان داوە بۆ گەشەپێدانی ناوچەکەو بەشداری لەو ئاڵوگۆڕە سۆشیالیستیەدا کە ئەمڕۆ لەوڵاتدا هەیە • خولی دووهەمی ئەنجومەنیش هەنگاوێکی بەرەوپێشی تر بۆ چەسپاندنی قەوارەی ئۆتۆنۆمیو عیوادارین ئەندامە بەڕێزەکان بەچەشنێکی کاریگەر لە چالاك کردنی لیژنەو کارەکانی ئەنجومەندا بەشداربن بەپێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بەجەماوەر •

دەربارەی خولی وەك پارێزگاری (پارێزگای دهۆك) وهەر لەوکاتەدا ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان ، ئەمە دەرەتانم بۆ پێك دێنێ بۆ گەشەپێدانی پارێزگاکەو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاتر بەدانیشتوانی پارێزگاکە چونکە ڕاستەوخۆ لەوپێشیارو ئامۆژگاریو گیروگرفتانە ئاگادارم کە پێوەندیان بەپارێزگاکەوە هەیە •

● لەپاش ئەوە چاومان بە بەڕێز سیروان عبدالله جاف ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان کەوتو ئەویش قسەی کردو گوتی : خولی یەکەم زۆر سەرکەوتنو دەسکەوتی وەدی هێنان ئەویش بەهەنگاو ڕێکخستنی هەر دوو ئەنجومەنی یاسادانانو

بڕوانە - ل ٧

ئێکۆئینەوەی سیاسی

دەربارەی خولی ئیستای کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

ڕۆژی بیستی ئەم مانگە خولی سی‌ودووهەمی کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرایەوەو تائێستا لەسەر کۆبوونەوەکانی بەردەوامە •

بەڵگەنامەیەك کە لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە بەرنامەی کاری خولی ئیستاشی تێدایە کە لە (١٢٢) بەند پێك هاتوەو مەسەلەی فەلەستینو دۆخی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستو مەسەلەی قبرسو مەسەلەی قبول‌کردنی چەند ئەندامێکی تازە لەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ، بەشێکن لەو بەندانە •

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاپۆرتێك دەربارەی ماوەی نێوان ١٦ی حوزەیرانی ١٩٧٦و ١٥ی حوزەیرانی ١٩٧٧ پێشکەش دەکا ، کە هێندێك تێبینی سەبارەت بە بەشێك لەوگیروگرفتە گرنگە جیهانیانە تێدایە کە لەپاش خولی سی‌ویەکەم پەیدا بوون • بەپێی بەندی (٤٨)ی پێڕەوی ناوخۆ ، سکرتێری گشتی دەبێ ڕاپۆرتێکی ساڵانە دەربارەی کاروباری ڕێکخراوەکە ئامادە بکاو لانی‌کەم (٤٥) ڕۆژ پێش کرانەوەی خولی کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەندامانی ئەورێکخراوەی بنێرێ •

هەروەها ئەنجومەنی ئاسایش ڕاپۆرتێکی لەوبابەتە دەدا بە کۆڕی گشتی ، ئەویش بۆ جێبەجێ‌کردنی بڕگەی سێهەم لە بەندی (٢٤)ی پەیمان‌نامەی نەتەوە یەکگرتووەکان •

مەسەلەی وەرگرتنی ئەندامی تازە کە لە بەندی بیست‌وپێنجەمی بەرنامەی کاری خولی ئیستادا هاتوە ، مەسەلەیەکە کە چەند بەندی پەیمان‌نامەی ڕێکخراوەکەو پێڕەوی ناوخۆی کاتی ئەنجومەنی ئاسایشو پێڕەوی ناوخۆی کۆڕی گشتی ڕێ‌وشوێنی بۆ دادەنێن •

بەگوێرەی بڕگە (٢)ی بەندی چواری پەیمان‌نامە ئەندامە تازەکان لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی ئاسایشو بە بڕیاری کۆڕی گشتی وەردەگیرێن• بەندی (٨٣)ی پێڕەوی ناوخۆی کۆڕی گشتیش دەڵێ بۆ وەرگرتنی ئەندامی تازە پێویستە دووسێ‌یەکی ئەندامان موافیق بن •

لە خولی پێشوودا کۆڕی گشتی (ئەنگۆلاو سیشێل‌و ساموا)ی بە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرتو بەمە ژمارەی ئەندامانی ئەورێکخراوە جیهانیە بوو بە (١٤٧) ئەندام •

وڵانە یەکگرتووەکان لەدژی وەرگیرانی فێتنامی سۆشیالیستی لەورێکخراوە جیهانیەدا مافی هەڵوەشاندنەوەی (فیتۆ)ی بەکار هێناو بەوکارە لەلایەك بیروڕای گشتی جیهانی خستە پشت گوێو لەلایەکی تریش ترسی خۆی لە زیادبوونی هێزو دەوری دەوڵەتە ئازادیخوازو پێشکەوتووەکان لەناو نەتەوە یەکگرتووەکاندا ، دەربڕی ، وەك دەزانین کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ناتوانێ باسی وەرگرتنی هیچ دەوڵەتێك بکا کە لە ئەنجومەنی ئاسایشدا مافی فیتۆی لەدژ بەکار هێنرابێ • بۆیە کۆڕی گشتی ، باش ئەوەی باوەڕی هێنا کە دەبێ هەموو دەوڵەتێکی سەربەخۆ کورسی خۆی لەورێکخراوە جیهانیەدا وەربگرێ ، داوای لە ئەنجومەنی ئاسایش کرد کە سەرلەنوێ چاو بە مەسەلەکەدا بگێڕێتەوەو هاتنی کۆماری سۆشیالیستی فێتنام بۆ ناو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەسند بکا ، ئەمەش بۆئەوەی لەگەل بەندی چوارەم پەیمان‌نامەدا یەك بکەوێ •

کاروباری جیهان

بەبۆنەی بیست وهەشتەمی یادی دامەزراندنی کۆماری گەلی چینەوە

ڕۆژی یەکەمی ئەمماڵگە بیست‌وهەشت ساڵ لە سەرکەوتنی گەلی چین بەسەرڕژێمی بەکرێگیراوی چیان کایچیك‌و هێزەئیمپریالیستیەکانی ژاپۆنو ئەمریکادا تێپەڕی •

گەلی دۆستمان گەلی چین‌شەرێکی شۆڕشگێڕانەی درێژخایەنی بەرپا کرد کە لەودا بەرزترین دیمەنی فیداکاریو قوربانی‌دانی پێشکەش کردو ئەو ڕێڕەوە مەزنەی لە ماوەی شەڕی‌ڕزگاریخوازیدا بڕی ، بوو بە نموونەی سووربوون لەسەر بەدەستهێنانی سەرکەوتن •

هەر لەوکاتەوە کە لە یەکی تشرینی یەکەمی ١٩٤٩دا کۆماری گەلی چین دامەزرا ، شۆڕش لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا تووشی زۆر دژواری جۆربەجۆر هاتو هەوڵو تەقەلای ئیمپریالیزمی ئەمریکاش بۆ گەمارۆدانی ئەوکۆمارە ساوایە باری دژوارییەکانی قورستر کرد • بەڵام خواستی گەل لە هەموو هەوڵو تەقەلایەکی دەستێوەردان‌و گەمارۆدان بەهێزتر بووو کرێکارو جووتیارو سەربازانی چین توانیان وڵاتەکەیان بەپێی بەرنامەیەکی زانستی لەسەر بناخەیەکی نوێ بینا بکەنەوە •

جەماوەر لە کەرتی کشتوکاڵدا بەشی پێداویستی خۆیان بەرهەم هێناو لە کەرتە جۆربەجۆرەکانیشداو بەتایبەتی لە کەرتی پیشەسازیو کشتوکاڵدا بەرهەم زیادی کرد • لەگەڵ زیادبوونی بەرهەمی بژاو وزەی کارەباو خەڵووزو ئاسنو قورقوشمو زبڵی کیمیاویو چیمەنتۆدا و لەگەڵ بەرهەمهێنانی شتوومەکی بەکارهێناندا بەرهەمی کشتوکاڵ لەماوەی چوارەکە جەرخێکدا دەیان بەرابەر چووە سەر ٠٠٠ لەژێر دروشمی (شۆڕش‌و بەرهەمهێنان دەتوانێ گیروگرفتی خواردەمەنی دانیشتوان چارەسەر بکەن)دا لادێی چین بەچەشنێکی خێراو سۆشیالیستی پێش کەوتو هەرەوەزیە کشتوکالیەکان‌و کۆمۆنە گەلیەکان بەهەموو ناوچەکانی چیندا بڵاو بوونەوە • داهاتی جووتیاران بەچەشنێکی بەرچاو زیادی کرد چونکە سیاسەتی دەوڵەت ئەوە بوو کە نرخی بەرهەمی کشتوکاڵی جووتیاران زیاد بکاو ئامرازی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵییان بە نرخێکی هەرزان پێبفرۆشێ • لەباری بازرگانیشەوە دەوڵەت بازرگانی دەرەوەی بەتەواوی میللی کردو بەمجۆرە نەیهێشت ناوسانی دراوی (التضخم النقدی) بێتە بازاری چینەوە • چونکە ئەو شتوومەکەی لەدەرەوەش‌را دەهات هەر بەنرخی شتوومەکی خۆوڵاتی دەفرۆشرا ، هەرچەند نرخەکەشیان زۆر لێك جیا بوو •

دەوڵەت لەرێگای نەخشەکێشانی ئابوورییەوە بەگشتیو بەتایبەتی بەهۆی نەخشەکێشانی بەرهەمهێنانەوە نرخی شتوومەکە جۆربەجۆرەکانی لە بازارەکانی چیندا وەك خۆی هێشتەوە ، کە ئەمە یەکێکە لە سروشتە تایبەتیەکانی ئابووری سۆشیالیستی• لەلایەکی ترەوە پیشەسازی قورس لە وڵاندا بەخێرایی گەشەی کرد • ئیستا بەرهەمی ئاسن‌و پۆڵا لە هەموو چیندا زیاتر لە سەدچەندانە بووەو لە بەرهەمە پترۆلیەکانیشدا بەشی پێداویستی وڵات بەرهەم هێنراوە • شارەزایانی کاروباری وزە وا چاوەڕوان دەکەن کە لە ساڵی ١٩٨٠دا چین بێتە ڕێزی پێشەوەی وڵاتانی بەرهەمهێنەرو بۆدەرەوەنێری نەوت • لەلایەکی کەشەوە ڕوشنبیریو هونەرو وەرزش‌و چالاکیە فکریو ڕۆشنبیریەکان لەسەر بناخەی پێوەی بنیاتنانی سۆشیالیستی بەرەیان سەندوە •

پێوەندی دۆستایەتیو هاوکاری نێوان وڵاتە خەباتکەرەکەمان‌و (کۆماری گەلی چین)ی دۆست لە دوای شۆڕشی حەفدەی تەموز بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست گەشەی کردوە لەپاش سەردان‌و چاوپێکەوتنەکانی نێوان کاربەدەستەکانی هەردوو وڵاتی دۆست کە بوونە هۆی پەرەسەندی هاوکاری ئابووریو بازرگانیو ڕۆشنبیریو هتد ، ئەوپێوەندیە زیاتر پتەو بووە •

کۆماری گەلی چین پشتیوانی لە مافەکانی گەلی عەرەبو بەتایبەتی گەلی فەلەستین دەکاو ئەو سیاسەتانەی گوناهبار کردوە کە دەبنە هۆی شل‌بوونەوەی مەسەلەی فەلەستین لەسەر حیسابی خەباتی عەرەب لە پێناوی ڕزگارکردنی خاکی داگیرکراویدا •

گەلەکەمان بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست هیواداره هاوکاری بەکەنکی وڵاتەکەمان لەگەل کۆماری گەلی چین لەسەر بناخەیەکی بەرامبەرو بەقازانجی هەردوو گەلی دۆست زیاتر بەرە بستێنێ لە خەبات دژی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستیو لەپێناوی ئازادیو پێشکەوتنی گەلاندا •

سلاو بۆ گەلی دۆستان گەلی چین لە بیستو هەشتەمین بیرەوەری دامەزرانی کۆمارەکەیدا •

لەهەندەران وەرباسە

● کۆنگریسی ئەمەریکا پرۆژەکەی کارتەری لەبارەی سیاسەتی نەوتەوە ، ڕەفز کرد • سەرۆك کارتەریش کومپانیاکانی نەوتی گومانبار کرد بەوەی کە ئەندامانی کۆنگریس ناچار ئەکەن ، دژی بوەستن بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان ••

● سەرۆکی شارەوانی ئەنقەرە بڵاوی کردەوە کە لەماوەی ٥ مانگی ڕابوردوودا ٥ هەزار کەس توشی نەخۆشی‌یەکانی ڕیخۆلە بوون بە نەخۆشی کولێراوە ولەوانە ٥٠٠یان مردوون •

● ئەنجومەنی بەرزی سوفیات موافقەتی کرد لەسەر دەستووری تازەی یەکێتی سوفیات •

● ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو یەکێك لە کۆنترین بازارەکانی تاران لە دووڵاوە ئاگری گرتو بوو بەهۆی کوژرانی چوارکەس‌و بریندار‌بوونی ١٥ کەس‌و سووتانو ڕووخانی ١٥٠ دوکان • پۆلیسی ئێران ڕایگەیاند کە توانیویە ئاگرەکە بکووژێنێتەوە ، بەڵام تائێستا هۆیەکەی نەدۆزراوەتەوە •

● کۆماری سۆشیالیستی فێتنام ڕایگەیاند کە بۆ پەرەپێدانی ئابووری وڵات پشت بە گەلەکەی‌و پیشەسازی نیشتمانی‌و سەرچاوە سروشتیەکانی خۆی دەبەستێ ، ئەك بە یارمەتی دەزگا دارایەکانی ناودەوڵەتان •

● ڕۆژنامەی (القبس)ی کویت بڵاوی کردەوە کە انور السادات سەرۆك‌کۆماری میسر کەوتۆتە ڕاوێژکردنێکی بەربڵاو بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی تازە بەسەرۆکایەتی خۆی بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی بەناو ئەرکەکانی قۆناخی دادێ لە مەیدانی سیاسی‌و ئابووریدا •

● قسەکەرێکی ڕێکخراوی جیهانی‌ی تەندروستی لە ژنێف ڕایگەیاند کە پەتای کۆلێرا لەو وڵاتە عەرەبی‌یانەدا کە کۆلێرایان تێدا بڵاو ببۆوە تەنگی پێهەڵچنراوەو لە کەم‌بوونەوەو لەناوچووندایە • هەروەها گوتی هەنگاوڕێکخستنی ئەو وڵاتانە بۆ بەربەرەکانی پەتاکە ئەنجامی باش‌و بەکەلکی بووەو ڕێگا دەدا کە ئەمسالیش ڕێ‌وشوێنی حەج ئەنجام بدرێ •

● کومپانیای ئەمریکایی (أسو) کە یەکێکە لە کومپانیا نەوتیەکان دانی بەوەدا نا کە لەو چەندسالەی دواییدا زیاتر لە ٢٠ هەزار دۆلاری ئوستورالیای بەرتیل داوە بە حزبە سیاسیە سەرەکیەکانی ئوستورالیا •

Institut Kurde de Paris

لەدوانگەی زمانەوانی یەوە

لەدوا لەدوا

رەئووفی ئەحمەد ئالانی

هەرچەند شانو ملی منیش دەگرێتەوە :
لێتان ئاشارمەوە کەوامانخوو پێوەگرتووە ، هەریەکەو زانستی خۆی ٠٠ فتوای خۆی٠٠ زاراوەی خۆی ٠٠ رێنووسی خۆی ٠٠
بەر زمانەوانێکمان لەزمانی هەندەراندا بەلەدیەکی هەبێت ، بێقەیدو شەرت ،سەروسەکوتی زمانە کوردی- یەکەی پێرەنگ دەکات ،خۆشی پێناگیریو دەڵێ :
لە ئینگلیزیشدا وەهایە ٠٠لە ئەڵمانیدا٠٠ لە رووسیدا ٠٠ هتد ، ئاوایەو لێرەشدا باوابێ ٠٠؟!
با ، ئەم جارەیان لەرواڵگەوە پارێز بەرینە بەر (لا) لامەلفەلای کوردی ٠ لە ئەنجامی تەقەلاو بکرەوبەردەی چەند ساڵەمان ئەوە هاتە بەرهەم کەپێتەکانی زمانی کوردی بەدەنگدارو بزوێنیانەوە (٣٦)سی‌وشەش دنلەیان بکرێن بەبنچینەی کتێبی خوێندنەوەی کوردی‌ی پۆلی یەکەمی سەرەتایی ٠
وە لە لاپەڕە (٦١)ی چاپی‌دوایی‌دا (هەژدەهەم) خشتەی ئالو والای بۆکێشراوجووتە پێتی (لا) و (لآ) یان خرایە تەکو لاپەڕە (٤٣)و(٤٦)یان بۆتەرخان کراو ، وەك گشت پێتەکانی تر ،بەبازنۆکەوە ئاوێزان کران ٠
وەك وتراوە :
(بابەتی زمانەوانی وشکوورەقە) ٠
ئەگەر گلەییشم بێتەسەریادگارێکی منداڵیمی تێچێن دەکەم :
(سی ساڵێك لەمەوبەرلەگەڵ مەلا ئەحمەدی باوکمدا چووین بۆ ئالانی سەردەشت ،بۆ خزمەت پیری زانانو فریشتە سروشت (شێخەمینی -بێژوێ -) لەپێشدا ، بەخزمەت (مەلا محمدی کوری‌شێخ) گەیشتین ، کە زانایەکی بەرێزو ناسك‌بوو ، هەر ئەومەلەیادە کە بەباوکمی فەرموو :- (رەئووف)ی منیش دەخوێنی‌وهەر لە (ئەلفوبێ)یاندا ، بەگیری هێنام !!
بەڵێ لە (أ ، ب ، ت)وەبەرت ، لێڕاگرت ، چ قسەی نەبوو ، تا گەییشتینە (لا ، ی)لامەلفەلا ، ئیدی سوئاڵێکی دە عەجایەبی لێکردم ،گوتی :
بابە : خۆ لەپێشی (لام)و(ئەلف)مان ، خوێندن ، ئیدی لەبۆ (لامەلفەلا)ی‌تێبردەوە ؟!
بەراستی زۆرم کەیف‌پێهات ، چ جوابێکی دەواشم پێنەبوو کە لەوزەی وی‌دابێت ، لێکم دایە ٠٠ ئەگەر دەڵێم : بابەڵێ ! ئەوی سەرموەهەمزە بوو ، ئەوەی دەئێرەش (ئەلفی ساکنەیە ، چ عەلاقەیان‌بە یەکدی‌یەوە نیە ، منداڵێکی دەوا ، بەزەحمەت لەوحەیسەو بەسانە دەگات ، لەوەش دەترسام کە (هەمزە)ی‌بەزەلام بێتە ، دڵانو ئەوساکە داوای حەرفی (مام هۆمەر)یم‌لێ بکات ، منیش لە بۆ بێکەنینێ ئەوەندم لەبەرڕاهاویشت : (ئەوەی دوایی خانە وێرانەو بەهەمووحەرفانەوە دەنووسێ ،ئەوەتانێ دەگەڵ لامێداتێك هاڵاون ٠

بەڵێ مەزنایەتی‌ی ئەو خانە وادەیە ، ئەو یادگارەی لەدڵمدا چەسپاند ، هەرچەند باسی پێتی دەنگدارو بزوینم بێتە بەرچاو یان سەرنجی بڕێ کتێبی (فۆنەتێك‌و فیلۆلۆژی زمانی کوردی) بدەم ، ئەو یادگارە (لەگەڵ چەندان شتی سەیرو سەمەردا) دەمەزەرد ، دەبێتەوە ، لەم چەندانەدا ، وانەیەکی مامۆستایەکی لێهاتووی قوتابخانەکەم بینی، کە پێتی (لا)ی بەساواکانی پۆلی یەکەم دە وتەوە ، منیش بەزەردەخەنەیەکەوە بەگوێمدا چپاند : ئەرێ پێتی (گا ، کا)ت بێ تەواو کردوون ؟! ئەویش ، وتی : تەنها دەسەڵاتی من تەواو کردنی بەرنامەیەو ئەوەش کتێبەکە !
لێرەدا ، دەوەستەو دەگەڕێمەوە سەر باسەکەمان : ئەم دووپێتە دەست کردە بۆچی فوت کراونەتەوە ؟
١ - لەعەرەبی‌داو لەسەر دەمێکدا ، ئەلفوبێ کەیان بەو شێوەیە چەسپاوە ، لەبەر ئەوەی کە رێنووسەکەیان لاتینی ئامێزنیە گرنگی‌یان بەسەرو ژێرو بۆرنەداوە کەپێتیان بۆ دەستنیشان بکەن بەڵام (١)ی بزوێن کەیەکێکە لە (حرفەعلەکان) لەگەڵ (ل)دا ئەوشکلەیان داوەتێ ، لەوەش بەئاگابوون کە بەتەنێ گۆناکرێت ٠
مەبەستیشیان ئەوە نیە گوایا (لا) پێتی سەربەخۆیە٠
٢ - لەم دەرباز گەیەوە ، نابەڵەدانە ، بڕێ لە زمانەوانە کانمان پێتی (لا - و - لآ)یان تێچێن کردووە ، ئەمەش کەتنێکە لەدەیان کەتنی‌تر هەرلەسەرەتاوە لەمەمان کتێبدا ، ساواکانمان بە برگەی(دارا ، وەزە ٠٠٠ هتد) فێری ، پێتە بزوێنەکان کراونو باش‌باش وێنەی (ا ، ۆ ، ە) دوای فێربوونیان بەبرگەبۆیان خراونە بازنەوە ٠ وە لە لیستەی پێتەکانیشدا وێنەی(٠ - ا ، ب ٠٠٠ هند) تۆمار کراوە ، راستەوخۆ فێری (ء)بە (ئاو ، ئارد ، ئەو) کراون ٠
٣ - بەچەند واتەیەکی‌سەربەخۆش فێری پێتی (ل) و (ڵ) کراون ٠ جا ، چۆن‌فێری برگەی (دا ، دی ، دور) بوون ، بەهەمان دەستوورفێری دەربڕینی (لا ، لی ، لوو)ش دەکرین ، کەواتە سەپاندنی لامەلفەلای کوردی ، کارێکی بێهوودەو هەڵەیە ،جگەلەوەش بێسەبارەتانە هەر ئەمندالی‌یەوە ، وادەچێتەزەینیانەوە ، کە ئەو دوو برگانە ، دوو پێتی سەربەخۆبن‌چونکە لە (ابجد)ی یەکەدا بە پێت پیشان دراون ، بگرەبڕێ مامۆستاش دووچاری ئەو هەڵدێرانە بوونو جێی‌گەییش‌نین ٠
٤ - لەوانەیە بیانووئەوەبێت ، گوایە ، ئەمە (ئەلفوبێ)ی منداڵانە ، ئەم‌بەهانەیە لە فەرهەنگی زانستدا جێی ئابێتەوە ! بگرەباری زانستانە ، دەبێ لەو قۆناغە وەدەست پێبکات ٠
پیشاندانی برگەو لەقالبی‌وشەداو بە بێ سەبارەت زۆرنا بەجێیە ٠ ئەمەش هەرلە کورد رووی داوە ، کە ئەلفوبێی منداڵانو خانەی‌ئەوئەم هۆزو ئەو هۆز لێکدی جیاوازبن ؟!
یان لەبەر ئەوەبێت کە (ا)ی‌بزوێن لەگەڵ (ل)دا ، فۆرمێکی جیاواز پەیدا دەکات ، وەك(لا) ئەمەش ، پەیوەندی بەزانستەوەنیەو لەکتێبەکەدابەوشکلەش نیە وەك لە وێنەی (کەلاوێژ ، گەلآ) دا خراونەتەبەرچاو ، ئەگەر ئەمەراست بێ ، دەبێ (کا)ی چەخماخیش بەپێتێکی سەربەخۆ دابنرێت !! ئەمانە پەیوەندی‌یان بەهونەری خەنەوە هەیە ٠
٥ - وەك لەسەگوزەشتە‌کەمدا زیتەکەیی ئەو منالەتان بۆ دەرکەوت ، باش ، باش‌چاوەروانی دەکرێت ، کە لەپۆلی یەکەمدا و لەبەردەمی‌مامۆستادا چەند منداڵێکی وریالکە ، بڵێنو بڵینەوە (پێتی - گا ، کا - وەك ، پێتی - لا ، لآ) ٠
تا بەیەك گەیشتنیکی تر ، لە - رواڵگەی زمانەوانی‌یەوە ٠

ئالانی

بەڵێن

بەڵێ قوربان ٠٠ من بەستەیەکم ئەوێ
لەگەڵ تەزوی جوانی گیانەدا ڕێکەوێ
جۆلانەبێت ٠٠ خۆش ڕاژەنی کۆرپەی دڵ
گەلای گەش‌دات ٠٠ لەبەرۆکی چرۆی چڵ
زەوی وابێت ٠٠ بۆ کاروانەکەی سبەی
فەر پەیداکاو بچێنێ تۆوی ئۆخەی
رۆحسوك بێتو بزانێت کە چۆن ئەدوێ
لەکام کەژی خۆشەویستیدا ئەڕوێ
بەهەشتێك بێ ٠٠ وێرانی ڕێی نەزانێ
بوکی ئاوات پێکی خۆزگەی ڕوندانێ
پرشنگێکو ساماڵێك بێ ئاسمانی
کوڵۆ هەورێ تیا نەبینێ وچانی
مژدەی شەفەق بۆ سەودای گرنگ بێنێ
سۆزو نالەی دڵی شەو داخورێنێ
نێرگزێك بێ لەژێر چەنەی نەورۆزا
بەهاری شۆخ بدات بەڕوی پیرۆزا
ئەگینا من بەستەیەکم بۆ چیە
ئیفلیجێ بێکەهیچ ساغی تیا نیە
نەیزانیوە چۆن هاتومو بۆ ئەبێ
شوینی کوێیەو کام ملی ڕێگە ئەگرێ
لەگەڵ هەندێك وشەی گەرمی داتاشراو
ئەچن بۆ لای بەژنو باڵاو دەموچاو
ئەم بەستەیەی وا ئەیڵێی بهاتایە
شیعرێك بوایە ٠٠ لوتو گوێچکەی نەکرایە
دێرێك بوایەو کوردی ٠٠ وشەی شاعیربێ
فۆلکلۆرێ کەوا پەنو نەمربێ
ڕەنگە بە دڵ گوێت بۆ شل‌کەم ئەی دەنگ‌خۆش
چەپڵە لێدەم ٠٠ بۆی بێمە جۆش‌و خرۆش
بەڵام گیانە بەستەیەك کە لەم دوانە
تێنەگاتو هەست نەکا کامە جوانە
گومانی تیانیە هەتاکو ئەمرم
گوێچکە هەرگیز لە بەستە ناواناگرم

ـ مجید ـ

چیرۆك

لەچاوەڕوانی‌ی منداڵدا

عبدالله نجم سەراج

شەوی تاریك کۆژەکەی‌ئاسمانی قووتدابوو کەپەنجەرەی باڵەخانەکەی کردەوە ٠ گەردنی بۆ خوارموەڕەوانەکردو ملوانکەیەکی دەنك‌گەورەی هەڵواسی ٠ بایەکی ڤێنك دەرفەتی شەنۆکەوکردنی قژێکی پەشۆکاوی‌بۆ لووا ٠ لە نێوان دوو دار پرتەقاڵەوە چاوی بڕی‌یەشەقامەکە ٠ یەکدووانێك‌بەرەو خواربوونەومو دەنگیان ئاوابوو ٠ لاوێکی هەرزەکاریش‌فیکەی کێشاو چاوی بەلاکێشە روناکەکانی کۆڵانەکەدا لکا ٠

قەپاسەی نسکێکی کلۆك بێتە گول چاوی نوقاند پاشان هەناسەیەکی بێدەنگی هەڵکێشا ٠ نەیویست لە پەنجەرەکە لاکەوێت بۆیە ئەنشکی بەسەرداداو چەناگەی ڕاگرت ٠ ئۆتۆمبیلێك لەڕیزە ماڵەکانی ئەو لایانەوە لەنگەری بەستو خێزانێکی بریقەداری هەڵڕشت چاوەکانی بە گوێرەی خرۆکەی زەوی کرانەوە ، بڕێ منداڵی وردیلە ڕوویان لە دەرگایەکی شووشە بەندی ڕەنگین کرد ، ترپەی دەستە بچکۆلانەکانیان گۆمی ئارامی ئەمی شڵەقاند ٠ سەری دانەواندو چیمەنی باخچەکەی بەدی‌کرد ، لەبەر تیشکی گڵۆپە کزەکەدا ، سەوزێکی شەوگارانەی لە چاویا ڕوواند ٠ لەناکاو ٠٠ دەنگێك ڕای‌چڵەکاندو شیرازەی بێ دەنگی‌یەکەی شێواند ٠
ـ وەرە ژوورەوە !
ـ خووم زراوە ٠
ـ شەو درەنگە بەڵکو بەربەیان بەناگامدێنێ ٠
ـ ٠٠٠
لەسەر رایەخەکەدا ڕاکشا٠ پرخەپرخی ناو ژوورەکە زیاتر خەوی تاراند ٠ بیری بۆ هەشت ساڵی پێشوو هەڵگەڕایەوە ٠ ڕۆژگاری وەك یەك هاتە بەر چاو ٠ شەمە لەیەك شەمە ، لە دوو ، لە سێ ، لە پێنج ، لە هەزار شەمە دەچوو لەو سادەی کە ناچاریان کرد کە شوو بە هاوتەمەنی بساوکی بکات ٠ دەستێکی بە پەرلۆنە پەمەیی یەکەیدا هێنا ٠ چەند جارێك تلایەو ٠ لەپاشان بە پێخاووسی ملی لە زوورێك نا ٠ چراکە هەڵکرد ٠ وینەیەکی هەتیوی لەقەد دیوارەکەدا پچراند ٠
زۆر بە کۆل ماچی‌کرد ٠ باوەشی لێدا ٠ هەستی بە حەسانەوەیەك کردو ٠٠ دیسانەوە دەنگێکی گڕ مەلی هەڵنشتووی ناوی چاوی هەڵفراند ٠
ـ ئەوە بۆ لێرە دانیشتووی ؟!
ـ نازانم ٠
ـ ئەم وینەیەت بۆ لەکۆشە ؟!
ـ نازانم ٠
ـ دیسانەوە بەزەکەیە ؟!
ـ لە خۆت بپرسە ، لە پزیشکەکانت ٠
ـ ناخر ٠٠
ـ ٠٠٠
ویستی هەموو شتێك بڵێتو دەرکەی کێوە ناگرینەکە لابدات بەڵام گیانی هەڵچووی لە شێوەی هەنسك خۆی نواندو لەپاشان بە کۆل گریا ٠٠ وینەکەی دەستێی لەفرێسك بێبەش نەبوو ٠

نەراستی یێت ژتۆری کوردی یێ کلاسیکی بەڵاڤبوین

مالکان دەست بێ دکەت ٠
ئیرو وەرن لێزم وەرن
جیران (چینار) و خەلکێ هێشەتێ
هون رایەکێ ل من بکن
ئیرو قەوی گریا مە تێ
ئو دویروکا مرنا وی ب فێ مالکێ دچەسپینت د بێژیت :
حەرف عەین و لام ژێك بون جدا
حوزن (شینی) وگری دیسا تەدا
کو مالکا ژێری یاکو دویروکا ژینا وی ب حەرفێت ئەبجەدی تێدا گۆتی‌یە ل دوی کوفارا هاواری هژمارا (٣٣)ێ سالا (١٩٤١)ێ بەرپەرێ (٨)ێ ب فی ئاوایێ ژێری‌یە :
هەفت عەین و لام ژ هەف بون جدا
شینی و گری دیسا تێدا
بەڵێ مخابن ژینەنیگارا وی ، ئانکو یا فەقێ تەیران هەتا نهو فێ گافێ ژی د تاری‌یا نەزانینێدا مایە هەر ئەف چەندا ژێری بنیشانەیا (دەلیلا) چەسپی‌یە :
فەقێ تەیران خەلکێ مکسێیە کو قەزایەکا هەکاری بویە ب جولەمێرگێئە بەستی بو ، ل دوی فان سەروکانیان :
أ - جامعی رسالیا و حکایتان ب زومانێ کرمانجی ، اسکندر ژابا ، پیتر بورگ سالا (١٨٦٠)ێ بەرپەرێ (١٣)ێ ٠
ب - سەرتا ، ریزمانا کوردی مێجەرسون لندن (١٩١٣)ێ بەرپەرێ (٦)ێ ٠
ج - کوفارا هاواری هژمارا (٣٣)ێ سالا (١٩٤١)ێ ل بن مانشێتا « کلاسیکێن مە » هەرەکول عەزیزان (جەلادەت بەدرخان) ٠
د - القضیة الکردیة ، دوکتور بلەچ شیرکو ، مطبعة السعادة القاهرة (١٩٣٠) ص (٢٢) ٠
ئەفە و ژبلی تێکستا (نص) د داستانا شێخێ سەنعانی‌دا کو دویماهی‌یا وێ یە :
مکسی ژ وێ مەی مەستێ
تەتویل (تطویل) دکەت حکایەتێ
مکسی ژ عشقێ سوهتی‌یە
ئەف شعر ف شێخی نهتی‌یە
حالێ خو تێدا گۆتی‌یە
ژ عەین و لاما هجرەتێ ٠٠
هەر وەسا ژی فەقێ تەیران ب ناڤێ فەقێ مەکسی ل دەفەرا ، هەکاری‌یا ، بەهدینان و بۆتان ناڤدار بویە کو د دەستنڤیسادا ب فەقێ مەکسی هەلبەست نڤیسی‌نە گۆتی‌یە : « مەکسی دفەرموت »یان ب فارسی « مەکسی فرماید » ، هەر وەکی ب فێ ناڤ و نیشانێ هەلبەستەکا وی د بەرپەرێ (٧٢-٧٣)ێدا د هژمارا « نوسەری کورد دا » هژمار (٨) مایس (١٩٧٣)ێ کو ژ دەستنڤیسا سالا (١٣٢١)ێدا فەگوهازتبو ٠

بروانە - ل ٧

بێت بێنفی راستکرن ئەفێت ژێرینە بکورتی :
١ - چەرخ و دەمێ ژینا وی‌یە دگەل ژینەنیگار ئانگو سەرکوزەشتی‌یا وی ٠
٢ - شوینەوارێت وی ٠
٣ - نرخ و پێکیلندی‌یا وی هەقبەری زانا و روشەنبیرێت چەرخێ ئەو تێدا ژی ٠
هەروەکی دیارە نڤیسەڤانێ ناڤبری ، پترین بیر و باوەرێت خو دەرباری فەقێ تەیران د گۆتارێ خودا بەلاڤکرین ژ دو نڤشتێت کوردی ڤەگوهازتینە ئێك ژ وان « خلاصة تاریخ الکرد و کردستان » امین زکی‌یە ، کو کیمتر ژێ ڤەگوهازتی‌نە یا دووێ ژی « دیوانا کرمانجی » یا عبدالرقیب یوسفی‌یە ، کو پتتر ژێ وەرگرتینە ٠
بێ گومانە فەقێ تەیران هەفچەرخێ جزیری بویە د ، دویماهی یا ، سەدێ پانزدێ د نیڤا سەدێ شانزدێ ژی‌یە ب فان هەر دو نیشانەنیت ژیری :
١ - بەرێکانا هۆزانڤانێی ل ناڤبەرا وی و مەلایێ جزیری ، هەر وەکی د پەیڤتنا فەقێ تەیران بخو خویا دبیت ٠ فەقێ تەیران دویماهیێ ب وێ بەرێکانێ تینت دبێژیت :
برینداری عشقێ مە
دورم ژ سپا بهان
دزانن مەدداحێ کیمە
« د هزار و یەك و سهان »
ئەنا خوانی مەلێ مە
ل هەمو عەرد و جهان »(٢)
٢ - هەلبەستا زێماری یا کو فەقێ تەیران ب مەلایێ جزیری گۆتی باشی جزیری دنیا روهن لێ تاری بویە چۆیە بەر دلۆڤانی‌یا خودێ(٣) ٠ کو ب فان

بێ گومانە کو تۆرێ کوردی یێ کەفن (کلاسیکی) چەند بێژی یی ب گرێ ، کویری ئو نالوزیایە ، ژبەرکو گەلەك کێم ژێ هەتا نهو هاتیە توێژاندن و ل دوی چۆن ، بێ مایی هێژ بەلاف ، تەرابەرا ئو پرە ژلەنگی ئو نەراستیان(١) ٠ ژبەر هندێ نڤیسەڤانێت کورد یێت نوی گەهشتی یا هێژ شاگرد د تۆرێ کوردی‌دا ، چاخ و دەمێ دەست ددەن قەلەمی ل سەر بابەتەکێ وەسا ب‌گرێ ژی دنڤیسن ، ژ بنێ گوهی چ ل بەر دەست بت ژ سەروکانی‌یان (ژێدەران) وەك : القضیة الکردیة ، دوکتور بلەچ شێرکو ، مێژوی ئەدەبی کوردی ، علاءالدین سجادی ، خلاصة تاریخ الکرد و کردستان ، امین زکی ، هەتا خو دیوانا کرمانجی عبدالرقیب یوسف ، یان گۆتارەك د رۆژنامە یان گۆڤارەکا کوردی‌دا بینن دێ دجهدا ڤەگوهێزیت و ناڤێ وێ ژی نابەت ، نەژی د فەروژی‌دا دەست نیشان دکەت کو راستی‌یەکا گومان برە ٠ ژبەر هندێ بناسیت نڤیسەڤانێت نوی گەهشتی ئینن هەکە هات و نەراستی‌یەك د گۆتارێت وانداە دیار بیت ٠

فێ دویماهی چەند نەراستی بەرچاڤێت من کەفتی‌نە یێت کو ژ چەند کتێبیت نوی چاپکری ڤەگوهازتین ، دێ وان نەراستی‌یا ل بەر چاڤێت خوەندان دانین و بیر و رایێت خو ژی دەربرین ٠
د رۆژنامە « عراق »دا هژمارا (١٩٥)ێ د ١١-١٠-١٩٧٦ ، دبن فێ مانشێتێدا « فەقێ تەیران هۆزانڤانی داستان (بەیت) و چیڤانوکێت کوردی ، علاء الدین ، چەند نەراستی تێدا بەرچاڤن ، ژ وان

Institut kurde de Paris

میوانداری کۆشکی کۆماری

دژینێ بەیانی بەڕێز شکری صبری احمد باڵوێزی کۆماری عیراق لە بۆدابیست سەری لە کۆشکی کۆماریداو ناوی خۆی لە دەفتەری میواندارییدا نوسی بۆ ئزن وەرگرتنو چونە سەرکاری خۆی ٠

دیسان دوکتور سمیر عبدالحمید شاکر نوێنەری عیراق لە ڕێکخراوی خۆراکو کشتوکالی دەوڵەتان ناوی خۆی بەبۆنەی هاتنیەوە بۆ بەغدا نووسی ٠

هەروەها بەڕێزان : ولید ابراهیم بارێزگاری ئەنبارو هاشم قدوری بارێزگاری بابلو عزیز صالح بارێزگاری کەربەلاو خلف ابراهیم بەڕێوەبەری گشتی فرۆشیاری میوەو سەوزەواتو یوسف رؤوف جێگری وەزارەتی بازرگانیو عبدالواحد ترکی بەڕێوەبەری گشتی هێنانی کەرەستەی دەستی سەریان لە کۆشکی کۆماریداو ناویان بەبۆنەی هاتنەوەیان لە دەرەوەی عیراق نووسی ٠

دەورەیەکی نوێی پیشانگای بەغدا

لە سەرەتای ئەم مانگەدا لە دەورەیەکی نوێدا پیشانگای بەغدا کرایەوە ،ئەم دەورە نوێیە لە ژێر ناوی سەرژمارو پەرەپێداندا کراوەتەوە ئەویش بەبۆنەی سەرژمارکردنی گشتی دانیشتوانەوە ئەو ناوەی لێنراوە کە لە رۆژی ١٧ی ئەممانگەدا دەست پێدەکات

ئەم دەورەیە ١٥ رۆژ ئەخایەنێت ٥٤ وڵات بەشێوەیەکی رەسمی لە پیشانگاکەدا بەشدارن سێ دەوڵەتیان یەکەم جارەکە بەشداری تێدا کردوە کە برێتین لە مۆریتانیاو سویسراو مالتا لە گەڵ ئەم وڵاتانەشدا دوەروبەری ٢٠٠ دەزگاو کۆمپانی وڵاتانی دەرەوە تیایدا بەشدارن ئەم دەزگاو کۆمپانیا بێگانانە سەربە پێنج دەوڵەتنو بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە پیشانگاکەدا بەشداریان کردوە ، لەگەڵ ئەمانەدا ١٠٧ دەزگاو کۆمپانی هاوڵاتی لە پیشانگاکەدا بەشدارە کە ئەمانەش برێتین لە کۆمپانیاکانی کەرتی سۆشیالیستیو تێکەڵاوو تایبەتی ٠

دەزگای پیشانگاکە بڕیاری واداوە کە ماوەی سەردان لە بەیانیان لە سەعات ٩وە تاوەکو سەعات یەکی پاش نیوەڕو بو دیدەنی ڕەسمیو پیاوانی خاوەن کۆمپانیاو سەربە کۆمپانیاکانبن ٠

وە ئێوارانیش لە سەعات پێنجەوە تاوەکو سەعات دە بۆ هاووڵاتیانپێت ، بێجگە لە ڕۆژانی هەینیو ئەو ڕۆژانەی کە عەتەلەن چونی بۆ پێشانگاکە لە سەعات ٩ی بەیانیەوە تاوەکو سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ ئەبێت ٠٠

لە ماوەی ڕۆژانی پێشانگاکەدا بە بۆنەی ڕۆژی نیشتمانی ئەو وڵاتانەی بەشدارن ئاهەنگ ئەگێردرێت ، وە لە سەرشانوی پێشانگاکە ئاهەنگی هونەری هەمەجۆر لە لایەن تیپی نەتەوایەتی هونەری میللیو یەکێك لە تیپەکانی بالیەی سۆفیاتەوە سازنەکرێت ٠ لە کۆتایی ئەم دەورەیەی پێشانگایەدا ئەنجامی بیتاقەی یانسیبی پێشانگاکە ڕائەگێشرێت ، خەڵاتی ئەو یانسیبە سێ ئۆتۆمبیلو گەلێك خەڵاتی هەمە جۆری بەنرخیترە لە دەزگای پێشانگاکان ٠

ئەنجامی وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆکانی وڵاتدا

رۆژی یەکی ئەم مانگەوەزارەتی فێرکردنی بەرزو لێکۆڵینەوەی زانستی ئەنجامیوەرگرتنی گشتیی قوتابیانی لە زانکۆو خوێندنگاکانیوڵاتدا بڵاو کردەوە ٠٠

دکتۆر عامر سلیمانبەڕێوەبەری گشتیی وەرگرتن بڵاوی کردۆتەوە کە لیستەیناوەکان بە پێی زۆری نمرە لە مەلبەندەکانی تۆمارکردنبەم زوانە بڵاو ئەکرێتەوە ٠٠ وەزارەتیش بەو بۆنەیەوەبەیاننامەیەکی بڵاو کردۆتەوە لە بەیاننامەکەدا ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە لەسەر چ ڕێگاو چ شێوەیەك لە وەرگرتنیقوتابیانی ئەمساڵدا ڕەچاو کراوە ٠٠

دەستکەوتەکانی شۆڕش لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا

بەڕێز یحیی محمد رشیدبارێزگاری دهۆك باسێکی تەواوی ئەو ئالوگۆڕەسۆشیالیستییەی شۆڕش لەو بارێزگایەدا جێبەجێی کردوەپێشکەشی خاتو پیلیا نواڤامارگریتا جێگری وەزیریزامنکردنی کاروباری کۆمەڵایەتی کۆماری ڕوسیایەکگرتوو ئەو وەفدەی تەکی کردوە ٠٠ بەڕێز بارێزگارئەوەشی دەرخستوە کە شۆڕش چەندە بایەخێکیگەورەی بە ناوچەی ئۆتۆنۆمیداوە ٠٠

بۆ ئەوەش بەلگەی بەوەمو پرۆژەی بەرهەم هێنانو خزمەت گوزارییانە هێناوەتەوەکە لە ناوچەکەدا جێبەجێکراون لەو چاوپێکەوتنەداهاوڕێ مزهر مطنی ئەمینداری نهێنی حزبی بەعسی عەرەبیسۆشیالیست لقی دهۆك بەشداربوە ٠

هەواڵێك بۆ خانەنشینەکانی هەولێر

خانەنشینەکانی پارێزگای هەولێرو قەزای شەقڵاوەو کۆیەو مەخمورو ڕەوانزئەتوانن ئیشوکاری خانەنشینیان جێبەجێبکەنوەمانگانەکانیان وەرگرن بەبێ ئەوەی پێویست بەوە بکاتبچن بۆ دایرەکانی خانەنشینی لە بەغدا ٠

لە پارێزگای هەولێر دایرەیەکی نوێی خانەنشینی دامەزراوە لەگەڵ سێ (ملاحظیە)تی خانەنشینی لەو قەزایانەی لێرەدا ناویان هاتوە لە گەڵ لقێکی خانەنشینی لە ڕەوانزێز وئێستاکە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی خەریکی کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکی خانەنشینییە لە پارێزگای دهۆك لەگەڵ دوو ملاحظیەتی خانەنشینی لە ئامێدیو زاخو ، بۆ ئەوەی کاروباری خانەنشینەکانی ئەوێ جێبەجێ بکات ٠٠

ئا٠د٠ع

لەکۆبونەوەی دووەم ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستاندا

وتاری بەڕێز یەکەمسەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان ٠٠

بەڕێز احمد عبدالقادرسەرۆکی یەکەم ئەنجومەنی یاسادانان لە یەکەمکۆبونەوەدا وتاریکی خوێندەوە . لە پێشەکیوتارەکەیدا ڕێزوخواهێشتی خۆی پێشکەش بە نوێنەریبەڕێز سەرۆك کۆمارو بەڕێزان وەزیرەکانو هەموئەندامانی ئەنجوومەن کرد بۆ هاتنیان ٠٠

لە وتارەکەیدا ئەوشی دەستنیشانکردوە کەمەتاقی کردنەوەی ئۆتۆنۆمی چەند توشی پیلانی ئیمپریالیزم بو بە هیوای لە ناوبردنو بوچەل کردنەوەی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی هەمیشە هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت ئەویش بەهۆی ئامۆژگاریو پشتگیریی بەردەوامی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕشەوە ، لەو سەردانەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش تێکۆشەر صدام حسینداخۆی نواند کە خۆی لە پێویستی ناوچەکەی پرسیەوەو چەند دەزگایەك وەك بەشێك لە دەزگاکانی تری شۆڕش هاتنە کایەوە بۆ ئەوەی ئەرکی خۆی لە ناوچەکەدا هەلگرێتو هەوڵو تەقەلای خۆی تەرخان بکات بۆ ئەوەی باری ناوچەکە لە هەمو ڕوویەکەوە پێش بکات ٠

ئەوەش بەتەواوی خۆی لەو فراوان بونو بەربڵاویەدا نواندوە کە ناوچەکە لە مەیانی خزمەتی ئابوریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریدا بە خویەوە دیوە ٠ هەروەها لە دانانی ئەو بودجە گەورانەی لە بڕۆگرامی بەرهەم هێناندا بوی دانراوە بۆ ئەوەی هەمە جۆری پرۆژەی گشتیو کالیو پیشەسازیو ئاودێری زۆر شتیتری پێ بکرێتەوە ئەمە سەرەڕای ئەهێشتنی بێ ئیشیو ئەو هەرەوەزە نیشتمانییەی بۆ کردنەوەو قیرتاوکردنو چاکردنی ڕێگاو بان دەستی پێ کردوە ، لەگەڵ خۆش کردنی باری گوزەرانی پیاوە ئاینیکاندا ٠

بەڕێزان ٠٠

هاتنە مەیدانی دووەم ئەنجومەنی یاسادانانو گرتنە ئەستۆی ئەرکەکانی لەو کاتەدا کە یاسا بوی داناوە بەتەنکەوە هاتنی بەڕێز سەرەك کۆمار بەوەی چاودێری یەکەم کۆبونەوەی کردوە ، ئەمە ئەوە ساغ ئەکاتەوە کە حزبی سەرکردە ، حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سوورە لەسەر ئەوەی کە ئۆتۆنۆمی لە ڕەوتە سەرکەوتوانەکەی ئەکەوێتو هەر بەردەوامبێت لە هێنانەدی خواستە ڕەواکانی گەلەکەمان بە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عیراقداو بایەخدانی دەولەت بە دەزگاکانی بۆ ئەوەی دەوری خۆیان لە بتەوکردنی یەکێتیی نیشتمانییو باکردنەوەی ناوچەکەو چەسپاندنی ئەو ڕاستییەی کە دەڵێت ٠٠ ئۆتۆنۆمی تەکتیکی قوناغێك ئەبو یا دارشتنێکی وەختی ، بەڵکو بەدەنگەوچونی بۆچونێکی بیروباوەڕانەو ئێنوارینێکی ڕاستی دوربینی حزب بو بۆ مەسەلەیەك کە هەمو بەیەکجار بوبنیات نان و بپشخستنی وڵات کاربکەنو بەشداری بکەن لەو ئالو گۆڕە بنەڕەتیانەدا کە وڵات بە خۆیەوە دیوە لە پێناوی چاکەو خۆشەویستییدا بو بنیاتنانی کۆشکی قەشەنگی نیشتمانیو بارێزگاریی ئەو دەستکەوتە شۆڕشگێڕیانەدا کە شۆڕشی ١٧ی تەمموزی پیرۆز وەدی هێناون لەوانە ئەم دەستکەوتە مەزنە دەستکەوتی ئۆتۆنۆمی کە نمونەی یەکێنیی نیشتمانیو ئەو بەرژینە بەتینو قایمیەیە کە مەترسی دەگیرێتەوەو دوژمنان دەبەزێنێ ٠٠

براکانم ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان ٠٠

تواناو هەوڵو تەقەلای بنیاتنەرانەمان بێگومان ئەوەو ئەرکە ئاسان ئەکات کە ناوەڕوکی یاسای ئۆتۆنۆمی بکرێت بە بڕیاری کارامەی ئەوێ کە پێتە مایەی جێبەجێ کردنی ئەخشەکانی شۆڕش بە تایبەتی لە پێشخستنی ناوچەکەدا لە بارەی بەڕیوەبردنو ڕۆشنبیریو ئاوەدان کردنەوەوە ٠

پیرۆزبایتان لێ ئەکەم بە هەڵبژاردنتان بە ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانو بەو باوەڕە بەرخەی شۆڕش پێی داون بۆ ئەوەی شوێنێکی بەرپرسیاری بگرن لە کاری ئالوگۆرکردنو بنیاتناندا ، هیوادارم کە ئەو باوەڕە پێتە هاندەرتان بۆ ئەوەی بە چالاکی بەدەنگ ئەرکو ئیشەکانتانەوە بچن بۆ خزمەتی گەل بە کوردو عەرەبو کەمە نەتەوایەتییە براکانەوەو بەهێزکردنی یەکێتیی نیشتمانیو بەرەپێشکەوتنخوازەکەیو کوشتنێکی دلسۆزانە بۆ بەرەپێدانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەوەی کاریگەری تربی لە بنیاتنانی عیراقێکی نوێو یەك خستنی ریزەکانی گەلەدا بۆ پوچەڵکردنەوەو لەناوبردنی عەمو تەقەلایەك کە ئەدرێت بو نەهێشتنی ئەو دەستکەوتانەی لە سایەی شۆڕشی ١٧ی تەمموزدا وەدی هاتونو وریابونەوەیەکی زیاتر پتر ئاگاداریو نەهێشتنی هەمو کەلەبەرێك لەبەردەم ئەو هەوڵەو تەقەلا نالەبارانەدا ، با بەگیانێکی برایانەو لە روو عەمو گیروگرفتیکمان بخەینەرو ٠٠

هەوڵو تەقەلای هاوبەشمانو هاوکاریی بنیاتنەرانە و کاریگەرمان بێگومان ئەوە ئاسانتر ئەکات کە ناوەڕوکی یاسای ئۆتۆنۆمی بکاتە بڕیارێکی کارامانە کە ئەبێتە مایەی گورجوگول کردنی ئەخشەی شۆڕش بە تایبەتی پێشخستنی ناوچەکە لە مەیدانی بەڕیوەبردنو ڕۆشنبیریو ئاوەدانییەوە وەبەشداری ئەکات لە پەرەوەردەکردنی خەسیەتی ئەتەوایەتی گەلی کوردماندا ٠ سوێندە یاسایەکە :

دوای ئەوە بە تەمەنترین ئەندام بوە سەرۆکی وەختی ئەنجومەن ٠٠ ناوی ئەندامانی دووەم ئەنجومەنی یاسادانانی دەستی هاوڕێکانی ئەندامانی ئەنجومەنەوە پەیمان بە خواو سەرکردایەتی حزبو شۆڕش ئەدەین کە نوینەری هاوڵاتیانی ناوچەکە بین لە خستنە ڕووی خواستەکانیانداو دەستێکی بەکار بین لە جێبەجێ کردنی ئەخشەکانی شۆڕشداو لە ڕاپەڕاندنی پێویستیکانی قۆناغی داهاتوماندا بۆ گەیشتنە ئەو شوێنەی کە کاری ئالوگۆری شورشگێڕانە بەتینتر بکات لە پێناوی عیراقێکی پیشکەوتودا لەژێر سایەی حزبی لێهاتوکەماندا حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو سەرکردایەتی سەرۆکی تێکۆشەر احمد حسن البکر ٠٠

هەروەها وتی ٠٠ ئەو پشتگیریو پایەخەی دەورەی پێشوی ئەم ئەنجومەنە لە لایەن سەرکردایەتی سیاسییەوە بۆی درابو بە تایبەتی سەردانەکەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش تێکۆشەر صدام حسین لە ناوچەکە بەردەوام ئەبێتە مایەی هاندانمان بۆ ئەوەی چاوەڕوانی پشتگیریو ئامۆژگاری بین لە ڕێبازی ئەم دەورە نوێیەماندا ٠

سەرۆکی فەرمانده « پاشماوە »

ئەمەش بڕیارە کە شۆڕشی پیرۆزی جەقدەی ئەمووز بەدیهێناوە ٠

هەروەها وتی ، ئەگەر ئەو ناوچە خۆشەویستەی نیشتمانی عیراقمان لەو ساڵانەی دوایی بەدایی خۆشگوزەرانیو ڕابەڕینێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیبێ کە ساڵانێکی درێژ بەهۆی هەلگەڕانەوە بەکرێگیراوەکەوە لێی بێبەش بوبێ ٠٠ چاوەڕێی ڕەنجێکی زیاترو بەتەنگەوە بوونێکی گەورەترە لێتان ، بۆ ئەوەی پلەی بەرەپێدان لەوناوچەیەدا وا بەرزبێتەوە کە لەگەڵ خواستەکانی شۆڕشو ئەخشەو پرۆژەکانیدا بگونجێ ٠

هەروەها بەڕێز نوێنەری سەرکۆمار وتی ، بێگومان ئەو بڕوایەی گەلەکەمانو سەرکردایەتییەکەی پێی بەخشیون ، لەشوێنی خۆیدا نەبێت ، لەو قۆناغەدا لێی هەلکردنو کۆلنەدانەی لێتان چاوەڕێ ئەکەینو هاووڵاتیان بۆی ئەڕوانن ٠

برایان وەك ئەزانن عیبرەت لەکارکردنو بەرهەمهێنانەوەیە ، ئەوەندەی ئەتوانن لەو ڕێیازەدا بەجێی بێنن ، ئەوەندە بڕوابوون پێتان زیاتر ئەبێو خۆشەویستیو ڕووتێکردنی هاووڵاتیانیش بەرامبەرتان بەهێزتر ئەبێ ٠

ئێوە کە ڕۆڵەی ئەو گەلەن لەریزی گەلەکەتانەوە هاتوونەتە دەرێ بۆ ئەوەی خواستو ویستی ئەو گەلە بنوێنن و ئالای ژیانێکی نوێ لە ناوچەکانیدا بەرزبکەنەوە ، وە ئۆبالێکی گەورەی ئەو گەلەتان لە ئەستۆدایە کەئەبێ بەئەنجامی بهێنن ٠

هەروەها وتی ، ڕۆژگاری تێکدان و پارچە پارچەبوون بەسەرچوو ئیتر ناگەڕێتەوە ، ئەمەش ئەرکێکی گەورەتان ئەخاتە ئەستۆ بۆ لابردنی هەموو شوێنەوارێکی نالەبارو چاندنی خۆشەویستی لە دەروونی هاووڵاتیانداو چەسپاندنو پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی لەنێوان ڕۆڵەکانی گەلی عیراقماندا ٠

هاووڵاتیە عیراقیە کوردەکان هەمیشە تێپێکی ڕیزی پێشەوەی کاروانی کەلەکەمانبوون لەسەر ڕێگای تێکۆشانی نارادیکالانەی سۆشیالیستی پێشەنگی نموونەی ئەوبێسڕوانە بوون کە بەخوین و ژیانی خۆیان کەلەبووری عیراق ، خاکی خێروبەرەکەتو نیشتمانی هەموو عیراقیە خێرخواکانیان پاراستوەو هەمیشە دەستیان بەرنەداوە لەیەکیەتی وڵاتو پارێزگاریان لەبەهاو باڵەوانکاریەکانی کردوەو هەرواش دەمێنیتەوە ، کەواتە وێنەی لەسەر دلی خۆتانو دلی گەلی کوردمان نەخشکەنو بابەهای پرشنگدارەکانیو بەهاکانی ئۆتۆنۆمی ببێتە ئیلهامبەخش بۆتان بۆ زیاتر پێهەلگرتن لەکاروانی بەخشش و بیناکاریدا ٠

بەڕێز نوێنەری بەڕێز سەرۆك کۆمار هەروەها وتی ، براکانتان ئەندامانی دەورەی یەکەمی ئەنجومەن ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێهێناو ئەو ئەمانەتەیان ، کە خرابوە ئەستۆیان ، گەیاندە جێی خۆی ، جابەناوی هەموو تانەوە سلاویان لێئەکەینو ڕیزیان لێئەنێین ٠

ئێوە ئەمانەتەکە لەوان وەرئەگرنو ، فرمانە تازەکانتان لەبارو دوخێکدا وەردەگرن کەپێویستی بە هەوڵی زیاتر وریایی فراوانتر هەیە چونکە هێزە نیستیعماریەکان کە نایانەوێ وڵاتمان پێش بکەوێو گەشەبکات هەمیشە خۆیان بۆمان لەبۆسەداوەو خەریکی پیلانێو بۆ ئەم مەبەستەیان لات وڵایۆرەی یاخیگەریە هەڵاتوەکە بەکاردێنن کە گەلەکەمان تقاندونیەوە وئەوانەی کە هیچ بستەجێیەکیان دەستنەکەوت تێیدا بحەوێنەوە بەردەرکی دەوڵەتە ئیستیعماریەکان ئەبێت کە تێیدا لەسەر دەستەندەو چلکاوی ئەوان دەژین لەبەرامبەر کرێگرتەیی و خیانەتکاریان لەگەڵ نشتیماندا ، هەروابوەو هەروەش دەبێ چارەنووسی هەموو خائینانو بەکرێگیراوان لەمێژوودا ٠

حکوومەتی شۆڕشو جزبە سەرکردەکەی چەندینجار ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کەوا باوەڕیان بەئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان هەرگیز جێلەقنابێت ، چونکە ئەم باوەڕە ، لەسەرچاوەدا ، بەرهەمی کاردانەوە نەبوەو هەرگیز واش نابێت ، بەڵکو واقیعێکی فیکریو عەمەلیە لەبەرنامەی حزبو شۆڕشدا کە دەبێتە مایەی دروستبوونی پێویستەزانستیە ڕاستەقینەکانی بنیاتنانی عیراقێکی دیموکراتی سۆشیالیستی گەشەکردووو دەبێتە دەستەبەری نەشونەما کردنی نەموارو هاوکێشی وڵات و ، بۆ هەموو هاووڵاتیە عیراقیەکان دەبێتە سەرچاوەی ژیانێکی سەربەزانەو زلانەوە لەناو خێروبەرەکەتەکانی نیشتیماندا وبوەلەناوبردنی هەموو وێنەکانی چەوساندنەوە ٠

ئەگەر حکوومەتی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز لەوڵاتەکەماندا توانیویەتی لە ساڵانی ڕابوردوودا پێویستیەکانی پێشکەوتنو گۆڕانکاری بۆ ناوچەی نۆتۆنۆمی جێبەجێبکات ، بەهۆی پشتگیری گەلو هێزە نیشتیمانیەکانیەوە کە لەچوارچێوەی بەرەی نیشتیمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخوازدا کارەدکەن ، ئەوا ئێستا چاوەنواڕی ئەوەیە ئەنجومەنە بەڕێزەکەتان بیبێتە ئامرازێکی زیاتر کاریگەر لەدەستی کۆمەڵانی خەڵکدا بو خێراکردنی ڕابەڕینی ئابووریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری بۆ هاووڵاتیە کوردەکانو بۆ ئەوەی ئەم ڕابەڕینە بخرێتە چوارچێوەی ڕاستی خۆیەوە لەناو گەشەکردنی نیشتیمانی سەرانسەری هەموو عیراقدا ٠

ئێوە ئێستا بێ ئەنێنە قوناغێکی تازەی بیناکاری یاسادانانو ڕابەڕاندنەوە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا و ، کاروانێکی پێشڕەوانەوەو سەرکەوتوو تەواودەکەن کە بەر لەسێ ساڵ دەستی پێکردو سەرکەوتوویو کاریگەری خۆی بەو هەموو پرۆژانەی کە بەجێهێنراونو ئێستا بەجێدێنرێن سەلمان کە لە ئێوە چاوڕوانی جاوەدێری کردنو کاری کاریگەرو دلسۆزانەیە بۆ قوولکردنەوەو پێشخستنی ٠

بەڕێز نوێنەری بەڕێز سەرۆك کۆمار قسەکانی بەپێشکەش کردنی پیرۆزبایی گەرم بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێ کۆتایی پێهێناو ، ئەو باوەڕەی دەربڕی کە بەوان هەیەو ئەو ئەرکە نیشتیمانیەی دەرخست کە خراوەتە سەرشانیان بۆ خزمەتکردنو چەسپاندنی یەکیەتی نیشتیمانی وڵاتو بەرزکردنەوەی ئالای عیراقی سەربەرز تا کەشکەلانی فەلەك ٠

Institut Kurde de Paris

بەبۆنەی کردنەوەی بەرێوەبەریتی رۆشنبیری جاماوەرەوە لە سلیمانی

رۆشنبیرکردنی جەماوەر بنەڕەتی پێشخستنی وڵاتە

لەم دواییەدا ، لەژێر دروشمی « رۆشنبیرکردنی جەماوەر بنەڕەتی پێشخستنی وڵاتە » ، بەرێز پارێزگاری سلیمانی « ئەرشەد ئەحمەد محەمەد » ، بەڕێوەبەریتی جەماوەری لەسلیمانی کردەوەو لەناهەنگی کردنەوەی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەدا هاوڕێ « خزعل خضیر » ئەندامی شعبەی سلیمانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستو گەلێك لەسەرۆك دائیرەکانی ناو شار ئامادەبوون .

● دوای کردنەوەی بەریوە بەریەتیەکە بەرێز پارێزگار بە ناو ژورەکانیدا گەڕاو لە حەوانەوەیەکی کورتیشدا دوانێکی داو تیایا روونی کردەوە کە .

بەریوەبەرێتی ناوبراو ئەرکێکی گرنگی لەسەر شانەو پێویستە بە هەموو جۆری هەوڵی تایبەتیان بخەنە کار بۆ رۆشنبیرکردنی جەماوەر بەبیروڕایەکی سۆشیالیستانەی پێشکەوتن خواز کە خزمەتی دەسکەوتەکای شۆڕش بکات .

● ئێمەیش بەم بۆنەیەوە سەرمان لە بەڕێوەبەرێتی ناوبراو داو لەگەڵ کاك محمد ئەمین پێنجوێنی بەریوەبەری رۆشنبیری جەماوەر لەسلیمانی ئەم گفتوگۆیەمان کرد .

● **کاك محمد ئەمین لەسەرەتادا وتی .**

+ دامەزراندنو پێکەیاندنی دەزگایەك وەکو ئەم دەزگایەی ئێمە کە هەر بەناوەکەیا ئەرگێکی یەکجار گرنگی لایەنی پێشخستنی کۆمەڵو جەماوەری خستۆتە سەرشان کەئەویش رۆشنبیری جەماوەرە ، کارێکی پێویستو گرنگە بۆ سەردەمی ئەمڕۆی گەلو نەتەوەی ئێمەکە لەسەرەتای هەنگاونانی پێش کەوتنایە . ناشکرایشە هەموو بێش کەوتنێك لەهەر چی روویەکەوە بێت بێ رۆشنبیری ئەنجامی تەواو بەجێ نادات بەدەستەوە .

ئێمەیش هەر لەگەڵ هەلهاتنی ئەستێرەی کارەکەماندا کە رۆشنبیری جەماوەرە نیازمان وایە هەموو هەوڵێ تایبەتی خۆمان بخەینەکار بۆ هێنانەدی باشترینو لەبارترین باشەرۆژ بۆ کۆمەڵو جەماوەرمان لە هەموو رویەکەوەو هەوڵ ئەدەین بچینە ناو ناوەندی هەموو چینەکانی گەلەوەو لەسەر شێوەی پیشکەوتوخوازانە باشترین رۆشنبیریان بخەینە بەر چاو ، وە بەرەبەرە هەوڵ ئەدەین بیروڕای کۆنیان لەبیربەرینەوە بە رۆشنبیری سۆشیالیستیو دیمکراتی لەهەموو رویەکی ژیانەوە رایان بێنین بە مەرجێ جەماوەریش دەستی یارمەتیو نامادەیمان بۆ ڕایەڵ بکەنو بتوانن بە گوێرەی توانا بەدەنگمانەوە بێن لەهەموو لایەنی چالاکیەکانماندا بۆ ئەوەی بەهەمووان بتوانین پاشەرۆژێکی روونناك بهێنینەدی بۆ هونەرو وێژەو فولکلورو رۆشنبیری گەلی کوردمان ، ئیتر پاشەرۆژیش ئاوێنەی هەموو هەوڵێکە .

● **دوای ئەوە کاك محمد ئەمین دەربارەی داهاتوی رۆشنبیری جەماوەری گەلی کوردتان لاچۆنە .**

+ شێوەی تازە بابەتی رۆشنبیری کورد لەم سەردەمەدا چاوەڕوانی پاشەرۆژێکی باشو روناکی لێ ئەکرێ ئەگەر هەوڵو ئەقەلای تەواوی بۆ بدرێت یان بتوانرێ هەموو جۆرە پێویستیەکی لایەنی خوی بۆ بهێنرێتە کایەوە . وە پاشەرۆژی هەموو لایەنێکی پێشکەوتن لەناو جەماوەردا نیوەی بەستراوە بە هەوڵو خۆهیلاك کردنی جەماوەر خۆیەوەو پێویستە دەوری تایبەتی خۆی ببینێ لەهێنانەدی پاشەرۆژی روونناکدا ئیترلە هەر چی‌رویەکەوە بێت .

ئێمەیش ئەگەر نیوەکەی تریمان لەسەر شان بێت ئەوا قۆڵی هەوڵمان لێ هەڵکردوەو شان بەشان لەگەڵ ئەواندا ئەم رەوزەوەیە بەرەو پێش ئەبەینو چاوەروانی سەرکەوتن ئەکەین .

● **لەکۆتاییدا بەرێز بەریوەبەری رۆشنبیری جەماوەر وتی .**

+ هیوادارین ببینە چراو سەرچاوەی رۆشنبیرکردنی جەماوەرمان بەو شێوەیەی کەخۆیان هەستیان والە گەڵیاو حەزی لێ ئەکەن .

داوایش لە هەموو لایەنێکو هەموو هونەرمەندانو تیپە هونەریەکانی شاری سلیمانی یارمەتیمان بدەنو مەبەستی هەمووشمان هەر پێشخستنی رۆشنبیری جەماوەربێتو هەوڵی پێشخستنی گەلمان بدەین بەرەو سۆشیالیستیو دیمکراتی .

سوپاسی رۆژنامەی هاوکاری ئەکەم بۆ پێك هێنانی ئەم دەرفەتە کە هەندێ ڕای خۆمان بەخوێنەرانی ڕابگەیەنێو سوپاسیش بۆ هەمووان کەمەبەستیان سودی گشتیە .

● بەڕێوەبەری رۆشنبیری جەماوەر :

ئەرکمان ڕاهێنانی جەماوەرە بە رۆشنبیری سۆشیالیستی ودیموکراتی لە هەموو رویەکی ژیانەوە

نیشوکاریان وتی .

+ **هەر وەکو ئاشکرایە** دامەزراندنو دروست بوونی بەڕێوەبەرێتیمان لەپێناوی رۆشنبیرکردنی جەماوەردایە لەهەموو رویەکەوە ـ جا بۆ ئەم مەبەستەیش ئێمە هەر لەسەرەتاوە ئەمانەوێ لەمەودووا بەهەموو شێوەیەك هەر چی توانامان هەیە لەهەموو لایەکەوە بەیارمەتی هەموو هونەرمەندانو تیپە هونەریەکانی شاری سلیمانی بخەینەکار هەموو جۆرە کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردیو یەکیەتی توسەرانی کوردو گەڵی جنگای تر ، بۆ ئەوەی هەر کەسێك بتوانێ بەگوێرەی شارەزایی و ماوەی تایبەتی خۆیان بتوانن لەم پیرۆزەدا هاوبەشیمان بکەنو پێنەکایەی جێبەجێ کردنی نیشوکاریان بۆ بشخستنی رەوەرەوەی رۆشنبیری جەماوەرمان .

● **دوای هەندێ پرسیارو وەلامی تر لەکاك محمد ئەمین مان پرسی باشەرۆژی چالاکیەکی هونەری بنوێنینو بتوانین هونەرە شاراوەکان دەرخەینو بیان خەینە ناو هەستی جەماوەرەوە لەرێگای بەستنی کۆڕو ئاهەنگو کێبرکیو گەلێ شتی تر لەم جۆرەوە . هەروەها بەگوێرەی توانا لەم روەوە هەتا ئێستا توانیومانە بەیەوەندی یکەین بەهەموو لایەنە هونەریەکانی شاری سلیمانیەوە وەکو تیپە شانۆیەکانو موسیقیەکانو کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردیو یەکیەتی توسەرانی کوردو گەڵی جنگای تر ، بۆ ئەوەی هەر کەسێك بتوانێ بەگوێرەی شارەزایی و ماوەی تایبەتی خۆیان بتوانن لەم پیرۆزەدا هاوبەشیمان بکەنو پێنەکایەی جێبەجێ کردنی نیشوکاریان بۆ بشخستنی رەوەرەوەی رۆشنبیری جەماوەرمان .**

● **دوای هەندێ پرسیارو وەلامی تر لەکاك محمد ئەمین مان پرسی باشەرۆژی**

دوای یەکەم کونگرەی خۆراك دابەش کردن بەسەر فوتابخانەکانی وڵاتدا :

راپۆرتی ناوخۆ

خۆراکی چالاك وپێ گەیاندنی نەوەی چالاك ولێهاتو

لەم دواییەدا ، یەکەم کونگرەی خۆراك دابەش کردن بەسەر فوتابخانەکانی وڵاتدا ، لەژێر دروشمی « بەرەو خۆراك دابەش کردن بەسەر فوتابخانەکاندا بەرەو جۆرەی مەبەستی شۆڕشو حزبی سەرکردەی بەدی ئەهێنێ » بەستراو ئەم کونگرەیە سێ‌رۆژی خایاند و لە پێویستیەکانی فراوانکردنی دابەش کردنی خۆراك لەفوتابخانەکاندا کۆڵایەوە ، بەو جۆرەی بەشێکی هەرەزۆری فوتابخانە سەرەتاییەکانو باخچەکانی منالانو دایەنگاکانو پەکەوتەکان بگرێتەوە .

هەروەها بەوردی باس لەوە کرا کە ئەو خۆراکەی بەسەر فوتابخانەکاندا دابەش ئەکرێ لەرووی کەمەکیو جۆرەکیەوە شێوەی ئامادەکردنی بەرێکوپێکی بێت .

ئەم کونگرەیە ، دوای هاتنە دەستەکەی هاوڕێ صدام حسین جێگری ئەمین سری سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستە کە تەخیاتی پرۆژەی خۆراکی فوتابخانەکانی گەیاندە دوو ملیون دینار ، هەروەها بەستنی کونگرەکە لەسەرەتای سالی خوێندنی نوێدا نیشانەیەکی گەورەیە لەماوەی سود وەرگرتنەوە لەم هاتنە دەستەی هاوڕێ صدام حسین ئەخشەیەکی زوویی دابنرێ کە هەموو پێویستیەکانی ئەم پرۆژەیە زامن بکات .

ژمارەی ئەو منالە فوتابیانەی خۆراك دابەش کردن لەماوەی سالی خوێندنی ٧٦-١٩٧٧ دا کرتونیەتیەوە بریتی بووە لە (٣٢٧) هەزارو (٣١) فوتابیو منال لەمانە (٤٩) هەزارو (٤٩٣)یان لە باخچەکانی منداڵان بوونو ژمارەی ئەو فوتابخانانەیش کە بەرنامەی دابەش کردنی خۆراك گرتنیەوە گەیشتە دوو هەزارو (٦٧٠) فوتابخانەی سەرەتایی و باخچەی منالانو دایەنگە .

کونگرەکە گەلی ئەرکی گرنگی لە ئەستو بوو کە تەقەللایەکی زۆری ئەوەی تائەگاتە ئەو رادەیەی مەبەستەکانی سەرکردایەتی سیاسی لەم کارە پیرۆزەدا بەتەواوی و بەو جۆرەی پێویستە جێبەجێیان ئەکات ، لەمانە فراوانکردنی بەرنامەی دابەش کردنی خۆراك بەسەر فوتابخانەکاندا و ئەخشەدانان بۆ ئەم مەبەستە تا هەموو باخچەکانی منداڵان بگرێتەوە .

دیسان بایەخدانی ئەواو بە فوتابخانەکانی لادێکان کارێکی گەورە ئەکاتە سەر تێکڕای ڕێڕەوی زانستیو پەروەردەیی لە لادێکانداو لەگەڵ بریاری میزووی بەخۆڕایی خوێندندا ئامۆژیەکی فراوان لەبەردەم رۆڵەکانی گەلەکەماندا ئەکاتەوە .

ئێمە لەوە دلنیاین ، کە بڕۆژەی دابەش کردنی خۆراك بە بایەخێکی ئەواو و تایبەتیش بەفوتابخانەکانی ناوچەی کوردستان ئەدات . بەتایبەتی فوتابخانەکانی لادێ . ئەویش لەچوارچێوەی ئەو ئەخشەو کارە تایبەتی بایەخداریانەی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕش بۆ ئاوەدانی گەشەسەندنی ژیانی شادی ناوچەکەی ئەیکات .

خۆراکی چالاك و پێ گەیاندنی ئەوەی چالاك و لێهاتو ، ئەگەرچی ئەرکێکی گرنگی لەئەستۆدایە ، بەڵام ئەوە تەنیا ئەرکی فوتابخانەکان نیە ، بەڵکو ئەرکی هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیشە ، چونکە ئەم کارە پیرۆزە بەبێ بەشداری هەموو لایەنەکانی ژیان ناتوانرێ بگەیەنرێتە ئامانجی دیاریکراو .

● بەشی لیکۆڵینەوە ●

کتێبی هاوکاری

دیموکراتی

سەرچاوەی هێزی هەمووکەسێك وکۆمەڵە

دوانەکەی « هاوڕێ صدام حسین » لە وەزارەت پەروەردە لە ١٠/٧/١٩٧٧

برایان :

کاری ئێمەو وەزارەتەکەتان ، گرنگترین کاروباری وەزارەتەکانە لەوڵاتدا ، چونکە پەیوەندی بە ئازیزترین ملکی ئێمەو گەلەکەمانەوە هەیەو ئەویش لاوانو نەوەی نوێو قوتابیانە بەتێکڕایی ، ئەوانەن کە شۆڕش حالەتێکی نوێی هوشیاریو هەستی نیشتمانیو نەتەوەیی و باوەڕبوون بە ڕێڕەوی سۆشیالستیو هەستکردن بە لێپرسینەوەی بۆ خوڵقاندن ، جا ئەم حالە پێویستی بەپتەوکردن هەیە ، کەواتە ، پێداویستەکانی هەڵسوکەوتی رۆژانە لەگەڵ قوتابیدا ، لە قوتابخانەیان لە مالەوە ، بەوجۆرەی وای لێ بکات ، یەکانگیری لەگەڵ پێداویستە نوێکانی پەروەردەدا ، تێکڕایی و لەقۆلایەوەیی چیە ؟ بەناشکرا ئەیلێم ئەو پێویستیو چارەسەرانەی لەم مەیدانەدا بەکاردێن تاکوئیستا هاندەرنین .

ئێمە ، نامانەوێ قوتابی ، ئەو بابەتانەی بەیوەندیان بەحزبو دەوڵەتەوە هەیە ، وەك توتی لەبەریان بکات ، چونکە مەسەلەی ئێنتما بۆحزب ، بە چۆنە ناو ڕێکخراوو لەبەر کردنی دروشم بەتەنیا دەرناپڕێ ، بەڵکو بەدڵسۆزی لەناخەوە بەرامبەر نیشتمان دەرنەبڕێ ، بە بەتەنگەوەماتنی لەناخەوەی بەجێهێنانی ئەرك و بەسووربوون لەسەر نرخ گرتنی ڕۆژگارو جێبەجێ کردنی بەرنامەی شۆڕش ، بەئەمانەتەوەو بەساغیو داهێنەرانەوە .

ئەوە ڕاستە ، وەزیری پەروەردە ، ڕێ‌ڕەوێکی گشتی هەیەو لەسەری ئەروات ، بەڵام زۆر کاروبارو لەژۆر حالەتو لەژۆر لایەندا ، لەدەسەڵاتو توانای بەدواچونیو سەرپەرشتی کردنی دەرئەچێ ، بەتایبەتی کە ئەگاتە تێکڕایی ڕابەڕاندن ، تاوای لێ‌دێت ئەبێتە ئەرکی ئەوانەی‌تر . لەبەر ئەوە ، کەئەوانەی‌تر زیندو بەکارئەبێنو توانای داهێنانیان ئەبێ ، ئەوا ڕەوتی بزوتنەوەکە بەهەمان ڕێ‌ڕەو ، کە وەزیری تایبەت یان سەرکردایەتی بەپێی بەرنامەی بەکۆمەڵ دیاری کردوە ئەروات .

ئێمە ، چاومان لەوەویە ، کە منالی بچکۆلە بکەینە مۆمی تیشکدانەوە لەناو خێزانەکەیدا کە لە دایکو باوکو خوشکو براکانی پێکهاتوە ، بۆ ئەوەی روونناکی بداتەوەو بەرەو ئیجابیەت گورانکاری بکات ئەك بەلای سەلبیەتدا ، کەسووکاری فێری لایەنێکی ئوسوڵی هەڵسوکەوتو ڕێزگرتن بکات کە پشتی بە بیروباوەری شۆڕش بەستوە ، چونکە قوتابخانە سوودو ئەهمیەتی ئەمەی فێرکردوە ، جا ئەگەرچیش باوك ئەم سلوکە نوێیە نەزانێ ، ئەوا قوتابی بچکۆلە لەناو خێزانەکەیدا شێوازێکی نوێی ژیان ئەخوڵقێنێ ، کە پەیوەندی بەبیروباوەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستەوەو بە بەرنامەکەیەوە هەیە لە دەربڕینی شۆڕشگێڕانەدا چونکە ناشکرایە قۆناغی بیروباوەری حزب پشتی بە دوو مەسەلەی سەرەکی بەستوە بریتین لە : ئەوەی پەیوەندی بەعیراقەوە هەیە لە:خوڵقاندنی نیشتمان پەروەریەتی قۆڵو دوایی هێنانی هەموو شێوەیەك لە شێوەکانی زوڵمو چەوساندنەوە ، ئینجا دانانی تێکڕایی عیراق لە چوارچێوەی ئەم دوو پالپشتەدا بۆ خزمەتی ئامانجەکانی خەباتی نەتەوەیی .

تا نەبینە نیشتمان پەروەریکی قۆڵو زوڵمو چەوساندنەوە لەعیراق ڕامال نەکەین ، توانای ئەوەمان نابێ بیروباوەڕی حزب بکەیەنینە دورتر لەعیراق ، نەك هەر ئەوە بەڵکو لەناو عیراقیشدا ، ئەوسا بانگەوازەکەمان هەروەك ئەو تاقی کردنەوانەی لێ‌دێ کە بەسەر وڵاتانی تری جیهانی سێیەمدا هات ، کە سەرکردەکان لە سەرەتای هەموو گورانیکی سیاسیدا لەو وڵاتانە باسی گۆڕانکاری نیشتمانی ئەکەنو باسی نیشتمان پەروەریو سۆشیالستیو دروشمی تر بەقاوقیژ ئەکەنو کەچی کە ئەو سەرکردانە موقعی پێشەوەی خۆیان چۆڵ ئەکەن ، بەهەر هویەکەوەبێ ، ئەبینین هیزە دژوارەکان ئەگەرێنەوەو مەسئولیەتی دەوڵەت بەبێ کوسپ ئەگرنەوە دەست . ئەمە چونکە ، ئەو یاسایانەی کاتی ئەو گورانکاریانە بوون هەر ئەمێننەوە ، دیسان کەسانی ڕیزی دووەم ئەگۆڕراون ، یان شۆڕشگێڕانە لانەدراونو خوورەوشتی شۆڕشگێڕانە پتەوو نوێ لە کۆمەڵو دامەزراگاکانی ڕەسمی دەوڵەتدا ئەخوڵقێنراون ، کەواتە ، کاروباریشیان لەژێر پەردەی هەمەچەشنەی ڕەواو یاسایی ناساییدا ئەگرنە دەست بەبێ ئەوەی زیانێکی نوێ لەودو ڕۆشنبیریو تەقالیدیان کەوتبێ .

لەبەر ئەوە ، ئەرکی سەرشانتان ئەرکێکی گرانە ، ئەرکی مامۆستای سەرەتایی ، لە پێش ئەرکی مامۆستای ئامادەییەوەیە ، هی ئەویش پێش ئەرکی مامۆستای زانستگا ئەکەوێ ، چونکە ، مامۆستای زانستگا ، کە قوتابی ئەگاتە بەردەست تاڕادەیەکی دوور وەك ئەنجامێکی دروست بووی پەروەردە بوونیەتی ، ئەگەر ئەنجامی لە ڕێ لادراو بوبێ ، ئەوا توانای ئەوەی نابێ گۆڕانی گەورەو جوهەری تیا دروست بکات ، بەڵام ئەگەر ئەنجام ڕێکەوتوبێ لەگەڵ ڕێ‌ڕەوی گشتی‌دا ، ئەوا دەوری ئەو ، کارکردن ئەبێ بۆ پەرەپێدانو قوڵکردنەوەی ئەو ئەنجامەو دانانی لە چوارچێوەی ڕەوتی ئاسایی بزوتنەوەی شۆڕشو بەرنامەکەیدا ، لەبەر ئەوە ، لە سەرتانە هەروەك وتمان بایەخ بەفێرکردنی قوتابی منالو قوتابی هەرزەکار بدەن لەرووی درێژەو تێکڕایی ژیانی ڕۆژانەوە ، هەر لە چۆنیەتی بەکارهێنانی چەتالو چەقۆومو نادابی نانخواردنو ئزن وەرگرتن لەدایکو باوك لەکاتی چونە ژورەوە یان لەکاتی میواندارییدا تا ئەگاتە ڕێزگرتنی ملکایەتی گشتی (ملکایەتی سۆشیالستی)و نابوری لەرووی خەرجیەوەو بەربەستی کردنی عاداتی بۆرجوازیانە ، چونکە ، گەیاندنی تەقالیدو عاداتو ئاراستەکانی شۆڕش لەڕێگای قوتابی منالەوە بۆ خێزانەکانیانو قایم کردنیان دژی ئەو خوو نەریتە کۆنانەی کە تا ئیستا لەنێو ئەو خێزانانەدا باوە ، مەسەلەیەکی ئەساسیو یەکجار پێویستەو نابێ ئەو ئەرێتانە بە ئەرێتی بورجوازیانە دابنرێن ، چونکە لەباوەری حزبی بەعسدا شتی وانیە کە گوایە هەرچی بەدەست نانبخوات سۆشیالستیەو هەرچی بە چەتال نانبخوات ئەوە سۆشیالستی نیە ، ئێمە حەز ئەکەین هەموو گەل بەچەتالو کەوچك نان بخوات ، هەر چەند کەسوکاریشمان فێریان نەکردوین چۆنیان بەکاربێنین ، بەڵام نانخواردن بە چەتالو کەوچك بۆ ئەندروستی باشەو ڕێکوپێکەو ئابوریشە زیاتر لەوەی کە بەدەست بخورێ ، جا مادەم وایە ، پێویستە بیانخەینە بەرنامەمانەوە .

● ماویتی ●

Institut Kurde de Paris

خێزان

کاری سینەما بۆسەر منالەکەت

★ شتێکی هەڵەیە ئەگەرزۆر لەمنالەکەت بکەیت لەنوستنو سەیران دوور بکەوێتەوە بۆئەوەی بچێتە سەیری فلیمێکی سینەما ..

★ زۆربەی فلیم (تەنانەت باشەکانیش) کارێکی گەورە دەکاتە سەر منال لەژیانی‌رۆژانەی‌دا ..

★ ئەو منالەی کەبچێتە هۆڵی سینەماوە چەندروالەتێکی تێدا بەدی‌دەکرێت لەوانە (تورەبونو خەفەتو ترس) ..

★ ئەو هەڵە دیارەی لەپلەی خوێندنی منالەکەتدا دیارە کە بەباشی وانەکەی تێناگات مامۆستاکان ئەڵێن زۆربەی زۆری ئەو منالانەی کەبەو شێوەیان لەو منالانەن کە زۆر ئەچنە فلیمی سینەما

★ ئەو فلیمانەی کەتەنها بۆگەورە ئەشێو منال ئامادەی‌بێنت بەرەو ڕێگایەکی خراپی دەبات کە لەرەوشتی کۆمەڵایەتی دوور دەخاتەوە ..

★ زۆربەی فلیمەکان شتێکی ناڕاست لەژیانی منال پیشان دەدەن

بۆیە ئامۆژگاریتان ئەکەین کە :

یەکەم :

ڕێگا بەو منالانەتان مەدەن کە تەمەنی (٧) ساڵیو (٨) ساڵی یان نەبڕیوە بچنە سەیری فیلمی سینەمایی ..

دووەم :

پێویستە ئەو فلیمانەی کەبەباشی ئەزانن‌و لەگەڵ تەمەنی منالەکەتدا ئەگونجێ .. پێش ئەوەی بچنە بینینی فلیمەکە بۆ منالەکەتی لێکبدەرەوە .

ـ ئاوات ـ

منالەکەت لەکوێ‌ڕابپارێزە

فەوزیە فرج ئامادەی کردوە

دایکی ئازیز

بابەهەموو لایەکمان یارمەتی‌دەزگاکانی تەندروستی‌و یەکتری بدەین بۆئەوەی‌بتوانین خۆمان لەو نەخوشیانە دورخەینەوە کە بە ئاسانی‌لەیەکێکەوە ئەچێ بۆ یەکێکی‌تر ... زۆربەی‌ئەو نەخۆشیانە لەماوەیەکی دیاری‌کراودا بلاوئەبێتەوەهۆی لەناوبردنی چەند کەسێك .

لەو نەخوشیانەی بلاوبۆتەوەنەخۆشی کولێرایە . ئەم نەخۆشیە چەند ولاتێکی‌گرتۆتەوە ، دەرکەوتنی تەنها نیشانەیەکی ئەم نەخۆشیەباشترین بوارە بۆ بلاوبونەوەی لەناو هەموواندا جابۆ ئەوەی ئیومش هەریەکە لەلای‌خۆیەوە بەرگری لەخوی‌وخیزانەکەی بکات بەپێویستی ئەزانین زانیاریەکی کورتی‌گشتی دەربارەی ئەم نەخۆشیە روون بکەینەوە .

لە ٣٨٪ ئەم نەخۆشیەئەتوانرێ بەهۆی دەرزی لێدانەوە (کوتاندن) چارەبکرێت بەتایبەتی ئەگەر ئەم نەخۆشیە لەو شوێنەدابلاوبووەوە کە منالەکەتی تیاتەژی میکروبی ئەم‌نەخۆشیە زۆر بەخێرایی لەریگای ئاوی پیس‌و مێش‌وخواردنەوە بلاوئەبێتەوە نیشانەکانی :

١ ـ نەخۆش دەستئەکات‌بەسك‌چوونیکی کوت‌وپڕو بەجورێکی وا پیسایەکەی‌لەئاو ئەچێت .

٢ ـ ڕشانەوەیەکی‌بەردەوام هەر لەئاو ئەچێت .

٣ ـ ئەو منالانەی کەتەمەنیان لەپێنج ساڵ کەمترە لەشیان لەبارترە بۆئەوەی‌ئاوی لەشیان لەماوەیەکی کورتدا وشك بێتەوە کەئەبێتەهۆی کەم بونەوەیەکی خێرا لە کێشداو دەق‌بونی‌ماسولکەکانی .

محمد علی کلای سەرلەبەغدا ئەدات

وێستگەی لاپەڕە

گومانی‌تێدانیە کە لاوان دەورێکی گەورە لەڕابەڕاندنی کاروباری کۆمەڵگاکاندا ئەبینن‌و بارێکی هێجگارگران کەوتۆتە سەرشانیان .. جا شتێکی سەیرنیە لە ولاتە خۆشەویستەکەمان بایەخێکی لەئەندازەبەدەر لەهەموو کەرتەکاندا بە لاوان بدرێت .. بەتایبەتی لەقۆناغی ئێستادا ، چونکە ولاتەکەمان پێویستیەکی زۆر بەوزەو توانایان تیایەو بۆ پرکردنی ئەو کەلێنانەی کە پێویستی بەشارەزاو لێهاتوو هەیە لەنەخشەی پەرەپێدانی ئەتەوەییدا ئەرکێکی زۆریان لەسەرە رۆژنامەو گۆڤارەکانیش ئەمدەورە بەترخەیان پشتگوێ نەخستووەو بەپێی توانایان لاپەڕەو گۆشەی تایبەتیان بۆلاوان تەرخان‌کردووەو ـ گەلێ بابەتی گرنگ کە پەیوەندی بەوانەوە هەیە بلاویان‌کردۆتەوە . رۆژنامەی « هاوکاری »یش لەیەکەم رۆژی دەرچوونیەوە هەمان‌ڕێڕەوی گرتووەو بایەخێکی گەورەی بە جموجولی لاوانو قوتابیان داوەو لاپەڕەکانی هەمیشە وەك مەیدانێك بون بۆ سەرمەشقی قەڵەمی ئەوان .. ئێستاش هاوکاری لاپەڕەی لاوانو قوتابیانی تەرخان‌کردووە بۆ ئەم مەبەستو هەر بەردەوامە لەسەر ئەو ڕێڕەوەو درێغی نەکردووەو نایکات لەبلاوکردنەوەی بەرهەمی لاوانو جموجولیان لەهەموو ناوچەیەکی ولاتەکەمانو بەتایبەتی جموجولی لاوانو قوتابیانی ناوچەی کوردستان .. بەڵام وەنەبێ هەموو ئەوە ئەرکە لەسەر ئەستۆی ئەو لاپەڕەیە بێتو بەس .. بەڵکو ئەو لاپەڕەیە پێویستی بە پەیوەندیەکی پتەو هەیە لەنێوان لاوانو لاپەڕەکەداو ئەبێ هەمیشە بەشێوەیەکی بەردەوام بابەتی جۆربەجۆرو چالاکی خۆیان بۆ لاپەڕەکە بنێرنو پشتگوێی نەخەن بۆئەوەی لێبرسراوانی لاپەڕەکە بەرێکوپێکی بتوانن دەری‌بکەن .

هەموولایەك لێی ڕازی‌بێتو گلەییمان لێ‌نەکرێت .. ئێمە بەسنگێکی فراوانەوە داواتان لێ‌ئەکەین کە هەمیشە باسی ئۆردوگاو یاری‌و سەیران‌و پێشبرکێو جموجولە وەرزشی‌یەکانتان بۆمان بنێرنو لاپەڕەی خۆتان پرازێننەوە چاوەڕێی هیمەتی هەموولایەکین .

● لاوانو قوتابیان ●

هونەری ئەسپ سواری

شەمال عەلی قادر

« ئەسپ سواری » ناوێکە هەر لە کۆنەوە وانای ئازایەتی‌و نەفس‌بەرزی گەیاندووە . ئەم یاریە پێویستە « ئەسپ سوار » گشت توانای لەشی تیا بەکاربهێنێ هەروەها پێویستە « ئەسپەکە »ش بەشێوەیەکی واڕابهێنرێت کە « ئەسپسوار » لەکاتی سواربونی‌دا ئەکەوێتە خوارێ (هەندێ‌کەس واتێ‌گەیشتوون کە گوایە ئەسپیش وەکو ئامێرەکانی پایسکیل‌و ئۆتۆمۆبێلە) بەڵام لەڕاستی‌دا وانی‌یە چونکە (ئەسپ) گیانەوەرێکی خواکردە . چونکە لەکاتی ڕۆیشتن‌دا پێویستی بە وزەی ماسولکەو لەشی خۆیەتی .. لەوانەیە بپرسیت سەرکەوتن لە پێش‌کەدا ئازایی « ئەسپ »ەکەیە یان ئازایەتی « ئەسپسوارە »کەیە ؟ لەڕاستی‌دا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەڵێین ئازایەتی هەردووکیانە .. دیسانەوە لەوانەیە بڵێیت چۆن ؟ لە وەڵامدا ئەبێ ئەسپەکە توانای ماوەیەکی ڕادەیەك بەرزی هەبێت کە بتوانێ بەسەری‌دا بازبدات وە هەروەها ئەسپسواریش بتوانێت ڕێك‌بووەستێتو زاڵ‌ببێت بەسەر ڕەشمەی ئەسپەکەدا هەروەها لەگەڵ بەکارهێنانی هەردوو دەستو هەردوو قاچی بە شێوەیەکی ڕاستو لەگەڵ ئەوەش‌دا بەکارهێنانی بیرو هۆش .

مێژووی « ئەسپسواری » : چوارهەزارساڵ ئەبێت کە (ئاکیەکان) لە باکوری ئەوروپاو لە دوورگەی (پیلۆمونیز) بەسواری ئەسپەکانیان لە وولاتی (یۆنان)ەوە هاتن‌و لە دەوروبەری (دەریای ناوەڕاست)دا بلاوبوونەوە وە خەڵکی ئەم ناوچەیە فێری بەکارهێنانی ئەم گیاندارە بوون چونکە سواربوونی نەزانراوبوو .

ڕیبازی قوتابیان

قوتابیان هەمیشە لەرێزی پێشەوەی یەکێتیە نەبەزەکەیاندا یەکێتی قوتابیانی کوردستان شان‌بەشانی ڕێکخراوە پیشەیەکانی لاوانو ئافرەتان هەوڵی بێووچانیان داوە ، بۆ پێش‌خستنی باری کۆمەڵایەتی‌و بەشداری‌کردنی ڕاستەوخۆی پەرەپێدانی ئابوری‌و پشت‌گیری‌کردنی دەستکەوتەکانی حزبی سەرکردەیان کردوە بۆ دوارۆژی پرشنگداری عێراقێکی سوشیالیستی ، هەمیشە لەبواری کارکردن‌و پەیوەندیان لەگەڵ جەماوەری گەل‌و قوتابیاندا ئەو ڕاستیانەیان خستۆتە پێش‌چاو بەکردار هێناویانەتەدی .

قوتابیان لەسەر بنچینەی ڕاستی ڕیبازی حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب بەردی بناغەی تێکوشانیان دەخەنە سەریەك لەبەر ڕۆشنایی ئەو تاقی‌کردنەوانەی ڕاپۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی قطری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب پیشانی‌داوە ، کەلاوان تەنها کێشەیەکی ریکخستنی کەمتایەتی‌نیە کەتیایدا لاوا[illegible]الاکی وەرزش‌و هونەری بکەن ، وەکێشەیەکی دامەزراوی یانەش‌نیە ، بەڵکو کێشەیەکی گەورەیە لەکێشەکانی شۆڕشە نەتەوەیی‌و سوشیالیستی کە حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب سەرکردایەتی ئەکات . ئەمەش بەتوندی بە پوختی‌و بەیانو فراوانی‌و بەربڵاوی بەستراوەتەوە بە ئامادەکردنی کۆمەڵەوە ، ئامادەکردنێکی نەتەوەیی‌و پێشکەوتوانە بۆ بەدی‌هێنانی گۆڕینی قوڵی شۆڕشگێرانە تیایداو بەرەنگاری‌کردنی کێشە چارەنوسی‌یەکان دەستدرێژی‌و داگیرکردن لەلایەن ئیمپریالیزم‌و زایونیزمەوە .

قوتابیان هەردەم هەوڵی ئەوەیان‌داوە بەشێوەیەکی فراوان لەروی ریکخستن‌و پەیوەندیانەوە بەقوتابیانەوە هوشیاری‌و چالاکی بلاوی خۆیان بگەیەنە زوربەی زۆری کۆمەڵو تێگەیاندنیان لە ئامانجەکانی شۆڕش‌و یەکێتی ، بۆ قوڵ‌کردنەوەی هوشیاری سیاسی‌و نقابی‌و بەهێزکردنی پەیوەندیە دیموکراتیەکانی نێوان جەماوەری قوتابیان‌و ڕێکخراوە پیشەکانی‌تر لە وولاتدا .

جەلال ئەسعەد

نیف یاشین

« لیف یاشین » بە باشترین گۆلچی جیهان لە قەڵەم ئەدرێت لەبەر چەند هۆیەك ، لەمانە ڕێك‌وپێکی لەشەو شارەزایی‌و ووردی لە کارەکەیدا بەر لەوەی یاریکەرەکە شوتی بۆ لێدا دەزانی تۆپەکە بۆ کام لا ڕەوان دەکات زۆربەی ئەو گۆڵانەی کە لێی کراوە هەڵەی دیفاعەکانە . هەروەها ڕەوشتێکی وەرزشانەی زۆر باشی هەیە دەبینین هانی ئەوانەی کە دژی یاری دەکەن وەدات ئەگەر گۆلیکی لێ بکەن .. زۆر جار بە ئامۆژگاری‌و ڕێنوتینەکانی بۆ هاوری یاریکەرەکانی وترسە زۆر لە گۆڵەکەی دوور دەخاتەوە .. ساڵی ١٩٢٩ لە مۆسکۆ لەدایك بوومو وازی لە خوێندن هێناومو لەیەکێ لە کارگەکانی دروست کردنی فرۆکە کاری کردووە شارەزایی باشی لە یاری هۆکیدا هەیەو حەز لە یاری تۆپی دەستێ‌و باسکەش دەکا شانازی بەگۆلچی بلغاری سوکولوف دەکا کە ساڵی ١٩٥٢ لە روسیا چاوی بە یاریەکەی کەوتووە . یەکێ بوو لە ئەستێرەکانی پالەوانێتی کاسی جیهان لە ساڵی ١٩٥٨ لە سویدو ١٩٦٢ لەشیلی‌و ١٩٦٦ لە لندن . یاشین ژنی هێناومو منداڵی نیە وە حەز لەرەنگی شین دەکات ..

Institut kurde de Paris

پاشماوە

گیورگی لازار «پاشماوە»

ئیواری هەردوولا بەیانیکی دوولاییان دەرکرد تێیدا دلنیایی خۆیان لەوە دەربڕی کە ئاشتیەکی عادیلانەو هەمیشەیی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا نایەتەدی ئەگەر هێزەکانی دوژمن بەتەواوی لە هەمور زەویە عەرەبیە داگیرکراوەکان نەکشێتەوەو گەلی عەرەبی فەلەستینی مافە نەتەوەییە نەگۆڕەکانی خۆی نەکەوێتەوە دەست بە مافی دانانی چارەنوسەوە .

هەردوولا لە بەیانەکەدا پشتگیری بەردەوامی خۆیان دەربڕیوە لە گەلانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمەریکای لاتین لە تێکوشانی عادیلانەیاندا دژی ئیستیعماری نوێو زایونیزمو دژی دووبەرەکیو رەگەز-پەرستیو لە پیناوی ئازادی نیشتیمانیو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا .

هەردوولا باسی پەیوەندی نێوان هەردو وڵاتیان کردوەو بە خۆشیەوە سەیری پەرەسەندنی پەیوەندیو هاوکاری بە کەلکی نێوانیان کردووە کە لەسەر بنەڕەتی تێکوشانی هاوبەشی دژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستیو هێزەکانی دوژمنکاری چەسپاوە لەپێناوی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو چەسپاندنی ئاشتی جیهانیدا .

هەردوولا ئەوەیان دووپات کردەوە کە سەردانەکەی ساڵی ١٩٧٥ی هاوری صدام حسین لە هەنگاریا وسەردانی رەسمی تر لە لایەن کاربەدەستانی هەردوو وڵاتەوە ئەنجامی زۆرباشی لە مەیدانی هاوکاریدا هەبوە کە بوارەکانی سیاسیو ئابوورییو هونەری زانستیو رۆشنبیری گرتۆتەوە هەروەها بە خۆشیەوە سەیری چەسپانی بەردەوامی پەیوەندی نێوان حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو حیزبی کرێکارانی سۆشیالیستی هەنگاریایان کرد وەکو ئامرازێکی کاریگەری پتەوتر کردنی پەیوەندی دوستایەتیو هاوکاری کە لە نێوان هەردوو حیزبو وڵاتەکەدا هەیە دژی ئیستیعمارو کۆنەپەرستی .

لەم سەردانەدا هەردوولا چەند رێککەوتنامەیان لە بوارەکانی تەندروستی ئاژەڵ وئاودێریو کشتوکاڵو راگەیاندنو رۆشنبیریدا ئیمزاکرد .

عیراقو مەجەر لەو بەیاننامەیەدا دەریان خست کەوا مەسەلەی رەوانەوەی سیاسی باری جیهانی دەبێ رەوانەوەی سوپاییشی لەگەڵدابێت ودەبێ پێشەبڕکێی پرچەك بوون بەشێوەیەکی کاریگەرانە بومستێنرێ وکۆنفرانسی چەك داماڵین هەرچی زووترە ببەسترێ .

هەردوولا نە بەیاننامەکەدا دەریان‌بڕی کەوا جوڵانەوەی بێلایەنی هۆیەکی کاریگەری پەیوەندی نێو دەوڵەتانەو پشتگیری تێکوشانی دەکەن دژی هەموو جۆرەکانی ئیستیعمارو لە پێناوی ئاشتیو هێمنایەتیدا ، کۆماری هەنگاریا بە بایەخەوە سەیری دەوری چاکانەو کاریگەری کۆماری عیراق لەم جۆلانەوەیەدا دەکات .

بەڕێز لازار سوپاسی خۆی دەربڕی بۆ ئەو مێوانداریەی کە لە سەردانە کەی کۆماری عیراقیدا لێی‌کراو داوای لە بەڕێز صدام حسین‌کرد کە سەردانێکی رەسمی دۆستانە لە کۆماری هەنگاریای میللی بکات ، ئەمیش بە سووپاسەوە داواکەی قەبوڵکرد .

پێرێ ئیوارە بەڕێز لازار پاش کۆتایی سەردانە سێ رۆژەکەی لە عیراق گەڕایەوە بو وڵاتەکەی خۆی لە فرۆکەخانەی بەغدا بەشێوەیەکی‌رەسمی بەڕێ خرا، کە تێیدا بەڕێز صدام حسین لەپێش بەڕێ خەرانەوە بووو بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو ومزیرانو کاربەدەستانی پایەبەرزی تری دەوڵەت بەشداریان‌کرد .

سەروتار «پاشماوە»

تا ئیستاو لەسایەی ئۆتۆنۆمیداو لەسایە ئەو دەستکەوتە گەورەو مەزنانەی بە خەباتی سەرکردایەتی سیاسی شۆڕشی ١٧ی تەموزی پیرۆزو بە هاوکاریو پشتگیری گەل ، هەموو گەلی عیراقو هیزە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتنخوازەکانەوە بەدیهاتوە ، گەلی کوردمان زۆر ئاواتو خواستی بۆ هاتەدیو گەلێ پێویستی بۆ راپەڕینرا ، بەڵام ، تائیستاش ناوچەی کوردستانو گەلی کوردمان پێویستی بە دەستکەوتەی لەهەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتیو ئابووریەوە ، لێرەوە ئەرکو پێویستی زیاترو گرنگتر چاوەڕێی راپەڕاندن ئەکات لە دووەم ئەنجومەنی یاسادانانو ئەکات لە دووەم ئەنجومەنی یاسادانانو بەچالاکیو بەچالاکیو لێهاتویو پشت بەستن بە باوەرو رێرەوی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشو بەپشتگیری بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخوازو هەموو گەل ئەتوانێ بکاتە ئەو رادەیەی (**هویەکی بەکاری پشتیوانی جماوەریی بۆ گورچو گولی کردن لە پێشخستنی باری ئابوریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری هاونیشتمانی کوردو دانانی لە چوارچێوەی راستەقینەیدا لە پال پێشکەوتنی تێکڕایی وڵاتی عیراقدا**) .

لە دەست پێکردنی دەورەی یەکەمی دووەم ئەنجومەنی یاسادانانداا ، چاومان لەوەیە قۆل کردنەوەی تاقی کردنەوەی ئۆتۆنۆمی بەگورجیو بەپێی خواستو ویستی شۆڕشو گەلی کوردمان هەنگاوی بەباوەڕ بنێو لەمەش دڵنیاینو هەر ئەمەش ئەبێتە هوی پتەوکردنی زیاتری رێرەوی بنیاتنانی عیراقێکی پێشکەوتوو سۆشیالیستی لەسایی دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٧ی تەموزی مەزنداو سەرکردایەتیە لێهاتوەکەیوو .. **بۆپێشەوە** .

پاشماوەی : ئەندێرا غاندی

گرتنی ئەندێرا غاندی دوێنێ ناونیشانی هەموو رۆژنامەکانی هندستان بوە بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەکی لە سەربکرێ .

لە شاری « بون » کە لە بۆمبای نزیکە خۆپیشاندانی گەورە بۆ نارەزایی دەربرین بەرامبەر گرتنی ئەندێرا دەستبەکرابوو هەروەها ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا وتبوی کە نزیکەی پەنجا گیروان کە لەبەردەم بارەگای کیروان کە لەبەردەم بارەگای مۆراجی دیسای سەرۆك وەزیرانی هیندستاندا کراوە بۆ نارەزایی دەربرین بەرامبەر گرتنی ئەندێرا .

ئەوەی شایانی باسە ، لیژنەی مەرکەزی حزبی کونفرانسی هیندستان لە نیو دلهی لە گەل بڵاو بوونەوەی هەواڵی گرتنی ئەندێرا غاندیدا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە تیایدا داوای نارەزایی دەربڕینی کردبوو دژی ئەو کارە .

نەراستیەت «پاشماوە»

فەقێ تەیران کو ناقێ وی مەحەمەد (محمد)یان میر مەحەمەد بویە ل دوی گۆتنا هەرەکول ئەزیزان(٤) ، کو ب نیشانا فەقێ تەیران هاتیە نافکرن ل دوی چێروکێت ب وێ چەندێ‌ئە بەلاڤبوین کو زمانێ تەیر و تەوالان دزانیت ئو ب میرێ جزیرێ‌ئە بەند و بەستینە(٥) .

هەر وەسا ژی فەقێ تەیران ب نیشانا فەقێ گەروك و فەقێ هێشەتی ناقدار بویە(٦) .

بەلێ بیر و را ئیت نفیسەڤانێ ژ نقشتا « دیوانا کرمانجی » عبدالرقیب یوسف یاکو ل چاپخانا ئاداب سالا (١٩٧١)ێ چاپکری بەربەرێ (١١٢-١٣٦)ێ کو تێدا گۆتی‌یە : فەقێ تەیران خەلکێ گوندێ تەیرانە ، راست نینە ، چو بنیات و بنگەهە ژبو نینە ، گۆتنا عبدالرقیب یوسفیە ، کەسێ بەری چاپکرنا وێ دیوانێ ئەو گۆتن گولێ نەبویە ، نەژی د چو سەروکانی یا ژێدەر و نقشتیت کوردیدا هەیە ، نەژی ب زاردەف هاتیە گۆتن و بەلاڤبویە . ژبەر هندێ ب هزرا من نفیسەڤانیت کورد دڤیت هایدار و هاژ خو هەبیت چو ژ ژینەنیکارا فەقێ تەیرانو عەلی حەریری ، مەلایێ باتەیی ، مەلا مەنصورێ گیرگاشی و هوزانڤانیت مایی ژێ نەڤەگوهێزن کو بیر و رایێت راست و گومان برن ، ژبەرکو نفیسەڤانی دیوانا کرمانجی هەر ژ نك خو نفیسی‌یە ، ب زمانەکێ ئەو تبنێ تێ دگەهیت و پر نەراستی ئیت چاپێ ، هەتا خو هەلبەستیت بەلاڤکرین یان راست نەڤەگوزێنە ب رێنڤیسا کەڤن یا کوردی نەژی نوی ل عیراقێ ، یان ژی نەراستیی ئیت چاپێنە کو نفیسەڤانی پشت گوهڤە هاڤێتی‌نە راست نەکرینە نەژی یا نوی ل عیراقێ ، یان ژی نەراستیی ئیت چاپێنە ئەو نقشتا وی نفیسی چو نرخ و بها ژ لایێ زانستی (علمی)ڤە نینە .

ژبەر هندێ ئەڤ بیر و رایە کو فەقێ‌یی ل نك سەیدایێ خو یێ ژرتڤە .

مەلایێ جزیری خویندی‌یە ، هەر گوتنەکا ژ خویە ، ژ بنێ پێ خو چێکری‌یە دیسا چو بنگەهە و بنیات ژ بو نینە ، ژبەرکو ژ ژینەنیگارا وی ، ناقێ وی ، ناقێ جهێ وی ، چیروکێت ب نیشان و هندەجهێت لێ گەریای و چەند شوینەوارێت وی نەبن چو دی نەهاتیە زانین ، ئیجا دی چەوا قوناغا بەرومزدە بوینی‌یا وی هێتە زانین ، کا ل چ ژی نو ل نك کێ ژرتڤە خویندی‌یە .. ئەگەرچی ل دوی گۆتن و چیروکا فەقێ تەیران گەلەك جارا چۆیە جزیرێ ، ل دیوانا میرێ وێ رونیشتی‌یە ئو نیاسێ میرێ وێ بویە ، میرێ جزیری ب گۆتن ب وی ناڤی ئو ب وێ نیشانێ ناڤ کری‌یە کو فەقێ تەیرانە(٧) . هەر وەسا ژی نیاسێ مەلایێ جزیری بویە و بەرێکانێ دگەل کری‌یە و پاشی جزیری دنیا روهن لێ تاری بویە چۆیە بەر دلۆڤانی‌یا خودێ ، فەقەیی هەلبەستا زێماری پێ گۆتی‌یە هەر وەکی هانیە روهن کرن .

ژ بلی وێ چەندێ ژی دەست نیشاکرنا خویندنگەهێت فەقێ تەیران لێ خویندی دیسا کارەکێ ژ خو بێ بنگەهە و بنیاتە ، نفیسەڤانێ دیوانا کرمانجی ژ بنێ پێ خو چێکری‌یە ژبەر هندی دیارە سەرهاتی‌یا کوردی راستە یا دبێژیت : « کەس ب ئاشوپا ناگەهتە شۆپا » ئانکو کەس ب هزر و خیالا نەمازە ل تۆرێ کوردی یێ کلاسیکی کو گەلەك کێم ژێ هەتا نهو فێ گاڤێ ژی هانینە روهنکرن دێ شێت خو دیارکەت کو نفیسەڤانەك و تورڤانەکێ کورده .

گومان تێدا نینە کو فەقێ تەیران دەستەکێ ژیهاتی د سوفیاتیێدا وەکی هەمی هۆزانڤان و زانایێت وی چەرچی هەبویە ، نیشانەیا فێ راستیێ ژی هەر دو داستانێت وی نە ، « داستانا شێخی سەنعانی » و داستانا « هەسپێ رەش یا بورێ قەر » دگەل هژمارەکا هەلبەستان .

بەلێ داستانا « سیسەبانی » یاکو نفیسەڤانێ دیوانا کرمانجی ب فەقێ تەیران ڤە بەستی و گریدایی تشتەکێ راست نینە و خەلەتیەکا مەزن نفیسەڤانێت کورد و روشەنبیرا دڤیت ها ژ خو هەبیت وێ نەراستیێ ژ ئەقرو پێڤە نەکەن ژبەرکو داستانا (بەیتا) سیسەبانێ خالد ئاغایێ زێباری خەلکێ گوندێ (گنیێ) گۆتی‌یە ، ژبەرکو ناقێ وی ب درستی بەری دو مالکێت دویماهیێ تێدایە ئەڤ راستی‌یە ب ریکوردکرنا دەنگێ دو بەیت بێژا سالا (١٩٧٢)ێ ل ئامێدیێ ئو ل زاخو هاتیە چەسپاندن ئەو مالکە زی ئەڤە یێت ژێری‌نە :

ل بن ئالایێ مەحەمەد
ئەو خالدێ زێباری
گۆتی کەلامێ مەعروز (معروض)
هیڤیا بکەی ژ باری
نەفسا خەرابا مەعدود
ئازا بکەی ژ ناری(٨)

بەلێ ئەڤ پەیڤە (گۆتنە) یا نفیسەڤانی د گوتاری ناڤبری‌دا گۆتی : « سەیدایی » خانی سەرکێش و بابێ تۆرێ کوردی‌یە و پێترین روشەنبیرێت کورد و رۆژهەلاتزان خانی ب میرێ هوزانڤانیت کورد د وی چەرخی‌دا ددنە قەلەمی ، ئەو خانی یێ کو هند دەستهاتی و پەیبسکبلند دبن کارتێکرنا (تاثیرا) فەقێ تەیرانڤە بویە ئو ل سەر رێجا وی ژی د فەهاندنا داستانێت چیڤانۆکی (الملاحم الاسطوریە) چویە » . ئەڤ پەیڤەنە مخابن ژ حوبرێ ل سەر کاغەزێ پێڤە چو بنگەهە و راستی ژبو نینە ، گوتنێت ژ خونە ، هەر وەکی دبێژن : ئەزمان و بەحنکا دەڤینە .

خانیێ مەزن وەکی هەمی هۆزانڤان و زانایێت چەرخ و دەمێ خو های ژ تفیسین بێت هوزانڤانیت بوسولمان ژ عەرەب ، فارس و تورك و کوردان بویە ، کو ناڤێ چەندەکێت کورد د مەم و زینا خو یا رەنگین‌دا ئینایە ، وەکی جزیری ، حەریری و فەقێ تەیران ، خانی گوتی‌یە :

بیناقە رحا مەلێ جزیری
پێحەی بکرا عەلی حەریری
کەیفەك وە بدا فەقیهی تەیران
هەتا ب ئەبەد بمایە حەیران

بەلێ راست نینە بێتە گۆتن ، خانی شاگردێ فەقێ تەیران بویە ، ژبەرکو نەچو تێکست نەژی چو نیشانە ددەستدا کو ئەو چەند پێ بێتە چەسپاندن هەر وەسا ژی د چو سەروکانیان‌دا نەهاتیە گۆتن ، نەمازە هەکە مە زانی ژی کو خانی چو داستانە چیڤانۆك نەنفیسی‌نە ، بەلێ خانی مەم و زینا خو یا رەنگین ب ئاوایەکێ سبەهی و شەنگ فەهاندی‌یە ل دوی گۆتنا خانی بخو چیروکا سەربەستبوینی‌یا مللەتێ کورد بویە ، خانی گوتی‌یە :

سازی دلێ کول ب بەم بت
سازندەیێ ئەشقی زین و مەم بت
شەرحا غمێ دل بکم فەسانە
زینێ و مەمێ بکم بەهانە(٩)

مەم و زین ئەو داستان چیروکا ژ کەفندا هەتا نهو د ناڤ مللەتێ کورددا ب ناڤێ « مەمێ ئالان » نافدار ، ژ مەم و زین یا سەیدایی مەزن خانی فەهاندی ، لێك ئینایی ، سەنگاندی ئو دارێژتی گەلەکا جودایە . نفیسەڤانێ کۆناری دگەل گەلەك کەسێت دژی هەتا نهو دڤێ جودایێ تێنە گەهشتی‌نە ، ئەو چەند ژی ژ هەڤبەرکرنا وێ دگەل چێروکا ستی‌و فەرخێ دیار و خویا دبت ، ژبەر هندێ ئەز ب پێتڤی دزانم وێ جودایێ بو خوەندەڤانا روهن بکەم .

مەم و زین چیروکا فولکلوری وەکی گەلەك چێروکێت دی یێت فولکلوری ، تراجیدی ئانکو روندك بارینە ، ژ ستی و فەرخێ ، خەج و سیامەند ، لەیل و مەجرویمی (مەجنون) ، شرین و فەرهاد هتد . ئەڤ چیروکە چەند بێژی کەفنە ، هەتا هندە کوردزان دگەهینن پێش دو هزار سالا(١٠) . ئەڤ داستانە ب هەمی زارێت خوجە یێت کرمانجی هەیەو هەر وەسا ژی ب زارێ سۆرانی کوچەند گەلێری و جودایی تێدا پەیدا بوینە . مەم وزینا سەیدایێ نەمر و مەزن

(بەهوی پشتگیری بەردەوامی حکومەتی شۆڕشەوە پەهوی ئەقەلای بەردەوامی ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنی یاسادانانو راپەڕاندنەوە زۆر دەسکەوت بۆسوودی ئافرەت بەدیهاتوە لەناوچەی کوردستاندا بۆ نمونە ، تەعیین کردنی هەموو ئافرەتە بێکارەکان لەزۆر ماوەی ئیشوکاری رۆژانەدا کە ئەمە مەسەلەیەکی گەلێ گرنگو بایەخدارە . هەروەها یارمەتی زۆری یەکێتی ئافرەتان دراوە کە رێکخراوێکی جەماوەری‌یە بەرگری لەمافی ئافرەت ئەکات .. کونگرەی هەشتەمی یەکێتی ئافرەتانی عیراق دەورێکی بالای لەمەدا گێڕاوە . دیسان ئافرەت هاندراوە لەلایەنەکانی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری‌یەوە دەورێ بگێڕی کە ئاسۆیەکی نوێیان لەبەردەمدا ئەکاتەوە . هەروەها زۆر قوتابخانەی باخچەی منالان‌و دایەنگا کراونەتەوەو بایەخ بە مەسەلەی تەندروستی‌و کردنەوەی مەلبەندی دایکان‌و منالان دراوە لە شارو گوندەکانی ناوچەکەدا .

● هەروەها چاومان بە بەڕێز (عەگید صدیق)ی ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان کەوت کە باسی ئەوکارو بارو خزمەتانەی کرد ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان لەماوەی سێ‌ساڵی رابوردوا پێشکەشی کردوە ئەویش لەئەنجامی پاڵپشتی بەڕێز سەرۆك کۆمارو بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا کە ناوچەکەی پێشخستوە لەهەموو رووەیەکی ئاوەدانی‌و ئابوری‌و رۆشنبیری‌یەوە ، دیسان هیوای دەربڕی کە ئەنجومەنی نوێ بەچالاکی زیاترەوە ئەرکەکانی سەرشانی رابەڕێنێ .

● بەلام کاك (سعید محمد جاف) باسی ئەوەی کرد کە ئەنجومەنی یاسادانان لەدەورەی یەکەمیا زۆر ئەرکی جێبەجێ‌کردو دامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی چەسپاندو هەروەها لەڕووی خزمەت‌کردنی ناوچەکەوە زۆر کاری چاکی جێبەجێ‌کرد کە بەمانە بۆ جەماوەری دووپات کردەوە ئامانجی یەکەمو دوایی سوودی جەماوەرەو بنیات‌نانی عیراقی پێشکەوتوو ئاوەدان .

● وە بەڕێز عبدالغفار بۆ وەدیهێنانی ئاوانەکانی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕش دەربارەی گەشەپێدانی ژیانی گەلی کوردمان بەرەو باشترو چاکتر .

● هەروەها قسەمان لەگەل خاتو « نافعە عثمان ابو بکر » کرد کە یەکێکە لەوسێ ئەندامە ئافرەتانەی لەدووەم ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستاندان ، وتی :

(بونی ئافرەت لەئەنجومەکەدا دەربڕینی باوەڕی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕشە بەدەوری ئافرەت لەبنیاتنانی شارستانیەتی گەلەکەمان ، بەوناوەوەی نیوەی کۆمەڵە ، ئافرەت ، دەورێکی گەورە لەئەنجومەنەکەدا ئەگێڕێ ، ئەویش لەماوەی ئەویارمەتیەوە پێشکەشی ئەکرێتو ئەوەهەلەی شۆڕش بۆی رەخساندون ، حکومەتی شۆڕش زۆر خزمەتی گەورەی پێشکەش بەئافرەنی ناوچەی کوردستان کردوە کە وای کردوە ئافرەت پێشکەوێو ماوەی لەبەردەمدا فراوانبێ تائەرکی سەرشانی خۆی رابەڕێنێ) .

هەروەها وتی :

ئەنجومەنی یاسادانان «پاشماوە»

راپەڕاندنو سوودبوونی ئەندامانی هەر دوو ئەنجومەنی یاسادانانو راپەڕاندن لەسەر تێکۆشانی زۆر بۆخزمەتی ئامانجو ئاواتەکانی گەلی عیراق بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی ، ئەمەش لەروونا-کایی رێ‌نوێنی‌یەکانی سەر-کردایەتی سیاسی حزبو شۆڕشدا . هەروەها گوتی ئێمە دەتوانین رادەی ئەو ئەرکە گەورانە تێبگەین کە ئەنجومەنی راپەڕاندن جێبەجێی کردوون ، ئەویش لەوشتانەدا کە لەهەموو مەیدانێکی ئابووری‌و کۆمەڵا-یەتی‌و رۆشنبیری‌و خزمەتە-کانی شارەوانی‌و جیهانگەری (السیاحە)دا جێبەجێ‌کراون .. چونکە پارەیەکی زۆر بۆ گەشەپێدانی هاوبینەهەوارە-کان‌و پشتگیری دامەزراوەکانی شارەوانی شاروگوندەکانی کوردستان خەرج کراوە . ئەمجار گوتی بۆ خولی ئێستاش هیوام وایە چالاکیەکی زیاترو بزووتنەوەیەکی بێوچان هەبێ لەصائغ ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان کاروبارو تەقەللای ئەندامانی یەکەم ئەنجومەنی یاسادانانی هەڵسەنگاندو دەستی بۆ ئەو کاروبارو دەستکەوتانە کێشا کە لەدەورەی پێشودا بەدی-هینراون‌و ئەوەی دووپات-کردەوە کە ئەنجومەن لەدەورەی نۆیدا ئەرکی نیشتمانی سەرشانی کە لە لایەن سەرکردایەتی حزبو شۆڕشەوە پێ‌سپێردراوە دلسۆزانە رایان‌ئەپەڕێنێو بەمەبەستی زیاتر چەسپاندنی تاقی‌کردنەوەی ئۆتۆنۆمی .

سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی ئالیات بۆزانین

لەمەزاتخانەی عەلەنی لەکاتژمێری نۆی بەیانی رێکەوتی ٥-١٠-١٩٧٧ ئۆتۆمبیلی بەکارهێنراو ئەفرۆشرێت ، چەشنەکانی بەمجۆرەی خوارەوەیە کە سەر بە سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی‌یە ئەویش لەگەڕاجی سەرۆکایەتی ناوبراوە ئەکەوێتە پشت خانووی بەڕێز پارێزگاری سلێمانی ئەوانەی ئارەزووی کڕینیان‌هەیە لەکات‌و شوێنی دیاری‌کراو ئامادەبن ، ئەبێ (٦٠٠) دینار تەندەر بدرێ‌و فرۆشتنیش بەنەقدەیەو خەرجی لەسەر کڕیارەکەیە :

چەشنی ئۆتۆمبیل	مودیلەکەی	ژمارە
لاندروفر ستیشن	١٩٦٤	٢
واز بیکاب روسی	١٩٦٩	٢
فورد بیکاب	١٩٧٠	١
تویتا بیکاب	١٩٧٢	١
گاز قیادە	١٩٦٩	١
شوفر بیکاب	١٩٥٨	١
فورد لوری	١٩٥٧	١

م. سەرۆکی ناوچەی
کشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی
احمد محمد غلام

Institut Kurde Paris

ڕێ ڕەو

هەموو یەکێك ، لەگەل ، هەموو نیشتمان پەروەرێکی دلسۆز بۆ گەل‌و خاکی نیشتمانەکەی لە وڵاتی عیراقدا ، کە بە هوشیارانەو هەستپی‌کردنەوە (نەك تەنیا پیاچونەوەی ژماردەیی) سەرنجی ئەو دەستکەوتەو کارانە بدات لە ١٧ـ٣٠ تەموزەوە تائیستا جێبەجێ‌کراون ، ئەگاتە ئەنجامێکی دیار ، ئەویش ئەوەیە ، ئەوەی بەدیهاتوە شایانی ڕێزو شانازیە ، ئەمە ، لەپال بەردەوامی کارکردنداو چاوبڕینە گەیشتنی چاکتردا ٠

هاوڕێ (صدام حسین)

گیروگرفتی ، ئافرەت‌وشانۆی کوردی ، تازەنیە ، بەڵام ، لەبەرئەوەی نیوەی چارەسەری گیروگرفتی کەش‌نەکراوەو ، هێشتانەکەتەری ئافرەت بۆشانۆی کوردی ، کۆسپە لەڕێگای پێشکەش‌کردنی بەرهەمی تەواو کاملدا لەرووی‌نەکەتەرەکانیەوە ، هێشتا هەر قسەی لەسەر نەکرێ‌و نەهێنی‌لێ‌بدوێین ٠

ئافرەت خۆی لەم باسە بدوێ ، ئەمەیان زیاتر رووناکی ئەخاتە سەر لایەنە تاریکەکانی گیروگرفتەکە ، لەبەرئەوە کەچاومان بە هونەرمەند (عەتیە محمد ئەمین) کەوتو لەم بارەیەوە گفتوگۆمان لەگەل‌کرد ٠ ئاشکراو رووبەرو لەم گیروگرفتە دوا ٠ ئەمەش بەشدار‌بونێکی هونەرمەندانەیەو تەقەللایەکی چاکە بۆ بەرەوپێشەوەو پڕکردنەوەی ئەم کەلێنەی شانۆی کوردیمان ٠

(عەتیە محمد ئەمین)

ئەندامی تیپی نواندنی زانکۆی سلیمانیە کە قسەمان لەگەل‌کرد ٠ حەزمان کرد لەپێشەوە دەربارەی دەرکەوتنی خۆی لەمەیدانی هونەری نواندنا باس‌بکات ٠ لەم بارەیەوە ئەڵێ:

ـ دەمێك بوو خولیای ئەوەم لەسەردابوو بتوانم خزمەتی هونەری شانۆی کوردی‌بکەم ٠ تالەسالی ١٩٦٨دا بەیارمەتی دەستەیەك هونەرمەند ٠

توانیم بۆیەکەمجار ستیبەری هەوڵی خۆم لە سەرشاشە بچکۆلەکەی تەلەفزیۆن ببینمەوە ئیتر ئەمە بووە سەرەتایەکی هاندەر بۆزیادکردنو بڕەوپێدانی هەوڵو تەقەلای هونەریم ٠

هەروەها بۆجاری دووەم ساڵی ١٩٧٠ بەبۆنەی جەژنی نەوروزی پیرۆزەوە توانیم هاوبەشی شانۆگەری (نەوروز) بکەم کەلەسەر شانۆی هۆڵی خولد لەبەغدا پێشکەشمان کرد ٠

ئیتر هەروەکو لەسەرەوە باسم کرد داخم ناچێ کەئێمەی ئافرەتی کورد بێهاندەرو بێهونەرمەندانی دلسۆزین بۆهاوبەشی ئافرەتان لەشانۆی کوردا ، بۆیە من هەمیشە لەدورەوە هەر چاوەروانی بێوتنو بانگ کردنی لایەنێك بووەو جاریواش هەبووە کەخۆم تەنگم بێهەڵچنیونو زۆرم بۆهێناون کەبەشداریان بکەم ٠

● خوشکە عەتیە دەربارەی گیروگرفتەکانی ئافرەت لەبەشداری شانۆی کوردیدا وتی ٠

ـ هەر لەکۆنەوە ئافرەتی داماو گەلێك گیروگرفتی هەبووە لەهاوبەشی کردنی شانۆدا بەتایبەتی لەناو کۆمەڵێ کوردەواریدا ، چونکە چەندەها هۆی‌لابەلایی بۆدۆزراوەتەوە کە ئەم هاوبەشیە بکات بەشتێکی نالەباریان ناپەسەند بەگوێرەی نەریتی کۆمەڵایەنیمان ، کە لەوانەیە بتوانم بڵێم یەکەم هۆی کزی لایەنی ئافرەت لەهەموو رویەکەوە تەنها بەستنەوەکانی چوارچێوەی ناو کۆمەڵەو هیچی‌تر ، چونکە هەرکات کۆمەڵ بەشێوەیەکی گشتی‌ڕای تایبەتی خۆی هەبووە لەهاوبەشی کردنی شانۆدا بەتایبەتی لەناو کۆمەڵێ کوردەواریدا ، چونکە چەندەها هۆی‌لابەلایی بۆدۆزراوەتەوە کە ئەم هاوبەشیە بکات بەشتێکی نالەباریان ناپەسەند بەگوێرەی نەریتی کۆمەڵایەنیمان ، کە لەوانەیە بتوانم بڵێم یەکەم هۆی کزی لایەنی ئافرەت لەهەموو رویەکەوە تەنها بەستنەوەکانی چوارچێوەی ناو کۆمەڵەو هیچی‌تر ، چونکە هەرکات کۆمەڵ بەشێوەیەکی گشتی‌ڕای تایبەتی خۆی

ئەم کچە هونەرمەندە :

ڕووبەڕووباسی ئافرەتو شانۆی کوردی ئەکات

حمە سەعید حمە کەریم
ئامادەی کردوە

بەرانبەر ئافرەتو دەوری ئافرەت گۆڕیو هانی ئافرەتانی‌داو توانی وەکو پێویست بەگوێرەی ڕۆژگار ماوەی ئافرەتان بسەلمێنێ بۆهاوبەشی هەموو لایەنەکانی ژیان ـ ئیتر ئافرەت خۆی ئامادەیەو هەروەکو براکانی کەرەسەیەکی خاوی ژیانی سەردەمەو هەرچۆنێت بووێ ئەگونجێ ، بەڵام داخەکەم ئەبێ کەی‌بێ کۆمەڵ خۆی باداو تەنها تۆزێك بیر لەم مەسەلەیە بکاتەوە کە بەڕای هەمووان نیوە هۆی پێش‌کەوتنی هەموو گەلێکە ٠ دوای ئەوە هۆیەکی‌تر هەیە کە ئەویش هەرگرنگەو لە ریزی پێشەوەی گیروگرفتەکانمانایە ٠٠ کە ڕێ‌گرتنی کەسوکاری ئافرەتان کەئەترسن لە هەزارەها قسەوباسی ئەمڵاو ئەولاو هەندێشت کەفری بەسەر ئەریتو پێش‌کەوتنی کۆمەڵایەتیەوە نیە ٠

● سینەما ●

محمود یاسین بە

(٢٥٠٠) جونیە !!

ئەکتەری سینەمایی عەرەبی، محمود یاسین ، لەم دواییەدا بریاری داوە ، چالاکی هونەری ٠٠ تەنیا لەسینەمادا گیرنەخواتو دەستی کردوە بەبەشداری کردن لە فلیمی تەلەفزیۆنیشدا ، ئیستا دەوری پالەوانیەتی دراوەتێ لە زنجیرەیەکی رەنگاو رەنگی‌تەلەفزیۆنیدا بەناوی (کفن هەڵگر)ەوە ٠

یاسین لەم کارەدا (٢٥٠٠)جنیە وەرنەگرێ !

ئەم کاتەت باش

● محمد جیهاد حسن ●

ـ گفتوگوی ئەمجارەمان ، لەگەل کاك « محمد جیهاد حسن »دایە کە لێپرسراوی مذیعەکانە لە بەرێوەبەرێتی ئیستگەی کوردی لە بەغدا ٠ کاك جیهاد دەربارەی ئیستگە دواو وتی :

ـ شتێکی ئاشکرایە ، ئێزگەی کوردی تاماوەیەکی درێژ بەشێك بوو لە دەزگای گشتی ئێزگەو تەلفزیونی بەغدا ٠ ئیستا بەڕێوەبەرایەتیەو خاوەن چەند بەشێکی سوود بەخشە وەکو بەشی (بەرەپێدان ، ڕۆشەنبیری ، سیاسی ، بەڕێوەبردن ، ڕێکخستن ، نواندن ، هەروەها بەشی لادێو هەمەڕەنگ ، هەر بەشێکیش لەم بەشانە چەند کەرتێکی لێ جیادەبێتەوە٠ لەلایەکی تریشەوە ئەتوانم بڵێم کە ژمارەی ڕۆشەنبیرو کارگێرانی ئێزگە بەرەو زیاد بوونەو ئیستا چەند مامۆستایەکی خاوەن توانا لە **بەرنامەکانی** ئێزگەدا بەشداری ئەکەن وەك (د٠ احسان فواد ، صادق بهاءالدین ، د٠ نسرین فخری ، د٠ پاکیزە رفیق حلمی‌و مامۆستا ع٠ ع٠ شەونمو چەند ڕادەرێکی تازە پێگەیشتوو کە ئەتوانین دوارۆژی هونەرو وێژەی کوردیان پێ‌بسپێرین ٠

★ ئەو گیروگرفتانەی ڕێگای پەرەپێدانتان لێ دەگرن چین ؟

ـ بەرای من بەشێکی زۆری گیروگرفتەکانمان چارەسەرکراون ، بەتایبەتی ئەو گیروگرفتانەی کە پەیوەند بوون بە تیپەکانی نواندن چونکە لە کاتی خۆیدا پێویست بوو تیپەکان بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانیان لەبەغدا ئامادەبن بەڵام ئیمڕۆ هەر تیپێك لە شوێنەکەی خۆیدا تۆمار دەکاو ئەوجا بۆ ئێزگەی ڕەوان دەکات لەگشت پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ٠ ئەمەش زال بوونە بەسەر ئەزیەتێکی گەورەکە تووشی ئەندامەکانی تیپەکان دەبوو ٠ دیسان توانیومانە بەرێگای سەرلێدانو چاو بەخەلك کەوتن چارەی بەشێکی تری گیروگرفتەکانمان بکەین سەرەڕای ئەوەی کە ئێزگەکەمان چالاکانە گشت میهرەجانو ئامەنگەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بڵاو کردۆتەوەو درێغی نەکردوە لە چارەسەرکردنی هەموو بارێکی (کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و ٠٠٠ هتد) ئەم ناوچەیە ٠

● بەرای تۆ باشترین بەرنامە کە پێشکەشتان کردبێت کامەیە ؟

ـ تا ئێستا چەند بەرنامەیەکم پێشکەش کردووە وەکو (یانەی گوێگرەکان ، قەلەمو گوڵ ، ڕۆژی تازە ئیستاش بەرنامەی (دەرگاکانی ژیان) پێشکەش دەکەم ٠

● ئەی ڕات بەرامبەر بەرنامەکانی تر ٠٠٠٠

ـ بەڕستیو بەشێوەیەکی گشتی بەرنامەکان پەرەسەندنیان بینیوە ٠ بەمۆی بەشداری کردنی ڕۆشەنبیرنوسەرە کوردەکان لەگەل ئێزگەی کوردیو بەتاوانی باشتر بوونیشین ٠

● دوا رستەت ئەبێ چی‌بێ ٠٠

ـ ئەمەوێ بڵێم هاوکاری کردنی ڕۆشەنبیرو نوسەرە کوردەکان بە خامە شۆڕشگێڕە کۆلنەدەرەکەیان ـ ەبێتە هۆیێکی گرنگ بۆ سودی ڕاگەیاندنمانو چاوەڕێی ڕەخنە بەبێزەکانیانین ٠

نزار خێلانی ئامادەی کردوە

کۆچی دوایی هونەرمەند جمیل بشیر

هەفتەی رابوردوو ، موسیقاری عیراقی ناسراو هونەرمەند جەمیل بەشیر لەشاری لەندن لە ئەنجامی دڵ وەستاندنی کوتو پڕدا کۆچی دوایی کرد ٠

موسیقا زانی کۆچ کردو ، لە هەرە شارەزاکانی هونەری عود لێدانی عیراقو عەرەبیو جیهانی بووە ، لە بەرهەمە هونەریە گرنگەکانی کە تۆمارکراون (ئاربیسك ی ژمارە چوارەو ئاوازەکانی (عودی نەرێتی لەعیراق) دایە ٠

ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا لە بڵاوکردنەوەی هەوالی کۆچی دوایی ئەم هونەرمەندە مەزنەی عیراقدا بە (شای بەناوبانگی عود)ی باس کردوەو دەستی بۆ ئەوە کێشاوە کە بەلیهاتویو شارەزایی هونەرمەندانەی داهێنانێکی گەورەی خستە سەر هونەری مۆسیقا ٠

شاری هەڵەبجە

هەڵەبجە گەورەترین شاری ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌یە دوای سێ پارێزگاکەو خاوەنی بەپیترین زەویە لە کوردستاندا ئەویش زەوی لۆکەو گەنمو گوڵەبەڕۆژەو مەرەزیە لە (دەشتی شارەزوور) ٠

هەڵەبجە خاوەنی مێژوویەکی پاڵەوانانەیەو بەکێك‌لەزاوەی هەورامان‌و شارەزوورە ٠

دانیشتوانی ئەم شارە پتر لە ٢١ هەزار کەس ئەبن ئەمڕۆ ، دوای ڕامال کردنی دەستەی بەکرێ‌گیراو لەناوچەکەدا لەلایەن دەسەڵات داریەتی نیشتمانیەوە گەلێ کاری ئاوەدانی بۆ ئەم شارە جێبەجێ کراوە ، بەڵام هەڵەبجەیەك کە ڕۆژگارەکانی رابوردو زۆر کەوت لەسەری بوە هۆی دواکەوتنی ، ئەم شارەی نرخی مەولەوی‌و گۆرانو ئەحمەد موختارو تایەر بەگ‌و وەلی دێوانە بووە بێویستی بە یارمەتی‌و چاولێوەبوونی زیاتری دڵسوزانە هەیە وەك ئەرکی بەتەنگەوە هاتنی ئەم شارە ٠ ئەم خواستانە ئەخەینە بەرچاو !

١ ـ ئاو بێ ئاوی هەموو کەسێکی کرتۆتەوە بۆ چارەی ئەوە ئاوی بەستی دەربەندیخان هێنانی بۆ هەڵەبجە زۆر ئاسانە ٠

٢ ـ کارگەی هەڵەتەکاندنی توتن (تنقیح) کە پتر لە دوو ساڵ ئەبێت تەواو بووە بکەوێتە کارو بێ‌کار کزبێت ٠

٣ ـ خەستەخانەیەکی (١٥٠) قەرەوێلەیی لەگەل دکتۆری شارەزاو شتی پێویست ٠

٤ ـ پردێك لەسەر سیروان دروست بکرێت بۆ ئەوەی ناوچەی شەمیرانو ناوکۆزی بەبەسترێتەوە بە هەڵەبجەوە ٠

٥ ـ پلەی شارەوانی شاری هەڵەبجە بکرێت بە پلەی دووەەم ٠

٦ ـ قیرتاو کردنی ڕێی هەڵەبجەو تەویلەو بیارەو خورمال لەدێی عەنەبەوە بڕوات ٠

٧ ـ بەشی ناوخۆی بۆ قوتابیانی لادێ تیا بکرێتەوە ٠

٨ ـ هەماری گەنم (سایلو) تیا دروست بکرێت ٠

● هیرش محمد امین ●

هەفتەی رابوردوو تر بەرێز پارێزگاری سلیمانی ، هەروەك لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاومان کردەوە ، سەری لە ناوچەی هەڵەبجەداوەو لەگەل لێپرسراوانو خەڵکی شاری هەڵەبجە گفتوگوی کردوە ٠ سەرکردایەتی حزبو شۆڕش سورن لەسەر ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکەو خواستی هەموو دڵسۆزان پەتەدی ٠

● لەم هەفتەیەوەو لەم گۆشەیەوە ، « هەفتە نامەی هاوکاری » هەرچارەی نووسینێکی نووسەرانی ڕۆژنامەکەو هەر براو خوشکێکی تری نووسەر بڵاو ئەکرێتەوەو چاوەڕێی دەستو خامەی نووسەرانین ٠

هەفتە نامەی هاوکاری

● فەرهەنگی کارتەری ●

● زانایانی زمانو فەرهەنگ دانان بۆ هەندێ زاراوەو وشە کە لای خۆیان ئەبێ ، مانایەك بەکار ئەهێنن ، بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆیان ، لێکدانەوەیەکی تایبەتی هەیە ٠

● وەکو ووشەی « هەبل بەبل » ، بەئینگلیزی مانای « نێرگەلە »یە ، دیارە لە دەنگی کێشانی ئاوی نێرگەلەکەوە وەرگیراوە ٠

● هەروەها مامۆستا گێو موکریانی ، لە فەرهەنگەکەیا ، بە ئیمپریالیزم ئەڵێ : « کەلەگا » ، ئەمیش شتێکی راستی تیادایە ، کە ئەویش ئیستعمار بچێتە هەر وڵاتێك کەلەگایی تیا ئەکا !٠٠

بەڵام وادیارە کارتەر سەرۆکی ئەمەریکا بە پێچەوانەی مەنتیقی ئەم فەرهەنگانە ، مانای زاراوە سیاسیەکانی دانەنێ !

بۆنمونە « مافی مرۆڤ » ئەو زاراوەیەیە بۆتە بنێشتە خۆشەی ژێردانی ٠٠٠

● کە چی ئەوەندەی پێ ئەچوو ، سەرۆك بەپێی فەرهەنگەکەی مانای « مافی مرۆڤی » بەوە لێکدایەوە کە ئازادی وڵاتی سۆشیالیستو ئازادکراو لەناوبەرێو گورج داوای چەکی « خاوێنی » نیوترونی کرد کەتەنها « مرۆڤ » خۆی لەناو ئەبات ، بەڵام « مافەکانی » لەسەرمایەو تەلارو پارە ـ خوداوەندەکانی سەرمایەداری ـ ئەپارێزێ !!

● لەم ڕۆژانەشدا یەکێك لە کاربەدەستەکانی کارتەر ئاموژگاری گەلی فەلەستین ئەکا کەوا ئەو نوێنەرانە دابنێن بۆ کۆنگرەی جنیف « ئازا »بن !! ئاخۆ بەپێی فەرهەنگی کارتەری « ئازایەتی » ئەبێ مانای چی‌بی ؟!

● وادیارە بێدرێژەدانو چەندو چوون ، ئەوەیە کەسەر بۆ زایونی داگیرکەر دابنەوێنن وە « ئازا »بن لەوەستان بەرامبەر ئاواتی گەلەکەیان ٠٠

● بەڵام مژدە ئەدەین بە مام کارتەر لەریزی دڵسوزانی گەلی فەلەستینو هەموو ئەتەوەی عەرەب « ئازا »ی وا نادۆزنەوە ، گومانی نیە لەناو هەڵمەتە کاسەو ئاشقەکانی سازاندنو شان شل کردوەکاندا ئەم چەشنە شۆرە سوارە « ئازایانە » ، وەك خۆل کەوتوون !

● چاپکراوی نوێ ●

گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ



لەم دواییەدا ، ژمارەی (٦٢)ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ـ بڵاوکراوەی ئەدەبیو ڕۆشنبیری (دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی) گەیشتە دەست خوێنەران ٠

لە نووسراوەکانی ئەم ژمارەیە : گەلێ باسی ڕۆشنبیری ئەدەبیو کۆمەڵایەتی بەکەلك بڵاوکراوەتەوە ، کە ژمارەیەك لە نووسەرو ڕۆشنبیرەکان بەشداریان تیاکردوە ٠

لە چیرۆکەکانی ئەم ژمارەیە : سێ قەرەوێلە ، ئەوانەی لەبیرناچن ٠ هەروەها لەو شیعرانەی لەم ژمارەیەدا بڵاوکراونەتەوە ، یادی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ ـ تەموز بیرۆژەو لەگەل چەندان لێکۆڵینەوەو وسینی تری بەکەلك ٠

Institut kurde de Paris

١٧ ی تشرینی یەکەم / ١٩٧٧ ـ سەرژمارەی گشتی دانیشتوان

ئیمە بەرەیەکمان ناوێ ئەمرۆ دروست ببێ و سبەینێ هەڵوەشێتەوە .. بەڵکو بەرەیەکی چەسپاوو بەردەوامان ئەوێ ، بەرەیەك کە ئاسۆو ئەرکێکی ستراتیژی ماوە دووری هەبێ .
سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

الاربعاء ١٢ تشرين الاول ١٩٧٧ العـــدد ٣٨٩

هاوکاری

٢٥ فلس

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

٨ لاپەڕە
لەگەڵ پاشکۆی بۆزانین

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدان «الخلاف» شەقامی «الجمهوریة»
بەغدا س.پ ١٤١٦ تەلەفۆن ٢/٦٨٢١١
سەرنووسەر: محمد امین عقد

چوار شەممە ١٢ی تشرینی یەکەم ١٩٧٧ ژمارە ٣٨٩

هاوڕێ میشێل عفلق بە ئەمینداری گشتی و هاوڕێ احمد حسن البکر جێگری ئەمینداری گشتی

وە هاوڕێیان صدام حسین و شبلی العیسمی و منیف الرزاز بە ئەمینداری یاریدەدەر هەڵبژێردران

لەسەرەتای ئەممانگەدا کۆنگرەی نەتەوەیی یازدەهەمی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لەبەغدا بەسترا .

کۆنگرەکە (١٣) ئەندامی بۆسەرکردایەتی نەتەوایەتی کۆبوونەوەیەکی کردو تیایدا پاش کۆتایی کۆنگرە ، سەرکردایەتی نەتەوایەتی دووبارە سەرکردەی دامەزرێنەر ، هاوڕێ (میشێل عفلق)ی بەئەمینداری گشتی حزب هەڵبژاردەوە . کۆنگرە ، هەروەها ، هاوڕێ احمد حسن البکری بەجێگری ئەمینداری گشتی و هاوڕێیان صدام حسین و شبلی العیسمی و منیف الرزازی بە یاریدەدەری ئەمینداری گشتی هەڵبژارد .

کۆنگرەکە کە هاوڕێی دامەزرێنەر میشێل عفلق کردیەوە ، لەو راپۆرتانەی کۆلیەوە کە سێ لیژنە ئامادەیان کردبوو بریتی بوون لەلیژنەکانی راپۆرتی سیاسی و راپۆرتی ریکخستنی و بەپرەوی ناوخۆ .

کۆبوونەوەکە لەلایەن هاوڕێ (میشێل عفلق)ەوە بە ووتارێکی مێژوویی کرایەوە کەتێیدا سووربونی دووپات کردەوە لەسەر کۆشش کردن بەرێبازی تێکۆشاندا بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە مەزنەکانی نەتەوەی عەرەب و ووتی : جیهان هەندێ جار هێزو توانا کانمان گەورەتر دەبینن لەوەی کە ئێمە یاخۆ عەرەب بە گشتی ، دەیبینن .. هاوڕێ ئەمینداری گشتی هەروەها ووتی تاقیکردنەوەی حزبان لەعیراقدا تاقیکردنەوەیەکی بێهاوتاو بەهێزو بێ گەیشتوە . هەروەها ووتی ، من وای تێ نەگەم کەوا دەرچوونی عەرەب لەم بارە لابەلایە بەوە دەبێ سەر لەنوێ تۆوی باوەڕ بەنەتەوەو مێژوەکەی و بەیامەکەی و تۆوی باوەڕ بەرۆژی عەرەب بچێنینەوە .

ئەمەش دەقی ووتارەکەی هاوڕێ (میشێل عفلق)ە هاوڕێیان : بەگیانی خۆشبینی و سوورییەوە لەسەر کوشش کردن بەرێبازی تێکۆشاندا بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە مەزنەکانی نەتەوەی عەرەب کۆنگرەی نەتەوەیی یازدەهەم دەکەینەوە . ئەم بارودۆخەی کە کۆنگرەکەمان تێیدا دەبەسترێ ، بارو دۆخێکی سامناکو یەکجار گرنگە بەنیسبەت مێژوی راپەڕینی نوێمانەوە .. لەجیهاندا ، هەروەها لە نیشتمانی عەرەبدا گۆڕانو گۆڕانکاریەکی زۆرو نوێ ، گران لە بەرنوێی ، لەباردایە کە بەر لەمە لە وێنەی بەرەنگارمان نەبوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، ئێمە هەست بەدڵنیایی و باوەڕ بە خۆمانو خۆشبینی دەکەین ئەمەش جۆرێك نیە لە ئاوات خوازی و خۆهەڵخەڵەتاندن ، بەڵکو مەسەلەیەکە کە بناغەی مەوزووعی خۆی هەیە .

هەروەها ووتی : یەکێك لەگرنگترین مایەکانی خۆشبینی و باوەڕ بەخۆو دوارۆژمان ئەو پلە سەقامگیری و بێ گەیشتن و ڕوونی فیکرو کردارەیە کە حزبمان لە نیشتمانی عەرەبدا ، بەگشتی ، وڵەم وڵاتەدا بەتایبەتی . بێ گەیشتوە .. ئەوەی کە حزبان بێ گەیشتوە ، دای نانێین بەنموونەی هەرەبەرز ، بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنێین و بڵێین ئەمە ئاوێنەی پێشکەوتنێکی ئاشکراو جەوهەریە بەنیسبەت رابوردووەوە . لەم وڵاتەدا ، لەناو هەموو حزبداو لەناو هەموو ڕێکخراوەکانی حزبدا هەستێك هەیە بەوەی کە ئێمە هەتاهەتا ڕەوشتی پەشۆکاوی و دووبەرەکیەتیان بەجێ هێشتوە ، وحزب سەرەنجام گەیشتەوە ئەوشوێنەی کە لێرە دەستی پێ کردبوو ، چونکە لەسەرەتادا هەرووەکو یەك خێزان وابوو .

هاوڕێ ئەمینداری گشتی ، هەروەها ووتی : ئێمە واهەستدەکەین گیانی یەکخێزانی لەناو حزبدا بوە بەباو ، ئەمەش شتێکی یەکجار گرنگە چونکە ئەو سەرەتا پێویستە دەنوێنێ کە بێ ئەو ناتوانین بەرەو ئاسۆی فراوان .. بەرەو ئامانجە دوورەکان .. بەرەو ئەرکو فرمانە نەتەوەییە بەرینو گرانەکان هەنگاو هەڵنێین .. چونکە بێ سەرەتایەکی داڕێژراوی چونیەکو زیندوو بزوێن کارسەرناگرێ .

هاوڕێیان : نامەوێ قسەی نەفەسی بکەم ، بەڵام دەتوانین بەدڵنیاییەوە بەوەی کە حزبمان لەعیراقدا بەدیهێناوە شانازی بکەین ، ئەمە پێداهەڵدان نیە ، بەڵکو بەشێکی گرنگە لەو هوشیاریەی کە تێکۆشەرانی حزب دەبێ هەیانبێ ، دەبێ ئەو بناغەو سروشتانە بناسن کە حزبانی لەم وڵاتەدا ئامادەکردوە بۆئەوەی بەردەوامیەك بێنێتەدی کە لەهیچ وڵاتێکی تردا بەدی نەهاتوەو بۆئەوەی ڕێڕەوێکی خەباتگێڕانەی پوختەو تەواوی مێژووداربێنێتە کایەوە .

ئەمە شتێکی مەوزووعیە ، وبەعسیەکان دەبێ ئەم ڕاستیانە دیراسە بکەنو شی یان بکەنەوە .

هاوڕێ ئەمینداری گشتی بەنجەی بۆ ئەوە کێشا کەوا تەجرەبەی حزب لەعراقداو بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا ، بارودۆخی نەتەوەیی ناسك ، بۆهەموو نەتەوە شتێکی بەنرخە ، بەعسیەکانیش ، لەپێش خەلکی تردا ، دەبێ پاسەوانی ئەم تەجرەبەیە بکەنو ڕۆژبەڕۆژ بەهۆشو دڵو جالاکی خۆیان بەختیوی بکەن .

هەروەها وتی ، بەڵام ئێمە دەزانین ئاواتمان بەرینترو دوورترەو هەموو نیشتانی عەرەبیش ، بەئەندازەی جۆراوجۆر وتێکڕا پاش ، ئامادەی ئەوەبوە چاوبڕێتە حزبمان وبێکا بەنموونەی بەرزو مایەی هیوا بۆخۆی چونکە تاقیکردنەوەی سی ساڵی رابوردوو کە بەسەر ئەم نەتەوەیدا تێپەڕی لەتێکۆشانو بێولەتیدا ، دەری خست کەوا حزب لەگۆڕان نەهات وخاوەنی جۆرە سروشتێك بوو کەوا لەجولانەوەی تردا وێنەی نەبوو .. ئەمە دەبێ هەمیشە پال پێوەنەرمان بێت بۆ ئەوەی رووی ئەم تاقیکردنەوە بێ گەیشتوو و سەرکەوتوە لەعراقدا بکەینە نیشتیمانی بەرینو هەموو نەتەوەو ئەو دوارۆژە پرشنگدارەی کە گومانمان لەوەدا نیە کە بۆ نەتەوەی عەرەب دێتەدی .

هاوڕێیان : جیهان هەندێ جار هێزو توانا کانمان لەخۆمان یاخۆ عەرەب بەگشتی ، گەورەتر ئەبینێ چونکە نەتەوەی عەرەب دەورێکی گەورەی لەچەرخەدا هەیە ودەبێ حزبیش ئەرکە گەورەکانی خۆی بگرێتە ئەستۆو نابێ بەئامانجی سنووردار رازی بێت ، مادام مێژوو بەوە رازی نابێتو عەرەب بۆ ئەو دەورە جیهانیە ئامادەدەکات ، کەواتە ئێمە ڕێگایەکی درێژمان لەپێشدایە ، هەندێ کۆسپو کەمو کوورپی رامان ناگرن ، چونکە واقیع تا بەئەندازەیەك کاردەکاتە سەر کاری مێژوویی ، کاری مەزن ، هەربەوجۆرەی کاری مێژوویی و مەزن کاردەکاتە سەر واقیع ، کاری مەزنیش هەر کاتێ کەوتە ڕەوت ، خۆی هەڵەی خۆی راست دەکاتەوە ، دەبێ لەدڵی بەعسیەکاندا هەستی خاوەن مێژوویی بەتین بکەین ، تا جەوهەرەکەیان هەمیشە لەبەرچاوبێتو لەهەموو کاتی هۆشیاری وتێکوشانیاندا لەدنیاندا بێو بەخێرایی پێدابچنەوە ، تا شتی تر بخەنە سەر ئەم رابوردوەو بەردەوام مانای نوێ وبەهای نوێو پوختەی پێ ببەخشن .

هاوڕێ ئەمینداری گشتی لەسەر ئەم باسە ڕۆیی و ووتی :

بڕوانە ـ ل ٤

سەرۆکی فەرمانده نامەیەك لەسەرۆك سادات دەوە وەرئەگرێ

سەرۆك احمد حسن البکر نامەیەکی دەستنووسی لەسەرۆك محمد انور السادات سەرکۆماری میسری عەرەبی یەوە پێ گەیشت کەیەوەندیی بەدوا ئالوگۆڕی ناوچەی عەرەبی یەوە هەیە .

بەڕێز جمال الدین محمد برکات باڵوێزی میسر لەکۆماری عیراق ئەو نامەیەی بە سەرۆکی بەڕێز گەیاند لەکاتی پێشوازی کردنیدا سەعات یانزەی پێش دوێنێ نیوەڕۆ لە کۆشکی کۆماری .

بەڕێز حامد علوان وەزیری دەوڵەتیش بۆ کاروباری دەرەوەوەزیری دەرەوە بە وەکالەت لەو چاوپێکەوتنەدا ئامادەبوو .

بغداد ئا.د.ع:

بەیاننامەیەکی گرنگی قسەکەرێکی ڕوسی

دوێنێ قسەکەرێکی ڕەسمی عیراقی بەیاننامەیەکی گرنگی راگەیاند تیایدا بەرپەچی ئەوبەیاننامەی داوەتەوە کە رۆژی یەکشەمەی رابوردوودەستەلات دارێتی نەردەن دەبارەی جاسوسی (رائدزوایدە) بڵاوی کردبوەوە .

بەیاننامەکەی قسەکەرە ڕەسمیەکە سەرسامی خۆی پیشاندداوە بەرانبەر ناوەڕۆتی بەیاننامەکەی حکومەتی ئەردەن کە لە هەموو مەوزوعیەتیکو توصولیکی رانراوی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان بەتایبەتی دەوڵەتانی برا دوور کەوتوەتەوە کە ئەم توصولە نە خویدا بەڵگەیە بو ئەو کارە نارەوایەی حکومەتی ئەردەن کردبوی وە بریتیبو لە هاندانی خوتابیەکی کە لە عیراق ئەیحویند بۆ مەبەستی جاسوسی کردن کە ئەمە لادانە لە هەموو خوورەوشتێکی برایەتیو هاوکاری عەرەبی

بەیاننامەکە بەتێکڕایی دەوری ئەو جاسوسەی ڕوون کردۆتەوە کە چۆن خۆی دانی بەهەموو ڕاستیەك داناوەو چۆن حکومەتی ئەردەن لە ساڵی ١٩٧٤وە هانی داوەو خۆی کردوە بەناو ڕێخراوەکانی حزبدا بۆ کۆکردنەوەی مەعلومات لەسەر ئاسایشو سەلامەتی دەوڵەتی عیراق سەرەڕای جاسوسی کردنی بەسەر تێکۆشەرە عەرەبەکانەوە بە بیانووی ئەوەی کە سەربە حزبە لەمەشدا لەرووی پەیوەندی دیموکراتیو نەتەوەیی ناو تێکۆشەرەکانەوە هەڵی بەکارهێناوە .

بەیاننامەی قسەکەرە ڕەسمیەکە ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە چۆن ئەو تاوان بارە هەموو بەڵگەیەکی جاسوسی لەسەر ساغ بۆتەوەو بەوپێیە دادگا فەرمانی لەسێدارەدانی دا بەپێی مادەی ١٥٨ی یاسای سزادان .

بەیانەکە لەکۆتاییا ئەڵێ حکومەتی عیراق کارێکی ناسایی کردوەو بەپێی یاساکانی عیراق کە ناشکرانو لەهەموو دەوڵەتە سەربەخۆکاندا کاری پێ ئەکرێو موخابەراتی حکومەتی ئەردەن ئەم یاسایانە ئەزانێ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لاوەی بەرەو ئەو کارە نارەوایە هاندراو بەبێ ئەوەی بایەخێ بە چارەنووسی بدا .

بەیاننامەکەی حکومەتی ئەردەن نارەوایانە هەڕەشەی لە قوتابیەکانی ئەردەن کردوە کە لەزانکۆکانی عیراقدا نەخوێنن بەڵام بەیاننامەکەی عیراق ئەوەش ڕوون کردۆتەوە کە عیراق دەستو دڵی بۆ هەموو هاوڵاتیکی عەرەب کردۆتەوە کە بۆ خوێندن یا هەر مەبەستێکی شەریف ڕووی تێ ئەکەن وەحزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست حزبێکی نەتەوەیی تێکۆشەرە دەرگای بۆ هەموو ڕۆڵەیەکی شەریفی عەرەب کردۆتەوە .

بانگەوازێك بۆ بەردانی گیراوە سیاسیەکانی جیهان

قاهیرە ـ اشا ـ ئا.د.ع :

ڕێکخراوی هاوکاری گەلانی ئەفریقاو ئاسیا داوای بەردانی گیراوو بەندکراوە سیاسییەکانی جیهانی کرد .

لەبەیاننامەیەکدا کە بەسەرپێرێ شەو ئەو ڕێکخراوە لەقاهیرە دەری کرد ، دووپاتی کردەوە کە بەردانی بەندکراوە سیاسییەکان بۆتە مەبەستێکو هێزە دیموکراتیو پێشکەوتنخوازو لەمافی مرۆڤ بەرگری کەرەکان لەپێناویدا ئەیئەکۆشن .

بەیاننامەکە دەستی بۆئەوە راکێشاوە کە بەهەزارەها بەندکراوی سیاسی لەدەوڵەتانی جیهاندا ئازارئەدرێنو لەدۆخێکی گەلێ دژواردا ئەژین .

١٠ی تشرینی یەکەم ، رۆژی دانپیانانی مافی رۆشنبیری گەلی کوردمان

رۆشنبیری پێشکەوتنخوازانە لەسەر ڕێگای پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی

● رۆژی ١٠ی ئەم مانگە بیرەوەری هەشتەم ساڵەی دەرچوونی ئەو بڕیارە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازە رابورد کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩دا دەری کردو بەوپێیە دان نرا بە مافە رۆشنبیریەکانی گەلی کوردماندا ئەم بڕیارە پیرۆزەش بوو ، ڕێگای هەنگاوانانی بەرەو چارەسەری بەئاشتیو دیموکراتیانەی مەسەلەی گەلی کوردمان کردەوە ، بەو جۆرەی کە سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕش لە بەرنامەی خۆیدا دیاری کردوەو بوە باوەڕێکی چەسپاوی بەهێزو ئیتاش لەیاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانداو گەوتنەکاری دامو دەزگاکانیاو گەلی دەستکەوتەی مەزنی تردا

● هاوکاری ●
بڕوانە ـ ل ٧

بەپێنەی دەرچوونی بەیاننامەی کۆنگرەی «١١» هەمی سەرکردایەتی نەتەوەییەوە :

بەتێکۆشانی بێ وچان دوارۆژی پرشنگدار دروست ئەکەین

لەسەرەتای ئەم مانگەدا ، کۆنگرەی یازدەهەمی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست ، لەبارودۆخێکی ناوخۆیی و عەرەبیو جیهانی یەکجار تایبەتیدا کرایەوە .

هەروەکو سەرکردەی دامەزرێنەر هاوڕێ میشێل عفلق دووپاتی کردەوە ، کۆنگرەکە ئاوێنەی یەکگیانیو یەکدڵی هەموو ئەندامانی حزببووو ئەوەی دەرخست کەوا « گیانی یەکخێزانی بەسەر هەموو حزبدا باڵی کێشاوە کەئەمەش شتێکی زۆر بایەخدارە ، چونکە ئەو سەرەتایە دەنوێنێ کە بۆ هەنگاوانان بەرەوپوارە بەرینەکان ، بەرەو ئامانجی دوور ، بەرەو ئەرکو فرمانی نەتەوەیی بەرینو دژوار پێویستمانە » . هەر ئەمە خۆشی ، راستو دروستی ڕەوت و سیاسەتی حزب لەماوەی دوو کۆنگرەدا نیشاندەدا ، و ئاوێنەی ئەو هەڵومەرجە دیموکراتیانەیەیە کە لەناو هەموو حزبدا ڕەگی داکوتاوەو بوە بەباو جگە لەمە ، بەستانی کۆنگرە نموونەیەکی ترە بۆنیشاندانی « رەفتاری دیموکراتی شۆڕشگێڕانە کە یەکێکە لەسروشتە هەرە دیارەکانی حزب لەڕێڕەوی تێکۆشانیدا » ، هەروەها «هەڵومەرجێکی گرنگو زیندووە بۆ چاوخشاندنەوەی گشت لایی بەقۆناغی رابوردوودواو دانانی ڕێوشوێنی قۆناغی داهاتوو ئەخشەکێشانی پێویستیەکانو مەرجەکانی بەجێهێنانی ئەو ئەرکانەی کەوتوونەتە سەر تێکۆشەرانیو هەموو کۆمەڵانی خەلکی عەرەب » کۆنگرە لەکاتێکدا دەبەسترێ ، کەعیراق پاش نزیکەی دەساڵ لەسایەی شۆڕش ١٧ـ٣٠ تەمووزی پیرۆزدا بەسەرکردایەتی حزب مەودایەکی درێژی بەرەو ئاسۆی بەختیاریو کامەرانی کۆمەڵانی خەڵك بڕیوەو لەهەموو بوارەکانی گەشەکردنو پەوەسەندندا دەسکەوتی مەزن مەزنی داوەتە کۆمەڵانی خەڵكو بەهەنگاوی خێرابەرەو ئاسۆی پرشنگداری سوشیالیزم کەوتۆتە ڕێ ، کەلەسەر هەموویانەوە یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵو خۆماڵی کردنی نەوتو بەیاننامەی یانزەی ئازارو دەیەها دەسکەوتی تر

● هاوکاری ●
بڕوانە ـ ل ٧

Institut kurde de Paris

پێوەندیەکانی دەرەوەی ئەمریکا وچاوڕاوی بەرگری لەمانگی مەرۆڤ

یارمەتی دارایی وعەسکەری حکومەتی کاریتەر تەنیا بۆ ئەو رژێمانەیە بەڵگەی ڕەگەزپەرستی وفاشستیەتی خۆیان نیشان ئەدەن

لەکاتی هەڵبژاردنی ئەم دوایییەی سەرکۆماری ئەمریکادا جیمی کارتەر کە یەکێك لە پالێوراوەکان بوو ، بۆ ئەوەی سەرنجی بیروڕای گشتی خەڵك بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و کورت وکرمانجی دەنگ کۆ بکاتەوە هەڕاو هۆرییایەکی بەڕپا کرد کە گۆیا لە سیاسەتی سەرۆکانی پێشووی ئەمریکا دەربارەی مافی مرۆڤ نارازیەو ئەگەر خەڵکی ئەمریکا دەنگی بۆ بداو بچێتە کۆشکی سپی نایەلی لە چوارقوژبنی دنیادا زوڵم لە هیچ کەس بکرێ و کەس ماری ڕەش لەئاو بکاو تەنانەت هەقی بزنی کۆلە لە بزنی شاخدار دەکاتەوە ٠ قسەکانی کارتەڕ زۆر بەتامو خوێ بوون و بەشێکی زۆری خەڵکی ئەمریکا کە بێ گومان وەك هەموو گەلانی جیهان حەز دەکەن مافە بنەڕەتیەکانی نادەمیزاد ڕێزیان لێ بگیرێ ، دەنگیان بۆ داو جیمی کارتەڕ جێگای جەرالد فوردی لە کۆشکی سپی واشنتۆندا گرتە دەست ٠

ئەوپیاوە بەشی خۆی زۆرەك بوو ، دوای هەڵبژاردنیش بۆ ئەوەی خەڵك نەڵێ ئەمە بەڵێنی سەردەمی هەڵبژاردنەو بۆ پشت پێ بەستن نابێ ، دیان هەڵاو هەنگامەیەکی سەبارەت بە پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لێرەو لەوێ هەڵگیرساند ٠ با ئەوەش بڵێین کە لە ماوەکەی دواییدا زیاتر بۆ پرۆپاگەندە دژی وڵاتانی سۆشیالیستی و بەتایبەتی یەکیەتی سۆفیەت کەڵك لەو هەڵاو هەنگامەیە وەردەگیرا ٠

بەڵام خەڵکی جیهان کە باش شارەزای سروشتی رژێمی سەرمایەداری ئیمپریالیستی بوون هەر لەسەرەتاوە دەیانزانی قسەکانی کارتەڕ لەبارەی پاراستنی مافی مرۆڤەوە بایی چەندێ ئەو هەراو هۆریای پروپاگەندەیە نەیتوانی بیروڕای گشتی خەڵکی جیهان بەهەڵە بەرێ ٠ زۆری پێ نەچوو کارتەڕ بەرەسمی کاروباری وڵاتی گرتە دەستو بەرەبەرە سیاسەتی « نوێ »ی حکوومەتی کارتەڕ بۆ گەڵی ئەمریکاو گەلانی جیهان ئاشکرا بوو ٠

لێرەدا بۆ هەموو دنیا دەرکەوت کە سیاسەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بە گۆڕانی سەرۆك کۆماری ئەمریکادا بەسەردانایەو ئیمپریالیزم ناوەرۆکی چەوسێنەری و دژی گەلی خۆی لەدەست نادا ٠ لە سیاسەتی ناوخۆدا پشتیوانی لە چینە چەوسێنەرەکان دژی جەماوەری زەنجەدەران و جیاوازی ڕەگەزایەتی دژی قولەڕەشەکانی ئەمریکا درێژەی هەبوو ، و لەسیاسەتی دەرەوەشدا پێوەندی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ڕژێمە فاشیستو ڕەگەزپەرستەکاندا ئەڵهەر وەك خۆی مایەوە تەنانەت ڕۆژبەڕۆژ پتەوتریش بوو ٠

ئەو یارمەتی و پشتیوانیەی لە سەردەمی دەسەڵاتداری جیمی کارتەڕدا لە قەوارەی ڕەگەزپەرستی زایۆنی کراوە ، لە دەورەکانی پێشوودا وێنەی نەبووە ٠ سەرەڕای پشتیوانی سیاسی و مەعنەوی کۆشکی سپی لە کاربەدەستە داگیرکەرەکانی تەل ئەبیب یارمەتی جۆربەجۆری مادی وڵاتە یەکگرتووەکان بە زایۆنستەکان لە سنووری دووهەزار میلیۆن دولار تێپەڕیوە کە ئەمە لە مێژووی یارمەتیەکانی دەرەوەی ئەمریکادا کەم وێنەیە ٠ جگەلەوەش لێشاوی چەك و کەرەستەی جەنگی و یارمەتی مادی و تەکنۆلۆژی ئەمریکا بەرەو ئەوولاتانەی بەئاشکرا مافی مرۆڤیان تێدا پێشێل دەکرێ هەروەك جاران و بەزیادیشەوە لەرێ دایە ٠ هەر لە قەوارە ڕەگەزپەرستەکانی تەل ئەبیب و سالیزبۆری و پریتۆریاوە بگرە تا قولە فاشیستەکانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتین بەشی هەرەزۆری یارمەتیەکانیان لە واشنتۆن وەردەگرن ٠ مەسەلەکە وای لێهاتوە کە پێناس (هویە)ی فاشیستی و ڕەگەزپەرستی وەك تراویل چەکی لێهاتوە بۆ وەرگرتنی

بروانە — ل ٧

چاوێك کەوتنێکی نهێنی .. بەڕام دۆستانە

خوێنەرە بەڕێزەکان لەپێریانە دووهەفتە لەمەوبەر کاتێك مۆشی دایان وەزیری دەرەوەی قەوارەی ڕەگەزپەرستی زایۆنی بەرەوواشنتۆن کەوتبوە ڕێگا ، لەپڕ بەچەشنێکی گومان لێکراو بێ سەرو شوێن بووو لەفەلەستینی داگیرکراوسەری هەڵدایەوەو ئەمجار سەرلەنوێ سەفەرەکەی دەست پێ کردەوە ٠ لەوکاتەدا ڕۆژنامەو ئاژانسە جیهانیەکان هەریەکە بەجۆرێك بۆ مەسەلەکە چوونو لە ڕاستیداوەلامێکی تەواوی ئەو پرسیارە کە (دایان ڕووی لەکوێ کردوە ؟) ئەدرایەوە ٠

بەڵام زۆری نەخایاند کە سووچێك لەوەمەسەلەیە دەرکەوتو بەشێك لەوەی لەژێر بەڕەکە بوو کەوتە سەربەڕەکە ٠ ڕۆژی ٢٦ی مانگی ئەیلول گۆڤاری ئەمریکایی (تایم) بڵاوی کردەوە کە مۆشێ دایان وەزیری دەرەوەی (ئیسرائیل) لە کۆشکی (طنجە) کۆشکی هاوینی تایبەتی پادشای مەغریب ڕاوی بە مەلێك حەسەن کەوتووە ٠

گۆڤارەکە نووسیویە (لەوکۆبوونەوەیەدا حەسەن نامەیەکی مەلیك خالید پاشای سعودیەی داوەبە دایان کە لەودا نووسیویە تێشکانی زیاتر لە وەدەیەتانی پێشکەوتنێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا مەرکەزی انور السادات سەرکۆماری میسر دەخاتە مەترسیەوە) ٠

هەروەها لە نامەکەدا گوتراوە کە میسر ئامادەیی خۆی نیشان داوە کە ئەگەر کۆنفرانسی ژنێف سەر نەگرێ ، خۆی بەجیا لەگەڵ (ئیسرائیل) وتوێژ بکا ٠

وەك گۆڤارەکە نووسیویە دایان بۆ چاوپێکەوتنی مەلیك حەسەن لەجیاتی ئەوبەڕۆژەی دەیخاتە سەر چاوە کوێرەکەی ٠٠ چاوپلکەی ڕەشی کردۆتە چاوی و شەبقەیەکی دیبلۆماسی یانەی ئەسەر ناوە ، بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە ٠

بڵاوبوونەوەی ئەوخەبەرە دەری دەخا کە ئەوپیلانەی بۆ مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی عەرەبی و پێشێل کردنی مافە ڕەواکانی گەلی فەلەستین لەگۆڕێ دایە زۆر لەوە زیاتر لك وپۆپی لێ دەبێتەوە کە تائێستا ئاشکرا کراوەو هەر لەوکاتەشدا نیشان دەدا کە کاربەدەستە عەرەبەکانی لایەنگری سازان لەسات وسەودای خۆبەدەستەوەدەرانەی خۆیاندا زۆر پتر لەوە چوونە پێش کە لە جەماوەری نەتەوەی عەرەبیان ئاشکرا کردوە ٠

کار گەیشتۆتە ڕادەیەك کە تەنانەت بۆ پاراستنی مەرکەزی ئەڵ وڵاقی خۆشمان ماوار بۆ دوژمن دەبێ و دەستەوداوێنی داگیرکەرانی خاکی عەرەبو ئەویش ناوانداری شەری حوزەیران دەبێ کە کارێکی وا ئەکا مەرکەزی سەرۆکی میسر بکەوێتە مەترسیەوەو خوا نەخواستە زیانێك بە ئەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستی بکا !!

پادشای مەغریب کە سێمانك لەمەوبەر لەجیاتی ئەوەی هێزە سەربازیەکانی بنێرێتە مەیدانی شەڕەفو خاکی زەوتکراوی عەرەبیان پێ وەرگرێتەوە ، دەیناردن بۆ زائیر تا بەگژ شۆڕشگێرانی مەرێمی شابادا بچێەوەو ڕژێمی سەربەئیمپریالیزمی موبۆتۆ لە ڕووخان ڕزگار بکەن ، ئێستا بۆتە دەڵاڵی (سازان)و بەدزیەوە لە کۆشکی تایبەتی خۆیدا پێشوازی لە جەللادەکەی حوزەیرانی ١٩٦٧ دەکاو هاواری مەلیك خالیدی پێ ڕادەگەیەنێ ٠

ئەوکاتەی سەربازانی مەغریبی دەناردن بۆ جەنگەلەکانی ئەفریقا بۆ ئەوەی لە پێناوی پاراستنی قازانجی ئیمپریالیزمدا لەگەڵ ڕۆلەکانی مەرێمی کاتانگا پێکیان بەکوشت بدا ، ئەگەر هێزە شۆڕشگێڕەکانی عەرەبو دەوڵەتە پێشکەوتنخوازەکان بەدەمیاندا دابایەوە ئەمرۆ نەیدەتوانی وا بەدڵسۆزی میوانداری لە دوژمنی زمارەیەکی گەلانی عەرەب بکات ٠

بەڵام بێدەنگی وڵاتە عەرەبیە پێشکەوتنخوازەکان لە بەرامبەر ئەوکردەوە دژی نیشتمانیەدا بوو بەهۆی ئەوە کە زیاتر دەست لەگەڵ دەستی دوژمنانی نەتەوەی عەرەب تێکەڵ بکا ٠

بەڵام وەك دەڵێن (هەموو سەرەتایەك کۆتاییەکی هەیە) با ، ئێستا حەسەنو ئەسەدو ئەمو ئەو بە ئارەزووی خۆیان دەستی دوژمنانی نەتەوەکەیان بگوشن ٠ با هەموو پیلانەکانی ئیمپریالیزم دژی گەلانی عەرەب بەدەستی خۆیان جێبەجێ بکەن ٠ ئەوڕۆژە هەر دێ کە جەماوەر لێیان ڕابەڕێو سزای هەموو ئاوانەکانیان بداتەوە ٠

نەخشەکەی کاریتەر دەربارەی عەوزە لەبناخەیەوە لەسەر دروودەڵەسەدانراوە

لە ٢٠ی مانگی ئەیلولی ڕابوردوودا کارتەری سەرەك کۆماری ئەمەریکا بەرنامەیەکی دەربارەی وزە بڵاو کردەوە٠ کە تێکڕای بەرنامەکە جگە لەوەی زیانێکی گەورە بە دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت ئەگەیەنێ ، زیانێکی گەورەش بە گەلی ئەمەریکا خۆی ئەگەیەنێ ، بەوەی کە ڕادەی زیانی ئەهێنێتە خوارێو دەرفەتی ئیشکردنی لەبەر دەمدا کەم ئەکاتەوە ، ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە بەرنامەکە قازانجێکی زۆر بە کۆمپانیا مۆنۆپۆلە نەوتیەکانی ئەمەریکا ئەبەخشێ و زیاتر دەستی ئەودەستەیە لە هەڵسوڕاندن و ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەو ناوەوەی ئەمەریکا لەپێناو پەرزەوەندی خۆیان و چینی سەرمایەداردا بەهێز ئەکات ٠

بەرنامەکە وا خراوەتە ڕوو کە گوایا سامانی وزەی نەوت و گاز لە ئەمەریکاو تێکڕای جیهاندا ڕوو لەکزیەو نەوەندە نەوتە بەرهەم ناهێنرێ کە وەك جاران گشت کاروبارێکی پێ هەڵسوڕێنرێ ٠

ئەم دروو دەڵەسەیە وەئەبێ شتێکی تازە بێ ، وەیا شتێکی سەیر بێ سەبارەت بە ئەمەریکایەك کە تا بیناقاقەی لە فرت وفێڵ و تەلەکەبازی و دەست پرینداە نوقم بووە ، ئەمەریکایەك کە بێ شەرمانە بۆ مافی نادەمیزاد ئەکەری و کەچی بۆمبای نیوترۆنی بۆ دروست ئەکاو پێی لەناو ئەبا ٠

هەر لەسەرەتای بیستەکانەوە کۆمپانیاکانی نەوتی ئەو وڵاتە بالۆزەی ئەوەیان لێ ئەدا کە دەپانزە ساڵی تر ئەمەریکا نەوتی نامێنێ ، کەچی وا (٥٧) ساڵ بەسەر ئەوبالۆزەیەدا تێپەڕی و ڕادەی پەرهەمهێنانی نەوتیش لەوولاتەدا گەلێ لەوە زیاترە کە ئەوسا بەرهەم ئەهێنرا ٠

ئەو بڵاوکراوانەی لەلایەن کۆمپانیای مۆبیلی نەوت و بانقی جیزمانهاتن و ئامۆژگای نەوتی ئەمەریکاوە بڵاو کراونەتەوە ، ئەوە نیشان ئەدەن ئەسامانێکی زۆری نەوت هەیەو بەئاسانی ئەتوانرێ ڕەنێو بهێنرێ ، ئەگەر بێت و یارمەتی کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان بدرێ و چاودێری لەسەر نرخی نەوت هەڵبگیرێ ٠

ئەمە خۆی لەخۆیدا بێڵێنانێکە لەڕاستی و بەدرۆخستنەوەیەکیشە بۆ ئەخشەکەی کارتەر لەلایەن ئەودەزگایانەی ئەمەریکاوە ٠

وڵاتە سەرمایەدارەکان و کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان لەبەر خاتری سوودو دەسکەوتی خۆیان بەرنگوبێکی و بەتەواوی قەبارەی سپێری وزە ناخەنە ڕوو ، تاوەکو خەڵکی لەوە نەکا قەبارەی سپێری وزە ئەوەندە فراوان و قوولە کە بەسەدەها ساڵی تر لەبن نایەت ٠

ڕاپۆرتی ئاژانسی موخابەراتی مەرکەزی ئەمەریکا کە ئەڵێ سپێری نەوت لەجیهاندا خەریکە دوایی دێت، ڕاپۆرتێکە دوورە لەڕاستیەوە ، چونکە دۆزینەوەو هەڵهێنجانی نەوت و گاز لە زۆر ناوچەی جیهاندا هێشتا لەقۆناخی سەرەتایی دایە ٠

جگە لەوەش کە لە زۆر ناوچەی تری ئەفەریقاو هیندی چینی و گەلێ ناوچەی تری جیهاندا ، تازە بە مەبەستی نەوت دۆزینەوە دەست بۆ زەوی ئەبرێ ٠

لەهەندەران وەرگیراو

★ **سەرۆکی گەورەترین نەقابەی کرێکاران ، (جاك جون) لە وتارێکدا ، پێش کۆنگرەی ساڵانەی پارتی کرێکاران ، هێرشێکی بردە سەر ، پیاوە سیاسیە گەورەکانی پارتی کرێکاران ، کە هەڵسوکەوتیان وەکو سیاسیە بورژوازیەکان وایە هەموویان بوون بە خاوەن کۆشك و تەلارو ، بەشیان هەیە لە کومپانیاکاندا ٠٠**

★ یەکێك لە ڕۆژنامەکان نوسیویەتی، کە دەوڵەتە تازە پێگەیشتوەکانی قەرز ئەکەن لە سندوقی پارەی دەوڵەتانو دەزگاکانی تری وڵاتە سەرمایە دارەکان لە هەر چوار دۆلار ، دۆلارێك قازانج ئەبی بدەن بەودەزگایانە ، وە نە ساڵی ١٩٨٠ ئەبێ بە دوو دۆلار واتە لە ٥٠٪ !!

★ **کۆنگرەی پارتی کرێکارانی بەریتانیا داوای لابردنی ئەنجومەنی لوردەکان ئەکات ٠ چونکە دەزگایەکی سەردەمی دەرەبەگایەتی یە ٠٠**

★ هێزەکانی (ناتو) پەیمانی ئەتلس لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ئیجە مناوەراتی تەواو کرد وە یونان ، کە ١٩٧٤ ، لە کاتی کیشەی قوبرس لە بەشی سوپایی پەیمانەکە کشایەوە ، ئەمجارە هاوبەشی کرد لەم مناوەرەیەدا ٠٠

★ **دەنگوباسی شۆڕشی ئەرتیریا وا ئەگەیەنی کەوا پێنجەمشاری گەورە کە (تیو)یە ، ئازاد کرا لە سوپای داگیرکەری ئەسیوبی ٠٠**

★ پاش گرتنی خاتو ئەندیرا گاندی لەلایەن حکومەتی هیندستانەوە ، وە بەردانی بەفرمانی دادگای بەرزی هیندستان ، وە هەڵگیرسانی شەپولی خۆدەرخستنی پاڵپشتی خاتو ئەندیرا ، ئێستا حکومەت لایەحەیەکی دژی بریاری دادگا پێشکەش دادگای بەرز کردەوە ، وە بۆتە ئاکۆکی یەکی توند لە نێوانیاندا ٠٠

★ **زایونی دوژمن ڕێگای ئەدا بە ئۆینەرەکانی خاچی سور کە بچن لەباری گیراوە عەرەبەکان بکۆڵنەوە لە بەندیخانەکانی خاکی داگیرکراودا ٠**

★ پاش بەرزبوونەوەی نرخی « یەن »ی ژاپۆنی و نزمبوونەوەی نرخی دۆلار ، بانقی مرکزی ژاپون ، بە هەڵەداوان ٥٠ ملیون دۆلاری کری بۆ وەستانی نزم بوونەوەی نرخی دۆلار ٠٠ لەلایەکی ترەوە ، کاربەدەستانی ژاپون نیگەرانی خۆیان دەربری لە بەرزبوونەوەی (یەن) چونکە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ناردنە دەرەوەی شتومەکی ژاپون ٠٠

★ **پاش سەردانەکەی میر حسن جێنشینی شای ئەردەن بۆ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ، ڕێکەوتنێك مۆر کرا لە نێوانی هەردوولادا کە ئەڵمانیا قەرزێکی حەوت ملیون مارکی بدات بە ئەردەن ٠**

★ لە کۆنفرانسی بلگراد ، کە چەند دەوڵەتێکی عەرەبی ژووروی ئەفەریقا هاوبەشی تیا کردوە ، نوێنەری « مالطا » بەگەرمی داوای یەکێتی دەوڵەتانی دەریای سپی ناوەراستی کرد ، وە داوای کرد کە هێزە ، دەریاییەکانی دەرەوەی ئەم ناوچەیە ، بچنە دەرەوە ، وە پێویستە دەریاکە ببێ بە ناوچەی ئاشتی ٠٠

★ **لەوتاریکدا سەرۆکی کوریای دیموکراتی داوای کرد لە ئەمەریکا کە پاش کێشانەوەی لەشکرەکانی لە خواروی کۆریا ، چارەسەر کردنی مەسەلەی کوریا ئاسانتر دەبێ وە ئەتوانرێ بە ڕێکەوتن چار بکرێت ٠٠**

★ ئەنجومەنی سوفیاتی بەرز ڕۆژی ٧ تشرینی یەکەمی دانا بە جەژن لە هەموو وڵاتدا وە ناوی نرا ڕۆژی دەستور ٠٠

لێکۆڵینەوەی سیاسی

یادێك لە شەڕی تشرینی ١٩٧٣

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو چوار ساڵی تەواو لە هەڵگیرسانی شەڕی تشرین چوارەمین شەڕی نێوان عەرەبو قەوارەی داگیرکەرو ڕەگەزپەرستی زایۆنی تێیەڕی ٠ سروشتی شەڕی تشرین زۆر لە شەڕەکانی پێشوو جیابوو ، و ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب لەم شەڕەدا بە لێوەشاوەیی و فیداکاری زەبری زۆر گورچوو بریان لە دوژمنی داگیرکەرداو ئەڵسانەی (سوپای نەبەز)ی دوژمنیان لەبەریەك هەڵتەکاند ٠ کارەساتەکانی چەند ڕۆژەی سەرەتای شەڕ دەریانخست کە ئەگەر ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب دەرەتانیان بۆ پێك بێنن و هەڵو مەرجیان بۆ ڕێك بخرێ لە توانایاندا هەیە دوایی بەداگیرکرانی خاکی عەرەب بێنن و ئەو پەلەی شەرمەزاریە لە دوایی گەلەکەیان بشۆنەوە ٠

بەڵام تەقەوەستاندنی لە پڕو لە نەکاوی ڕژێمە بەزیوو ترسەنۆکەکانی عەرەبو ئەو سەنەدو بەڵگانەی لە دوای بڕانەوەی شەڕ ئاشکرابوون دەریان خست کە ئامانجی ڕژێمەکانی لایەنگری سازان لە شەڕی تشرینی ٧٣ بە هیچ جۆر ڕزگارکردنی خاکی داگیرکراوو دەربەڕاندنی زایۆنی دوژمن نەبووەو مەبەستیان لە دەستپێکردنی ئەو شەڕە لەلایەك کەم کردنەوەو دامرکاندنی توورەیی و نارەزایی جەماوەرو لەلایەکی ترەوە جموجۆڵ خستنی هەوڵو تەقەلای سازانی خۆبەدەستەوەدەرانەبووە ٠ لە ڕاستیدا هەم هەڵگیرساندنی شەڕەکەو هەم تەقەوەستاندنە کە ئەوەندەی پێوەندی بەو ڕژێمانەوە هەیە بۆ ئەوەبوو کە ڕژێمەکانیان لە ڕووخانو لە ناوچوون بپارێزن ٠ بەڵگەکانی دوای شەڕ نیشانیاندا کە ڕژێمە بەزیوەکان پێش تەقەوەستاندن خۆیان بە نهێنی دەستەو دامێنی دەسەڵاتە گەورە جیهانیەکان بوون کە کارێکی وابکەن تەقە بوەستێ و لە ڕێگای وتووێژی «ئاشتی» خوازانەوە هەوڵی چارەسەری مەسەلەکە بدرێ ٠

بۆ هەقیقەتو تاریخ دەبێ ئەوەش بڵێین کە دەوڵەتە عەرەبیەکانی تریش بە کردەوە هەنگاوێکی کاریگەریان بۆ بەشداری لە شەڕی ڕزگاریخوازی عەرەبدا نەهاویشت و تەنیا عیراق بوو کە لە ماوەی کەمتر لە شەوو ڕۆژێکدا هێزەکانی زەمینی و هەوایی گەیاندە مەیدانی شەڕەفو لە مەیدانی سیاسی و ئابووریشدا کەوتە بەربەرەکانیەکی توندی ئەو هێزە ئیمپریالیستی یانە کە پشتیوانی دوژمنی داگیرکەربوون ٠ کەچی وەك هەموو دنیا ئاگادارە ڕژێمەکانی لایەنگری سازان بۆ مەسەلەی تەقەوەستاندن تەنانەت پرسیشیان بە عیراق نەکردو عیراقیش وەك هەموو خەڵکی تر لە ڕێگای ڕادیۆو ئاژانسەکانەوە لە هەوالی شەڕ وەستاندن ئاگادار بوو ٠ هەرچۆنێ بێ مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو حکوومەتانە لە شەڕی چوارەم بۆ هەمووان دەرکەوتو ئێستا دوای چوار ساڵ بەرهەمەکانی دەبینین ٠

لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ ئیمپریالیزمو زایۆنیزم بە هاوکاری کۆنەپەرستی عەرەبو ڕژێمە خۆبەدەستەوەدەرانەکان توانیویانە بەشێکی زۆر لە نەخشەکانیان بۆ سەپاندنی چارەسەرێکی پڕشوورەیی و چەسپاندنی داگیرکاری زایۆنی لەسەر خاکی عەرەب بێننەدی و تەنانەت لەناو سەرکردە فەلەستینیەکانیشدا هێندی لایەنگریان بۆ دەست پێکردنەوەی کۆنفرانسی بەناو « ئاشتی » ژنێف و وتووێژ لە گەڵ زایۆنی دوژمندا پەیداکردوە ٠ دیارە داتاشینی شەڕی « ناوخۆیی » لوبنانیش هەر بۆ ئەو مەبەستەبوو کە دواجێ بە هێزەکانی بەرگری فەلەستین لەق بکەن و دۆخێکی ئەوتۆ بخولقێنن کە ڕێگا بۆ وتووێژ لە گەڵ دوژمن و لە ئەنجامدا بەرەسمی ناسینی دوژمن خۆش بکەن ٠

وەك دەزانین هەر ئێستا جموجۆڵ و هاتوچۆیەکی گەرم بۆ دەستپێکردنەوەی کۆنفرانسی ژنێف پێش تەواوبوونی ساڵی ١٩٧٧ لە گۆڕێدایە ٠ لە هەمووانیش ڕوونە کە بناخەی هەموو گەڵاڵەکانی « ئاشتی »و بنەڕەتی دەستپێکردنەوەی ئەو کۆنفرانسە دەگەڕێتەوە بۆ سەر بڕیاری ژمارە ٢٤٢ی ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان کە کاکڵەکەی کشانەوەی (ئیسرائیل) بۆ سنوورەکانی پێش شەڕی حوزەیران و دامەزراندنی « نیشتمانێك » بۆ فەلەستینیەکانو لە بەرامبەر بە ڕەسمی ناسینی قەوارەی زایۆنی لە لایەن دەوڵەتە عەرەبیەکانەوەو دابین کردنی سنوورێکی بێ ترس بۆ قەوارەی زایۆنیە ٠

ماوەیەك لەمەوبەر ڕۆژنامەی « بۆلیتیکا »ی یۆگوسلافیا نووسیبووی هەرکاتێك ڕێکخراوی ڕزگارکەری فەلەستین بڕیاری ژمارە ٢٤٢ قبول بکا مانای ئەوەیە باوەڕنامەی مردنی خۆی ئیمزادەکا ٠ ئێمە لێرەدا ئەوەشی لێ زیاددەکەین کە ئەگەر ڕژێمەکانی لایەنگری سازانیش لە سەربناخەی ئەو بڕیارە قەوارەی داگیرکەری زایۆنی بە ڕەسمی بناسن چۆن وەڵامی شەهیدەکانی حوزەیرانی ٦٧دەدەنەوە داخوا ئەو شەهیدانە بۆ ئەوەیان خۆ بەکوشتدا کە پاش زیاتر لە دەسال هێندێ کاربەدەستی عەرەبی دەست بێنێنە ناو دەستی داگیرکەرانەوەو سەنەدی خاوەنیەتی خاکی عەرەبیان بۆ ئیمزا بکەن ، یان بۆ ئامانجێکی بەرزتر کە خۆیان کردەقوربانی کە ئەم کاربەدەستانە هەر بیریشیان لێ نەکردۆتەوە ؟

ئەگەر داگیرکەرانی تەل ئەبیب هەڵوێستی ئەو کاربەدەستە عەرەبانەیان بەو شێوەیە نەدیتبایە چۆن دەیانتوانی تەنانەت پێ لەسەر ئەوەش دابگرن کە ئەگەڕێنەوە بۆ سنوورەکانی پێش حوزەیرانی ٦٧ ؟

هەرچۆن بێ ، ئێستا باکاربەدەستە نانیشتمانیەکان چۆنی حەزیان لێیە لێ بخوڕن ٠ بێ گومان ئاخر قسە هەر هی جەماوەری گەلەو ڕۆژێك دێ کە خۆیان بینە خاوەنی مەسەلەکەو چارەسەرێکی شۆڕشگێرانەی بۆ بدۆزنەوە ٠

Institut kurde de Paris

ئێوارە کۆڕەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد لە سلێمانی

مصطفی صالح کریم

دوا بەدوای هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری نوێی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی لەحوزەیرانی رابوردوودا ، چالاکانە کەوتنە ساز کردنی کۆڕی ئەدەبی بە شێوەیەکی ڕێکوپێکو بێ بچڕاندن ، ئەوەی زۆر جێی دلخۆشی یە لەو کۆڕانەدا ئەو هەمو ئەدەب دۆستانەن کە ماوەیەکی باش بێ ئەوەی گوێ بدەنە ماندوویەتی بەپێوە ڕائەوەستن ، یان چوارمەشقی لەچیمەنەکەدا بۆی دادەنیشن ، پاش ئەوەی کورسی یەکان هەمویان پڕدەبنەوە ، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە وشەی کوردی جێگای خۆی لەدڵی لاواندا کردۆتەوە . بەڵام بۆ ئەوەی — ئێوارە کۆڕەکان — سەرکەوتووتربێو زیاتر سوود ببەخشن هەندێ تێبینی هەیە دەیانخەمە پێش چاو ، هیوادارم برایانی دەستەی بەڕێوەبەر دڵسۆزانە لێیومربگرنو ڕەچاوی بکەن لەکۆڕەکانی وەرزی دووەمدا .

★ کاتێک برادەرێك دەستنیشان دەکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمێك پێویستە پێش ماوەیەك بەرهەمەکەی بدرێتی تا لێکۆڵینەوەیەکی باشی لەسەر ئامادەبکات ، وە پێویستە هەرخۆشی بی بینێ ، لەم ڕووەو ناچارم بگەڕێمەوە بۆ کۆڕە ئەدەبی یەکەی مامۆستا (کاکەی فەللاح) دەربارەی — هەردی و شیعرو قوناغ — هەرچەندە مزو مامۆستا ع.ع. شەونم ڕاسپێرابوین بۆ دەربڕینی باری سەرنجی خۆمان ، بەڵام باسەکەی — کاکە — دوور بەدوور نەبێ گوێمان لێبوو چاومان پێ نەکەوتبو ، بەپێچەوانەشەوە مامۆستا — احمد سلام — کەبەڕێوەبەری کۆڕبوو ، خۆی شتی لەوبابەتەوە ئامادەکردبوو ، چونکە باسەکە لای خۆی مابووەوە ، ئەمەلەکاتێکدا کە دەبوو باسەکەی بەئێمە بدایە !!

★ ئابێت بەڕێوەبەری کۆڕ لەپێشا سەرنجە تایبەتی یەکانی خۆی دەربڕی هەر لەبەرئەوەی مایکروفۆنی لەبەردەستدایەو چەند ڕۆژێك باسەکەی لەلابوەو ئەم دیوەودیوی کردوە ، ئەبێ ئەو هەڵسورینەر بێو لەسەر ڕای لێکۆڵەوەرەکان بدوێو باری سەرنجی خۆی پیشان بدات تاکۆڕەکە بەپێتر و گەرمو گوڕتر و بەهێزتر بێت .

★ دەربارەی باسێکی ئەدەبی ، دوای ئەوەی خاوەن باس خۆی ماندوو ئەکاتو بەرهەمەکەی ئامادەئەکات ، لێژنەی ڕۆشنبیری برادەرێك دەستنیشان دەکاتو باسەکەی پێدەسپێرێ بۆ لێکۆڵینەوە ، ئیتر چ پیویست دەکات لەهەمان کاتدا باسەکە بدرێ بە برایەکی تریشو هەر یەکەیان بەرودوا چەندلاپەڕەیەکی ئامادەکراو بخوێنێتەوە ، ئایا ئەوە نابێتە هۆی وەرزبوونی دانیشتوان ؟ بۆ نموونە لەباسەکەی مامۆستا محمد سعید ناکام — دا بەرو دوا ، مامۆستایان کاکەی فەللاحو حسیب قەرەداخی هەریەکەیان چەند لاپەڕەیەکی ئامادەکردبوو ، بەڕای من ئەگەر — کەسی دووەم — دەستنیشانیش بکرێت ، دەبێ بۆ — مناقشە — کردنی باسەکەو ڕای ڕەخنەگرەکە بێت تا هەندی لایەنی تری باسەکە بەوردی شی بکرێتەوە ، چونکە جاری وا ڕێك دەکەوێ جیاجیا هەریەکەیان لەسەر لایەنێك بدوێنو لەدەروازەیەکیشەوە بچنە باسەکەوە .

★ ئەو برادەرەی ڕادەسپێرێ بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمێك یان نەچێتە ژێری ، یان کە بەڵێنیدا ، دەبێ بیباتە سەرو لەکۆڕەکەدا ئامادەبێت ، یان هیچ نەبێ پێش کات باسەکەی بنێرێ تا ئەندامێکی تر بۆی بخوێنێتەوە ، ئەگەرچی هەروا پەسندترە خۆی ئامادەبێت نموونەی ئەمەشیان ئەوکۆڕەیە کە دەبوایە مامۆستا (طه بابان) چیرۆکەکانی ڕۆژی ١٩—٩ کە بەوسپێرابوون هەڵیان بسەنگێنی ، لەئەنجامدا لەبەر هەر هۆیەك بوو نەخۆی هاتبوو ، نەباسیشی ئاردبوو .

★ مامۆستا ئەکرەم قەرەداخی یەکێکە لەونووسەرە لاوانەی خولیای ڕەخنەی ئەدەبیو لێکۆڵینەوەیان هەیە ، زۆرەمەوزوعی یانەش بێ لایەنگیری ، دڵسۆزانە دەیەوێ خۆی لەم بوارەبدات ، بێ ئەوەی لەهێل لابدات ، تا ڕادەیەکی باشیش لەمانای ڕەخنەو ڕەخنەکاری گەیشتوە ، هەبەسی پێشخستنو تەتەلەکردنە ، ئەك ڕوخاندنو توانج هاویشتنو بەدوای — غەمزا — کەراندن ، وەك هەندێ کەدەیانەوێ بەزۆرەملی پێیان بڵێن — ڕەخنەگر — ڕۆژی ٥—٩—٩٧٧ — مامۆستا ئەکرەم — دەربارەی چیرۆکی کوردی لەسەرەتایەوە تا شۆڕشی چواردەی تەمووزی ٩٥٨ باسێکی پوختو گرنگی پێشکەش کردبوو ، بەداخەوە من لەوێ نەبووم ، بەڵام بەڕای ئەو برادەرە ئەدیبانەی لەوێ بوون باسەکەیان زۆر بەسەرکەوتوو دادەنا ، بەڵام بەپێی ئەوەی لەوانەیە ئەوەندەی پێوەندی بەچیرۆکێکی منەوە هەبێ تی بینی یەکی بچوکم هەیە :

« لەسەر واتەی برادەرانی یەکێتی ی گوایا مامۆستا ئەکرەم چیرۆکی (شەهیدانی قەڵای دەدەم » ی بەئەدەبی دوای شۆڕشی تەموزداناوە ، جا بۆ ئەوەی برای خاوەن باس بەهەڵەدا ناچی حەزدەکەم ئەوە بزانێ کەمن سەرەتای تشرینی یەکەمی ٩٥٧ دەستم کرد بە نوسینی ئەو چیرۆکەو سەرەتای حوزەیرانی ٩٥٨ تەواوم کرد ، ئەگەر سەیرێکی ژمارەکانی ڕۆژنامەی ژینی ئەو سەردەمە بکرێ ئەمڕاستی یە بەباشی دەردەکەوێ ، جگە لەوەکە دوو برادەر ڕاستەوخۆ ئاگاداری ئەم مەسەلەیەن ، یەکەمیان دکتور معروف خەزنەدار کە لە دەستەی نوسەرانی (شەفەق) بوو ، بڕیار وابوو لەکەرکوك لەچاپخانەی (شمال) بۆم چاپبکات و خۆشی سەربەرشتی بکات ، دوەمیشیان مامۆستا محمود توفیق کە بەخەتی خۆی ڕوونووسەکانی بۆ نوسیمەوەو ئامادەی کرد بۆچاپ ، بەڵام دوای تەمووز من کۆتایی ڕامەوە بۆ قەڵادزە ، ئیتر ماوەم نەبوو چاپی بکەم تا ساڵی ١٩٦٠ ئەوساش کاك محمود خۆی نوسیبوەو ، هەروەها بەبێ هیچ دەستکاری یەك خستە ژێر چاپەوە ، ئەمە تەنیا بۆیەی ڕوونی دەکەمەوە چونکە مامۆستا قەرەداخی خۆی بە باسەکەیەوە ماندووکردوە ، نامەوێ ئاگاداری ئەم لایەنە نەبێ ، چونکە گەلی جار گرنگی بەرهەمێکی ئەدەبی لەکاتو شوێنی ئەوسەردەمەدا دەردەکەوێ کەتێیدا نوسراوە .

★ بۆ ئەوەی لەبیرمان نەچێتەوە ، حەزئەکەم ئەوە بزانرێ کە خوالێخوشبوو غفور رشید داراغا ئەندامی یەکێتی مان بوو جگە لەوەش بۆ ماوەی ساڵێك ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەربوو لەسلیمانی ، بۆیە بەپێویستی دەزانم لەهەڵێکا گۆڕێکی بیرەوەری بۆساز بکرێت ، هەر هیچ نەبێ نیشانەی وەفاداری یەکێتی ی بەرامبەر بەئەندامێکی !

★ بۆ ئەوەی ناوبەناو کۆڕەکان شێوەیەکی جیاوازیان هەبێ پێشنیاز دەکەم ، کە لە بەغداو هەولێرو شارەکانی ترەوە نوسەرانو ڕۆشنبیران بانگ بکرێن بۆ کۆڕی ئەدەبی تایبەتی .

★ تی بینی یەکی تریشم هەیە ، ئەویش ئەوەیە هەرگوێ گرێك لەوکۆڕانەدا هەر سەرنجێکی هەبێ لەوێ دەری ببڕێ خۆش ترە نەك بیبات بۆ پەنا پاسارو چرپەچرپ ، چونکە شتی ڕووبەڕوو خۆشترە وەك لەهی پاشملە .

★ لەکۆتایی دەلێم : چەپڵە بەدەستێك لێ نادرێت ، لەبەرئەوە پیویستە هەموو ئەندامانی یەکێتی ، یارمەتی دەستەی بەڕێوەبەرو لیژنەی ڕۆشنبیری بدەن بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارو ئەرکی بیرۆژیان لەگەڵ سلاوو ڕێزم بۆ هەموان .

چیرۆك

بازڕە

جەزا عەلی ئەمین

ئەوەی لەلامەوە بوو دەدوا ، قسەکانی پێیان لە یەکدەنا تاجیق دەبوونەوە .. پێیەکانم . بێ ئەوە پێیان بڵێم گورچ گورچ هەڵدەستانو دەنیشتنەوە .. نەیاندەزانی بۆکوێیە .. منیش هەروا .. چاوەکانم بەرەڵاکردن شوێنێك دەبێ هەبێ ئەمانی لێ مالێ بکرێن .. سەبەتە مێوێك کەوتە بەر سەرنجەکانم شتێك بەدەرەوەیەو ئاشکرا نیە .. دەستێك کەلامێوان لێدەکاتەوە .. بۆشاییەکی دروستدەکرد ، سەری لێ دێنایە دەرێ .. لەوانەیە بەرسیلەکانی تەنیشتی نەبینێ ! یان ئەوگردەی پشتماڵەکەیانەوە چۆن چۆنی لووتی ژەنیوەتە ئاسمانو هەوای لەدەورو بەری خۆی ڕاداوە ڕەنگە بیریشی لێ نەکاتەوە .. مرۆ ڕاهاتووە ڕمل هەڵدا ، جا دەیئەنگێوێ یان نا گرنگ نیە .. گرنگ ئەوەیە خۆی لەنەنیایی دەربێنێ ..!

هەوای نێوانمان دەتوێتەوە .. ئەوەتا بەشوێنێکا دەچین بەحاڵێجیمان دەکاتەوە .. پێموت ئێرە بزنە ڕێیە ! دەستە نەرمەکانی گرێی دام !)

قامکەکانم بوونە ئالا .. لەسەرشانم ڕواون .. پێویستبکات دەشەکنەوە دەنانا .. ڕۆژسێبەرەکەمی باریك کردبۆوە .. پێمرابو سنووریان پەلکەمێوەکانە .. بریسکو هوڕی پرچەکانی ڕۆژو بادەیهێناو لەچاومی ڕۆدەکرد .. ئەوەی نزیکەوە دەبێ ئاگای لەوەبێ منی لەلا نەماوم ، بەو باسکانەدا شۆڕدەبمەوە ، بەتەنیایم یەکێکی تر چپەی ناسکم بەسەرا ئەڕێژێ .. سێبەرێکی زۆر تاریك دەمانگرێتە باوەش .. ئاگرم دەگرت .. ئاوڕێك لە کوانووی لەشم تێ نەدەپەڕی ..

(هاتوومە قەلاندۆشکانتەوە بۆ کام شوێنی هێمنە بمبە .. گەڕەکە پیرەکەی ئێوە فیقەی هۆڕێنێك خەوی چاوەکانی نەدزیوە .. بۆنێکی خۆشیان لێ دێ سنگی تۆ دەکەنەوە .. زوڵفەکانت بالام دادەپۆش .. بە ئەسپایی دەدوێ ، وەها کە گوێم لێ نی یە ! خەریکە دڵم دەڕبەڕێ ، هەڵێو بەکەس نەگیرێتەوە !)

ئەمە سنووری بێهۆشی یە .. من هێمان لەسەر قەلاتە کۆنێکم .. دەستێك دەمگوازێتەوە .. بۆ دۆزەخیشم بەرێ کڕە دەکەم ! گەڕاینەوە ماوری یەکەم نوند دەڕۆیی ، تامەنگاوێکم هەڵدێنا بۆبێشەوە دەهەنگاو بۆ دواوە دەگەڕامەوە شەقامی ڕاستە بازاڕەکە لەبن نیسێی درەختەکانا ماتە .. سێبەری مێوەکان ، ئەوبەنجانەی شیریان ئەڕشتە بەرسیلەکانەوە .. تەباری پلۆکەکە .. سێبەری قەڵای بیرکردنەوەم لێدەکرن .. گەیمەوە مالێ .. ئەرێ برادەرەکەم لەکوێ جیابۆوە ..؟ ئەو لەخەویشا دەمی پێ ڕاناگیرێ ..

- ژنو ژال ڕژاونەتە مل یەك .. شل و کوتی یەکتریان کردووە .. باسی دلداری خۆمت بۆ دەکەم ..

ڕەنگە بێویست بووبێ مۆنبم کەچی پێ کەنینم هاتووە .. یان دەبوو گلێنەکانم لەچاویا بەجێ بێڵم کەچی بشتم تێ کردووە ، ڕەنگیشە وەها نەبێ ! ئەدی خۆم بۆ نالێی کووڵەکەکانی گیانم پڕن لەدەنگ .. گەڵای ئەو دەنگانە دەشێ وەری بن زەنەریان لەبێهۆشیم هێنابێ .. دوورنی یە قاقایەکی تەوساوی هەڵدابێ گەڕەکی تێ کەیاندبێ .. یان بیکاتە پێخۆری کاتە دۆڕاوەکانی سەرخۆشیو لەگەڵ پێکەکانیا بەری داتەوە .. کێ دەڵێ .. ئەی کێ نالێ ..

× ×

نیرە سەریاڵەکەی دوێنێیە .. ئەومش منم چلە گیازمردباوەکان دەپشکنم، بۆ هەناسە کۆچەریەکان دەگەڕێم .. چێیان لێهات ؟ ئەو بایە هاوڕێ یەکەمی کردۆتە کۆڵارە دووری دەخاتەوە .. گژوگیاو پەلکە مێوەکان باڵیان گرتووە .. دەبێ بەرەو کوێ بچن .

(خۆ منیشتان لەگەڵم پێکم کەن دڵی من بۆ نەبووە تۆزیاو لەناوسینەما نەڕژا .. بانەڕژێ .. کە دەڕژێ با لەچاوی ئەو دەزگیرانە نەناسیاوەدا ببێتە کلۆ فرمێسکێکی ڕاوەستاو قەت نەباری ، بای هەنسکان نەیوەرێنێ !)

ڕێی گەڕانەوە دەمبا ...

بڕوانە — ل ١٠

ئاکسل و سارا

● سلام محمد ●

دیوی یەکەم ، پێش ئەدایکبوونی خۆشەویستی

ئاکسل :

لەئاو جەرگی ئەم دارستانە ڕەشەدا ، ئەسپی بیرم
بەدووبالی ژێرینەوە ، بەرەو هەواری کۆچ ئەکات
دوورە لەئاهی کۆمەڵو .. تانەکانی
دوورە لەرق .. لەمردنو ژانەکانی
سەوداسەری ئەو موچرکەم ..
تەزوویەکی گەرمو خاوێن لەدەروونما بەرپا ئەکاو
ناکوژێتەوە ..

سارا :

هەرچەندە کۆتریش نەبوو ! (کەلیسا)م کردە هێلانە
لەگەڵ چرپەی .. زەنگولەدا .. خورپەیەك دێتەدڵمەوە
هەول ئەدەم چێژ لەتامەکەی وەرگرم
بەڵام تا بڕژانگی چاوە بچکۆلەکانم لێك ئەنێم
بزر ئەبێو .. نایەتەوە .

دیوی دووەم ، پاش ئەدایکبوونی خۆشەویستی

ئاکسل :

درەنگ هاتی ، هەموشەوێ ، لەسەرگەڵای تاریکیدا ..
دەتم بینیو .. ئاتم ناسی ..
هەستم بەبوونت دەکردو نامزانی چۆن دەتدۆزمەوە
درەنگ هاتیو .. خۆزگە گوڵەی دەمانچەکەت
ناوهەناومی دەگرتەوە ..
تۆ نابینی .. چۆن هەناسەم تێکەڵاوی خوێنم بووەو
سۆزەکانم ..
وەکو ڕەوە پەپوولەی سوورو .. زەردو .. شین
کرنۆش ئەبەن بۆ ڕووناکی ئەو موچرکەی لەم نیوەشەوە
ساردەدا
تاڵ .. تاڵ ، ئێسقانو دەمارم دەسووتێنێ ..
تۆ نابینی .. چەندە مەستو بەختەوەرم ..

سارا :

کەی زەنگولەی کەلیساکان
ئەوەندە قوڵو ناسكو پڕ ئاوازن
کەی شنەیبا .. ترپەی باران
تاسەی بڕووسکە .. هاژەی چەم
ئەوەندە خۆشو بەنازن ..
ئەی تائێستا ، بۆ گەردەلوولێ .. گەرداوێ
زووتر بۆ ئێرەی نەهێنام ..
بۆ ئەو هێزەی وەکو مرواری ژێر هەتاو
لە چاوتا دەدرەو شێتەوە ، ڕاینەکێشام ..

ئاکسل :

نەمەزانی .. کەی بیابان دەگاتە ئاو
کەی ئاو دەگاتە بیابان

سارا :

بەهەشتی دزراوی دڵم دۆزرایەوە
(ئێستا) سووکترم لەوبووشەی ڕەشەبا سەمای
پێ ئەکات
چی ئازاری دونیا هەیە ، ببێتە زامێ یان تیرێ
یان سەلیبێ ، لە ناوچەونما بچەقێت ..
ئنجا هەڵاڵەو ئێرگزی لێشین ئەبێت ..

ئاکسل :

خامۆشترم لەنیوەشەو
بۆ ئەوەی موچرکی پیرۆز دووایی نەیەت
ئەوە زەهرو .. دەیخۆمەوە

سارا :

نیوەی بۆمن ..

فەلەك

دەستە ی کرن ئشرەتە

صبری احمد

مێرو ژن
جوانو مەزن
هەر دێژن
ئاخ فەلەك
زالم فەلەك
خائین فەلەك
فەلەکا چی ؟
ستەما چی ؟
هەشا چی ؟
فەلەك کی یە ؟
یان ژی چی یە ؟
فەلەك ناکت
فەلەك نادت
نەبیەو نابت
ڕێقە ناچت
فەلەك زەمانە
بێ قەمانە
زەمان دەستە
کرن شەرتە
بارێ مەیە
کارێ مەیە
بەدەستێ مە
تێ بەختێ مە
هش سەروەرە
کرن گەوهەرە
فەلەك ئینە
کرن ژینە
ژێن ستەورە
دەمو دەورە
تو یاقۆکە
تو ئاقس کە
داکو بژێت
ژتە بژێت
بومە بژێت
فەلەك ئەقە
ژێ نەرەقە

خۆشکاندنە دشعرا خانی دا

ل ڕۆژا ٣١—٨—١٩٧٧ ژمارا (٣٨٣) گوتارەك هاتەبلاف کرن بنافو نیشانێت (خۆشکاندن د شعرا خانی دا) ، سەر لاپەڕێت ڕۆژنامە هاوکاری ، بنافێ برادەرێ مە (رشید فندی) .

ب ڕاستی فی برادەری گوتارا خۆ پێشەکیەکا جوانو قەشەنگ خەملاندبوو . هەر ئەفە ژی بوو بۆیە ئەگەرا پێدا چوونا من ل ناف ڕستو ووشێت فێ گوتارێدا .

ئەوا هەژی گوتنێ لفێرە ئەوە کو هەر سەردا چوونەك بێتەکرن ژلاێ نقیسەفانەفە ، پێتفیە ئەو سەرداچوون ڕاست ببێت ژهەر لایەکی فەبێت ، ئەفەژی بێ گومان دێ بێتە ئەگەرا کەشەکرنو پێشقە چوونا زمانو تووڕێ کوردی .

دیسان ئەوا من دڤێت ئەز بێژم ئەوە کو خوێندەفانێ کورد ڕێگەیشتیە پلەیەکا باشو بلند دزمانو تووڕێ کوردیدا هەتا کو بشێت نقیسینا ڕاست ژنقیسینا نەڕاست جودا بکەت . ئەڤ شانازیەزی هەر دزقریت بۆ دەزگاو نقیسەفانو هۆزانڤانێت کورد .

ڤێجا کەرەم بکەن گەل من کو ئەزێ خوێندەفانەکێ ڕۆژنامە هاوکاریمە دابجینە دناف بابەتێ خۆدا یێ کو نقیسەفانێ هێژا (رشید فندی) ژێرنافو نیشانێت سەری بلاف کری .

١ — دەربارا نافو نیشانێت گوتارێ — ڕاستتر ئەو بوو (کاك رشید) نافو نیشانێت گوتارا خۆ ب فی ڕەنگی بنقیسیت (خۆشکاندن دشیعرێت یان د (شیعرین) خانی دا) ، یەعنی (شیعرا خانی) کربایە (شیعرێت یان (شیعرین خانی) چونکی لفێرەکوم کرنە (جمع)ە ژبەر وێرێ چونکی هەڤالی مە زیاتر ژ شیعرەکێ یاکریە نموونە بۆ بابەتێ خۆ .

٢ — دەربارا فێ ماللکا ژێری :

ئەز پیلەوەرم نەگەوهریمە
خود ڕستمە ئەز نەپەروەریمە

ب ڕاستی هەڤالی نقیسەفان بیس یێ دحسی دشروڤەکرنا فێ ماللکا سەری، چونکی خانی قەد خۆنابینیت کو حەکیمو دەختورێ میللەتێ خۆیەئۆبرینا تیمار دکەت وەکی سەیدا (رشید) بۆ چووی بەلکی شروڤەکرنا فێ ماللکا ژووری ب فی ڕەنگێ ژێریە .

خانی دبێژیت ئەز پیلەوەرم، یەعنی ئەز پارێ هیرم ، ئەز پارێ بجیکم ، بۆچی خانی ب فی ڕەنگی خۆ دبینیت ؟ چونکی پارێ هیرو بجیك هەمی وەختو دەما یێ دەست خەلکێ فەقیرو هەژاردا خەلکێ بەلنگازو هەژارو ڕەشو ڕویت (موعاملا) خۆ ئۆ (موحتاجیا) خۆ ب فی ڕەنگێ پارا دەقەتینن .

ڤێجا خانی دبێژیت ئەز ئەو کەسمێ کو هەردەم دگەل چینا هەژارادا . پاشی خانی کەرەم دکەتو دبێژیت (ئەز ئەگەوهریمە) یەعنی ئەز زێرو زیف نینم کو هەردەم ل ناف دەستو دیوانخانا دەرەبەکو دەولەمەندا دابم . ئەڤەیە مەبەستا خانی دڤێ ماللکا سەری دا ئەوەکی کاك (رشید) دبێژیت ئەزێرینگرو جەوهەر فرۆشە ، نکاریتو ئەشێت زێرو زیڤی بۆ میللەتێ خۆ بەیدا بکەت .

بەلێ مەبەستا خانی قەد ئەڤە نینە ، خانی گەلێك کویرترو دویرتر بەرێ خۆ دەت وەکی مە گوتی کو خانی ئەڤیا بیست زێرو زیف ئۆ بکەڤتە دەستێت چینا سەری دا . بەلکی شانازیێ ب خۆ دبەت کو پارەیەکی هیرە ئۆ یێ دەست چینا خارێدا ، کو ئەڤە ژی هەمی ڕەشو ڕپتن پاشی کاك (رشید) دێت کو فێ ووشێ بۆ خوێندەفانێ هێژا ڕوون بکەت یاکو خانی دبێژیت (خود ڕستەمە) . سەیدا (رشید) هەر وێ دبێژیت یاخانی گوتی . هەڤال رشید دبێژیت خانی زانایەکی (خود ڕستە) یەعنی چ ؟! ئەڤا هەنێ مەبەستا خۆ ناگەینیت !

چونکی نابیت بۆ نموونە : خانی دبێژیت (ئەز پیلەوەر) ئەم دشروڤەکرنێدا دبێژین خانی زانایەکێ پیلەوەرە ! چونکی ئەڤە نابیتە ڕوون کرنو ئاشکرا کرنا مەبەستا خانی بۆ خوێندەفانێ هێژا .

ئەز دبێژم کو کاك (رشید) واتا (خودڕستە) نەزانیە ژبەر هەندێ هەر وێژی گوت خانی زانایەکی (خودڕستە) .

بەلێ خوێندەفانەکێ ڕۆژنامە هاوکاری دێ فێ تەلیسمێ (سحر) ڤەکەت ! خانی کەرەم دکەت دبێژیت (خودڕستەمە ئەز نەپەروەریمە) ، یەعنی من بخۆ خۆ یێ گەهاندیە فێ پلە بەرزو بلند ئەز بحێلا ملیێت خۆ یێ گەیشتیە گوپکا عیلمو فلسفێ، من بخۆ خۆ فێری زانینێو زانستو ئەدەبێ کری ، کەسێ یارمەتیا من نەدایەو هاریکاریا من نەکریە . هەکە هوسا بوو ئەڤە ژی دێ بیتە خۆبلندکرن دشیعرا خانی دا هەروەسا خانی ژی شانازیێ بخۆ دبەت کو کەسێ هاریکاریا وی نەکریە دزانینێدا .

لدیماهێ سوپاسا هەمی لایەکی دکەم .

حجی جعفر

Institut Kurde de Paris

میوانداری کۆشکی کۆماری

بەغدا ١١ تشرینی یەکەم

ئەمڕۆ بەیانی بەڕێز دکتۆر انجیلو کاملیون دیسا وەزیری پیشەسازیو بازرگانی بەرازیلو بەڕێز محسن بو لحیە بەڕیوەبەری گشتیی دیوانی بازرگانی عیراق لە کۆماری سۆدانی دیموکراتی بۆ دۆعا خوازی کۆماریو ناەی خۆیان لە دەفتەری میوانداریدا تۆمارکردوە ٠

هەروەها بەڕێز محمد حسین محسن بالوێزی عیراق لە کۆماری سۆدانیدیموکراتی بۆ دوعا خوازی چۆتە کۆشکی کۆماریو ناوی خۆی لە دەفتەری میوانداریدا تۆمارکردوە ٠

هەروەها بەڕێز رشید صالح العلی وەکیلی وەزارەتی ڕێگاوبان بە بۆنەی گەڕانەوەی بۆ عیراق چۆتە کۆشکی کۆماریو ناوی خۆی لە دەفتەری میوانداریدا تۆمارکردوە ٠

هەروەها بەڕێز دکتۆر ابراهیم محمد احمد بەڕیوەبەری گشتیی (بیئە بەشەری) بۆ دۆعا خوازی چۆتە کۆشکی کۆماریو ناوی خۆی لە دەفتەری میوانداریدا تۆمارکردوە ٠

هاوڕێیان عبدالمجید الرافعی وعلی غنام وقاسم سلام وبدرالدین مدثر وعزة ابراهیم و طه یاسین رمضان ونعیم حداد وطارق عزیز ئەندامن لە سەرکردایەتی نەتەوەیی

هاوڕێ عبدالمجید الرافعی

هاوڕێ علی غنام

هاوڕێ قاسم سلام

هاوڕێ عزة ابراهیم

هاوڕێ طه یاسین رمضان

هاوڕێ نعیم حداد

هاوڕێ طارق عزیز

پاشماوەی لاپەڕەی یەك :

ناقیکردنەوەی حزبمان لەعراقدا تاقیکردنەوەیەکی پڕهاوتاو بەهێزو پڕگەیشتوە ٠٠ بۆیە هاشای لەرابردوو ، رابردووی حزب لەوڵاتە عەرەبەکانیتر ، نەکردوە بەڵکو ئۆبالی ئەم رابردوەی خستۆتە ئەستۆی خۆیو لەلایەنە چاکەکانی کەڵکی وەرگرتوەو لەلایەنە خراپەکانی پەندی وەرگرتوە ئەمەش بەڵگەی رەسەنیو پڕگەیشتوییەتی ،چونکە خۆی بەسەرەتاو کۆتایی دانەناوە ٠ بەمجۆرە دووربینی ودڵکراوەییە ، تێکوشەرانی حزب لەوڵاتەکانیتر دەتوانن هەست بەوە بکەن کەئەم تەجرەبەیە هی ئەوانیشەو هەمووو پشتگیریەکیو هەموو هەوڵێك کە لە بێناویدا بدرێ ، پشتگیریە بو هەموو حزب لەوەتە مێژوویەکەیدا ٠

هاوڕێ ئەمینداری گشتی دووبارە باوەڕی خۆی دووپات کردەوە بەوەی کە حزب بە هەنگاوی جەسباوی لەسەرخۆو پڕ لە ڕیزیو واقیعیەت بەرەوپێشەوە ئەڕواو ئەتەوەی عەرەبیش بەرەو پێشەوە ئەڕواتو پاشەڕۆژیش پڕە لەشتی لەناکاو وبلیمەتیشی واخەریکی تەقینەوەو بالگرتنە وئەو دیاردەی بێ سەرەو بەرەییەی کەئێستا لەبەرچاوە نابێتە تەگەرەو ناتوانێ ئەو گۆڕانە حەتمیە لەناوبەرێ کەبۆ ئەتەوەکەمان رەخساوە ٠

بەڵام پەنجەی هوشیارکردنەوەی بۆ ئەوە راکێشا کەوا ئەو بێسەرەو بەرەییەی کە بەسەر زیانی عەرەبەوە لەهەندێ وڵاندا نیشتوە ، نابێ بەگاڵتە وەربگیرێ ویاخۆ بوترێ ئەمە شتێکی لابەلایەو کارناکاتە سەر جەوهەر ، چونکە ئەم وەزعە بێ هۆی راستەقینە نیە کە دەبێ بەدوایدا بگەڕێین و بەروونیو ئازایانە بەرەنگاری ببن ٠ پاش ئەو ماوەی خوێنگەرمیو باوەڕداریەی کە لەپەنجاکاندا جەماوەری عەرەبی ورووژاند ، ئیستا دیاردەی گومانو دوودڵیو ناتەوانیمان دێتە بەرچاو چونکە ئەو تەنگوچەڵەمانەی کە دێنە ڕوومان یەکجار گرێواویتر بوونە بەڵام کاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئازادی بزوتنەوەو جووڵە بدەینەوە جەماوەری عەرەب ، هەڵو مەرجی مێژوویی ، هەڵو مەرجی ئامانجە مەزنەکان هەڵو مەرجی پەیامی عەرەبی بۆ بگێڕینەوە

هەروەها وتی ، لەو بڕوایەدام کەبۆدەرچوونی عەرەب لەوحاڵەتە ئەبێ سەرلەنوێ بڕوا بە نەتەوەو مێژوویی و پەیامەکەی پتەو بکرێ و باوەڕ بە مرۆڤی عەرەب بکرێ ، دووبارە باوەڕ بە جەماوەرانو توانایانو کارامەیەنیان بکرێو لە کارامەیەتی جەماوەرانو هۆشو هۆ مێژوویی یە قووڵەکانیان کەم نەکەینەوە ٠

لەناو حیزبیشدا لەسەرمانە بڕوا بە تێکۆشەری بەعسی بێ بکەینەوە بۆ ئەوەی ببێتە خەباتگێڕێکی سەربەستو ئەرکی خۆی بگرێتە ئەستۆ ٠ هەڵوێستەیەك لەبەردەم حیزبمان دایە ، هەڵوێستەیەکی لەسەرخۆو قوول ، پێویستە خۆمانی بۆ وەکەڕخەین ،تاوەکو ڕێبازی سەربەخۆیی و بیروڕای رەسەندار لەناو حیزبماندا بچەسپێنیو بەند لەوە وەربگرین کەلای کەسانی کە روونەداو ، خۆمان ئازادبکەینو لەو نەریتە رزگاربین کە بە ڕێژەی جیاجیا لە رابوردوودا چووەتە ناو دەستەکانی شۆڕشی عەرەبیەوە ، هەرچەندە لەو بارەیەوە لە هەموان باشترین ، بەڵام پێویستە لەسەرمان بەدوای هۆیەکانیدا بگەڕێین ، چونکە ئێمە لە دۆخێکی باشتردایین ٠

ئێمە هێشتا لەسەرەتای ڕێگەداین مادامکی بەشەکانی نیشتمانی گەورەمان یەك نەخستووەو نەتەوەکەمان بەتەواوی یەك پێ نەگرتووە ٠ کەواتە ڕۆژگار بە پێی بەرژەوەندیمان ئەڕواو پەندو نموونەمان پێ ئەبەخشێ بۆ کەڵك لێوەرگرتن ٠ تاوەکو سووربین لەسەر ئیلهام وەرگرتن لە مێژوومانو لەگیانی نەتەوەکەمانو بۆ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان نەکەیەنە ڕێگەیەکی داخراو ٠

هاوڕێ ئەمینداری گشتی وتەکەی بەسەرکەوتن خواستن بۆ کۆنگرەکە دوایی پێهێناو بڕوای خۆی دووپات کردەوە کە حیزبەکەمانو نەتەوەکەمان بەرێبازێکی بەرەسەندوودا ئەڕۆن ٠

دوای ئەوەی هاوڕێ ئەمینداری گشتی وتەکەی کۆتایی پێهێنا ، کۆنگرە سەرۆکو مەکتەبی سەرۆکایەتی هەڵبژارد ، دوای ئەوە ئەندامانی کۆنگرە دابەشبوون بەسەر سێ لیژنەدا کە بریتین لە لیژنەی راپۆرتی سیاسیو لیژنەی راپۆرتی ڕێکخستنیو لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ ٠

کاری ئەو لیژنانە چەند ڕۆژێکی خایاند ، دوای ئەوە کۆنگرەکە کۆبوونەوە گشتیەکانی خۆی دەستپێکردەوە بۆ لێکۆڵینەوەی راپۆرتەکانو راسپاردەکانی هەرسێ لیژنەکان ٠

کۆنگرە لە کاروباری لیژنەی راپۆرتی سیاسی کۆڵیەوە کە خستنەرووو شی کردنەوەیەکی سەرانسەری تاقیکردنەوەی حیزبو بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەبی ئەو قۆناغە مێژوویی یەی نێوان بەستنی دەیەم کۆنگرەی نەتەوەیی مانگی ئاداری سالی ١٩٧٠و بەستنی یانزەمین کۆنگرەی حیزبی تێدایە ٠

هەروەها دیاری کردنێکی سەرجەمو وردی دۆخی قۆناغی ئایندەو ئەرکو ئاسۆکانی بەردەم حیزبو بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەبی تێدابوو ٠

دوای ئەوەی کۆنگرە بە لێکۆڵینەوەو راسپاردە راپۆرتە سیاسییەکەی دەوڵەمەندکردو بە ڕەزامەندی هەموان بڕیاری لەسەردرا ، لە پاشا لە راپۆرتی ڕێکخستنی کۆڵیەوە کە بەشێوەیەکی تێکڕایی تاقیکردنەوەی نیشکردنی قۆناغی رابوردووی ڕێکخراوەکانی حیزبی گرتەوەو لایەنە لەپارەکانو ناڵەپارەکانی ئەو قۆناغەو ئەو دۆخو بارەی دەوری ڕێبازی بزوتنەوەی حیزبی داوەو کاری تیکردووە ، دەستنیشان کرد ، لەپاشا ئەرکی قۆناغی داهاتوو شێوازی ئیشکردنی تیا دیاریکردو دوای ئەوەی بەلێکۆڵینەوەو راسپاردە راپۆرتی ڕێکخستنی بەهێزکرد بەتێکڕایی بڕیاری لەسەردرا ٠

دوای ئەوە کۆنگرە لە راپۆرتی لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆی کۆڵیەوە کە هەندێ دەسکاری لە پەیڕەوی ناوخۆی حیزبداکرد ، بە پێی ئەو پێویستیانەی تاقیکردنەوەی رابوردوو خستنیە گۆڕێو بە

هەروەها پێویستە بەو بۆنەیەوە سڵاوێکی نوێ بەناوی هەموو هاوڕێیانی کۆنگرەوە ئاراستەی هاوڕێیانی ئەو وڵاتە خەباتکەرەمان بکەم ، ئەوانەی شۆڕشی حەفدەی نەموزیان بەربانرد کە بوو بە بنکەیەکیو توانای بەحیزب بەخشی ئەو هەنگاوانە بنێو لە دواییدا بگەینە ئەوەی ئەو کۆنگرەیە ئاوا لەو دۆخەدا ببەسترێ کە پێشوونر لێی دواین ٠

هەروەها هاوڕێ یارمەتیدەری ئەمینداری گشتی وتی :-

خۆ ئەگەر قۆناغی پێشوو ، قۆناغی نۆسالی ژیانی حیزبو شۆڕشەکەی قۆناغی چەسپاندنی ناسنامەی پێشکەوتنخوازیو شۆڕشگێڕیو نەتەوەیی سۆشیالستی حیزب بوو بێت کە دوای بەسەرهاتو کەلەبەر تێکەوتن گوڵی شۆڕشی (٢٣ شباط)ی ڕۆژ ناشیرین کردو لە لایەن هەموو هێزەکانی ئیمپریالیەتو کۆنەپەرستەوە بە خەستی پیلان کرابێتە سەری ، ئەلێم ئەگەر ئەو قۆناغە قۆناغی چەسپاندنی ناسنامەی نەتەوەیی شۆڕشگێڕانەو سۆشیالیستی حیزب بوو بێت و دووبارە قۆناخێکیش بوو بێت بۆ بڕوا پەیدا کردنەوە بە حیزب خۆی لە دوای ئەو هەموو گیرو گرفتانەوە ٠ ئەوە قۆناغی داهاتوو بایەخو ناسکیو گرانی لە قۆناخی پێشوو کەمترنییە ، چونکە ئەبێتە قۆناخی باوەڕ چەسپاندنی جەماوەرانی عەرەب بە پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەوەی کە حیزبێکی سەرکردەیەو بەراستیو بەحەقی خۆی شایستەی سەرکردایەتی کردنە ، وەوا لە جەماوەرانی عەرەب ئەکات لە زەریاوە تا کەنداو بەرەزامەندی خۆیان لە دەوری حیزب کۆببنەوەو وایان لێ ئەکات کەوا هەست بکەن حیزب هیوای چاوەڕێکراوەیانە ٠

هاوڕێ ئەمینداری گشتی بەنجەی بۆ ئەوە درێژکرد کە بەتاڵایی یەکی کەورەو لە یەك دابڕینێکی زل لە نێوان بزوتنەوە سیاسییە گەلییەکاندا هەیەو لێك دابڕینەکە توندترەو دانە دواش لە بواری رەسمیدا بەهێزترە ٠

هەروەها وتی :

لەسەرمانە ئەو بەتاڵاییە لەسەر زەمینەی جەماوەرانو تێکۆشانی میللی نەتەوەییدا بڕبکەینەوە ، لەو گۆشەیەوە لەو بڕوایەدام ئەرکمان ناخۆش و گرانە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاك هەڵبژاردنی سەرکردایەتیو بوونی بڕواو هەیەکەو گرنجان لەناو ئەندامانیدا ، توانایەکی وای بێ ئەبەخشێ کە دەسکەوتی چاکو بنچینەیی لە بواری نەتەوەییدا بەدی بێنێ قۆناخی داهاتوو لەمەودوا ئەبێتە قۆناخی بنیاتنانو بەهێزکردنی حیزب لەو زەمینەوە ٠ وە سوود لە بوونی حوکمڕانی حیزبو ئەو توانایانە ئەکەین کە بۆ حیزب ڕەخساوە ، لە پلەی یەکەمدا ، ئەو بڕوایەی کە پەیدای کردۆتەوەو ئەو هیوا نوێیانەی پێی بەرەو جەماوەران هەنگاو ئەنێ ٠

هیوامان گەلێ زۆرە کە هەموو هاوڕێیان لە هەموو ڕێکخراوەکاندا ، ئەوپەڕی توانایان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی ڕێڕەوی حیزبو حوکمڕانی یە شۆڕشگێڕیەکەی بچەسپێنن ٠٠ چونکە بەیوەندیی دیالیکتیکی نێوان حیزبو نێوان حوکمڕانی بەهێزو بەتینە ٠ هەر لاوازیەك ڕوو بکاتە هەر کامێکیان ، ئەوی تریش ئەگرێتەوە ، حیزبیش وەك ئەتوانرێ بڵێین وەك لەشوایە ئەگەر ئەندامێکی شتێکی بەسەرهات ، هەموو ئەندامەکانی تر پێی ناڕەحەت ئەبن ٠

هاوڕێ یارمەتیدەری ئەمینداری گشتی هیوای کە هاوڕێیان لە هەموو لایەکی نیشتمانی عەرەبیداو لە هەر شوێنێکاهەن درێغی نەکەنو ڕەنجو وزەو توانایان بۆ چەسپاندنی ڕێڕەوی حیزبو تەکان پێدانی بەرەو هێنانەدی ئەو ئامانجانە بخەنە کار کە هەموومان مەبەستمانە ٠ هەروەها بۆ هێنانەدی ئامانجو هەنگاونانی دروستو بنەڕەتانەی ڕێبازی ئامانجە بنچینەییەکانمان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی یەکگرتووی سۆشیالیستی دیموکراتی ٠ لە کۆتایی وتەکەیدا وتی :

هەموومان ئەبێ بۆ هێنانەدی ئەو ستراتیژیەتە کاربکەین کە کۆنگرەکەتان بریاری داوەو ئیتر سوپاس ٠

لەپاشا بەدەنگکدانی نهێنی بە پێی یاسای پەیڕەویی ناوخۆی حیزب ، سەرکردایەتی نەتەوەیی هەڵبژێرراو ئەو هاوڕێیانە بە ئەندامی سەرکردایەتی دەرچوون :-

١ ـ میشیل عفلق
٢ ـ احمد حسن البکر
٣ ـ صدام حسین
٤ ـ شبلی العیسی
٥ ـ منیف الرزاز
٦ ـ عبدالمجید الرافعی
٧ ـ علی غنام
٨ ـ قاسم سلام
٩ ـ بدرالدین مدثر
١٠ ـ عزة ابراهیم
١١ ـ طه یاسین رمضان
١٢ ـ نعیم حداد
١٣ ـ طارق عزیز

لەپاشا کۆنگرە پێنج ئەندامی پالێوراویشی بۆ سەرکردایەتی نەتەوەیی هەڵبژارد ٠

دوای هەڵبژاردن ، سەرکردایەتی نەتەوەیی کۆبوونەوەیەکی بەتەواوی ئەندامەکانیەوە بەستو هاوڕێ میشیل عفلق بە ئەمینداری گشتیو هاوڕێیان احمد حسن البکر بەجێگری ئەمینداری گشتیو شبلی العیسمیو منیف الرزاز بە یارمەتیدەرانی ئەمینداری گشتی هەڵبژێرران٠ ٠

لە حەفتەکانی داهاتوشدا سەرکردایەتی نەتەوەیی دەقی نەواوی ئەو راپۆرتە سیاسییە بڵاو ئەکاتەوە کە یانزەم کۆنگرە بریاری لەسەرداوە ٠

کۆنگرە لە ڕاپۆرتانە کۆڵایەوە لیژنەکانی راپۆرتی سیاسیو ڕاپۆرتی ڕێکخستنیو لە پەیڕەوی ناوخۆ ئامادەیان کرد بو

٤٣٩ مامۆستای نوێ لە قۆتابخانە ئامادەیەکاندا

ڕۆژی شەممەی رابوردووەزارەتی پەروەردە ٤٣٩ قوتابی لە دەرچوانی سالی٧٦ـ١٩٧٧ی کۆلیجی پەروەردەی زانکوی بەغدا لەقوتابخانە ئامادەیەکاندا کردوە بە مامۆستا ٠

ئەو مامۆستا نوێیانە بەسەرقوتابخانەکانی وڵاتدا دابەش کراونو پسپۆرن لە بایەلۆژیو ماتماتیکو کیمیاو فیزیاو جوگرافیاو میژوو زمانیعەرەبیو کوردیو ئینگلیزیدا ٠٠

چەند هەواڵێك لە دهۆکەوە

ڕۆژی ١١ی ئەم مانگە ٣٠ئافرەت لە ئەندامانی یەکێتیی ئافرەتانی دهۆك بەشداری دەورەیەك ئەکەن کە مەکتەبی ڕێخستنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئافرەتانی پارێزگای دهۆك پێکی هێناوە بەشدارانیدەورەکە بۆ ماوەی هەفتەیەك دەرسیان لە بارەیوزیاکردنەوەی نەنەوایەتیو نەندروستیو دەوری ئافرەتانلە بنبات نانی سۆشیالیستیدا پێ ئەوترێت سەرەرای ئامۆژگاری کردنیان لە بارەی کەڵكو سودی سەرژمارکردنی گشتیی دانیشتوانەوە ٠

لقی یەکێتی کۆمەڵەی جوتیارانی ناوچەرگەی دهۆك دوێنی نەدوەیەکی فراوانیان بۆ جوتیارەکانی ناحیەیەی کانیماس پێك هێناوە ٠٠ هاوری لێبرسراوی مەکتەبی جوتیارانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەشداری تێداکردوە ٠٠ نەدوەکە بایەخی داوە بە باس کردنی چونیەتی خۆقوتار کردن لە ئافاتی کشتوڵو هاندانی جوتیاران بۆ پارێزگاری کردنو پەرەپیدانی باغو بێستانەکانیان ٠

هەواڵو دەنگوباسی تری ناوخۆ لە لاپەڕە حەوت بخوێنەرەوە ٠

بەیاننامەیەك لە سەرۆکی لیژنەی بەرزی سەرژمێرکردنی گشتی دانیشتوانەوە

بەڕێز عدنان حسین سەرۆکی لیژنەی بەرزی سەرژمێرکردنی گشتیی دانیشتوان ، وەزیری نەخشەکێشان بەیاننامەیەکی دەرکردوە پەیوەندی هەیە بە ئامادەبونێکی تایبەتیەوە بۆجێبەجێکردنێکی تەواوی سەرژمێرکردنی گشتیی دانیشتوان کە لە ڕۆژی ١٧ی ئەم مانگەدا دەستی پێدەکرێت ئەمەش تەواوی بەیاننامەکەیە٠

بەیاننامەیەك لە لیژنەی بەرزی سەرژمێرکردنی گشتیی دانیشتوانەوە بۆ ئەو بێگانانەی لە عیراقدان ٠

بەو پێیەی کە سەرژمێرکردنی گشتیی دانیشتوان کە ١٧ی ئەم مانگە لە وڵاتدا ئەکرێتو ئەو بێگانانە ئەگرێتەوە کە لە عیراقدان ٠٠ نکامان وایە کە یەیرەوی ئەمانەی خوارەوە بکرێت ٠٠

١ ـ ئیستیمارەی سەرژمێرکردن لە٧ـ١٠ـ١٩٧٧ەوە بەسەریاندا دابەشکراوە ٠

٢ ـ لیژنەکانی سەرژمێرکردن ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەرانی فیرکردوە کە چۆن ئیستمارەکان پڕبکەنەوەو بە زمانی ئەوان قسە بکەن بۆ ئەوەی لە پرکردنەوەی ئیستمارەکاندا یارمەتیان بدەن ٠

٣ ـ تکاتان لێ ئەکەین کە ئەو ئیستمارانەی پێتان دراوە لە گەڵ خۆتان بیان هێنن بۆ سەر ئیشەکانتان ، بۆ ئەوەی سەرژمێرکەران فیرتان بکەن چۆنی پڕ ئەکەنەوە ٠

بەیاننامە

١ ـ لەسەر هەموو هاووڵاتیەك پێویستە کە تەسکەرەی نفوسەکەی یا پێناسی ئەحوالی مەدەنی سالی ١٩٥٧ لە گەڵ خۆی ئامادە بکات بۆ پڕکردنەوەی خانەکانی (٥٨ ، ٥٩ ، ٦٠) ئیستمارەی کە بە تایبەتی بۆ ژمارەی سجیلو لاپەرەو پارێزگاکەی ٠

٢ ـ ئەگەر تەسکەرەو هەویە لە دایەرەو زانکۆو قوتابخانەبوو پێویستە هاووڵاتیان ژمارەی لاپەرەو سجیلو پارێزگا لای خۆیان بنوسنو کارمەندستان پێویستە لەم کارەدا یارمەتی هاووڵاتیان بدەن ٠

٣ ، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی بەرزی سەرژمێرکردنی دانیشتوان داوای لە وەزارەتی تەندروستی کردوە کە هەموو جۆرە دەرمانێك لە ڕۆژی ١٧ـ١٠ـ١٩٧٧دا بۆ نەخۆشەکان ئامادەبکات ، سەرەڕای کردنەوەی ئەجزاخانەیەك لە گەرەکی مەنسورو شەقامی رەشید کە لە ڕۆژی سەرژمێرکردنەکەدا ئێشك ئەگرێت ٠

٤ ـ دوای پرکردنەوەی ئیستمارەکان تکایە کە لای خۆتان هەڵی بگرنو بیدەنە دەست ئەو سەرژمێرکەرەی کە ڕۆژی سەرژمێرکردن دێت بۆلاتان ٠

٥ ـ یاسای سەرژمێرکردنی ژمارە ٢١ی سالی ١٩٧٢ هەمو دانیشتوان مەجبورنەکات (عیراقی یا بێگانە) کە ئەو زانیاریانە بە نەواوی بدەن کە دەزگاکانی سەرژمێرکردن داوایان لێ ئەکات ، وە ئەم یاسایە ئەو کەسانەی پەتەواوی راستی نالێنو شتی درۆو هەڵە دەخەنە روو تاوانباریان ئەکات بە ٣ مانگ حەپسی یا ٢٥٠ دینار سزا یا بە هەردو سزاکە فەرمانیان ئەدا ٠

٦ ـ ئەم سەرژمارکردنە بە مەبەستی ئەوە ئەکرێت کە زانستێکی تەواو لە بارەی وڵاتەوە کۆبکرێتەوە بۆ ئەوەی لە نەخشەکێشاندا کەڵکی لێ وەربگیرێت لە پێناوی پەرەپیدانو بنیاتنانی کۆمەڵدا ٠

هاوڕیان ئێمە تکاتان لێ ئەکەین کە هاوکاریمان لەگەڵدا بکەن بۆ ئەوەی ئەم کارە بەچاکیو دڵسۆزانە بەجێ بگەیەنرێت ئەویش لە ڕێگای پەیڕەوی کردنی ئامۆژگاریەکانیەوە ٠٠

Institut kurde de Paris

یەکێتی نووسەرانی کورد
کۆمەڵی هونەرو وێژە

بەم جۆرە چلەی ماتەمی «گیوموکریانی» یان گیرا

● شاری هەولێر لەرۆژی ٢٢-٩-١٩٧٧دا بوە مەلبەندی خوێنیشاندانێکی رۆشنبیری‌ی گەورە بە بۆنەی چلەی گیوی موکریانی ئەدیبو رۆژنامەنووسەوە کە لەرۆژی ٢٤-٧-١٩٧٧دا دوا مالئاوایی لێ‌کردین‌و ئەو دواکۆچەی بوە مایەی خەمو پەژارە لە ناخی دڵی هەموواندا • خوێنیشاندانە کە یەکێتی نووسەرانی کوردو کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردو لقی هەولێر لە هۆڵی - گەل - دا سازیان‌کرد کە ژمارەیەکی زۆر لە بەرێزان کاربەدەستانی هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان‌و کارراپەراندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌و پارێزگاری هەولێرو نوێنەرانی دامودەزگاو ریکخراوە رۆشنبیری‌و ئەدەبی‌یەکانو جەماوەریکی زۆری شاری هەولێرو شارەکانی تری تێدا بەشداربوون •

● خوێنیشاندانەکە سەرەتا بەوە دەست پێکرا کە بەشداران هەموو دەقیقەیەك بە ماتەمینی لە حزووری گیانی پاکی خوا لێ‌خۆشبوودا راوەستان • ئینجا مامۆستای قورئان خوێن سەید انور بەرزنجی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی خوێند ئەوسا مامۆستا کاکە مەم بۆتانی دەستی کردە خوێندنەوەی وتاری لێژنەی ریکخستنی خوێنیشاندانەکە • مامۆستا بۆتانی سوپاسێکی گەرمی هەسنی پاك‌و خاوێنی هەموو ئەوانەی‌کرد کە بەدەنگ بانگەوازی لێژنەوە هاتوون چ بەیاریدەدانیان‌و چ بە بەشداربوونیان لە کوڕی ماتەمینی‌یەکەداو وتیشی : « مروڤ کە ماڵاوایی لە ریگای سەختی کۆشش‌و خەبات دەکا ، بیرو باوەڕە دروستەکانی‌و کارە پیرۆزەکانی‌و وشە پاکەکانی نامرن‌و هەر دەژین‌و لە کردارو بیرو باوەڕی لاوە وەفادارەکاندا نەش‌و نما دەکەن‌و دەگەشێنەوە ••• گیوی مرۆڤیش وەك زۆربەی ئەدیبو هونەرمەندو رۆشنبیرانی کوردستان ، بوونی خۆی لە بوونی کوردو بوونی کوردستانێکی وەك بەهەشتیشی لە بوونی کوردا دەدی •• بۆیە ناوی دەبەین بە گیوی نەمر » • هەروەها وتی : « ئێمە ئەهاتووین لەم کۆڕەدا فرمێسك بڕێژین‌و تازێباری دەربڕین ، چونکە ئەو پێویستی بەفرمێسك‌و بە ستایش‌کردنی نی‌یە • ئەو نامری‌ی خۆی بە چاپخانەی کوردستان‌و بە کتێب‌و فەرهەنگەکانی‌و بەو گوفارانە تۆمارکردوە کە دەریکردوون» • وتازێکی بەنرخی خوێندەوەو لە شوێنێکی تری ئەم لاپەڕەیەدا دەقەکەیتان دەخەینە پێش چاو •

دەقی وتارە بەنرخەکەی « مامۆستا عبدالغفار عبدالقادر الصائغ » ئەمینداری گشتی کاروباری رۆشنبیری‌و لاوانی ناوچەی کوردستان لەئاهەنگی چلەی ماتەمی« گیوموکریانی »دا •

هەروەك هەموو کۆچەریەکی‌تر ، شتومەکەکانی کۆنەکردەوەو کۆچ بکات کەچی ، لەپریشدا شتێکی زۆر گەورەو گەورەتری لەو شتومەکانە هەڵگرت کۆچەری هەلیان‌ئەگرێ‌و ••• کۆچی‌کرد : ئەزانن بۆچی ؟!

چونکە کۆچ‌کردویەکی ئاسایی‌نەبوو •• بەڵکو کۆچ‌کردویەکی تایبەت بوو ، کۆچ‌کردویەکی عاشق‌بوو •• لەبەرئەوە ، عەشقی خۆی‌هەڵگرت •• ئەو عەشقەش شان‌وباهو لەژیریا ئالەی‌دێ ، « گیو » بەمجۆرە کۆچی‌کرد •• وەك هەر عاشقێ ، زەردەخەنەی لەسەرلێوی نەخشاند ، کەچاوی‌لێك‌نا ، ئەوا ، لەبەردەم هەڵبژاردنێکا کردیەوە کەپێ‌ی‌رازی‌بوو ، هەڵبژاردەیەکی گرانیش‌بوو ، چونکە کە کۆچی هەڵبژاردو ڕۆشت ، هەستی بەودنیایە نەکرد ، ئەو درەختی عەشقەی ناشتویەتی - پێ‌گەیشت •• گەورەبو •• گەلای‌گرت •• بەری‌دا ، ئەوبەرەش کە هەتا ئێستا لێ‌ی‌ئەکرێتەوە هەرسوود ئەداتو لەشتوەیدا سەیرکەر شادئەکاتو بیناو نابینا لێ‌ی وەرئەگرێ ••

« گیو » کە کوچی‌کرد ، دنیابوو ، چونکە سووربوو لەسەر ئەوەی عەشقەکەی ، دوای ئەوەی تۆوئەدات ، بیبات •• عاشق‌بوو •• عەشقی لەساوا جوانتربوو ، لەکچولە ناسك‌تر •• بەسازتربوو لە هەموو ئاوازێ ، عەشقەکەی ، گەورە زۆرگەورەبوو •• گران زۆرگران‌بوو ••

هەروەك عەشقەکەی بەسۆزبوو ، خوێنی بەئازارو هیلاك‌بوو ، عاشق‌بوو ، ئەوەیشی ئەم‌عاشقی

بڕوانە - ل ١٠

دەقی وتارەکەی دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی

خوشك‌و برایانی ماتەمگیر : دەزگای ئێمەیش لەچلەی ماتەمینی نووسەرو رۆژنامەگەری کورد مامۆستا گیو موکریانی ، گەرمترین پرسەی خۆی بۆ بنەماڵەی مامۆستاو بۆ هەمو دۆست‌و برادەرانی مامۆستاو بۆ گشت ئەدیب‌و رۆشنبیرێکی کوردو بۆ چاپخانەی خەمگینی کوردستان‌و بۆ کتێب‌و نامیلکە زیزبوەکانی مامۆستاو بۆ کۆفاری گەرد لێ‌نیشتووی « هەتاو » پێشکەش ئەکات‌و لە هەمان‌کاتا ، بەوبەڕی ڕێزو نوازشتەوە ، سەرپاکی ئەو هەوڵو کۆششە بەنرخانەی کە ئەم مرۆڤە دڵمەزنە بەدرێژایی ژیانە پڕ لە کولەمەرگیەکەی پڕ لە لێکۆڵینەوەو گەڕان‌و سوڕان‌و کۆڵنەدان‌و بەخششی ، بە درێژایی ڕابەڕین‌و جۆڵانەوەی سەرفرازی رۆشنبیری‌و رۆژنامەگەری کوردیمان‌و تا ڕۆژی کۆچکردنی بەخۆی‌و بە حوزنی نەمری برای پێشکەشیان‌کردوە هەڵسەنگێنین •

براو خوشکانی بەڕێز : لەمهابادی ئاوارەیی‌و ژانەوە ، جووتە برای موکریانی ، مزگێنی وشەی دڵدارو ژانگرتوی کوردیان هێنا ، نوقڵانەیان لێدا ، هەزاران کۆست‌و شەنی شەڕ ڕێگای لێگرتن •• لەشام ، لەرواندز، لەبەغداو ئینجا لەهەولێرە کۆنا گیرسانەوە •• چاپخانە قشتیلانەکەیان دامەزراند - کە بە یەکێ لەکۆنترین چاپخانەکانی کوردستان ئەژمێردرێ - ئەوی پێیان‌کرا بۆ نەتەوەی کوردو جۆلانەوەی هەڵچووی رۆشنبیری‌ی ، لەو ڕۆژە تەنگەبەرو پڕ لە وەیشومانەدا کردیان‌و درێغیان نەکرد (زاری کرمانجی - روناکی - هەتاو) کتێب‌و فەرهەنگ‌و نامێلکەکەیان لەبارەی مێژوو زمان‌و کەلەپورو شیعری کوردی دیارترین بەلگەو چەند نیشانەیەکی سەوزی سەرمزێگان ، بۆیەوا لەنێو دڵی دڵدارانی ووشەی گەوارای کوردی‌دا ، وەکو هەمو نەمرێکی‌تر زیندوون‌و ئەمێننەوە •

بەڕاستی : ئەو کۆششە بەردەوام‌و بەئەرکەی کە جوتەبرای موکریانی‌و لەسەختترین ڕۆژێکا هەڵیان-

بڕوانە - ل ١٠

کتێبی هاوکاری

دیموکراتی

سەرچاوەی هێزی هەمووکەسێك وکۆمەڵە

دوانەکەی « هاوڕێ صدام حسین » لە وەزارەت پەروەردە لە ١٠/٧/١٩٧٧

بیروڕای بۆرجوازی لەبنەڕەتدا لەسەر ئەوە دامەزراوە کە مرۆڤ ئەچەوسێنێتەوە ، بەڵام سۆشیالستی ، یەکسانی نیە لەبرسیەتی‌و زوڵم‌و چەوساندنەوەو بەر بەرەلایی بەڵکو یەکسانیە لەخۆشیدا ، لە سەربەرزی‌و ڕزگاریدا ، کەواتە ، ئێمە نامانەوی گەل بە برسیەتی‌و دواکەوتویی بمێنێتەوە ، تا پێ‌ی بوتری گەلێکی سۆشیالستی‌یە ، بەڵکو ، ئەمانەوێ بێ‌کەموکوڕی بێ‌و خۆش گوزەران‌بێ‌و لەهەمان‌کاتدا سۆشیالستی بێ •

لەسەرمانە ، منداڵان لەسەر هەموو ئەڕێتێکی چاك رابێنین‌و بیکەینە ماڵەکانیان ، چونکە ، ماڵی زۆریان مەرجە پێویستەکانی پەروەردەی ڕاستی‌یان تیانیە ، لەوانەیە ئەم ڕێ‌ڕەوانە لای هەندێ جەوهەری نەبن ، بەڵام ، لەڕاستیدا ، جەوهەری‌و بنەڕەتین ، چونکە بەیەکێك لەئەنێنیەکانی سەرکەوتنمان لە بنیات‌نانی کۆمەڵی نوێ‌وە بەستراوەتەوە ، ئەویش خۆشەویستی ئەو ڕژێمەیە کە تاسیری بەڕاستی ئەکاتە سەر چەسپاندنی بەرنامەی ئەو بیروباوڕانەی هەن‌و لەبنیات‌نانی ئەم کۆمەڵەدا کاریان بێ‌ئەکرێ ، ئیزام فێرمان ئەکات چۆن ڕێزی‌و بایەخی وەخت ئەگرین ، فێری ئەوەشمان ئەکات کەچۆن پێویستە ڕێزی گەورە بگرین‌و بچوك سەربەرشتی بکرێ ، دیسان ئیزام قوتابی منداڵ فێری ئەوە ئەکات تابزانی چۆن‌و بۆچی‌و بەچ مەبەستێ هەرشتێ کە ئەیەوێ لە قوتابخانەبێ یان لەماڵەوە یان لە شەقامەکاندا بەکاری بهێنێ ، ئەمانەش هەموو بەشێکن لە بەروەردەی نیشتمانی ، ئیزام فێرێ ئەوەی ئەکات لە بوڵەکەیدا چۆن دابنیشێ‌و لەسەر خوانی نان‌خواردن چۆن ، وەك ئەوەی ، ناگونجی بەر لەدایك‌و باوکی خوانەکە بەجێ‌بهێڵێ ، دیسان ناگونجی بەر لە دایك‌و باوکی دەست بکات بە نان‌خواردن‌و ئیتر تا •• دوای •• ئەمانە بەشێکن لە ڕاهێنان بەخۆشویستنی ئیزام‌و ئەبێ قوتابی بەوە ڕابێنین لەم ئیزام‌و شیرازەیە تەنگاو نەبێ ، چونکە ئەمە لایەنێکی گرنگی بەروەردەی‌و دەرونی‌و نیشتمانیە ، ئەو قوتابیە منداڵەی کە بەوە ڕانەهێنرێ کار بە بەپێ‌ی زۆر لایەنی ئیزام بکات ، ئەبینین لەبال زۆر ئیعتیباری زانراوی تریشدا ، کە پێویستی وای لێ‌ئەکات شەو ڕۆژ چەکەکەی بەدەستەوە بێت‌و بەبێ جوڵە ڕابوەستێ ، یان کاتێ داوای لێ‌ئەکرێ بەربەچی هاتنە پێشەوەی ئیمپریالی‌و دوژمن لەم ناوچەیەدا بداتەوە ، بێ چەندو چون ئەم ئەرکە ڕانەپەڕێنێ ، چونکە هەر لەمنداڵیەوە بەکارکردن لەسەر ڕێ‌ڕەوی ئیزام‌و تێکڕایی ڕێ‌ڕەوەکەیی‌و ئارام گرتن‌و قوڵ بونەوەی ئەم مانایانە لەلای ڕاهاتوە ، جا ئەگەر هاتو وردەکاری‌و پێویستی‌تر بەپێ‌ی ڕێ‌ڕەوی نوێ هاتنەکایەوە ، بەژیانی عەسکەری‌و ژیانی جەنگەوە پێ‌یان تەنگاو نابێ ، چونکە هەموو شتی بەوجۆرە ئەبێتە بەشێك لەژیانی‌و بەشێك لە بەروەردەی گشتی ، ئەمە هەر لەوکاتەوە دەست پێ ئەکات کە قوتابیەکی بچکۆلەبوە لە قوتابخانەدا •

کەواتە ، بۆ ئەوەی ڕێگا بەوە نەدەین دایك یان باوك کە دەستەلاتیان بەشێوەیەکی دواکەوتوی بەسەر ماڵدا هەیە ، پێویستە وا لەمنداڵ بکەین لەماڵەوە تیشك بداتەوە ، تابتوانی دواکەوتن دەر بکات ، چونکە ، هەندی باوك هەن لەبەر زۆر هو « لەدەست ئێمە دەرچوون » بەڵام منالی بچکۆلە هێشتا لەبەردەستماندایەو پێویستە وابکەین لەماوەی ئەو وەختەدا لەناوماڵدا بەسەری ئەبات ببێتە بنکەی تیشك دانەوە لەناو خێزانەکەیدا ، تا بتوانێ باری خێزانەکەی بەرەو باشتر بگۆڕێ‌و لە هەڵکەوتنی زیان بەخش دوری خاتەوە •

جا ئەمەش لەگەڵ ڕێزگرتنی ڕاستەقینەی خێزان‌و ڕێزگرتنی دایك‌و باوك‌و یەکێتی خێزاندا کە هەوڵی بۆ ئەدەین ناکۆك نابێ ، بەڵکو پێویستە ، یەکێتی خێزان لەسەر بنەڕەت‌و تێ‌گەیشتنی دوا کەوتویی نەبێ ، بەڵکو ئەبێ لەسەر بنەڕەتی یەکگرتنەوە لەگەڵ ڕێ‌ڕەوێ مەرکەزی سیاسەت‌و ئەرێتی شۆڕشدا لە بنیات‌نانی کۆمەڵی نوێ‌دا یەکان‌گیر بێ ، چونکە هەر جارێ یەکێتی خێزان لەگەڵ ڕێ‌ڕەوی لە ئارادا بوی بنیات‌نانی کۆمەڵی نوێدا ناکوك‌بێ پێویستە ئەو ناکۆکیانە بەرەو سودی ڕێ‌ڕەوی نوێی سیاسەت‌و ئەرێتی بنیات‌نانی کۆمەڵی نوێدا چارەسەر بکرێت ئەك بە پێچەوانەوە ، کەواتە ، ئەرکمان زۆر گەورەو گرگرێیەو پێویستی بەدەست‌و خامەی هونەرمەندی لێ‌هاتوە ، تابتوانێ ڕەنگی ڕاستی بدات بە « چاو » • ئاسانە چەکوش لە بیشەسازیداو بیل‌و پاچ لە کشتوکاڵدا بەکاربێنین بەڵام پەروەردە ، ماوەی ڕێگای بەکارهێنانی چەکوش‌و بیل‌و پاچی تیانیە ، چونکە هەندێ جار هەموو تەقەڵایەك خەریکی لایەنێکی دەست خامەی هونەرمەند ئەبێ تابتوانی بەوردی ئەو وێنەیەی تیا ببینرێ ئەمانەوێ بێ‌ی‌بگەین‌و وەك نمونەیەکی نوێ بۆ بنیات‌نانی کۆمەڵ پێشکەشی بکەین •

● ماویتی ●

دەقی وتارەکەی دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی

بەرەو دیموکراتی

Institut kurde de Paris

بۆچی منالەکەت نینۆکەکانی نەکروژێ ؟

ئەوەی ئەبێ بزانرێت منال نینۆکەکانی نەکروژێ بۆ ئەوەی لەنیکەران‌و دڵەراوکی رزگاری بێت‌یا لەوانەیە تاوانێکی کرد بێت ئەم رەفتارەش لەپاشدا نەبێتە خووێك‌و (عادە) وازی لێ ناهێنێت‌و بۆ چارەسەرکردنی ئەم‌خووە شارەزاو پسپورەکانی سایکولۆژی لەو بروایەدان هەڕەشەی دایك‌و باوك هیچ سودێکی بۆنیە هەرچی بیکوژن‌و بیبڕن ئەو زیاتری ئەکات هەرچەند ئەو باوك‌ودایکە شێوازێکی کەی لەگەڵا بەکاربێنن‌و دیاری‌بۆ بکڕن ئەمانەش نایانگەیەنێتە هیچ ئەنجامێك هەروەها لەو بروایەدان کەنابێ منالەکە لەکاتی ئەوەی نینۆکەکانی ئەکروژی ئاگادار بکرێت‌و بێ‌ی‌بووترێت‌و چاکترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ئەبێ منالەکە زیاتر بایەخی بدرێتی‌و زیاتریش نازی بکێشرێت‌و هەوڵی ئەوەی لەگەڵا بدرێت خۆی بەکاروبارو داهێنانی بەسوودەوە خەریك بکات ٠

بۆچی منال لەپاش مەمکدان لەگریاندا بەردەوام ئەبێ ؟

کەمنال مەمك ئەخوات هەواشی لەگەڵا ئەمژی ئەمەش لەوانەیە ترسی هەبێ ، بەڵام چارەی ئاسانە بۆنمونە دایك لەسەرخۆ دەستی بەسەرسکی منالەکەدا بهێنێ بۆ ئەوەی هەرچی باوغازاتی هەیە دەربچێت یا بەهێمنی لەپشتی بدرێ خۆ ئەگەر چاری بەوە نەکراو هەروا مایەوە ئەوا منالەکەش کە لە سەر جێگاکەی بخەوێ سکی قورس ئەبێ‌و دەست ئەکات بەگریان‌و نزگەرەدان ٠

بێ‌گەنین گەشە بەئافرەت نەبەخشێ !!

بێ‌گەنین زۆر بەسوود بەخشەبۆ ئافرەت‌و هەمیشە گەنجی ئەبارێزێ ، ئەمەش بیروڕای شارەزایانی ئەندرۆستی‌یە لەم ڕووەوە کە باش لێکولینەوەیی گەشتوون‌و ئەلێن لەهەر ڕۆژێکدا ئەگەر بێتو ئافرەت بۆ ماوەی چارەکە (١/٤) سەعاتێك بێ‌بکەنێ جوانی‌وگەنجی خۆی‌ئەپارێزێ‌و دەموچاوی درەنگ لۆچ‌وپۆچ ئەبێت ، هەروەها بێ‌گەنین بۆ منالی کوربە لەچوار حەفتەو پێنج حەفتەی یەکەمیدا (٣ تا ٥) دەقیقە مەمك ئەخوات لەپاشدا خەوی‌لێ ئەکەوێ ئەم ماوەیەش زیادئەبێ تا ئەگاتە (٢٠ یا ٣٠) دقیقە بەڵام پێویستە ئاگاداری ئەوە بکرێت هەندێ منال هەن کە لەمەمکدان ئەبنەوە بەگۆی مەمکی دایکی یاری ئەکات‌و ئەیگەزێ ، چونکە ئەو منالە باوەشی دایکی پێ‌خۆشەو هەست بەسۆزێکی گەورە ئەکات هەروەها ئەمە برسیەتی ناگەیەنێ بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەو سۆزە گەرمەیە کە بەرامبەر بەدایکی هەیەتی ٠

مەمکدانی منال چەند دەقیقە بەردەوام ئەبێ ؟

مندالەکەت فێری جۆری لە جۆرەکانی وەرزش بکەیت ٠ توندوتیژی ئای هەموو مندالێك هەیە ٠

ئەوەی لە ئەستۆمانە ئەوەیە کە مندالەکە فێر بکەین ئەم توندی‌و تیژیە لە چەشنە یاریەکی وەرزش‌دا بەکار بهێنی ٠

وەرزش ئازایەتی ئەنێتە بەر منالی بەهێز کە یاریەك لە یاریەکانی وەرزش دەکات ٠٠ ئەو منالەیە کە هەرگیز ئیش‌وکاری خۆی ناخاتە پشت گوێ‌و هەمیشە هێمن‌و ئاقڵە لە ماڵەوە ٠

ئا بەم جۆرە خانمەکەم وزەو ئارەزووەکانی مندالەکەت لە ناخی دەروونی‌دا مەبووکێنەرەوە ، بەو چەشنە یارمەتی‌ی بدە بۆ ئەوەی مرۆڤێکی بەهێزو بەجەرگی لێ دەربچێت ٠

بۆچی منداڵان هەن لە توندوتیژی ئەکەن ؟

خانمەکەم :

هەندێ جار منداڵان حەز لە توندوتیژیی ئەکەن ٠

منداڵان کە لەگەڵ یەکدا دادەنیشن زنجیرەیەك لە شەڕو شۆڕی نوێ لە نێوانیان دا دەست پێ دەکات ٠٠ کە مندالەکەت دەچێتە کۆڕی ئەم چەشنە شەڕانەوە ئەڵێی بترسەو ئەهانی‌بدە ، بوونی تۆ ئەو هەستەی پێ ئەبەخشێ کە بەرگریی لە خۆی بکات ٠

ئەم جۆرە شەڕانە زۆر گرنگ‌و بە پێویستە بۆ خۆپاراستن ٠

چاکتر ئەوەیە کە دل چاکە وای لێ ئەکات هەمیشە چالاك‌بێ‌و پرتەکانی‌دل ڕێك ئەخات ٠

شارەزاکان لەماوەی پێنج‌ساڵدا توانیویانە (١٨) ئافرەت لەم‌ڕووە تاقی بکەنەوە ٠

لەم‌ماوەیەدا چەندەها شێوازی جۆربەجۆریان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی دڵی ئەم ژنانە خۆش بکەن‌و پێ‌بکەنن بۆ نمونە پیشان‌دانی فیلیمی کۆمیدی‌و گاڵتە‌و پێ‌کەنینیان بەکارهێناوە ٠

مەمکدانی منال چەند دەقیقە بەردەوام ئەبێ ؟

روشنبیری ئافرەت

● فائزە علی ●

خوشکی خوینەری نازیز

لە مێژە ئاواتمە گفتوگۆیەکی گرنگت دەربارەی ڕۆشنبیری ئافرەت لە گەڵدا بکەم کە ئەبێ چۆن بێ لە چەرخی شۆڕشدا ،ڕوشنبیری بەکێکە وەکو پیویستیەکانی‌تر بە دوریشی مەگرە ئەگەر بڵێم کە ژنی سەرکەوتوو لە نیشتمانەکەماندا ئافرەتی ڕۆشنبیرە ٠

مەبەستم لە ڕوشنبیری ئەوەنیە کە ئافرەت هەر بە دوویی جل‌کڕینی بەنرخ‌و بونو ئارایشتی گران یا ناومالی قەبەو گراندا بسوڕێتەوە ٠

بەڵکو ڕۆشنبیری ڕاستەقینە ئەوەیە کە ڕێ‌و شوێنێکی ساکار بۆ دوا ڕۆژی دابنی‌و ورد بێتەوە لە ژیان‌و لە بزوتنەوەی ڕوشنبیری‌و فکری ٠٠ بێ خویندنەوەش ناتوانێ لە بزوتنەوەی فکری تازە هەڵکەوتووو هونەرو ئەدەب بگەیت کەواتە ئەبێ بڵێین ڕوشنبیری ئەوەیە کە گەڵێ شتی ڕوشنبیری‌و فکری بخوێندرێتەوە ٠

هەرگیز چاو بەلابەڕەی گۆڤاری فکری‌و ڕوشنبیری‌و ئەدەبی‌دا بخشێنە ٠

هەندێ خۆت ماندی‌بکە بە خویندنەوەی ئەم شتانە ئەمەش ئەبێتە ڕوشن کردنەوەی ڕیگات‌و گەڵێ شتت بۆ ئاسان ئەکاو زاخاوی مێشکت ئەداتەوە ٠

زۆر بخوینەوە ٠ بۆ ئەوەی سەرەتایەکی ئەوتۆت هەبی لە چاو بیاخشاندنی ڕۆشنبیری بەسەر سەرچاوەی بیری ئەم چەرخەدا بە ئەقڵیکی کراوەو بە هۆشمەندی ٠

ڕوشنبیری چەرخی شۆڕش جۆرە ڕزگاربونیکە لە هوی دواکەوتنی ئەخشەدانو دابەشکرد نە لە هەمو شتێکا ، ئاوردانەوەیەکی ساکار بۆ ڕابوردوو پیشوازمانە بۆ داکەوتوو ٠

ئەوەندە بەسە کە بڵێین ئەم شورشەو پێشکەوتنە ڕوشنبیریانەی کە حزبە گرنگەکەمان هەلیسوراند وای لێکردین جاریکی کە لەدوا ڕۆژمان وردبینەوە بەرەو چاکتر بڕوین ٠

وەکو وتمان لە سەرەتادا ڕوشنبیری ئافرەت پیویستە بۆ دروستکردنی ئەوەیەکی هوشەمەند ، تێگەیشتو ڕوشنبیر ٠ بەرەو ڕۆژی ڕوونی ژیان بڕوا ٠

خواردەمەنی :
سودی پرتەقاڵ

پرتەقال ئەو میوە خۆش‌و بەتامەیە کە لەشی مرۆڤ هەمیشە لە توێکڵەکەیەوە ناناوکەکەی‌و ئاوەکەشی کەلکێکی گەورە ئەبەخشێ جگە لەو کەلکانەی کە بە (خۆنەکرد)ی دەیگەیەنێتە لەشمان وەکو بەخشینی فیتامین (سی) ٠٠ هتد چەند کەلکێکی خۆکردی هەیە کە ئەتوانین بەدەستی خۆمان وەری‌گرین لەوانە ٠

● ناوی پرتەقالەکە وەرئەگرین لەکوپێکداو لەگەڵ دوو کلۆ شەکر وە کمێك لە (کۆنیاك) یان (ڕوم) لەگەڵ ناوی گەرمدا تێکەڵ ئەکرێ‌و بەگەرمی ئەخورێتەوە بەم کردارە ئەتوانین بەهۆیەوە خۆت لەهەڵامەت‌و ئەنفلۆنزا بپارێزیت ٠

● پرتەقالێکی گەورەو سێ لێمو لە نیولتر ئاودا بکوڵێنە بۆماوەی دە دەقیقە پاشان دووکەوچك هەنگوین بکەرە ناوە کوڵاوەکەوە چارێکی کە بۆماوەی (٥) دەقیقە بیکوڵێنەرەوە ٠

پاشان تاسارد ئەبێتەوە ٠ هەموو ڕۆژی سێ کوپی لێ‌بخۆرەوە لە (قەلەو)ی ئەتپارێزێ ٠

● هەندێ توێکڵە پرتەقال

هاوری ـ
بڕوانە ـ ل ١٠

بلاوانی وقوتابیان

لەگەڵ کاك غازی شریف محمد ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ولێ‌پرسراوی بەشی پیشەیی

جەلال ئەسعەد ئامادەی‌کردوە

★ **کاروباری پیشەیی ئەم ساڵی خوێندن چۆن ئەبێت ٠٠**

★ **بەشی پیشەیی پێویستی بەکادری بەتواناو لێ‌هاتوە ٠٠**

★ **لەنێوان بزوتنەوەو چالاکی قوتابیانەوە زیاتر بەیوەندی نیوان قوتابیانو جەماوەری گەل بەهێزتر ئەبێت ٠**

بە بۆنەی کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکانەوەو دەست پێ‌کردنی ساڵی تازەی خوێندن لەسەر دانیکا بۆ مەکتەبی سکرتاریەت لە هەولێر چاومان کەوت بە بەرێز غازی شریف محمد ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت‌و لێ‌پرسراوی بەشی پیشەیی یەکێتی قوتابیانی کوردستان٠

بۆ ئەوەی قوتابیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاگاداری جموجوڵی پیشەیی‌و کاروباری هونەری قوتابیانەیان‌بێ ، بەرێز غازی شریف دەربارەی کاروباری پیشەیی ئەم ساڵی خوێندن ئەدوێت٠ لە سەرەتاوە دەربارەی ٠

● **پرسیاریمان بەرامبەر دەست نیشان کردنی هێڵی کارکردن‌و دەوری قوتابیان لە ساڵی تازەی خوێندندا ٠**

ووتی : گرنگی‌و دانانی هەموو پلانی کە پەیوەندی هەبێت بە قوتابیانەوە لە خۆیەوە نایەتە کایە بەڵکو پێویستی بە دراسەکردنێکی تەواو مەوضوعیە کە تیایدا چۆنێتی کارکردن‌و گرنگی قوتابیان بخاتە ڕوو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە درێژایی ساڵی خوێندن درێژە بکێشی‌و خزمەتی قوتابیان بکات‌و لەگەڵ کاتی تاقی‌کردنەوەو ڕۆژانی خوێندنیاندا بگونجێ وەکاتی پشودانی قوتابیان کەلکی لێ وەربگیرێت ٠

وەئەم دراسەیە بە بەسترێتەوە بەو گرنگانەی ناوچەکەمان پیایدا تێپەڕ ئەبێت بەشێوەیەکی تەواو تاوەکو قوتابیان لە ئاکامی کارکردنیانەوە ، گرنگی تەواو ڕاستەو خۆیان هەبێت لەم ڕووەوە ٠

بەڕای منیش گرنگای لە دەرخستنی ئەم ڕەئانە بەس نیە ، بەڵکو پێویستە سود لەم ڕایانە وەربگرین‌و کاری پێ بکەین‌و ڕەئی خێرا نەدەین‌و ئامانجی یەکێتی قوتابیان وون بکەین‌و نیشان ئەپێکین ٠

● **پاشان بەوردی دەربارەی دەوری قوتابیان دوا بۆ بەشداری‌بونیان لە کارەکانی یەکێتی‌و بەهێزکردنی دەوریان لەگەڵ یەکێتی‌و جەماوەری قوتابیاندا ٠٠**

ووتی : لە بارەی دەوری قوتابیانەوە ئەڵێم‌و ئەو گرنگیە پیرۆزەی کەوتۆتە سەرشانی قوتابیان لە بارەی بەهێزکردنی کارکردنیان لە گەڵ یەکێتیدا وە بە تایبەتی لە کاروباری پیشەیدا بە ستراوەتەوە بە چالاکیەکانیانەوەو بەشداری کردنیان بە شێوەیەکی گشتی‌و ڕازەکردنی ئەم کارانەی بێ هەڵئەستن‌و پێکەوە بەستنی بەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێکخراوە گەلیەکانی‌ترا ، وەك کرێکاران‌و جوتیاران‌و ئافرەتان‌و لاوان ، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تەواو بتوانن چالاکی هاوبەش پێش‌کەش بکەن ، کە لێرەدا گرنگی یەکێتی‌و یەکگرتنی ئامانجەکانی جەماوەری قوتابیان‌و گەل دێتەدی ٠

چالاکیەکانی قوتابیان تا ماوەیەکی زۆر لە شێوەیەکی خۆیدا بوەوە ، گرنگی نەدرابوو بە ڕێکخستن‌و پیلان، بێ‌گومان ئەمەش ئەبێتە هۆی تێکدانی ئەم بوارە لە ڕوی پیشەیەوە ، جگە لەوەی پێویستی بە دیاری‌کردنی بارایەکی زۆرەو پێویستی بە کادری هونەری‌و لێهاتوە پێویستی بە کەلو پەلی وەرزش‌و هونەریە ٠

بێ‌گومان بە پێی توانا ئەتوانین لێ‌هاتوەکان لە قوتابیان‌و بەشەکانی تری ڕێکخراوە گەلیەکان لە ناوکاری هاوبەشیدا هەڵبژێرین ، بۆ ئەوەی لەم بوارەوە بتوانین خزمەتی جەماوەری گەلو قوتابیان بکەین وە کەلکی تەواو لەو خاوەن بەهرەو بەتوانایانە وەرگرین ٠

ئینجا بەرێز غازی شریف دەربارەی ڕێکاکانی کارکردنی بەشی پیشەی ئەم ساڵی تازەی خوێندن چەند خاڵێکی گرنگی دەست نیشان‌کرد کە گرنگترینیان ئەمانەن :

١ ـ پێك هێنانی لیژنەی تایبەتی بۆ بە پیرەوچونی قوتابیانی تازە لە قوتابخانە سانەوەی‌و ئامادەیی‌و پەیمانگاکانی هونەری‌و مامۆستایان‌و کولێژەکان ٠

٢ ـ گێرانی ئاهەنگ بە بۆنەی ساڵی تازەی خوێندنەوە لە هەموو قوتابخانەکاندا ٠

٣ ـ هەڵسان بە کاری گەلی لە هەمو قوتابخانەیەکدا ، بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان قوتابیاندا ٠

٤ ـ پێك هێنانی دەورەی وەرزشی کە هەموو قوتابخانەکانی پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەگرێتەوە بە سەرپەرشتی لیژنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە پرینیە لە یاری ٠٠ تۆپی پێ ، باسکە ، بالە ، یاری دەست ٠

٥ ـ هەڵسان بە خێراکردن‌و بەرەپیدانی کاری مرۆڤانەو بەهێزکردنی بەیوەندی لە نیوان ئەو بەشانەی بەو کارانە هەڵئەستن ٠ وەك خوێندن ، وە بەشداری کردن لەگەڵ کارگەکانی میری بۆ ئەوەی بەشداری زۆر کردنی بەرەنگم بکەن لە سەرانسەری پارێزگاکانی ناوچەکە ٠

٦ ـ هەڵسان بە گەشت‌و سەیران بۆ خۆش‌گوزەرانی قوتابیان‌و یەکتری ناسینیان و شارەزایی بوونیان لەو شوێنانەی کە گەشتی بۆ ئەکەن ٠

لە کۆتایی ئەم چاو پێ‌کەوتنەماندا ٠٠

سوپاسی بەرێز غازی شریف ئەکەین ، کە وەڵامی ئەم پرسیارانەی داینەوە ٠٠

سەرۆکی تیپی "تەقاوتیرکان"ی سلێمانی دەربارەی تیپەکان ئەدوێت

لەگەڵ ئەو گیانە وەرزشی‌یەی لاوانی شاری سلەیمانی بەشداری پێ‌ئەکەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاوی وەرزش ٠٠ ئەم بەشداری‌بوونە ڕیزی « تەقاوتەکان »ی ئەم شارەی گرتۆتەوەو تیپێکیان پێك‌هێناوە بۆ ئەوەی زیاتر شارەزایی دەربارەی ئەم تیپە پەیدابکەین بە پێویستمان زانی چاومان بەسەرۆکی تیپەکە بەڕێز کاك « عەلی نیسماعیل » بکەوێت‌و پوختەی گفت‌وگۆکەش پێشکەش بەخوێنەرانی « هاوکاری » بکەین ٠٠

پ : تکایە کورتە باسێکی ژیانی وەرزشیتمان بۆبکە ؟

و : بەهەرەی یاری‌کردن هەر لەسەرەتای ژیانمەوە لەخۆزمدا بەدی‌کردو بەرەم‌پێدا بەجۆرێکی‌وا ساڵی ١٩٣٦ یەکێك‌بووم لەوانەی لەهێڵی هێرش‌بردنی تیپی سلێمانی‌دا یاریم‌دەکرد ٠

پ : باشە چۆن بوویتە گۆلچی ٠٠

و : لەڕاستیا گۆلچێتی من ئەگەڕێتەوە بۆ « ڕێکەوت » لەیاری‌یەك‌دا کردبویانم بەگۆلچی پاش ئەوەی توانیم بەنارتی‌یەکی بەهێزم گرت بەهاندانی دۆست‌و برادەرانی وەرزشەوان بەردەوام لەسەر گۆلچێتی مامەوە ٠٠ تانێستا ٠

پ : کاك « عەلی » تۆ سەرۆکی تیپی وەرزشی تەقاونەکانی سلێمانیت ٠٠ حەز ئەکەین باسەکەمان تەرخان بکەین بۆ دوان دەربارەی ئەم تیپە تکایە تیپەکەتان کەی‌و چۆن دامەزرا ٠٠؟

و : ساڵی ١٩٧٠ یاری‌زانە کۆنەکانی شاری سلەیمانی کۆبوونەوەو بەیارمەتی هەمان تەانیمان دامەزرا ٠

پ : ئەو کاتە ئەو تیپە چۆن بوو ؟

و : ئەو کاتە ئەو تیپە بەشێوەیەکی ڕەسمی بەڕێوەبەرایەتی لاوان

ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە کەرتی کشتوکاڵی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا

لەهەفتەی بەشی کشتوکاڵی ناوچەی ئۆتۆنومی ئاڵوگۆڕێکی گەورەی بەخۆیەوە دیوە جانەوە لەبارەی ریکوپێك‌خستنی بەرهەمەوە بوبێ یا لە بارەی‌بەستنی جۆرە بەیوەندیەکی نوێی بەرهەم هێنانەوە بوبێ‌کە پشتی بە لێکدانەوەیەکی زانستی سۆشیالیستیانە‌بەستبێ ٠٠

لەو دۆخانەدا کە دەزگاکانی ئۆتۆنومی هێشتا دانەمەزرابون سەرژمارەکانی ئەمیندارێتی گشتی کشتوکاڵو چاك‌کردنی کشتوکاڵ (١٢٤) کۆمەڵەی جۆتیارانی ناوخۆی دیاری کردوە کە بەشێکی کەمی خێزانە جوتیارەکانی تیادا بون کە پێنج یەکی ئەو زەویو زارانەیان چاندوە کە بەکەلکی کشتوکاڵ دێن ، ئەویش لە رادەیەکی زۆر لاوازدا بە هۆی ئەو بەیوەندیە دەرەبەگایەتیەوە کە پێش لەناوبردنی تاقمە یاخێکە لەو ناوچەیەدا باوبو ، کەچی ئێستاکە لە پارێزگاکانی ناوچەکەدا ٣٣٣ کۆمەڵەی ناوخۆو ٤٣ کۆمەڵەی هاوبەش‌و دوو کۆمەڵەی تایبەتی وسێ کێڵگەی هاوبەش دامەزراوە کە سەرجەمیان سێ ملیونو ٤٣٢ هەزارو ٧٦٥ دونم زەویوزار ئەکەن بە کشتوکاڵ کە ئەمەش خسوێی ئەدات ٩٠٪ی ئەو زەویو زارانەی بە کەلکی کشتوکاڵ دێنو سەد هەزار خێزانی جوتیار لە ناویاندا ئیش ئەکەن ٠٠

وە زۆر بەچاکیو وردی پاساکانی چاك‌کردنی کشتوکاڵی ژمارە (٣٠) ساڵی ١٩٥٨ و ١١٧ ساڵی ٧٠ و ٩٠ ساڵی ١٩٧٥ بەیەوی ئەکرێت ٠ بە پێ یاسای یەکەمینیان دەست بەسەر ٧٩٣ هەزارو ٣٥٣ دونم زەویدا گیراوە ، وە بە پێی یاسای دووهەمینیان دەست بەسەر ٦٧٢ هەزارو ٣٥٣ دونم زەویدا گیراوە ٠٠ وە بە پێی یاسای ژمارە ٩٠ کە ئاڵو گۆڕێکی تەواوو بنەڕەتی بەچاکەی هەزاران خێزانی جوتیاری چەوساوە بەرپاکرد ، دەست بەسەر ٨٠٢ هەزارو ٥٣٥ دونم لە جێ‌بەجێ‌کردنی ئەم یاسا شۆڕشگێرانەیەدا ٩٢ هەزار ٦٥٦ خێزانی جوتیار کەلکیان وەرگرتوە بەو پێیەی دوو ملیونو ٦٧٢ هەزارو ٥٧٤ دونم لە زەویوزارە کشتوکاڵیەکانی دەوڵەتیان بەسەردا دابەش‌کراوە ٠٠

وە ئێستاکە هەوڵو تەقەلای ئەوە ئەدرێت کە کشتوکاڵ بەرەی پێ‌بدرێتو لە هەمان کاتدا پێشترخرێت ، بەو مەرامە لە ناوچەکەدا ١٠ مەلبەندی بەستەنە بۆ زیادکردنی مبوەهات دامەزراوە سیانیان لە هەولێرو سێیانی تریان لە سلێمانیو چواریان لە دهۆك سەرەرای مەلبەندێك بو لێکۆلینەوەی توێنو یەکێکیتر بۆ لێکۆلینەوەی دانەوێڵەی تیا دامەزراوە ، هەروەها دارستانە دەستکردەکان فراوانتر کراون بە تایبەتی لە رۆخی ئەو رویبارانەدا کە لە ناوچەکەدا هەیە بەو پێیە ئەم جۆرە دارستانانە ٤٨ هەزارو ٩٢٤ دونم زەوی داپۆشیوە لە نەك سەرپەرشتی‌کردنی ئەو دارستانانەدا کە شەش ملیونو ٩٤٦ هەزارو ٤٠٠ دونم زەوی داپۆشیوە ٠٠

وێنەتاکە ناوچەکە هەنگاو بەرەو کشتوکاڵێکی زانستیانەی گەنم دەنێت ، بە شێوەی کشتوکاڵێکی زانستیانە لە هەر سێ پارێزگاکەدا ٢٥ هەزارو ٥٠٠ دونم زەوی کراوە بە گەنم ، لە هەمان کاتدا لە کەرتی سۆشیالیستیدا کشتوکاڵ لە هەمو قوناغێکیدا بە مەکینە ئەکرێت ، وە ئێستا هەرەوەزە کشتوکاڵیکان پونەتە خاوەنی ٢١٩ تراکتۆرو ٩٠ ئۆتۆمبیلو ٣٢١ تورمپای ئاوو سێ کۆمباین (دەراسە)و دوو مەکینەی کارەبا سەرەرای فراوانکردنی مەلبەندەکانی بەکرێ دانی مەکینەو کەلوپەڵو کەرەسەی کشتوکاڵ ٠٠ وێنەتاکە لە سنوری شوێنی هەرەوەزیە کشتوکاڵیکانی ناوچەی ئۆتۆنومیدا ١٤٦ پرۆژەی مەر پەروەردەکردنو ٣٨ پرۆژەی گوێرەکە قەڵەوکردنو سێ پرۆژەی پەروەردەی رەشە وڵاخو پێنج پرۆژەی مەر دابەستنو دوو پرۆژەی بزن پەروەردەکردنو ٥١ پرۆژەی پەلەوەرو دامەزراوە وێنەتاکە بایەخ بە پرۆژەی پەروەردەکردنی هەنگ ئەدرێت بەو پۆنەیەوە پێنج پرۆژەی بەرهەمهێنانی هەنگوین لە هەریرو قەسری پارێزگای هەولیرو بەکرەجۆو سەید سادق لە پارێزگای سلێمانیو لە سندوری پارێزگای دهۆك دامەزراوە ٠

وە لە ماوەی سێ ساڵی رابوردودا ٢٣٠ بیری ئاو خواردنەوە بۆ دیهاتەکانی ئەم ناوچەیە هەڵکەندراوە ٠٠ لە هەمان کاتدا هەوڵێکی زۆر بۆ ئەوە ئەدرێت کە واقیعی کۆمەڵایەتی دواکەوتوی دیهاتەکان پێش‌خرێت لەو پەیوەندیە دەرەبەگایەتیە قوناربکرێت کە لەمەوپێش باڵی کێشابو بەسەر ناوچەکەدا سەرەرای نەخوێندەواریەکی فراوانو بەجێمان لەمە شارستانێتی ٠٠

ئەنجامی ئەم هەوڵو تەقەلایەش ١٨ مەلبەند بو مندالانی لادێکان کرایەوە لەگەڵ ٢٣ مەلبەندی خزمەت گوزاریی کۆمەڵایەتیو ئامۆزگاریی کردنی ئافرەتانی لادیو کردنەوەی دە مەلبەندی بیشەسازیی دیهات ٠

وە ئێستاکە دەزگای لێکۆلینەوەی زانستی بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵو چاك‌کردنی کشتوکاڵدا خەریکی ئامادەکردنی لێکۆلینەوەیەکی تایبەتی‌یە بۆ پرۆژەی ئاودێری لە دەشتی هەولیرو مەخموردا، وێنەتاکە لێکۆلینەوە بەردەوامە سەبارەت کردنەوەی مەجمەعێکی کشتوکاڵی لە دەشتی هەولێردا ٠٠

ئا٠ د٠ ع

بەرنامەیەك بۆ پەرەپێدانی کاروباری ناخۆ

بەڕێز عدنان حسین‌ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە بیست‌ودووی ئەم مانگەدا بەرنامەیەکی تایبەت بۆپەرەپێدانی کاروباری ناوخۆ کە تایبەتی بۆ پارێزگارو جێگرەکانیان ٠

ئەم بەرنامەیە کە دووهەفتە ئەخایەنێ مەلبەندی نەتەوەیی راوێژو پەرەپێدانی‌ئیداری رێکی‌ئەخات بۆ زیاد کردنی شارەزای‌بەشدارەکانو توانا پونیان بەسەر چارەسەری‌گیروگرفتو کیشەکانی ئیداریدا ٠

زۆربوونی قەوارەی‌فرۆشتنی دەزگا بازرگانیەکان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ٠٠

وەزارەتی بازرگانی‌رایگەیاند کە قەوارەی فرۆشتنی کەل‌وپەلی پێویستی‌دەزگاکانی بازرگانی لەکاتی هاویندا‌و بەتایبەتی لەمانگی جوزەیران‌و تەموزو ئابدا زۆربوە ٠ ئەکەر هاتوو لەچاوساڵی رابوردودا بەراوردبکرێت ٠ ئەم‌زۆربونەش لەئەنجامی ئەوەهەوڵدانە پڕ ئامانجەیە کەدەزگای ناوبراو بۆ زۆرکردنی کەل‌وپەلی پێویست لەناوچەی‌ئۆتۆنومی بایەخی پێداوە ٠

فرۆشتنی کۆمپانیای‌عەمارکردنی عیراقی لەوماوەیەدا ساڵی ١٩٧٧ گەیشتۆتە ٧ ملیونو ٧٩١ هەزار دینار ٠ وانە بەزۆری‌لەسەدا ٢٩٠ لەساڵانی پێشو ٠ فرۆشتنی کۆمپانیای گشتی‌هێنانو دابەش‌کردنی بەرهەمی ڕستنو چنین دوو ملیونو٥٤٤ هەزار دینار بوە ، وانە بەزۆری لەسەدا ٣٢٢ لەچاوپاردا ، کۆمپانیای بازرگانی عیراقی بایی ٦ ملیونو ٥٠٩هەزار دیناری فرۆشتوە بەزۆری لەسەدا ٣٣لەچاوپاردا ٠ وەکۆمپانیای گشتی بازرگانی بەردبوم‌وخواردەمەنی بایی ٨ ملیونو ٢٥٥ هەزار دیناری فرۆشتوەوانە بەزۆری لەسەدا ٨ لەچاوپار ، کۆمپانیای گشتی‌هێنانو دابەش‌کردنی کەل‌وپەلی ورد بایی ٤٩٤هەزار دیناری زۆشتوە بەزۆری لەسەدا ٢١ لەچاو پاردا ٠

نەخشەیەك بۆ لەناوبردنی ئافاتی کشتوکاڵ

بەرێوەبەرایەتی پاراستنی چاندانی گشتی نەخشەیەکی داناوە بۆ پاراستنی (٨) ملیونو ٥٥٢ هەزارو ٢٠٨ دونم زەوی کشتوکاڵو ٥٣٤ هەزارو ٦٣٩ نەن دانەوێڵەی هەڵگیراو لەساڵ ئایندەوا ٠

ئەم نەخشەیە پاراستنی ٥٤٥ شانەی هەنگو ١٥ هەزار کیلوگرام هەنگوینیش ئەگرێتەوە ٠ وە ١٥٠٠ شاژنی هەنگ ئەگرێتەوە ٠ وە دابەش‌کردنی ٦٩٥ قوتوە گەرای کرمی ئاوریشمو بەرهەمهێنانی ٣ هەزار کیلو گرام ریشالی ئاوریشم ٠

هەروەها نەخشەکە پاراستنی ٨٥٠ دونم لەو کێڵگە ئەگرێتەوە ، وە جێ‌بەجێ‌کردنی کاروباری دەسەڕاگرتنی ئاردنە دەرەوەو هێنانی کشتوکاڵ ٠ جگە لە جێ‌بەجێ‌کردنی ١٢٢ تاقی‌کردنەوە لە بواری لەناوبردنی جرۆجانەوەرو ٧١ تاقی کردنەوەی تر بۆ لەناوچونی ئەو خۆشیانەی توشی رومەك دێت لە کێڵگەو ئیستگەکانی تاقی‌کردنەوە لە ئەبو غریبو ئەینەواو بەسرە ٠

چەند پرۆژەیەکی نوێ بۆپەرەپیدانی سامانی مەرومالات

لەسەرەتای مانگی داهاتودا یەکی لەو چوار پرۆژەی پەلەوەر پەروەردەکردنەی سلیمانی دەکەوێتەکار ئەویش بۆ بەرهەمهێنانی هیلکە ٠٠ ئەم پرۆژەیە کومپانیای گشتی‌ی پەلەوری ناوچەی ژورو جێ‌بەجێی ئەکات ، پرۆژەکە دوو ملیونو ٧٠٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت ساڵی ٧٠ ملیون هیلکەی خواردن بەرهەم ئەهێنێ ٠

لەهەمان کاتدا لەسێ کێڵگەکەی تری پەلەوەر بەخیوکردندا ئیشوکاری مەکینەو کەرەسە دامەزراندن بەردەوامە ، یەکێك لەوانە بۆ بەخیو کردنی مریشك کە ئەکۆتایی ئەمساڵدا دەخرێتەکار ، ئەمەش بەیەکێك لەپرۆژە کشتوکاڵیە گەورەکانی ئەو پارێزگایە دائەنرێت ، پرۆژەکە ٣ هەزارو ٢٠٠ دونم زەوی لەناوچەی تاسلوجە ئەکرێتەوە ئەم ناوچەریەش تەنیا ٢٠ کیلومەترە لەناوچەرگەی پارێزگای سلیمانی‌یەوە دوورە، لەگەڵ ئەم پرۆژەیەشدا مەکینەیەکی کارەباو عەماریك ئالف هەندێ رێگاوبانی ناوخۆ دروست ئەکرێت ٠

سەر وتار « پاشماوە »

ئەدرموشێنەوە ٠ هەر ئەمە خۆشی بایەخێکی تایبەتی هەیە بەبەستنی کۆنگرەکە لەناو کۆنگرەکانی‌تری حزبدا چونکە ئەم روخسارە نوێیەی کەعیراق بەخۆیەوە ئەبینێ ئاوێنەی بیروڕای زانستانەو کردارە شۆڕشگێرەکانی حیزبەو رێژەنی سروشتە میللەت پەروەرانەکەیەتی لەهەمو بوارێکدا کەنەنها بە تێکۆشانی بێوچانو دان‌بەخۆداگرتن و دڵوەرگرتنی کۆمەڵانی خەڵك هێنراونەتە دی « وێنەتا لەوڵاتدا تاقیکردنەوەیەکی پڕهاوناو بەهێزو پڕگەیشتوو » لەکاردایە کەتەنها لەچوارچێوەی عراقدا نەوەستاوە بەڵکو تیشکی پرشنگداری ئێستا بوە بەئیلهام بەخشی هەموو جەماوەری عەرەب بەجورێك ئەم جەماوەرە هەموو « چاویان لە حزبەو تێیدا مایەی هیواو نموونەی بەرزی خۆیان بەدیدەکەن » جگە لەمە ، بەستنی کۆنگرەکە لەکاتێکدا رووەدا کە بزوتنەوەی رزگاریخوازی عەرەب بەبارو دوخێکی زۆر سەیرو پڕهاوتادا دەڕوا ، کەنیشانەی هەرە بەرچاوی رابەرینی سەرانسەری هەموو کۆمەڵانی خەڵکی عەرەبە دژی داگیرکردن و چەوساندنەوەو دابەشکردنو وەستانی پاڵەوانانەی ئەو جەماوەرە لەرووی سەخترینو ئاڵوزترینو شەیتانانەترین هێرشی ئیمپریالی ـ زایۆنیدا کە ناوەرۆکەکەی بریتیە لەدەست پەشتدادانی زایۆنی دوژمنو قایم‌کردنی شوێنپێیەتی لەخاکی عەرەبدا و بڵاوکردنەوەی تۆوی خۆبەدەستەوەدانو نائومیدیو چۆك‌دادانو دووبەرەکی وشەڕنانەوەیە ٠ حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست، وەکو هێزێکی پێشڕەوی کۆمەڵانی خەڵکی عەرەب ، لەم‌بارە دژوارەدا لەسەر هەڵوێستی مبدەئیانەی خۆی سوورە ، کەبریتی‌یە لەبەرەنگار بونەوەی نەخشەکانی ئیستعمارو زایۆنیزمو مسۆگەرکردنی مافی چارەنوس بۆ گەلی عەرەب بێهیچ دەست تێوەردانێکی ئیستیعماریو بەجۆرێك کەمیللەتی عەرەب بگا بەمافە رەواکانی خۆی و نەخشە گڵاوەکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم پووچبکرینەوە ٠

« ئەتەوەی عەرەب دەورێکی گرنگی لەم چەرخەدا هەیە » بۆیەشە ئیمپریالیزم کەوتۆتە لنگەفرێنو هەموو لاولایەنەکانی خەریکی دانانی پیلانی دوورمەودان تا ئەیەڵن ئەم گەلەدەوری میژوویی خۆی ببینێو لەو توانا ئابووری و بەشەریە مەزنەی کەهەیەتی بۆئەم مەبەستە سوود وەربگرێ ٠

ئێستا هەموو جیهان بۆتە مەیدانێکی گەرمی زۆرانبازی وململانێ لەنێوان ئیمپریالیزمو گەلاندا و لەدەیەها جێگەی ئەم جیهانە زەبری پشت شکێن لەئیمپریالیزمو دارودەستەی دەدرێ ، حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستیش وەکو تیپێکی پێشڕەوی کاروانی خەباتی گەلان دژی هێرشی بەربڵاوی ئیمپریالیزمو دەست‌وەشێنێکی نەپارێزی رێزی پێشەوەی جەنگ لەگەڵ ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو هەموو جۆرێکی چەوساندنەوەو لێدەرهێناندا ، دەستی هاوکاری خەباتگیرانەی خستۆتە ناودەستی هەموو هێزو جوڵانەوە شۆڕشگێڕەکانی و لەم بوارەدا وەکو هێزێکی سەرەکی‌ی دژ بەئیمپریالیزم و زایۆنیزم ناسراوە ٠

١٠ی تشرینی « پاشماوە » کە بۆ گەلی کوردمان بەدی هاتوە خۆی ئەنوێنێ ٠ هەروەك دان پیانانی مافە رۆشنبیریەکانی گەلی کوردمان خۆی لەو دامو دەزگا راگەیاندن‌و رۆشنبیریانەدا ئەنوێنێ ، کە سەرکردایەتی سیاسی لێهاتوی وڵاتەکەمان هەر بەدوای دەرچونی بریارەکەدا دلسۆزانە کەوتە پێگەیاندنیان‌و خستنەکاریان هەر لە زانکوی سلیمانیەوە تا کۆری زانیاری کوردو دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردیو فراوان کردنی ئیستگەی کوردی لەبەغداو کردنی بە بەرێوەبەرایەتی‌و کردنەوەی قەناتێکی کوردی لە تەلەفزیونی تامیم ، تا دامەزراندنی چەندان کۆرو کۆمەلی رۆشنبیریو هونەریو ئەدەبی وەك یەکێتی نووسەرانی کوردو کۆمەلی هونەرو ویژەو کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی ٠

● رۆژنامەکەمان « هاوکاری » کە بەرهەمێکی روناکی ئەو بریارە مرۆڤایەتیە پێشکەوتنخوازی سەرکردایەتی سیاسی‌یە ، لەم بیرەوەری‌یە پیرۆزەدا پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی سیاسی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستو شۆڕش ئەکاتو پیرۆزبای لەگەلی کوردمان کە ئەم رۆژنامەیە بۆتە تیشکی روناکی وشەی پاکی کوردی لەپێناوی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری پێشکەوتنخوازانەدا لەسەر رێگای پتەوکردنی یەکیتی ئەم نیشتمانە ئازیزە ، عیراقی برایەتی‌و سەربەستی‌و پاشەڕۆژی روناك لەسای سەرکردایەتیە لێهاتوەکەیدا ٠

هەوالی کوردستان

● لیژنەی راگەیاندنی سەرژمیرکردنی گشتی‌ی دانیشتوان لەسلیمانی لەکۆبونەوەیەکی رۆژی هەینی رابوردودا لەوەی کۆلیوەتەوە کە چۆن سەرانسەری ناوچەکە بەجۆرێك وریا بکرێنەوە کە بەدەنگ ئەم کارەوە بچن ئەویش بەهاوکاری‌کردن لەگەڵ رێکخراوە جەماوەریەکاندا تا لەرۆژی ١٧ی مانگدا کارەکە بەچاکی بەریوەبچێت ٠

هەوەها لیژنەکانی راگەیاندن لەقەزای چەمچەماڵو کەلارو دەربەندیخان ئەوانیش چەند کۆبونەوەیەکیان دەربارەی گرنگی ئەم سەرژمیر کردنەکردوە ٠

● لەلایەکی‌ترەوە لیژنەی یەکێتی‌ی گشتی‌ی لاوانی عیراق لقی سلیمانی هەمان رۆژ کۆبونەویەکیان‌کردوە ئەویش بۆ دیاری‌کردنی ئەرکی لیژنەکانی ناوخۆی قەزاو ناحی‌یەکان بۆ هەڵسورانی باری‌یەکێتی‌و پتەوکردنی باری رێکخستنی تاوەکو لاوان لەورێکایەوە هەوڵ بدرێت کەوزەی لاوان زیاتر پەرەی پێ‌بدرێت تاوەکو دەورو چالاکی خۆی لەکۆمەڵدا ببینێت ٠

لەلایەکی‌ترەوە نیقابەی خزمەت گوزاری گشتی‌یو کۆمەڵایەتی لەپارێزگای سلێمانی نەدوەیەکی بۆ ئەو ، ئەندامانەی‌کردوە کە لەزانکوی سلێمانی ئیش ئەکەن ئەویش بۆ زانین‌و چونە بنج‌و بناوانی ئیشەکانیان‌و ئەو هۆیانەی رێگای ئیش کردنیان‌لێ ئەگرێتو ئەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانن چاکترین خزمەت پێشکەش بکەن بەهیوای ئەوەی ئەو کۆسپو تەگەرانە تەخت‌بکەن ٠

وە لەلایەکی‌ترەوە تیپی‌کاری رۆشنبیری جوتیاران لەپاریزگای سلیمانی رۆژی هەینی رابوردو لەناحی‌یەی کەرمك‌و گوندەکانی بناوە سوتەو دورۆغان‌و نزارەی قەزای پێنجون هەرەوەزیکی راگەیاندیان کردەوە سێ‌رۆژی خایاندوە ، لەم هەرەوەزەدا چەند ئەدوەیەکی رۆشنبیری‌و کشتوکاڵی‌و تەندروستی کراوە تەندروستی کراوە لەهەمان‌کاتدا هەندی فلیمی سینەمایی نیشان‌دراوە لەگەڵ تیپەکەدا کادیری کشتوکاڵی‌و تەندروستی‌و مەکتەبی رێکخستنی ئۆتۆنومی لەیەکێنی‌ی گشتی ئافرەتانی عیراق‌دا بەشداری‌کردوە ٠

● رۆژی هەینی رابوردو لەکۆبونەوەیەکی فراواندا کە بەریوەبەرایەتی رۆشنبیری‌یی جوتیاران لەپارێزگای دهۆك پێکی‌هێنابو باسی چونیەتی خۆئامادەکردن کراوە بۆ پێك‌هێنانی فیستقالێکی رۆشنبیریی لەپارێز گاکەدا ٠

لەو کۆبونەوە فراوانەدا کە نوینەرانی دەزگای گشتی سینەماو شانۆو دەزگای زامن‌کردنی تەندروستی‌و چەند دەزگایەکی‌تر بەشداریان تیادا‌کردوە بریاردراوە کە چەند تیپێکی تەندروستی‌و ئامۆژگاری‌کردن لە ماوەی حەوت رۆژی فیستقالە کەداپێك‌بێت بۆ ئەوەی بچنە دیدەنی خەڵکە دیهات نشینەکان‌و خزمەتی هەمەجۆری خۆیانیان پێشکەش‌بکەن ٠

پێك هینانی لیژنەیەکی بالا بۆ بەشداربون لە فیستقالی هاقانادا

رۆژی شەممەی رابوردو لەیەکێتی‌ی گشتی‌ی لاوانی‌عیراق بڵاوکراوەتەوە کە لیژنەیەکی نیشتمانی پێك‌هێنراوە بۆ بەشداری کردن لەیازدەهەمین فیستقالی جیهانی لاوان‌و قوتابیان کە لە هاڤانای‌پایتەختی کوبادا لە هاوینی‌داهاتودا ئەکرێت ٠٠

ئەو لیژنەیە کە بەرێز کریم‌محمود حسن وەزیری لاوان‌وسەرۆکی یەکێتی‌ی سەرۆکایەتی ئەکات برێتی‌یە لە نوێنەرانی یەکێتی‌ی گشتی‌ی لاوانی عیراق‌و رێکخراوی رابەران‌و یەکێتی‌ی نیشتمانی قوتابیانی عیراق‌و یەکێتی‌ی گشتی‌ی ئافرەتانی عیراق ٠٠ سەرچاوەیەکی ئاگادار لە یەکێتیدا دەربارەی ئەو فیستقالە کە وەفدی لاوانی هەمو کیشوەرەکانی دنیا بەشداری تیا ئەکەن وتویەتی ٠٠ خۆنیشاندانێکی گەورەی وڵاتانە بۆ هاوکاری‌و دۆستایەتی لاوان‌و قوتابیانی جیهان دژی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم رەنگدانەوەی‌خەبات‌و تێکۆشانی گەلانی دنیایە لە خەباتیاندا دژی ئیستیعمارو ئیمپریالیزم‌و زایونیزم ٠٠ ئەم لیژنە نیشتمانی‌یەی کە پێك هێنراوە چەند لیژنەیەکی تری لێ پێك دێت بۆ ئامادەکردن و رێك خستنی ئەو چالاکیانەی لاوانی وڵات لەوی نیشانی ئەدەن ٠

ئەوەی شایانی باسە یەکێتی‌ی گشتی‌ی لاوانی عیراق لە دەهەمین فیستقالی لاوان‌و قوتابیان‌دا کە هاوینی ساڵی ١٩٧٤ لە بەرلین‌کرا دەورێکی چاکی بینیبو ، لەو فیستقالەدا پتر لە ٣٠٠ کورو کچی لاو لە عیراقەوە بەشداریان تیداکردبو ٠٠

زانکۆی سلێمانی دیاری پیشکەش زانکوی میرنشینە یەکگرتوەکانی عەرەب ئەکات

رۆژی یەك شەممەی رابوردو زانکوی میرنشینە یەکگرتۆکانی عەرەب کۆمەڵی کتێبی بەنرخی هەمە جۆری بەدیاری لەزانکوی سلیمانی‌یەوە پێشکەش‌کراوە ، ئەم دیاریە بەبۆنەی خۆێندی ساڵی نوێوە پێشکەشی ئەو زانکویەکراوە ٠٠ دیاریکە نوێنەریکی بالوێزخانەی عیراق لە میرنشینە یەکگرتۆکانی عەرەب گەیاندویەتی بەزانکۆکە ٠٠

ئەوەی شایانی باسە وەزارەتی فیرکردنی بەرزو لێکۆلینەوەی زانستی چەند مامۆستایەکی پسپۆری ناردوە بۆ زانکوی میرنشینەکان پێش چەند رۆژێك ئەو مامۆستایانە گەیشتونەتە شاری (عەین) ٠

دروست کردنی چەندگوندێکی نوێ لە پارێزگای سلیمانی

بەرێز ارشد احمد محمدپارێزگاری سلیمانی چاوی بە دانیشتوانی ناحیەی‌چوارقورنەو پێتواتەی سەربە قەزای رانی‌یەو هەردو گوندی‌نەدیزەو کومیتان لەناحی‌یەی سەنگەسەر لەقەزای پشدەرکەوتوەو پرسیاری لەبیویستی‌یان‌کردوە لەبارەی‌خزمەتی رۆشنبیری‌و تەندروستیەوە ٠٠ هەروەهاسەرپەرشتی ئیش‌و کاری گوندە نوێکانی‌کردوە کە لەچوارقورنەو کۆمیتان‌و ئەندێزە دروست ئەکرێت ٠٠ داوای‌کردوە کە چالاکیەکی تەواو نیشان بدرێت بۆ ئەوەی‌بەزوترین کات ئەو گوندانە تەواوبکرێ ٠

ئەوەی شایانی‌باسە ٩٩٠ خانوبەرە لەو دیهاتانەدا دروست ئەکرێت بۆ ئەوەی خێزانە جوتیارەکانی تیادا نیشتەجێ‌بن ئەو گوندە نوێیانە ملیونێکو ٢٥ هەزار دیناری تێ‌ئەچێت ٠

لەهەمان‌کاتدا لەچوارقورنە دەست بەبنیات نانی گوندێکی تازەکراوە لەگەڵ دووقوتابخانەی ١٢ پۆلی‌و قوتابخانەیەکی ناوەندی ئەمانەش ١٧٠ هەزار دیناری تێ‌ئەچێت ٠

هەروەها لە قەزای کەلارو ناحی‌یەی بیبان‌و عەربەت دەست بەدروست‌کردنی ٢٠٠ خانوکراوە بونیشتەجێ‌کردنی خێزانە جوتیارەکان ئەم پرۆژەیەش دوومیلیونو ٥٣٥ هەزار دیناری تێ‌ئەچێت ٠

لە چاپکراوەکانی : وەزارەتی راگەیاندن دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی

دیوانی نالی

لەسەر نووسینو لێکۆڵینەوەی

دوکتور مارف خەزنەدار

بەم زوانە ئەکەوێتە بازاڕەوە

Institut Kurde de Paris

بۆزانین

لەپرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوایەتی ـ بەرنامەی رەنێوهێنان ئەمینداریەتی گشتی بەڕێوەبردنی کاروخانەسازی ناوچەی کوردستان قۆنتەراتی نهێنی ژمارە ٩٧٧/٥٧ دروستکردنی قوتابخانەی ناوەندی لەقەلادزێو سلێمانی ٠

ڕای ئەگەیەنین ئەم قۆنتەراتە نهێنیەی سەرەوەمان بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ ئەتوانرێت کۆمەلە ئیستمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لەمەلبەندی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە یاخود لە بەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگای سلێمانی بە (ـر١٠) دە دینار دەستبکەوێت کە نادرێتەوە ، بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجەگشتیو مواسەفاتە هونەریەکان بکرێت کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ـ دوای ماوەی پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆ رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٣ـ١٠ـ١٩٧٧ ئەبێتو ئەدرێتو بە سکرتێری لێژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەمەلبەندی ئەم ئەمینداریەتییەدا ٠

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەل تەندەرەکاندابن :ـ
أ ـ بارمتەی سەرەتایی (پێشەکی) نزیکەی (ـر١٣٥٠) دینار لەشێوەی کەفالەتی بانق کە بۆ ماوەی شەش مانگ لەرۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکاربێت ، یاخود لەشێوەی چەکێکی مۆرکراودا بێت ٠
ب ـ پێناسی زووری بازرگانی لەگەل بەلگەنامەیەکدا لە بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێتو بۆ ئەم سال تازەکرابێتەوە ٠
ج ـ بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە نییە ٠
د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ٠

٤ ـ هەرتەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێت پشتگوێ ئەخرێت ٠

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەرێتییە لەسەری نییە نزمترین تەندەر لەڕووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکی تر قبوول بکات ٠

٦ ـ هەر رۆژێکی دواکەوتنی کار (ـ/٢٠) بیست دینار سزا ئەدرێتو پێویستیشە قۆنتەراتچیەکە کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەدرێتی ئەندازیارێکی سەربەرشتی کەر دابنێت ٠

٧ ـ ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لەرۆژی پێشکەش کردنی تەندەرەکانەوە ٠

٨ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەکان نەخشەکان لەگەل تەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان تەنیا ئەدرێتە ئەو قۆنتەراتچیەی کە قۆنتەراتەکەی بۆدەرچووە ٠

٩ ـ پێویستە قۆنتەراتچی پوولێکی (٢٥٠) فلس بەتەندەرەکەوە بلکێنێت ٠

١٠ـ ئەو تەندەرانە پشتگوێ ئەخرێن ئەگەر لەناو زەرفێکی داخراودا نەبن ٠

١١ـ لەبەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بە مەرجەگشتیەکانی قۆنتەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی بەهەردوو بەشی یەکەمو دوومیەوە ، ئەبەسترێت ٠

١٢ـ هەر سڵ کردنەوەیەك لەلایەن قۆنتەراتچیەکانەوە لەنێو تەندەرەکان بنوسرێت بەهیچ ئەژمێردرێو رەفز ئەکرێ ٠

شیروان علی امین
ئەمینداری گشتی
کاروخانەسازی

بۆزانین

بۆ زانینی قۆنتەرات کردنی چێشتخانەی میللی لە سەلاحەدین

ئەمینداریەتی گشتی بەڕێوەبردنی شارەوانیو هاوینەهەوارەکان داوا لەو کەسانە ئەکات کە ئارەزوویان هەیەو شارەزاو پسپوزن لە بەڕێوەبردنی چێشتخانەی باشی گەشتو گوزارییدا کە بەشداربن لەو مزایەدەدا بۆ قۆنتەرات کردنی چێشتخانەی میللی لە هەوارگەی سەلاحەدین بۆ ماوەی ساڵێکو دوو مانگ لە ١ـ١١ـ١٩٧٧ تا ٣١ـ١٢ـ١٩٧٨و ئەتوانرێ نوسخەیەك لە مەرجەکانی ئەو قۆنتەراتە لە ئەمینداریەتی گشتی بەڕێوەبردنی شارەوانیو هاوینەهەوارەکان دەست بکەوێت ٠

تەندەرەکان بە بەڕێوەبردنی شارەوانیو هاوینە هەوارەکان لە ناو زەرفێکی مۆرکراودا پێشکەش ئەکرێتو پێویستە تەندەرەکان بارمتەی سەرەتایی یان لەگەڵا بێ (ـر٢٥٠) دوو سەدو پەنجا دیناری نەقدی ٠

یانوسراوێکی باوەرپێکراوەکە لە یەکێك لە بانقەکان دەرچووبێت (لە شێوەی کەفالەی بانقداو هەرچەکێکی مۆکراو نەبێ قبوول ناکرێت) ٠

ماوەی پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە کاتژمێری دوانزەی رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٠ـ١٠ـ١٩٧٧ هەر تەندەرێك لە کاتو رۆژی دیاری کراوی خۆیدا پێشکەش نەکرێتو یا پسولەی بارمتەو نوسراوی (ضمان)ی و یا شەهادەنامەی شارەزایی لەگەڵا نەبو بەهیچ ئەژمێردرێو پشتگوێ ئەخرێ ٠

کرێی چیشتخانەکە ئەکرێت بەسێ بەش لەماوەی شەش مانگی یەکەمیدا ئەدرێتو پارەی بڵاوکردنەوەی ئەم بۆ زانینە لەسەر ئەو کەسەیە کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرئەچێت ، ئەم ئەمینداریەتییە لەسەری نییە بەرزترین نرخ یا هەر نرخێکی کە قبوول بکات ٠

ئەمینداری گشتی بەڕێوەبردنی

شارەوانیو هاوینەهەوارەکان

بۆزانین

لەپرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوایەتی ـ بەرنامەی رەنێوهێنان ئەمینداریەتی گشتی بەڕێوەبردنی کاروخانەسازی ناوچەی کوردستان قۆنتەراتی نهێنی ژمارە ٩٧٧/٥٨ قۆنتەراتی دروستکردنی خەستەخانەی نەخۆشی سنگ لە سەنلور ـ دهۆك ٠

ڕای ئەگەیەنین ئەم قۆنتەراتە نهێنیەی سەرەوەمان بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ ئەتوانرێت کۆمەلە ئیستمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لەمەلبەندی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە یاخود لە بەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگای دهۆك بە (ـر١٥) پانزە دینار دەستبکەوێت کە نادرێتەوە ، بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجەگشتیو مواسەفاتە هونەریەکان بکرێت کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ـ دوای ماوەی پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆ رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٥ـ١٠ـ١٩٧٧ ئەبێتو ئەدرێت بە سکرتێری لێژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەمەلبەندی ئەم ئەمینداریەتییەدا ٠

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەل تەندەرەکاندابن :ـ
أ ـ بارمتەی سەرەتایی (پێشەکی) نزیکەی (ـر٤٠٠٠) چوارهەزار دینار لەشێوەی کەفالەتی بانق کە بۆ ماوەی شەش مانگ لەرۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکاربێت ، یاخود لەشێوەی چەکێکی مۆرکراودا بێت ٠
ب ـ پێناسی زووری بازرگانی لەگەل بەلگەنامەیەکدا لە بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێتو بۆ ئەم سال تازەکرابێتەوە ٠
ج ـ بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە ئەچن ٠
د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ٠

٤ ـ هەرتەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێت پشتگوێ ئەخرێت ٠

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەرێتییە لەسەری نییە نزمترین تەندەر لەڕووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکی تر قبوول بکات ٠

٦ ـ هەر رۆژێکی دواکەوتنی کار (ـ/٥٠) پنجا دینار سزا ئەدرێتو پێویستیشە قۆنتەراتچیەکە کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەدرێتی ئەندازیارێکی سەربەرشتی کەر دابنێت ٠

٧ ـ ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لەرۆژی پێشکەش کردنی تەندەرەکانەوە ٠

٨ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەکان نەخشەکان لەگەل تەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان تەنیا ئەدرێتە ئەو قۆنتەراتچیەی کە قۆنتەراتەکەی بۆدەرچووە ٠

٩ ـ پێویستە قۆنتەراتچی پوولێکی (٢٥٠) فلس بەتەندەرەکەوە بلکێنێت ٠

١٠ـ ئەو تەندەرانە پشتگوێ ئەخرێن ئەگەر لەناو زەرفێکی داخراودا نەبن ٠

١١ـ لەبەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بە مەرجەگشتیەکانی قۆنتەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی بەهەردوو بەشی یەکەمو دوومیەوە ، ئەبەسترێت ٠

١٢ـ هەر سڵ کردنەوەیەك لەلایەن قۆنتەراتچیەکانەوە لەنێو تەندەرەکان بنوسرێت بەهیچ ئەژمێردرێو رەفز ئەکرێ ٠

شیروان علی امین
ئەمینداری گشتی
کاروخانەسازی

وەزارەتی دارایی
بەڕێوەبەرێتی گشتی باجی داهات
بەیاننامەی ژمارە ١٦

بەپێ ئەو دەسەڵاتەی هەمانەو بەپێی بڕگە (٦) لە مادەی (٢٨) لەیاسای باجی داهات ژمارە ١٩٥١ ساڵی ١٩٥٩ بڕیارمان دا :

١ ـ هەرچی قونتەراتچیو بەڵێندەری کەرتی تایبەتی (بەتەنیا بێ یاشەریکی بن)بەوە ئیلتیزام بکرێن لەسەدا دەی ١٠٪ ئەو پارەیەی بۆ قونتەراتچیو بەڵێندەرە مام ناوەندییەکان ئەوانیتر براوەتەوە تەنیا یاشەرێکیان هەبێو هیچ پارەیەکیان بۆ نەبێتەوە ئەگەر نووسراوی تایبەتی لەدەسەڵات داریەتی دارایی‌یەوە پیشان نەدەن بەلگەی ئەوە بێ هیچ پارەیەکی باجی داهاتدا نەبێ ٠

٢ ـ بەڵێندەرو قونتەراتچیەکان ـ هەر دوو جۆری قونتەراتچیو بەڵێندەری مام ناوەندی ـ نووسراوێکیان ئەدرێتێ کە دریژەی ئەو قونتەراتانەی لەلایانە لەگەل ئەو ئیشو کارانەی تەواویان کردووە لەگەل ئەو پارانەی تیایانە خەرج کراوەولەگەل بەرواری ئەو رۆژەی هەموو پارەکەی تیا دراوە لەگەل تێکرای ئەو پارانەی لیان بڕراوە تاکو پێشکەش بەدەسەڵات داریەتی دارایی بکەن بۆ ئەوەی هەموو پەیوەندی بەو کاروبارانەوە تەواو ببێتو ئەو سەرشەهادەی ناو براوی ئەدرێتێ ٠

٣ ـ ئەو پارەیەی بڕراوە لەگەل وێنەیەکی نووسراوەکە کە لەسەرەوە باس کراوە ئەدرێ بەبەڕێوەبەرێتی باجی داهاتی گشتی یان بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتی ئەو پارێزگایەی قونتەراتچیەکە خۆی تیا ناو نووس کردووە ، ئەمەش دوای ڕابوردنی شەش مانگ لەرۆژی دەرچوونی نووسراوەکەوە ئەگەر هانو پێشکەش نەکرا پێویستە ئاگادار بکرێ ٠

٤ ـ دەسەڵات داریەتی دارایی ئەو پارەی گەیشتووە لای وەك ئەمانەتی باجی داهاتو لەسەرحیسابی خاوەن پەیوەندی دیاری ئەکات ٠

٥ ـ بەپێی مادەی پەنجاوهەشتی یاسای ناوبراو سەرپێچکەر سزا ئەدرێت ٠

وەزیری دارایی
دوکتور فوزی عبدالله

بۆزانین

وەزارەتی کاروخانەسازی بەڕێوەبەرێتی کاری گشتی

قۆنتەراتی نهێنی ژمارە (٩٧٧/١١٢) بۆ دروستکردنی خانووی بەڕێوەبەری ناحیە زاب/پارێزگای نەینەوا ٠

ڕای ئەگەیەنین ئەم قۆنتەراتە نهێنیەی سەرەوەمان بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ ئەتوانرێت کۆمەلە ئیستمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لەمەلبەندی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە یاخود لە بەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگای نەینەوا (ـر٥) پێنج دینار دەستبکەوێت کە نادرێتەوە بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجەگشتیو مواسەفاتە هونەریەکان بکرێت کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ـ دوای ماوەی پێشکەش کردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش کاتژمێری دوانزەی رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٧ـ١١ـ١٩٧٧و لەسنووقی تەندەرەکان لەمەلبەندی بەڕێوەبەرێتی گشتی کار دانەنرێو درێژترین ماوە بۆ جێبەجێکردنی کار (٦) شەش مانگە ٠

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەل تەندەرەکاندابن :ـ
ئا ـ بارمتەی سەرەتایی (پێشەکی) نزیکەی (٣٠٠) سێسەد دینار لەشێوەی کەفالەتی بانق کەبۆ ماوەی شەش مانگ لەرۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکار بێت یاخود لەشێوەی چەکێکی مۆرکراودابێت ٠
ب ـ پێناسی زووری بازرگانی لەگەل بەلگەنامەیەکدا لەبەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێتو بۆ ئەم سال تازە کرابێتەوە ٠
ج ـ بەرنامەی ئەوکارانە لەمە ئەچن ٠
د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ٠

٤ ـ هەر تەندەرێك لەکاتیخۆیدا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تیانەبێت پشتگوێ ئەخرێت ٠

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەریەتییە لەسەری نییە نزمترین تەندەر لەڕووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکیتر قبوولبکات

٦ ـ تەندەرکان بەئامادەبوونی قۆنتەراتچیەکان لەکاتو رۆژی دیاری‌کراوی سەرەوە ئەکرێتەوەو ئەنجامە سەرەکیەکان لەتەختەی بۆزانینەکان هەڵئەواسرێن ٠

٧ ـ هەر رۆژێکی دواکەوتنی‌کار (ـر١٠) دە دینار سزا ئەدرێت ٠

٨ ـ ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لەرۆژی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکانەوە ٠

٩ ـ نرخەکان بەژمارەو بەنووسین دیارئەکرێن ٠

بەڕێوەبەری گشتی کار
غسان عبدالله رضوان

بۆزانین

وەزارەتی کاروخانەسازی بەڕێوەبەرێتی گشتی‌کار

قۆنتەراتی نهێنی ژمارە (٧٧/١١١) بۆ دروستکردنی خانووی بەڕێوەبەری ناحیە تل عبطە/پارێزگای نەینەوا ٠٠

ڕای ئەگەیەنین ئەم قۆنتەراتە نهێنیەی سەرەوەمان بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ ئەتوانرێت کۆمەلە ئیستمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لەمەلبەندی ئەم بەڕێوەبەریەتییە یاخود لە بەڕێوەبەرێتی کاری یارێزگا بە (ـر٥) پێنج دینار دەستبکەوێت کە نادرێتەوە بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجەگشتیو مواسەفاتە هونەریەکان بکرێت کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ـ دوای ماوەی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش‌کاتژمێری دوانزەی رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٧ـ١١ـ١٩٧٧و لەسنووقی تەندەرەکان لەمەلبەندی بەڕێوەبەرێتی گشتی‌کار دانەنرێو درێژترین‌ماوە بۆ جێبەجێکردنی کار (٦) شەش مانگە ٠

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەل تەندەرەکاندابن :ـ
ئا ـ بارمتەی سەرەتایی (پێشەکی) نزیکەی (٣٠٠) سێسەد دینار لەشێوەی کەفالەتی بانق کەبۆ ماوەی شەش مانگ لەرۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکار بێت یاخود لەشێوەی چەکێکی مۆرکراودابێت ٠
ب ـ پێناسی زووری بازرگانی لەگەل بەلگەنامەیەکدا لەبەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێتو بۆ ئەم سال تازە کرابێتەوە ٠
ج ـ بەرنامەی ئەوکارانە لەمە ئەچن ٠
د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ٠

٤ ـ هەر تەندەرێك لەکاتیخۆیدا پێشکەش‌نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تیانەبێت پشتگوێ ئەخرێت ٠

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەریەتییە لەسەری نییە نزمترین تەندەر لەڕووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکیتر قبوولبکات

٦ ـ تەندەرکان بەئامادەبوونی قۆنتەراتچیەکان لەکاتو رۆژی دیاری‌کراوی سەرەوە ئەکرێتەوەو ئەنجامە سەرەکیەکان لەتەختەی بۆزانینەکان هەڵئەواسرێن ٠

٧ ـ هەر رۆژێکی دواکەوتنی‌کار (ـر١٠) دە دینار سزا ئەدرێت ٠

٨ ـ ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لەرۆژی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکانەوە ٠

٩ ـ نرخەکان بەژمارەو بەنووسین دیارئەکرێن ٠

بەڕێوەبەری گشتی‌ی کار
غسان عبدالله رضوان

بۆزانین

وەزارەتی کاروبارو باری نیشتەجێی بەریوەبەریتی گشتی کاروبار

موناقەسەی نهێنی ژمارە (٧٧/١٢٨) دروستکردنی خانوی قائمقامی تەلعفەر پارێزگاری نەینەوا ٠٠

ڕای دەگەیەنین ئەم قۆنتەراتە نهێنیەی سەرەوەمان بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :

١ ـ ئەتوانرێت کۆمەلە ئیستمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لە مەلبەندی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە پارێزگای نەینەوا یاخود لە بە « ـ/١٠ »دە دینار دەست بکەوێت کە نادرێتەوە ، بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجە گشتیو مواسەفاتە هونەریەکان بکرێت کاتێك قۆنتەراتەکەی دەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ـ دوای ماوەی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆ رۆژی یەکشەممەی رێکەونی ٢٦ـ١٠ـ١٩٧٧ ئەبێتو دەدرێت بە بەڕێوەبەری کاروبار دواکاتی تەواو بونی کار (١٠) مانگە ٠

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەل تەندەرەکاندا بن :
أ ـ بارمتەی سەرەتایی « پێشەکی » نزیکەی (٤٠٠) دینار لەشێوەی کەفالەتی بانق کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکاربێت ، یاخود لەشێوەی چەکێکی مۆرکراودا بێت ٠
ب ـ پێناسی زووری بازرگانی لەگەل بەلگە نامەیەکدا لە بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچوو بێتو بۆ ئەم سال تازە کرابێتەوە ٠
ج ـ بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە ئەچن ٠
د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ٠

٤ ـ هەر تەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێت پشت‌گوێ ئەخرێت ٠

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەریەتییە لەسەری نییە نزمترین تەندەر لە ڕووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکی تر قبوول بکات ٠

٦ ـ بارمتە لەبەر چاو قونتەراتچیەکان لە کاتی دیاری‌کراودا ئەکرێتەوەو ئەنجام بە ئاشکرا ڕائەگەیەنرێ ٠

٧ ـ سزای دواکەوتنی هەر رۆژی کار (١٠) دیناره ٠

٨ ـ ماوەی تەواوبوونی کاری بارمتە شەش مانگە ٠

٩ ـ هەموو نرخی بە ژمارەو نووسراو دیاری ئەکرێ ٠

بەریوەبەری گشتی کاروبار
غسان عبدالله رضوان

بۆزانین

لەپرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوایەتی ـ بەرنامەی رەنێوهێنان ئەمینداریەتی گشتی بەڕێوەبردنی کاروخانەسازی ناوچەی کوردستان قۆنتەراتی نهێنی ژمارە ٩٧٧/٥٦ دروستکردنی قوتابخانەی ناوەندی لەقەلادزێو سلێمانی ٠

ڕای ئەگەیەنین ئەم قۆنتەراتە نهێنیەی سەرەوەمان بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ ئەتوانرێت کۆمەلە ئیستمارەی مەرجەکانی قۆنتەراتەکە لەمەلبەندی ئەم بەڕێوەبەریەتییە یاخود لە بەڕێوەبەرێتی کاری پارێزگای سلێمانی بە (ـر١٠) دە دینار دەستبکەوێت کە نادرێتەوە ، بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجەگشتیو مواسەفاتە هونەریەکان بکرێت کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەکەوێتە ئەستۆ ٠

٢ ـ دوای ماوەی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆ رۆژی دووشەممە رێکەونی ٢٤ـ١٠ـ١٩٧٧ ئەبێتو ئەدرێت بە سکرتێری لێژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەمەلبەندی ئەم ئەمینداریەتییەدا ٠

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەل تەندەرەکاندابن :ـ
أ ـ بارمتەی سەرەتایی (پێشەکی) نزیکەی (ـر١٣٥٠) دینار لەشێوەی کەفالەتی بانق کە بۆ ماوەی شەش مانگ لەرۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکاربێت ، یاخود لەشێوەی چەکێکی مۆرکراودا بێت ٠
ب ـ پێناسی زووری بازرگانی لەگەل بەلگەنامەیەکدا لە بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێتو بۆ ئەم سال تازەکرابێتەوە ٠
ج ـ بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە ئەچن ٠
د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ٠

٤ ـ هەرتەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێت پشت‌گوێ ئەخرێت ٠

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەریەتییە لەسەری نییە نزمترین تەندەر لەڕووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکی تر قبوول بکات ٠

٦ ـ هەر رۆژێکی دواکەوتنی کار (ـ/٢٠) بیست دینار سزا ئەدرێتو پێویستیشە قۆنتەراتچیەکە کاتێك قۆنتەراتەکەی ئەدرێتی ئەندازیارێکی سەربەرشتی کەر دابنێت ٠

٧ ـ ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش‌مانگە لەرۆژی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکانەوە ٠

٨ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەکان نەخشەکان لەگەل تەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان تەنیا ئەدرێتە ئەو قۆنتەراتچیەی کە قۆنتەراتەکەی بۆدەرچووە ٠

٩ ـ پێویستە قۆنتەراتچی پوولێکی (٢٥٠) فلس بەتەندەرەکەوە بلکێنێت ٠

١٠ـ ئەو تەندەرانە پشت‌گوێ ئەخرێن ئەگەر لەناو زەرفێکی داخراودا نەبن ٠

١١ـ لەبەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بە مەرجەگشتیەکانی قۆنتەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی بەهەردوو بەشی یەکەمو دوومیەوە ، ئەبەسترێت ٠

١٢ـ هەر سڵ‌کردنەوەیەك لەلایەن قۆنتەراتچیەکانەوە لەنێو تەندەرەکان بنوسرێت بەهیچ ئەژمێردرێو رەفز ئەکرێ ٠

شیروان علی امین
ئەمینداری گشتی‌ی
کاروخانەسازی

Institut kurde de Paris

دەقی وتارەکەی مامۆستا عبدالقادر الصانغ ئەمینداری ـ پاشماوە

بوو ، جوان‌بوو ، لای ئەوشادی بەبەرام‌بوو ، لەشنەدا بەهەشت‌بوو ،

ئەوەی ئەو عاشقی‌بوو ناوی « کوردستان »بوو ٠ لەبەرئەوە ، دۆستانی ئازیز ، رۆلەکانی ٠٠ خۆشەویستەکانی سەرتان سوورنەمێنی ٠٠ کەوا کوچ بکات بەرلەوەی دژعاخوازیتان لێ‌بکات و تەنیا بەهەڵگرتنی عەشقەکەی رازی‌ببێ ٠

× ×

« گیو » عەشقی لەژانیا پێ‌گەیشت ٠٠
یەکەم رۆژنامەی « زاری کرمانج »
چاپخانەکەی « کوردستان »
کچەکەی « کوردستان »
تەڤەللاو رەنجی ، نوسینە کوردی‌یەکانی ٠٠ ئەرهەنگی کوردی دانسقە ، کە چاوی‌لێك‌نا ، دڵنیابو ، کوردستانی عەشق‌و خۆشەویستی ، وادیارەو لەزماوەندیا ئەو خۆزگەو ئاواتانەی لەباوەش‌گرتوە ، دەمێك‌بوو چاوەڕێیان بوو ـ وا ئیستا بوونە واقع ـ بو بە ئۆتۆنۆمی ـ بوو بە بوونو بەکردەوەو بەرهەم ئەدات ـ « زاری کرمانج » بو بە زمانێکی زیندوی کراوە ـ لەگەڵ دەستە خوشکی عەربیدا بەرەو بنیات‌نانی سبەینی‌ی ئەم مرۆڤە عیراقیە ئەچێ کە خۆشی ئەویست ٠

× ×

« گیو » کۆچی٠ کرد ٠٠

لەپیاچونەوەیەکی ژیانیدا ، من ، کاروانیکم هەبوو ، ئەو ئەینەزانی ، کەس ئەیئەزانی ، بەڵام ، خۆم ئەیزانەو شانازی پێوەئەکەم ٠٠

کاروانی من ، لەگەڵ کۆچ‌کردودا ، لەو بەیانیە شەونماویانەوە دەستی پێ‌کرد ، کە منالیك بووم ، بەرامبەر بە وشە ئەو هوشیاریەم نەبوو ، ئەش ئەزانی تاسیری وشە چیە ! ئەیئەزانی ناو بەرامەی فیکر چیە ، ئەمبینی لەبەردەم ئالەتی چاپکردنەکەیدا وەستاوە ، پیتی ئەچنی‌و ، ئەیکردن بەوشە ، وەستانەکەی توند رای‌ئەکێشام ، لەبەردوکانەکەیدا کە ئەوسا دوا ریزەدوکانی شاری هەولێربوو رائەوەستام ، لەگەڵ چاپخانەکەیدا کامێرایەکی رەسم‌گرتن وەك کەرەسەیەکی نامەپەیداکردن قوت بوبوەوە ٠

هەموو بەیانیەك ، هەڵوێستەیەکی درێژ دووبارەـ ئەبوەوە ، هەندێ جار زیاتر درێژەی ئەخایانو ئەنجامی سەیری لێ‌دەرئەچو کە هەر بچوکەکەیان لێ‌توڕەبونێك یان زللەیەك‌بوو لەباوکەوە بەرامبەر دواکەوتن ، بەڵام ئەنجام ئارەزووی وەستانەکەی زیادئەکرد ـ ئەم کابرایە چی‌ئەکات ؟ ـ ٠

ئەم پرسیارە لەمیشکی بچوکا ئەهات‌و ئەچو ، سەرسامیەکی گەورەی تیا دروستئەکرد ، فلسم ئەخستە سەرفلس ، عانە عانە پارەم کۆئەکردەوە تا بتوانم بچمە ئەو میحرابەو بیانوشم ئەوەبو گوایە رەسم ئەگرەو ئارەزوشم ئەوەبو چاوم لەبینینی پیتەکان تێرکەم ، ئالەتەکە لەمن درێژتربوو ، خۆم بەرزئەکردوە تا ببینم ، میزی‌کوکردنەوە پیتەکانم ئەبینی ، دەستم پیا ئەهێناو سەرسام ئەبووم ، ئەم وێنەیە دووبارە ئەبوەوە ، ئەو پیاوەم ئەدێ ، لەچاپخانەوە ئەچوو بۆ بازار ، یان لەوێ وە بۆ گەرەکی (ئەیراوا) رۆشتن‌و هیمنیەکەی سەرنجی رائەکێشام ، کە منال‌بووم ، وام‌هەست ئەکرد بارێکی گەورەو گرانی هەڵگرتوە ، لەناخیا خواست‌و مەبەستێکی زۆر هەیە ، لەو رۆژەدا ، بەچاو نەمئەتوانی ئەوبارە گرانە ببینم ، ـ لەرۆژی هەڵس‌و کەوتمەوە لەگەڵ وشە داو ـ رۆژی فیکر بەقورسایی خۆی راپیچی کردم ـ توانیم وێنەکە ببینم ، کۆئەبووەو ئەگەرایەوە بۆلای « گیو » و چاپخانەکەی‌و هەست‌و هوشی‌و ئەو بارەی هەڵی گرتبو ، لەورۆژەوە زانیم ئەو عاشقە گەورەیە چ بارگرانیەکی هەڵگرتومو بێگومان هەرگیز بەبیرما نەئەهات ئەو رۆژەبێ‌و لەچلەی مانەمیا وەستابم ٠٠ بەراستی هەڵویستێکی گرانە ٠٠

هەمان رێزو بایەخم هەڵئەگرت ، هەمان دڵنەوایی بەرامبەر بەوپیاوەی وێنەکەیم لەبەرچاوەو لەگەڵ ئالەتێکی ئاسندا لەژۆران‌بازیدایە بۆ دروستکردنی وشە ، لەگەڵ رۆژگار لە ژۆراندابو کە ئەوسا وەك ئیستا وشەی ئەئەناسی ، بۆ ئەوەی بەکاری وشە بچەسپێ‌و هەتا لە ئاهەنگی رێزگرتنی رۆژنامەنووسەکانی هەولێردا لە رۆژی جەژنی رۆژنامەگەری ئەمساڵداو لە ناوەراستی حوزیراندا ، دیم شان‌بەشانم دانیشتوە ، وەستانیکی مامۆستایانەبو لەپاڵ قوتابیەکەیدا کەهەر ئەیەوی خۆی درێژبکات تا بزانی لەسەرمیزی کۆکردنەوەی پیتەکان چەبەرهەمێکی فیکری هەیە ، چەپاڵەوانەیەکی مێشك‌و چ گیان تواندنەوەیەك ٠

هەستم‌کرد گەورەیەکی مەزنەو لەماوەی وشەوە خۆی ئەکات بەدنیای عەشقدا ـ ئەوسا قەی بۆئەکردین ، کاروانی خۆی بەدەنگیکی نەرمو لەسەرخۆ کەتەمەن قورسی کردبو ئەیگیرایەوە ، هەستم‌کرد ئەو چیروکە ئەگیرتەوە کە ئیستامن وە بۆ یەکەم‌جار ئەیگێرمەوە ٠٠

مامۆستامان
برادەرمان

× ×

ئەی هەڵگری ناخی وشە لەگەڵماندا ٠٠

تۆ هەرکۆچت کردوە ، عەشقی گەورەت لەچاوا پێ ئەگات ، لەدڵا گەورە ئەبێ ٠٠ لەنووسراوەکاندا ئەروێت ، لەکورو کچماندا‌و مامۆستایان‌و کتێب‌و پەرتوکەکاندا لەرۆژنامەکاندا ٠٠ لەفەرهەنگەکان‌و وەرگێراوەکاندا ، دوای هەموو ئەمانە ، باوەڕئەکەی کۆچت نەکردبێ ؟ تۆ لەناوماندایتو لەگەڵماندایت ، خۆشەویستی گەورە لەگەڵ ئەوانەدا بنیات‌ئەنێی کە عاشقەکانی ئەموزو شۆڕشگێڕەکانین ، عەشق وای لێ‌کرد دیاریەکی حەوت جگەرگۆشە بدەی بەنیشتمان کە لە مەیدانی خەباتدا ـ پیرۆزترین مەیدانی فیرکردن‌و پەروەردەدا ـ پیشکەش بکەن ٠

تۆ لەناوماندایتو لەگەڵمانی ٠٠ لەو وشانەی دروستت‌کردن ، لەنووسراوانەی نووسیتن لەو فەرهەنگانەی داتناون ، ئەگەر پێویستمان پێت بوو قەکانت یەنە دوان‌و فەرهەنگەکانت ئەکەونە زمان ٠٠

ئەی مرۆڤی مرۆڤ
ئەی ئەو کوچەرەیەی زو بەجێت‌هێشتین ٠ ٠
چەند رەق‌بووی کاتێ ئەرمنیان بووی ، کاتی دوور دوور کۆچت کردو ماوەی دژعاخوازیت ئەدا ، بەڵام لەگەڵ کۆچەکەشتا تۆ لێرەیت‌و لەگەڵمانای لەکۆریکی ئەدەبی ئەدیبە کوردەکان‌و یەکیتی‌یەکەیان‌و کۆمەڵەکانیانداو تۆ لەگەڵمانداى لەگەڵ ئەو وشانەی ئەبیسترین ، لەگەڵ ئەو شیعرانەی پێت‌خۆشە ، هەتا ئەگەر کۆریش تەواوبو هەڵئەستی‌و لەگەڵمانا ئەرۆیتە دەرەوە لەئەدەب ئەدوێن‌و دەربارەی رۆژنامەو چاپخانەو ئارەزوو پێویستیەکانی قسەئەکەی ٠٠

قسەمان بۆبکە ئەی عاشق ، قسەمان دەربارەی کۆچەکەت بۆبکە ، هەرچەند بەچرپەش‌بێ ئێمە تێی ئەگەین ، گوی‌بگرە لەمنالی دوێنێ‌و مرۆڤی ئەمرۆ بەرێزەوە سلاوت لێ‌ئەکات سلاو لەو رۆژەی تیابویت‌و ئەو رۆژەی نووسیت‌و بەرهەمت هێنا ، ئەو رۆژەی تەڤەللات‌داو بەجێت گەیاند ، ئەو رۆژەش خێرا کوچت کردو بەرمزامەندی بەرەو لای کردگار بەهەنگاوی نەمری بەرەو بەهەشت‌چوی ٠

ئێوەش برایان ، دڵنەوای ئەو پیاوە بکەن ، « گیوموکریانی » لەکۆچ‌کردنیا ، هەموشتێکی کۆچی کرد عەشقەکەی ئەبێ ، ئەم‌پیاوە دلنەوای بکەن « گیو موکریانی » لەگەڵتانایەو لەناوتاندایە لەماوەی وشەو پیتەکانیەوە ، ئەبینن هەرکاتی سلاوتان لێ‌کرد عەشقی پێ‌ئەگات ٠

دەقی وتارەکەی (پاشماوە)

خست ، بەوبەڕی شانازیەوە لایەڕە گەشەکانی مێژوی ئەم نیشتمانە ئازیزە یادی ئەکاتەوە ٠٠ ئەمڕۆیش‌و دوای ئەوەی شۆڕشی سۆشیالیستی (١٧)ی تەمووز دانی بەکشت مافێکی رۆشنبیری‌و ئەتەوەیی میللەتی کوردی ئێمەنا ، لەوانەیش دامەزراندنی (کۆڕی زانیاری کوردی ـ زانستگەی سلێمانی ـ دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی ـ ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری‌و لاوان ٠٠ ناد) و دەروازەی دەرەتانەکان فراوانترکرانەوە ، ئەواگشت ئەو نیازو هیوا سەوزو پاکانەی کە رابەرانی رۆشنبیری‌و زمانی کوردی وەکو مامۆستای کۆچکردو خەونیان پێوەئەبینی رۆژ دوای رۆژو لەژێر سایەی شۆڕش‌و دەسکەوتە گەورەکانی ، تا دێ نزیکترو زاخەراوتر ئەبێت ٠٠ ئەم دەزگایەی ئێمەیش ، شان‌بەشانی دەزگاکانی ترمان هەمیز بۆ گشت ئەو خامە چەلەنگانە ئەکاتەوە کە مامە گیو ژەخساندنی‌و لەزاخی‌دان ٠ ماتەمگێڕانی بەڕێز :

لەکاتێکا ئێمە چلەی ئەم پیاوە دلسۆزە ئەگرینەوە ، ئەوا هەمو یادەشیرینەکانی ، دڵپاکیەکەی ، گیانی پڕ لە سەمەرەی لەخۆبوردنەکەی ، لەتافی لاوی‌و لەهەڕەتی جوامێری‌و لەجەرگەی پیری‌دا، لەنێو هەستو تاسەی بێگەردما ئەمێنێتەوە ، چونکە (ئازارو ژانی شاردنەوەی ئازیزان لەنێو گۆڕستانی خامۆشا ، گەلێ‌گەلێ لەئازاروژانی گۆڕستانی نێودڵ کەمترە ٠٠) مێژوی جولانەوەی رۆشنبیری‌و ئەدەبی‌و زمانەوانی کوردیشان ، بەوبەڕی هێزو خۆشەویستی‌ـ یەوە ، یادی کۆششە بەجەرگەکانی مامەگیو چاپخانە دلگیرەکەی ئەکاتەوە ٠

هەر زیندوتربێ یادی مامۆستای ئەوەمان گیو موکریانی سەرفرازتربێ کارو نیشتمان ٠

پیرۆزتربێ ووشەی کوردی ٠

تیپی تەقاویتەکان (پاشماوە)

بوو ، ئێمە زۆر سوپاسی‌دەکەین هیوادارین نموونەی زۆر بێت بۆ خزمەت‌کردنی‌وەرزش لە شارەکەمان‌دا ٠٠

پ : ژمارەی ئەندامەکانتان‌چەند ئەبن ؟

و : نزیکەی « ٢٠ـ٢٥ » ئەندامێك ئەبێت ٠٠

پ : دواووتە ئەتەوێت بڵێیت‌چی ؟

و : زۆر سوپاسی گشت‌لایەك دەکەم‌و هیوادارم بتوانن ئەوەیەکی وەرزشەوانی تێکەیشتوو بهێنێتە بەرهەم‌و زنجیرەی تەمەنی‌وەرزشی ئێمە پەرە پێ‌بدەین ٠

یەکیتی نوسەرانو ٠٠ (پاشماوە)

بەڵام بەداخەوە پێش ئەوەی ئەو ئاواتەمان بێتەدی مەرگ لێمانی فراندو بەوە دڵێکی گەورە لە لێدان کەوت‌و جوابەکی ئەدەبی گەش کوژایەوەو کێوێکی رۆشنبیری‌ی بڵندو سەرکەش هەرسی هێنا کە سامانێکی ئەدەبی‌و رۆشنبیری‌ی ئەوتۆی لە پاش خۆی بەجێ هێشتوە کە بۆ ئەوەکانی داهاتوو دەبێتە مایەی شانازی ٠

● **دوای ئەویش مامۆستا ئەژی گۆران :** سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی سلەیمانی وتاری یەکێتی‌ی پێشکەش‌کرد کە تیایدا بە شێوەیەکی ئەدەبی ناسك‌و کاریگەر خەم‌و پەژارەی نووسەرانی سلەیمانی بەرامبەر کۆچی دوایی خوا لێ‌خۆشبوو دەربڕی‌و وتیشی : « لە رۆژانی شۆڕش‌و پێشکەوتندا ، لە سایەی دەسکەوتێکی وەکوو ئۆتۆنۆمیدا ، دەبێ بیرو باوەڕو کردارمان یەکخەین ٠٠ دەبێ چالاکیمان گەرم‌و گوڕبێ‌و وشەکانمان بکەینە کرداری بە کەڵك‌و سوود‌ـ بەخش ٠٠ پێویستە لە هەموو ئان‌و ساتێکدا دەنگی چاپخانەی کوردستانمان لە گوییدا بزرنگێتەوە » ٠ دوایی بە ناوی دەستەی بەڕێوەبەری لقی یەکێتی‌یەوە لە سلەیمانی گەرمترین سەرخۆشی‌ی لە خێزانی خوا لێ‌خۆشبوو کردو داوای سەبووری‌ی بۆ وشەی کوردی‌و قەڵەمی دلسۆزی کوردی‌ی خواست ٠

● **ئینجا مامۆستا کریم شارەزا :** سکرتیری دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی‌ی نووسەرانی کورد لقی هەولێر لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی (گیو موکریانی رۆژنامەـ نووس‌و فەرهەنگ دانەر)ەوە پێشکەش‌کرد کە بە دوورو درێژی دەربارەی چالاکی‌ی خوا لێ‌خۆشبوو لە کۆڕی رۆژنامەگەری‌ی کوردیدا دواو باسی ئەو کتێب‌و فەرهەنگ‌و گۆڤارانەی کرد کە دەریکردوون ٠

● **ئەوسا دوکتۆر کوردستان گیو موکریانی :** بە ناوی خێزانی خوا لێ‌خۆشبووەوە وتارێکی گەلێ کاریگەری خوێندەوە کە بە پارچە شیعرێکی بەسۆز دەستی پێکرد ٠ دوکتۆر کوردستان بەگەرمەوە سوپاسی دانیشتوانی‌کرد بۆ بەشدار بوونیان لە کۆڕەکەدا٠ هەوەکوو سوپاسی یەکێتی نووسەرانی کوردو کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی‌و ئەندامانی لێژنەی رێکخستنی کۆڕەکەو هەموو ئەوانەی کرد کە سەرخۆشی‌ـ یان لێکردون ٠

● هەروەها لە کۆڕی ماتەمینی‌یەکەدا گەلێ بروسکەی سەرخۆشی لێکردن خوێنراوەتەوە کە لە لایەن حیزبە نیشتمانی‌یەکان‌و یەکیتی‌و کۆمەڵە رۆشنبیری‌ـ یەکان‌و تیپە هونەری‌یەکان‌و چەندانێك لە ئەدیب‌و رۆشنبیرانی کوردەوە نێردرابوون ٠

هەفتە نامەی (پاشماوە)

دەربازکردنی لەوشوێنە ٠

٦ ـ شوێن‌و یاریگای تەواو بۆ وەرزشکردنی قوتابیان ئامادەبکرێ‌و هەر لەوکاتەشدا هان‌بدرێن بۆ خوێندن تاوەکو قوتابی گشت‌کاتێکی بەیاری‌کردن نەباتەسەرو لەشەقام‌و کۆڵانەکاندا بە تۆبەکەی زرمە لەمو لەو هەڵئەستێنێ‌و زیانی خەلکی نەخاتە ئارەحەتیەوە ٠

٧ ـ ئەخشەیەکی تەندروستی‌و زانستی بۆئێکەیاندن‌و بەمێزکردنی هۆشی تەندروستی ، دژی ئەخۆشی کۆلێراو گشت پەنایەکی‌تر لەناو قوتابیاندا ، ئامادەبکرێ‌و بایەخ بەخاوێن راگرتنی قوتابخانەکان‌و کەل‌وپەل‌و پێویستیەـ کان بدرێ‌و چاوەدێری‌یەکی چاك بکرێتە سەر خواردەمەنی لەو قوتابخانانەدا کەپرۆژەی خواردن‌دان بە قوتابیانیان تێدایە ، چونکە لەش‌ساغی قوتابی دەورێکی باڵا ئەگێڕێ لەپێشکەوتنی قوتابیدا ئیتر قوتابیان‌و سالی‌نوێ‌و هیممەتی بەرزی مامۆستایان ٠

پەیوەندیەکانی ئەمەریکا ٠٠ (پاشماوە)

یارمەتی مالی‌و عەسکەری حکوومەتەکەی کارتەر ٠

کلیر کە یەکێکە لە شارەزایانی ئامۆژگای لێکۆڵینەوە سیاسیەکان لە ئەمریکادا ماوەیەك لەمەوبەر گوتبووی :

کارتەر دەیەوێ نیشان بدا کە دلسۆزی مافی مرۆڤە ، کەچی ئەو تەکنۆلۆژیەی لەژۆر ولاتدا دژی گەلان بەکار دەبرێ ، لە ئەمریکاوە دەچێ ، زوربەی ئەوولاتانەی ئەمریکا یارمەتی عەسکەری‌و ئابووری‌ـ یان پێ‌دەکا تاقمێکی عەسکەری حکوومەتیان بەسەرەوە دەکەن کە یاسای زەمانی شەڕ بەڕێوە دەبەن ٠

کلیر لەسەر قسەکانی رویشتوەو گوتوویە لەسالی ١٩٧٣وە تا سالی ١٩٧٧ ئەمریکا ٣ر٤ میلیارد دۆلاری یارمەتی داوە بەچەند دەولەتێکی کۆنەپەرستی وەك شیلی‌و ئورۆگوای‌و کوریای خواروو تایلەندو پاپی ٥ر١٧ میلیارد دۆلاریشی لە چوارچێوەی «بەرنامەی یارمەتی دەولەتە بێگانەکاندا چەك پێ‌فرۆشتوون ٠

بەرنامەکانی دەولەتی کارتەرو سیاسەتی واشنتۆن لە زوربەی مەیدانەکاندا بووچی‌و بێ‌ناوەرۆکی فرۆفیشالی بەرگری لە مافی مرۆڤ لەلایەن دوژمنی ژمارەـ یەکی کەلانەوە ئاشکرا دەکەن‌و ئەگەر دەرەتان بوو لە ژمارەـ کانی ئاینەدەی ئەم‌رۆژنامەیەدا ئاوڕیان وەسەر دەدەین ٠

پرتەقال (پاشماوە)

لە قاپێکدا دابنێ بۆماوەی نیو سەعات بیکوڵێنە ٠٠ پاشان ئەوئاوەی فرێ‌بدە ٠٠ چونکە تاڵ‌بووە ئاوی تری تێ‌بکە بۆماوەی (٢٠) دەقیقە بیکوڵێنە (٢٠) گرام شەکری تێکە ٠ پاش ئەوەی توێکڵەکە ووشك ئەبێتەوە ٠ هەموو ڕۆژێ پاش نانی ئێوارێ یان بەیانی سێ کەوچکی لێ‌بخۆ لە (توندی قەبزی) ئەتپارێزێت ٠

● هەروەها توێکڵەکەی پاش سووتاندنی بۆمژینی بۆنی جگەرە لەژوورێکی داخراودا بەکارئەهێنرێ ٠

● دیسانەوە دەنکەکانی بۆ جوانکردنی پێست بەکارئەهێنرێ بەڵێك خشاندنی پێست بۆ ماوەی مانگێك هەرجارەی بۆماوەی دەخولەك یان چوار کاتژمێر ٠

چیروکی بازدە (پاشماوە)

رێ وێك هاتۆتەوە ، بەرم نەداتەوە چاکە ! شەقامەکە لەسایەی درەختەکانا خەپەرە نەبووە ٠ بۆ ؟ سەرم تەمایەتی بقەڵشێ ٠٠٠ بۆتە گومەزێك دەنگی تێدادەزێ ٠٠ دەنگەکان لەگەڵ یەکا ئاسازێن پڕ دەدەنەیەك ٠٠ زنگۆلە ئارەقی بن باخەڵم دەمهێنێتەوە بۆ لای خۆم ٠

(خانووەکان جیا دەبنەوە یەکتری بەجێ‌دێڵن ، کامتان دیتوتانە درەخت بە بربەندی قین سێبەری خۆی برێ ! لەوەی دەچێ چاوەکانم لەسەر گردەکە جمابن ، با خۆر ڕایانبێنێ تاکو ئیراییان دادێ ، ئەو خانووە لارانە بکەن بەژێرەوە ٠٠ تاکەپرە برژانگیان بەدوادا دێ ٠٠) ٠

قەڵادزێ مایس ١٩٧٧

١ ـ بازدە : سڵ
٢ ـ هێمان : هێشتان
٣ ـ کرانوو : ئاگردان

له چاپکراوەکانی : وەزارەتی راگەیاندن دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی

چرۆ دەمی بۆ ماچی رۆژ ئەکاتەوە

شیعری : عبدالله عباس

کەوتە بازارەوە ٠٠

له چاپکراوەکانی : وەزارەتی راگەیاندن دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی

ئەستێرە گەشە

فەرهەنگی کوردی عەرەبی
بەرهەمی : فاضل نظام الدین

کەوتە بازارەوە

له چاپکراوەکانی : وەزارەتی راگەیاندن دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی

فریشتەکانی سەر زەمین

نووسینی : تەها ئەحمەد سالح

کەوتە بازارەوە

بۆزانین

دەزگای رێکخستنی دانەوێڵە پێ خۆشە بەهاوڵاتیان‌ووەکیلی فرۆشتنی برنج بەتاکە رابگەیەنێت کەوا میقدارێکی زۆری لە برنجی چاکی ناوخۆیی بە هەموو جۆرەکانی‌و لەعەمباری سایلوەکانی موصل ، حلە ، کوفە ، عمارە کوت ، بەغداو ، هەولێردا هەیە ئەو کەسانەی ئارەزووی کڕینیان‌هەیە راستەو خۆ موراجەعەت بکەن بۆ کڕینی ئەو میقدارەی کە پێویستیان پێ هەیە بەپێی ئەو نرخانەی بڕیاری‌لەسەر دراوەو بەپێی چەشنەکانی کە بەم جۆرەی خوارەوە هەیە ٠

چەشنەکەی	نرخی هەر تونێکی بەکۆ	نرخی هەر تونێکی بەتاك
برنجی عەنبەر دەرەجە یەك	١٩٠/٠٠٠	٢٠٠/٠٠٠
برنجی عەنبەر دەرەجە دوو	١٢٠/٠٠٠	١٣٠/٠٠٠
برنجی یاریست	١١٠/٠٠٠	١٢٠/٠٠٠
برنجی ئەعیسە	١٠٠/٠٠٠	١١٠/٠٠٠
برنجی بەسەتی ناوخۆیی	١١٠/٠٠٠	١٢٠/٠٠٠
برنجی حویز	٨٠/٠٠٠	٩٠/٠٠٠

Institut Kurde de Paris

ڕێڕەو

ئەوەی دەستەی بەکری گیراوی شکاند ئەو بیرو باوەڕەیە کە جەوهەرەکەی لەوەدایە ، هەڵس و کەوتمان لەگەڵ کاروباری گەلەکەمان ، لەکوردستاندا ، وەك هەڵسوکەوتمان بێ لەگەڵ کاروباری گەلەکەمان لەبەسرە ، وە وەك هەڵس و کەوتمان لەگەڵ خۆماندا ٠

هاوڕێ « صدام حسین »

لەشاری رەواندوز

شارە جوانەدلگیرەکەی نێوان چیاکانی هەندرین و کۆرەلێو زۆزك ، « رەواندز »ی شیرین ، کە مەلبەندێکی مێژووی ناوچەی کوردستانە ، چڕژی هونەری جوانی گەڵ رۆژ لەدوای رۆژ ئەگەشێتەوەو ئەبێتە گوڵی بۆنداری باخچەی هونەری کوردی ٠

بۆ ئەوەی ، هەندێ شت دەربارەی ئەو تەقەللایە بزانین ، کە لەم شارەدا ، بۆ پەرەپێدانی هونەری بەستۆری موسیقاو ئاوازی کوردی ئەدرێ ، چاومان بەمامۆستا « زرار محمد مصطفی » کەوت و لێمان پرسی :

ـ بەچیەوە خەریکی ؟

● لە شاری رەواندز لقی کۆمەڵی هونەرو وێژەمان کردۆتەوەو من سەرۆکی ئەو لقەم و لەگەڵ لقی هەولێرو بەیارمەتی یەکتر خەریکی ئواندنی چالاکی هونەرین ٠ هەروەها ماوەیەکە دەورەیەکی فێرکردنی مۆسیقام بۆ منالانی شارەکە کردۆتەوەو هەموو جۆرە ئالەتیکی مۆسیقامان بۆ ئامادەکردون و وا ئێستا ئەو خونچە تازە بشکوتوانە جوانترین و بەستۆزترین ئاوازی کوردی لێ ئەدەن و هێوای ئەوەیان لێ ئەکرێ بینە تیپێکی مۆسیقای چاك ٠

ـ ئەم تیپەکەی دامەزراوەو ژمارەی ئەندامەکانی چەندن ؟

● تیپەکە رۆژی ٢٦ حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٧ دامەزراو ئێستا ژمارەی ئەندامەکانی (١٦) ئەندامە ٠

ـ ئایا هیچ بەرهەمێکی تازەتان بەدەستەوەیە ؟

ئێستا خەریکی خۆ ئامادەکردنین بۆ چەند ئاهەنگێك ، ئەم منالە هونەرمەندانەش ئەم دواییەدا بەبۆنەی ساڵی نوێی خۆیندنەوە ئاهەنگێکی بەدڵێکی فراوانەوە کاربکات و توانای ئەوەی هەبێ بەسەر گیروگرفتەکانی ڕێگایدا زاڵ ببێ و چاوی تەنیا لەوەنەبێ دەستی بگرن ، بەڵکو چاوی لەوەوەبێ بەتوانای هونەری و شارەزایی و هەستی داهێنانی هونەرمەندانەی بوونی خۆی بچەسپێنێ ٠

● **نیاز حسن** ●

ئەم کاتەت باش

● **ئەلبێرت عیسی کێیە ؟**

ـ ساڵی ١٩٥١ لەشاری سلیمانی لەدایك بووم و سەرەتای هەستی هونەریم هەر لە قوتابخانەی ناوندی یەوە دەستی پێ کردوەو بوم بە ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی و لەدەرچوانی قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی سلێمانیم ٠٠

● دەربارەی هۆزی پێشکەوتنی مۆسیقاو هونەری مۆسیقای کوردی چی ئەڵێی ؟!

ـ پێ گەیاندن و هێنانەکایەی کادیری موسیقای شارەزاو دامەزراندنی قوتابخانەی موسیقاو دانانی مامۆستای شارەزا لەموسیقای کوردی یداو لەپێش هەموو شتێکیشەوە ، هاندان و دەستگرتنی هونەرمەندان ٠

● تیپە هونەریەکانی ئەمڕۆ چۆن ئەبینین ؟

ـ تیپە هونەریەکانمان « هونەری مۆسیقا » لە هەموو ناوچەی کوردستاندا بەگشتی ، هێشتا لەسەرەتاو دەستپێکردندایەو لەتەقەللای ئەوە دایە مۆسیقایەکی کوردی رەسەن و گونجاو لەگەڵ گیانی ئەم چەرخەدا بێنێتەکایەوە ئەم ئەرکەش ئاسان نیەو بەپێی توانای لێهاتوی خۆیان توانیویانە هەنگاوی باشی بەرەو پێشەوە بنێن ٠

حمە سەعید حمە کەریم

سینەما

عزت علایلی ئەکتەر یوسف شاهین دەرهێنەر

عزت علایلی ئەکتەری سینەمایی ناسراوی میسر بڵاوی کردەوە کە دوا کاری هونەری لە سینەمادا ، فلیمێکە بەناوی « بۆچی ئەسکەندەری یە ؟ » ، کە « یوسف شاهین » ئەکتەری ناسراو دەری ئەهێنێ ، ئەوەی شایانی باسە ئەمە یەکەم جارە یوسف شاهین دەست لە هونەری دەرهێنانەوە بدات ، عزت علایلی دەربارەی ئەم فلیمە وتویە : ئەم فلیمە باری سەرنجی مرۆڤ لەرووی خۆ بەستنەوەیەوە بە خاك و ئەوزەویەی تیا ئەژی پیشان ئەدات و لەم ماوەیەوە مانای خۆبەستنەوە بە باوەڕی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە دەرئەکەوێ ٠

عزت علایلی ، لە زنجیرەی تەلەفزیونی « کچی گەرەك ـ بنت الحتە » وە ناسراو لە فلیمە بەناوبانگەکانیشی « زەوی » یە کە لە سینەماکانی عیراقدا بینراوە ٠ ئێستاش تەلەفزیونی بەغدا زنجیرەیەك نواندنی ئەم ئەکتەرە بەناوی « ئاخ لەدەست رۆژگار » ەوە بڵاو ئەکاتەوە ٠

لەدەرەوەی سنوور

ئەوەی بێ ریشە !!
باوکی ئێمەنیە !!

ـ ئەوا تۆ کابرایەکی ریش درێژیت و ٠٠ بارەیەکی زۆریان دایێ بەمەرجێ ریشت بتاشی ٠٠ ئایا ئەیتاشی ؟!

لەوانە ! بەڵام گۆرانی بێژێك لە ئەمەریکا ناوی « دیمیس روسوس » ە بارەیەکی باشیان داوەتێ بۆ ئەوەی لە فلیمێکی پروپاگەندەدا بۆ ماکینەیەکی ریش تاشین ، ریشی خۆی بتاشێ ٠٠ بەڵام ، نەیکردوە ٠٠ ئەویش لەبەر خاتری قسەیەکی خۆشی کچە بچکولەکەی کە ناوی (ئەمیلی) یەو کوڕە ساواکەی « ئەلکسندر » ، رۆژێ لەناو خەلکدا پرسیاریان دەربارەی ریشی باوکیان لێ کراوە ، هاواریان کردوەو وتویانە :

ـ کێ ریشی نەبێ ٠٠ باوکی ئێمە نیە !!

لەترسا ڕەنگی چاوی گۆڕا !

لەم دواییەدا ، تەقینەوەیەك لە کارگەیەکی کیمیاگەری شاری سان فرانسیسکو ڕوی داوە کە بۆتە هۆی گۆڕینی ڕەنگی هەردوو چاوی یەکێ لە کریکارەکانی ئەو کارگەیە لەڕەنگی شینەوە بۆ ڕەنگی قاوەیی کال ٠

زانایان ئەڵین هۆی ئەم ڕەنگ گۆڕینە ترسە ! بەڵام چۆن ڕووئەدا تا ئێستا نازانن چونکە ئەم گۆڕینە لە ماوەیەکی زۆرکەم ڕوو ئەدات و ماوەنادات بە زانایان کەبزانن چۆنە ، وە بۆزانین ، ئەمە یەکەم جارە دیاردەی وا ڕوو ئەدات ٠

● چاپکراوی نوێ ●

چرۆ دەمی بۆ ماچی رۆژ ئەکاتەوە

لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، کۆمەڵە شیعرێکی شاعیر عبداللە عباس بەناوی (چرۆ دەمی بۆ ماچی رۆژ ئەکاتەوە) دەرچوەو هەفتەی رابوردوو کەوتە بازارەوە ٠

لەم دیوانەدا ـ کە یەکەم بەرهەمی شیعری چاپکراوی شاعیرە ـ دە پارچە شیعر بڵاوکراوەتەوە کە بریتی یە لە هەڵبژاردەی بەرهەمەکانی سەرەتای ساڵی ٧١ تا ئێستا ، هەروەها چەند پارچە شیعرێکی وەرگێڕراو بۆ کوردی تیا بڵاو نراوەتەوە ٠

ئەوەی شایانی باسە بێجگە لەم بەرهەمە شیعریەی شاعیر ، دوو بەرهەمی تری چاپکراوی تائێستا بڵاوکراوەتەوە ، یەکەمیان (کۆمەڵە پەخشانێکی نوێ ـ ساڵی ١٩٦١) ، دووەم (لێکولینەوەیەك دەربارەی شیعری شۆڕشگێڕی فەلەستینی و گەلانی ئەفەریقا ـ ساڵی ١٩٧٥) ٠

هەفتەنامەی هاوکاری

● قوتابیان و ساڵی تازەی خوێندن ●

کریم احمد سعید

● لە کاتێکدا قوتابیان پێ ئەنێنە ساڵی تازەی خوێندنیانەوە ، ئەوەمان لە یادە کە ئەو دۆخەی بۆ قوتابی رەخساوە جیاوازیەکی گەلێ گەورەی لە گەڵ ساڵانی رابوردوودا هەیەو دەرفەتێکی باشی بۆ خوێندن ڕێك خستووە ٠

کاتێك جاران قوتابی هەژار بۆ کڕینی کتێب و بێویستیەکانی تری ئەنگەتاو ئەبووو بە ناچاری باوك و دایکی لەم بارەیەوە بۆژۆ ئەکردو زۆر وا ڕێ ئەکەوت لەکڕینی بێویستیەکانی دوابکەوێ ، ئەبینین ئێستا دۆخێکی بۆرەخساوە کە خوێندن بەخۆڕایی یەو دەولەت هەموو بێویستیەکانی بۆزامن ئەکا ٠

● ئەو بایەخەی ئێستا بەخوێندن و ئامادەکردنی قوتابخانەو کادیری بێویست ئەدرێ گەلێ لەوە فراوانترە کەجاران پێی ئەدرا ، هەتاوا لە نیسالیشەوە یەکجاری خۆ بۆخوێندنی ئیجباری ئامادەئەکرێ ٠

● بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو بایەخەدا کە بەقوتابی و قوتابخانە ئەدرێ و لەگەڵ ئەو هەموو رەنج و تەقەلا دڵسۆزانەشدا کە مامۆستا بۆ سەرخستنی ئەو ئەرکە پیرۆزە ئەیدا ، رێژەی دەرچوونی قوتابیان لەتێکڕای قۆناغەکانی خوێندنی ساڵی رابوردوودا ئەوەندە نزم بوو کە چاوەڕوان نەئەکرا ، بەتایبەتی لەئەنجامی ئەزموونی پۆلی سێی ناوەندی و شەشی ئامادەییدا ٠

● کەواتە ئەبێ دڵسۆزانە بڕوانرێتە مەسەلەکەو ئەو هۆیانە دەستنیشان بکرێن کە بوون بەمایەی کەوتنی قوتابیان و لێیان بکۆڵرێتەوەو چارەسەرێکی لەبارییان بۆبدۆزرێتەوەو بەڕێوەبەرو مامۆستاو قوتابی قۆڵی هیمەتی لێ هەڵبکەن تاوەکو ئیمسال ئەنجامی ئەوتۆ بەدەست بهێنرێ کەببێتە مایەی شانازی خۆیان و گەلەکەیان ٠

● جا بۆئەوەی ئەو ئۆباڵە گەورەیەی بەڕێوەبەرو مامۆستاو قوتابی بۆ سەرخستنی خوێندنی ئیمسال ئەیگرنە ئەستۆیان ، ئاسانترو بەئەنجامتر بێت ، چەند خۆش ئەبێ ئەگەر کاربەدەستانی ئەمیندارتی گشتی پەروەردەو خوێندنی بەرز ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەنە بەرچاوی خۆیان و لەگەڵ کاربەدەستانی تری دەولەتدا ڕێ و شوێنی چارەکردنیان بۆدابنێن : ـ

١ ـ بینای بێویست بۆ قوتابخانەکان بڕەخسێنرێ و هەر قوتابخانەیە بینای تایبەتی خۆی هەبێ و خوێندن دووەوام نەبێت ، بەتایبەتی لەقۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییدا ، جگە لە قوتابخانەکانی ئێواران ، وەکادیری تەواویش بۆ قوتابخانەکان مسۆگەربکرێ و لەڕووی ماددی و مەعنەوی یەوە بایەخ بە مامۆستایان بدرێ ٠

٢ ـ مامۆستای بسپۆڕ بۆ وتنەوەی دەرسەکان لەگشت قوتابخانەکاندا ئامادەبکرێ ، بەتایبەتی لەقوتابخانە ناوەندی یەکان و ئامادەیەکاندا ، ئەك وەك لەهەندێ قوتابخانەدا ئەبینرێ کە لەبەر نەبوونی مامۆستای بسپۆڕ وتنەوەی باسێك ئەدرێ بە مامۆستایەك کە ئیشی ئەونی یەو توانای بەسەریاناشکێ ٠

٣ ـ تاقیگاو ئامرازو پێویستیەکانی لەقوتابخانەکاندا ئامادەبکرێن ، بۆئەوەی مامۆستا لەو دەرسانەدا سوودی لێ ببینێ کە بە عەمەلی ئەوترێنەوە ٠

٤ ـ بەشی ناوخۆیی تەواو بۆقوتابیان دابینبکرێ ، بۆئەوەی قوتابیانی کەمدەست تیابحەوێنەوەو خوێندنیان بۆتەواو بکرێ ٠

٥ ـ خانووبەرەی پێویست بۆ مامۆستایانی لادێ دروست بکرێ ، بۆئەوەی هانی مامۆستابدا کە تاماوەیەکی باش لەلادێ بمێنێتەوە ، نەك بەناچاری دوای یەك دوو ساڵ بکەوێتە هەولی خۆ

لەپەنجەرەوە

ئەم دیاردە هەڵدێدە بتاکەی وا ئەدبێ ؟

بێگومان ، تەلەفزیون ، یەکێکە لەو دەزگا گرنگانەی بۆ هوشیارکردنەوەو بەرەو رۆشنبیرکرادنی خەلکی تەرخان کراوە ، چی لەلایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و راگەیاندنیشەوە ، بەمەرجێك ، ئەگەر هاتو ، بەباشی و بەشێوەیەکی راست و بێ گەرد ئاراسەکراو دووریو لەرۆتین و گوی پێ نەدان !

هەروەکو ئاشکراشە ، هەرتۆزە تیکچونێك لەم دەزگایەدا رووبدات لەناو بینەراندا دەنگ ئەداتەوە ، بۆیە ، بێویستە کەسانی بەتواناو شارەزا لەم دەزگایەدا هەبن و ئەرك و کاروباری بگرنە ئەستۆو بەرێوەی بەرن ٠

بەڵام ، ئەوەی لەبەرنامەکانی تەلەفزیونی « تامیم » ە وە « قەناتە کوردی یەکەی » پیشان ئەدرێ ، ئائومیدیەکی ئەوتۆمان ئەحەبە دەرونەوە کە دڵمان لەو قەناتە رەش ئەکات و دیوارێکی پتەو لەنێوانی ئیمەی بینەرو ئەو تەلەفزیونەدا دروست ئەکات ، بەتایبەتی لەرووی ئەو هەلە زمانەوانی و قسەکردن و دەنگ و باسی خوێندنەوەوە پێشکەش ئەکرین لەبەال بەرنامەکانیا ، ئەم دیاردەیە ، وە ئەبێ هی دوێنێ و ئەمڕۆبێ ، بەڵکو ئەگەرێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی تەلەفزیونی (تامیم) ، ئەویش بەهۆی قەشەنگیان پێشکەش کرد ٠

● ئایا هیچ گیروگرفتان هاتۆتەرێ ؟

ـ ئەگەر لەگیروگرفت ئەپرسی ، وابزانم پێك هێنانی تیپێکی هونەری لەشاریکی بچوکی وەك رەواندزدا ئاسان نیە ، ئیستاش گیروگرفتی سەرەکیمان نەبوونی جێگایەو خۆزگە لەم لایەنەوە یارمەتیمان ئەدرا ٠

● **دوا قسەتان ٠٠؟**

ـ ئەڵێم هەرکەسێك بیەوێ خزمەتی هونەربکات ، ئەبێ ئەوەوەبێ کەسانی بەتواناو شارەزاو کوردیزان تایبێت لەو دەزگایەدا کەمن ، یاخود ، هەربوونیان نیە ، بۆیە ئەو هەموو شتە ناهەموارەیە دێتە کایەوە ، بینەران وا لێ ئەکات بێتزیان لەقەناتە کوردیەکە بێتەوە ٠٠

ئەویش بەهۆی ئەو هەلانەی کە لەلایەن پێشکەش کەرانی پرۆگرامەکانەوە ڕوو ئەدەن بەتایبەتی ئافرەتەکان بۆ وێنە :ـ

(لەشەوی ١٨ی ئەیلوولی ١٩٧٧دا پرۆگرامێك لەسەر شاری بەسرە پێشکەش کرا ٠٠ هەڵەکان ئەوەندە زۆر بوون وای لێ کردم سەیری پرۆگرامەکە نەکەم ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاگام لەچەند هەڵەیەك بوو ، خۆشکی پشکەشکەر بەسەریا ئێیەری ٠٠ لەجیاتی ئەوەی بڵێت (لە چارەکە سەدەیەك)دا وونی (چارێك !!) دوای ئەوە وتی (جارێك !!) بەڵام لەجاری سێیەمدا خەوا هەڵناگرێ وتی (لە چارەکە سەدەیەك ٠٠) و بەڕاستی وشەکەی خوێندەوە ، هەروەها (دیمەن)ی بە (دیمەن) خوێندەوەو دەیەها هەڵەی کەوردو بچوکی تری بەو جۆرە ٠٠

جگە لە ئیتوازی پێشکەشکردنی پرۆگرامەکە کە خۆی لەخۆیدا هەڵەیەکی نارەواپوو ، نەدەبوو وا پێشکەش بکرایە ، هەروەها ئەشارەزایی خۆشکی بەرێز لەزانەتیکی ووردی زمانی کوردیدا ـ ئەك هەر ئەم بەڵکو بەتێکڕا هەموو پێشکەشکەرانی بەرنامەکان ـ ٠٠ جا ئێیە ئەمانەوێت ئەم قەناتە کوردی یە بەدووا کەوتووی ئەمێنێتەوە بەڵکو پیش بکەوێت و بەرەبێنێت ئەم هەوڵەش بەئاسانی نایەتەدی ئەگەر کۆششێکی دڵسۆزانەی بۆئەدرێت و ئەم دیاردە ناقۆڵایە بنەبڕ بکرێت و کەسانی کوردیزان و شارەزا لەزمانی کوردی و فۆنەتیکی زمانی کوردیدا لەشوێنی ئاوەهادا دابنرێت تا بەشێوەیەکی جوان و ڕەوان پرۆگرامەکان پێشکەش بکرێن و دڵو دەروونی بینەران پتر پەیوەندی بەهێز ببێت لەگەڵ ئەم قەناتە کوردی یەداو ئیمەش هیواو ئاواتمان پێشکەوتن و بەرەسەندنی ئەم قەناتەیەو بارەستنی زمانەکەمانەو بەس ٠٠ لەدواییشدا ئەم پرسیارەمان لەبەردەمدا قوت دەبێتەوەو داوای وەڵام دانەوە دەکات کە ئەمەیە : ئەرێ تاکەی ئەم دیاردەیە وادەبێت ؟! بۆیە ئەم پرسیارە هەر لەئارادا دەبێت و کاریگەری هەر دەمێنێت تاچارەسەرێکی رەچەڵەکی ئەم دیاردەیە دەکرێت ٠٠ تا ئەوکاتە هەر چاوەڕوانین ٠٠!

● **فوناد حسین ئەحمەد** ●

که پیاو بوو ٠٠

پزیشك بوو ٠٠٠!!

بوو بەنافرەت ٠٠

دەستی دایە وەرزش !!

خاوەنی ئەم وێنەیە لەوەپێش ناوی « دوکتور رێتشارد راسکانید » بوو ، پزیشکی شارەزایی نەخۆشی چاوو بوو ، دوایی بە عملیەتی چەراحی بوو بە « ژن ! » ی ئەواو ٠٠ ناویشی گۆڕی بە « رێنیە ریتشاردس » و مافی ئەوەشی پێدرا لە تیپی یاری « تینس » دا لەگەڵ ئافرەتاندا یاری بکات وەك لەم وێنەیەدا دوکتوری کۆنە پیاوی تازە ژن ئەبینرێ ، خەریکی یاری « تینس » ە !

Institut Kurde de Paris